

ENDÉŞE

ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

# ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام


ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.org

andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400



# ئۆشۆ

# نهێنییەکانی ژیان

ENDESE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی

زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب
سەرپەرشتیاری زنجیرە
سیروان مەحمود

ناوی کتێب: نهێنییەکانی ژیان
ناوی نووسەر: ئۆشۆ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی
بابەت: عیرفانی
دیزاینی تێکست: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٦
چاپخانە: تاران
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (١٠٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٠٠)ـی ساڵی (٢٠١٦)ـی پێ دراوە.

ئەم کتێبە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:
Life's Mysteries
Osho
Penguin Books, India, 2000

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

# پێڕست


ئۆشۆ زۆربایەکی بوودایی........................ VII
دەربارەی هونەری ژیان ........................ ١
دەربارەی خۆشەویستی ........................ ٣٩
دەربارەی پەیوەندی ........................ ٧٣
دەربارەی گرژی و خاوبوونەوە ........................ ١١٧
دەربارەی "من" ........................ ١٣٩
دەربارەی تێڕامان ........................ ١٦٧
دەربارەی ڕاست و هەڵە ........................ ١٩٧
دەربارەی ئازادی و بەرپرسیارێتی و دەروەستی ............ ٢٢٥
دەربارەی داهێنان ........................ ٢٤٩
دەربارەی پێکەنین و شادی ........................ ٢٧٥
دەربارەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ........................ ٢٨٩

# ئۆشۆ
# زۆربایەکی بوودایی

ئۆشۆ لە کۆتایی ساڵی ١٩٣١دا لە دێی کوچاڤادای هەرێمی مادیا پرادیش لە هیندستان لەدایک بووە. ئەو هەر وەک خۆی دەڵێت لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا دەگاتە حاڵەتی ڕۆشنبوونەوە (واتە ئیشراق). پاشان زانکۆ تەواو دەکات و دواتر بڕوانامە لە فەلسەفەدا دەهێنێت و بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە زانکۆی شاری جەبەلپوور، لە بەشی فەلسەفە وانە دەڵێتەوە. بەڵام زۆری پێ ناچێت کە واز لە مامۆستایی و زانکۆ دەهێنێت، چونکە بە بڕوای ئەو فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی ئەکادیمیش بە تایبەتی ناتوانێت ڕێگای پەیبردن بە حەقیقەتمان پێ پیشان بدات. ئەو لە کاتێکدا فەیلەسووفانێکی وەکو فۆیرباخ و مارکس و نیتچە و فرۆید و هەروەها زانایەکی وەکو داروین بە پەیامبەر ناو دەبات، بەڵام خۆی نایەوێت بچێتە ناو هیچ چوارچێوەیەکی فەلسەفییەوە، هەر بۆیە ئەو لە کاتێکدا خۆی لە ناو ژینگەیەکی ئایینیدا نەشونمای کردووە، بەڵام لەگەڵ هەموویاندا دەکەوێتە گفتوگۆوە، لێیان وەردەگرێت و ڕەخنەشیان لێ دەگرێت. هەروەها بە هەمان

شێوە بۆ کولتووری سۆفی و عاریفەکان دەگەڕێتەوە و لە سەریان دەدوێت. تەنانەت پێغەمبەرەکانیش، ئیدی هەر لە ئایینەکانی هیندستان و ئۆپانیشاد و ڕێنماییەکانی گۆرجیف و ئایینی زەردەشتی و مەسیحی و سۆفیزمی ئیسلامی و بوودیزم و یۆگا و تانترا و تاو و کریشنا و جەلالودینی ڕۆمی و کێرکەگۆر و بێردیاییف و هایدیگەر و لاوتزە و حەللاج و کریشنا مورتی و هتد....

ئۆشۆ کە بە گوێرەی ڕۆژنامەی سەندەی تایمزی بەریتانی، یەکێکە لەو گرنگترین کەسێتییانەی کە سەدەی بیستەمیان پێکهێنا، بۆچوونەکانی خۆی لە ڕێی سیمینار و گفتوگۆی کراوەوە دەخستەڕوو. بە بڕوای ئەو مرۆڤی هاوچەرخ دووچاری کەرتبوون بووە لە نێوان جەستە و ڕۆحدا، لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەلاتدا، لە نێوان سێکس و خۆشەویستیدا. بۆیە ئەو هەولی دەدا یارمەتیی مرۆڤەکان بدات تا لەو کەرتبوونە ڕۆحییە ڕزگاریان بێت و بۆ ئەمەش شێوازێکی نوێی بۆ "تێڕامان" پێشنیازکرد. ئەو خوازیاری لەدایکبوونی جۆرێکی نوێی مرۆڤ بوو، مرۆڤێک کە هەم لە سەرچاوە ڕۆحی و عیرفانییەکان دانەبڕێت و هەم دونیاییش بێت، هەم بوودا بێت و هەم زۆربا. بۆ ئەمەش دوای خوێندنەوەی قوولی بۆ پاڤلۆڤ و سکینەر و فرۆید و یۆنگ و ئادلەر و بە پەنابردن بۆ تەکنیکەکانی تێڕامان، هەولی دا ڕێگایەکی نوێ بۆ یاریدەدانی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە کۆت و بەندی دابونەریت و ئایدیا سوننەتییەکان و هزر و بیرۆکە هەلەکانی ژیانی ڕۆژانە، بدۆزێتەوە. ئەمەش بە گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی خودی خۆی

و گەڕان بەدوای ئەو خودەدا. مرۆڤی هاوچەرخ دیلی دەست وێناکردنەکانی ئەوانی ترە لەسەری و دەیەوێت ئەوانی تر چۆنیان دەوێت، ئەمیش لەسەر ئەو وێناکردنە بژی. بەمەش تا بێت لە خودی ڕاستەقینەی خۆی دوور دەکەوێتەوە و ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات و خودی خۆی دەدۆڕێنێت.

هەروەها ئۆشۆ دەڵێت کە مرۆڤی هاوچەرخ ژیانی ڕاستەقینەی خۆی ناژی، بەڵکو هەمیشە لە ڕوانگەی تیۆری و بیر و ئایدیاکانەوە خۆی لەگەڵ ژیاندا دەگونجێنێت و بەم جۆرەش لە سەرچاوەی ئەسڵیی ژیان دادەبڕێت. ئەو دەبێت ئەوە بزانێت کە تەواوی هزر و ئایدیا و فەلسەفە و ئایینەکان ڕێژەیین و حەقیقەتی ڕەها لای هیچیان نییە و زۆربەشیان مرۆڤ لە ڕۆح و لە عیشق بەتاڵ دەکەنەوە، لەکاتێکدا لای ئۆشۆ ئەگەر تاقە ئایینێکی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ هەبێت، ئایینی عیشق و خۆشەویستییە. هەر لە ڕێی ئەم عیشق و خۆشەویستییەشەوە ئادەمیزاد دەتوانێت خودا بناسێت، نەک لە ڕێی ترسەوە. هەر بۆیە ئۆشۆ دەگاتە ئەوەی بڵێت کە عیشق یان خۆشەویستی خودایە. ژیانیش لە مانا ڕاستەقینەکەیدا دیارییەکە لەلایەن خوداوە دراوە بە مرۆڤ تا بە خۆشەویستی و ئاهەنگ بیباتە سەر، نەک بە ڕق و توندوتیژی.

هەروەها دەبێ بزانین کە ژیان شتێکە هەمیشە لە گۆڕاندایە. ئەمڕۆ لە دوێنێ ناچێت، هەر بۆیە هزری دوێنێش بۆ ئەمڕۆ نابێت. لەبەر ئەوە زانین دەربارەی ژیان شتێکە و ژیانکردن بە قووڵی شتێکی ترە. هەروەها زانین دەربارەی

خۆشەویستی شتێکە و عاشقبوون شتێکی ترە. تۆ دەتوانیت زانیاری دەربارەی ژیان و حەقیقەت و خۆشەویستی لە سەر زمانی فەیلەسووف و زانا و تیۆرییە زانستییەکانەوە فێر ببیت، بەڵام ئەمانە باربووی ژیانکردنی خۆت و تێڕوانینەکانی خۆت ناکەنەوە.

ئەم کتێبەی لەبەردەستتدایە نە کتێبێکی فەلسەفیی ئەکادیمییە، نە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی میتۆدیکە، نە کتێبێکی ئاینییە، نە کتێبێکی سایکۆلۆجییە و نە لەو کتێبانەشە کە وەعز و ئامۆژگاریی سادە بە خوێنەر دەدەن. بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانین بڵێین کتێبێکە فەلسەفە و سایکۆلۆجیا و زانست و عیرفان بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکەی پێکدێنن و زمانێکیش بەسەریدا باڵادەستە کە مۆرکێکی شاعیرانەی بەخۆیەوە گرتووە.

ئۆشۆ کە خۆی لە زانکۆدا مامۆستای فەلسەفە بووە، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە بەتەنها فەلسەفە و ڕێبازە فەلسەفییەکان لەتوانایاندا نییە وەڵامی پرسیارە نهێنییەکانی بوون بدەنەوە، بەتایبەتیش ئەو فەلسەفانەی کە گیرۆدەی چوارچێوە و میتۆدێکی داخراون. هەروەها ئۆشۆ ئەگەرچی لەژێر کاریگەریی عیرفانی خۆرهەڵاتیدا بووە و بەتایبەتیش عیرفانی بوودایی، بەڵام تەنانەت ڕەخنە لە بوودیزمیش دەگرێت و لە زۆر شوێندا ئاماژە بەوە دەدات کە ناکرێ بڵێین بوودیزمیش ڕێبازێکی کامڵە، بگرە ئۆشۆ باوەڕی بە هیچ جۆرە بەرکەماڵییەک نەبووە نە لە دونیای فیکر و فەلسەفە و دین و نە لە ژیانیشدا.

من بۆیە لێرەدا ئەم چەند دێڕەم وەکو پێشەکییەک

بە پێویست زانی، لەبەر ئەوەی پێدەچێ لای خوێنەری کورد جۆرە وێنایەکی نادروست لەسەر ئەم پیاوە مەزنە خولقابێت و وەکو کابرایەکی واعیز و ئامۆژگاریکەر پیشان درابێ، یان وەکو گەلێ لەو نووسەرانەی کە زیاتر لەسەر ئاستێکی ڕووکەش و بازرگانی دەنووسن. لە کاتێکدا ئەمە ڕێک پێچەوانەی وێنە و کەسێتیی ڕستەقینەی ئۆشۆیە. ئەو هەموو قاڵب و چوارچێوەیەکی بۆ بوونی مرۆڤ و بۆ سنووردارکردنی ئازادیی مرۆڤ ڕەتکردەوە.

ئەو تا سەر ئێسقان دژ بە هەموو جۆرەکانی بزنس و بازرگانی و دەسەڵاتگەرایی و هەڵپەکردن بوو لە پێناوی دەستکەوتە ماددییەکان و شۆرەت و ناوبانگدا. بەداخەوە دەشێ ئۆباڵی ئەو وێنا سەقەتەی لەسەر ئۆشۆ دروست بووە لای خوێنەر، بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە بەشێوەیەکی شێوێندراو وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، چونکە گەلێ لەو کتێبانەی ئۆشۆ کە کراون بە زمانی فارسی و عەرەبی، بەشێکی زۆریان لێ قرتێندراوە یان گۆڕاوە و بەتایبەتیش ئەو پەرەگرافانەی کە پەیوەندییان بە ڕەخنەگرتن لە ئایینەکانەوە هەیە، یان ئەو پەرەگرافانەی کە تیایاندا ئۆشۆ قسە لەسەر سێکس و هەروەها سیاسەت دەکات.

هەڵبەت دەبێ خوێنەر ئەوە بزانێت کە ئۆشۆ خۆی باوەڕی بە نووسینەوەی دەرسگوتار و ئەو وانە زارەکییانەی خۆی نەبووە کە هەزاران کەس ئامادەی بوون. ئەو تەنانەت کتێبیشی بە قەفەسێک زانیوە کە تیایدا وشە و ڕستەکان ناتوانن بە تەواوەتی هەڵگری ڕاستی و زیندوویی حەقیقەتەکانی ژیان

و ڕۆح و بوون بن و لەناو کتێبێکدا قەتیس دەبن و دەمرن. بەڵام ئەوە هاوکارەکانی بوون کە ئەو دەرسگوتارانەیان لەسەر شریتە تۆمارکراوەکانەوە گواستۆتەوە بۆ سەر کتێب. هەر زۆری و هەمەچەشنەیی ئەو خەڵکانەش کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا ئامادە بوون، وای لە ئۆشۆ کردووە بە زمانێکی سادە قسە لەسەر حەقیقەت و نهێنییەکانی بوون و ژیان بکات، بە زمانێک کە بگاتە فراوانترین توێژی ئەو خەڵکانەی کە گوێیان بۆ ڕادەدێرا. بۆ ئەم مەبەستەش هەروەها بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانیشی، زۆرجار هەندێ شتی دووپات دەکردەوە تا زیاتر جەختیان لەسەر بکاتەوە، یان پتر لە نموونەیەکی دەهێنایەوە. هەر بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی کە بڵێم من لە کاری وەرگێڕانەکەمدا بۆ ئەم کتێبە (و بە پێچەوانەی هەموو وەرگێڕانەکانی ترمەوە) خۆم لەو دووبارەکردنەوانە پاراستووە، بەڵام بەبێ ئەوەی بهێڵم بە هیچ کلۆجێک کاریگەری بخاتە سەر گەوهەر و ناوەرۆکی بابەتەکان و لە هەندێ جێشدا پەنام بردۆتە بەر کورتبڕی، گەرچی ئەم حاڵەتانەش کەمن.

ئەو کتێبانەی ئۆشۆ کە دەرسگوتارەکانیان گرتۆتە خۆ، ژمارەیان خۆی لە نزیکەی شەشسەد کتێب دەدات. هەڵبەت کەم بوار ماوە ئۆشۆ قسەی لەسەر نەکردبێت و جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە ئۆشۆ یەکێک بووە لە خوێنەرە چالاکەکانی سەردەمەکەی خۆی. خوێندنەوەکانی لە فەلسەفەی یۆنانەوەی گرتۆتەوە تا ئایینەکان و فەلسەفەی هاوچەرخ. بۆ نموونە ئەو نەک هەر ئاگاداری نیچە و هایدگەر و مارکس و کامۆ و.... هتد بووە، بەڵکو قسەشی

لەسەر کردوون. هەر جێی خۆیەتی کە بڵێین کتێبێکی تەواوی لەسەر لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کتێبی (زەردەشت وەها ئاخافت)ەکەی نیچە کە لە دوو بەرگدا بڵاو بۆتەوە و هیوادارم دەرفەت هەبێ ئەویش بکەم بە کوردی.

دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە دەبێ وریا بین و هەندێ لە بۆچوونەکانی ئۆشۆ بە هەڵە لێکنەدەینەوە، بەتایبەتیش وەختێ قسە لەەر (نا – ئەقڵ) و (خەو) و (خاوبوونەوە) و (مـن – Ego) و هتد... دەکات و ئەوەمان لەیاد نەچێت کە ئەو چەمکانەی لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتیش لە بوودیزمەوە وەرگرتووە و وەکو شێوازێک سەیری کردوون بۆ گەیشتن بە حاڵەتی ڕۆشنبوونەوە (En-lightenment) یا منەوەربوون و ئاگامەندی. کاتێکیش ئۆشۆ قسە لەسەر ئەقڵ دەکات، ڕەخنە لە ئەقڵ دەگرێت کاتێک تەقدیس دەکرێ و پیرۆز ڕادەگیررێ و دەبێتە سیستمێکی داخراو لە کۆمەڵێک چەمک و ئایدیا و بەمجۆرەش لۆجیکێکی ئەقڵانیی ڕەق و تەقی وا بەرهەمدەهێنێ کە دژ بە بوونی زیندوو و ژیان و زیندوویێتی دەبێت و لە دەرەوەی بوون و ژیانەوە ئایدیاکان بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێت و بەبێ هیچ حیسابێک بۆ ڕەهەندە ڕۆحییەکانی مرۆڤ و لایەنی فەردانیی ئادەمیزاد. هەر بۆیە ئۆشۆ لە دەرسگوتارەکانیدا زیاتر ڕووی لە تاکەکانە، بە بڕوای ئەو تا تاکەکان ڕۆشن نەبنەوە و ئاگامەند نەبن، زەحمەتە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی دەستەجەمعی ئاگامەند بێت. زۆربەی کارەساتە مرۆییەکان و پەیدابوونی سیستمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکانیش هەر لە نەگەیشتنی تاکەکەسەکان بە ڕۆشنبوونەوە و بەئاگامەندی دێت. وەختێ

مرۆڤ وەکو تاکێک و وەکو خودێک باوەڕی بە خۆی و هێز و تواناکانی خۆی نەبوو و هەمیشە لە گەڕاندا بوو بەدوای هێزێکی تردا لە دەرەوەی خۆیدا تا پشتی پێ ببەستێت، ئەوا بێگومان ئەمە دەبێتە دەرفەتێک بۆ کەسانێکی دەسەڵاتگەرا تا سوود لەو لاوازی و بێئیرادەییە ببینن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی خۆیان، جا لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت. هەر بۆیە هێز و دەسەڵاتی دەسەڵاتگەراکان لە لاوازی و بێدەسەڵاتیی خەڵکانی ترەوە دێت. تۆ کە دەسبەرداری ئازادیی خۆت بوویت و ڕادەستی کەسانێک یان هێزگەلێکی دەرەوەی خۆت کرد، هەر لێرەوەیە ئەو دەبێتەوە بە ئاغا و تۆش بە کۆیلە. بۆیە هەموو قسەکانی ئۆشۆ ئاراستەکراوی تاکەکەسە کە خۆی بێت، کە باوەڕی بە ئازادیی خۆی هەبێت، بە خۆی پشتبەستوو بێت، بە ئایدیا درۆکان و ئایین و ئایدیۆلۆجیا درۆزنەکان فریو نەخوات، دەسبەرداری ژیان و جوانییەکانی ژیان نەبێت لە پێناوی کۆمەڵێک وەهم و درۆدا کە لەژێر دەمامکی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و ئایینەوە هەموو ڕۆژێک بە گوێیدا دەدرێ. پێویستە مرۆڤ ڕێز لە هەموو ساتەکانی ژیانی خۆی بگرێت و بە هەموو هەست و سۆزەکانییەوە تیایدا بژی و هەمیشە هەوڵ بدات پانتاییەکانی جوانی و خۆشەویستی لە ژیاندا فراوان بکات و ئەمەش لەڕێی ئەوەوە دەبێت کە هەوڵ بدات لە بوارەکەی خۆیدا داهێنەر بێت، تا وەختێ جیهانی جێهێشت توانیبێتی جوانییەک بخاتە سەر جوانییەکانی تری دونیا.

ئۆشۆ داوا دەکات مرۆڤ ئاوێتەیەک بێت لە زۆربا و لە بوودا، هەم لە ژیان ڕانەکات و بە قووڵی لە ساتەکانیدا

بـژی و ئامێـزی پێـدا بـکات، هـەم ئامانـج و شـتە ڕووکـەش و فریودەرەکانـی ژیـان هەڵینەخەڵەتێنـن و بەهـا ڕۆحییەکانـی لەبیـر نەبەنـەوە و نەکەوێتـە ئاسـتێکی نزمـی بوونـەوە. لـەم ئاوێتەکردنەشـەوە مرۆڤێکمـان بـۆ پەیـدا دەبێـت کـە دەتوانیـن ناوی بنێین "زۆربـای بوودایی" و تـەواوی قسـەکانی ئۆشـۆش بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە هەوڵـدەدەن ببنـە "زۆربـای بوودایـی".

دەبـێ ئەوەشـمان لەیـاد نەچێـت کـە ئەمـڕۆ لـە دونیـادا ڕێبازەکـەی ئۆشـۆ و هاوچەشـنانی بووەتـە ڕێبازێکی کاریگـەر بـۆ گەشـەدان بـە توانـا مرۆییـەکان و نەشـونمای ڕۆحـی کـە ڕەهەندێکـی گرنگـی ئـەم سـەردەمەیە.

دواجـار دەمـەوێ بڵێـم ، سـەرباری هەمـوو ئەمانـەش، مـەرج نییـە ئێمـە تـەواوی بۆچوونەکانـی ئۆشـۆ دەقاودەق وەربگریـن و ڕادەسـتی ئـەو بیروبۆچوونانـە بیـن. ئـەو خۆیشـی بـاوەڕی وا بـووە کـە هـەر کەسـە و ڕێگای تایبەتـی خـۆی بـۆ گەیشـتن بـە خـودا بـە حەقیقـەت هەیـە. بـەڵام ناکـرێ نکووڵـی لـەوە بکەیـن کـە زۆربـەی بۆچوونەکانـی ئۆشـۆ لـە پێنـاوی هاتنەئـارای مرۆڤێکـی سـەرئازادە کـە خـۆی ئاغـای خـۆی بێـت؛ بـەڵام دوای ئـەوەی بـە ئاگامەنـدی و ڕۆشـنبوونەوە دەگات.

**ئازاد بەرزنجی**

# بەشی یەکەم
# دەربارەی هونەری ژیان

ژیان کورتە، وزەش سنووردارە، گەلێ سنووردارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ناکۆتا بدۆزینەوە. سەرباری ئەوەی ژیان کورتە، بەڵام دەبێ پەی بە ئەبەدییەت بەرین. ئەمەش ئەرکێکی گران و جەربەزەییەکی گرانە. لەبەر ئەوە تکایە خۆتان بە شتە ناگرنگەکانەوە خەریک مەکەن.

## شتی گرنگ چییە و شتی ناگرنگ چییە؟

بە پێناسەی بوودایییەکان، هەر شتێک مەرگ بتوانێت لێتی بسەنێتەوە، ناگرنگە، بەڵام ئەو شتەی کە مەرگ نەتوانێت لێتی بسەنێتەوە، گرنگە. ئەم پێناسەیەت لەبیر نەچێت، با ئەمە سەنگی مەحەک بێت. تۆ دەتوانیت ئەمە بکەیت بە پێودانگ.

بە گوێرەی ئەم پێودانگە، پارە ئەگەرچی شتێکی سوودبەخشە، بەڵام گرنگ نییە. هەروەها دەسەڵات، پلەوپایە. کە مردن هات، هەموو ئەمانە لەگەڵ خۆیدا دەبات. کەواتە ئیتر لە تەمەنێکی کورتدا، دەهێنێت مرۆڤ دونیایەک هەراوزەنا لەسەر ئەم شتانە بکات؟ ڕاستییەکەی ئەم ژیانە لە کاروانسەرایەک دەچێت، شەوێک تیا دەمێنینەوە و بۆ بەیانییەکەی بەجێی دێڵین.

کەواتە ئەوەی گرنگە تێڕامانە، ئاگامەندییە. شتەکانی تر چونکە لە دەرەوەی خۆتەوە دێن و لە ناخی خۆتەوە سەرچاوە ناگرن، گرنگ نین. هەروەها خۆشەویستیش گرنگە، لەبەرئەوەی بەشێکی ناوەکیی ئاگامەندییە.

تۆ بۆ هەر کوێیەک بچیت ئەم شتانە لەگەڵ خۆتدا دەبەیت. ئەمانە سەروەتی ڕاستەقینەی تۆن.

* بیستوومە کە قوتابییەکانت، ژیان بە هەموو خۆشییەکانییەوە دەگوزەرێنن.

بەڵێ، بەخۆشی گوزەراندنی ژیان پرنسیپی قوتابییەکانمە. ئەوان پشت ناکەنە ژیان، بەڵکو چێژی لێ دەبینن. لەبەر ئەوەی ژیان خۆی لە خۆیدا دیارییەکی یەزدانییە.

ئایینەکان بانگهێشتت دەکەن تا دەسبەرداری ژیان بیت. هەموویان بەرامبەر بە ژیان ڕەشبینن، دژی ژیان و خۆشییەکانی ژیانن. بەلای منەوە ژیان و خودا هاوتای یەکن. لەڕاستیدا، ژیان وشەیەکی زیندووتریشە. چونکە خودا تێرمێکی فەلسەفییە، لەکاتێکدا ژیان شتێکی واقیعییە و بوونی زیندووی هەست پێ دەکەین. ژیان وا لەناو ناخی خۆتدا، وا لەناو دار و تەختە و هەور و ئەستێرەکاندا. تەواوی ئەم بوونە سەمای ژیانە.

من وانەی خۆشەویستیی ژیان دەڵێمەوە. وانەی هونەری ئەوەی چۆن هەموو ژیانی خۆت بژیت، چۆن بە ژیان مەست بیت. من کابرایەکی خەیاڵپڵاو نیم، ئایینەکانی ئێوە فێری خەیاڵپڵاویی کردوون. ئایینەکانی ئێوە نەیانتوانیوە دەرەقەتی جەربەزەییەکانی ژیان بێن. نەیانتوانیوە ڕووبەڕووی ژیان ببنەوە. ترسنۆکانە ڕوویان کردۆتە کەژ و کێوەکان و دەیرەکان.

بەڵام وا ڕووشت کردە کەژ و کێو و دەیر، چۆن خۆت لەدوای خۆتەوە جێدەهێڵیت؟ تۆ بەشێکیت لە ژیان. ژیان لە خوێنتدا دێت و دەچێت. ژیان لە ناوتدا هەناسە دەدات. ژیان بریتییە لە بوونی خۆت. ئیتر بۆ کوێ ڕادەکەیت؟

هەروەها هەموو ئەو تەقەللایە بۆ هەڵهاتن، تەقەللای

خۆکوژین. چ ڕاهیبەکان، چ مەهاتماکان، چ ئەوانەی بە قدیس ناودەبرێن، هەموو ئەمانە کەسانێکی خۆکوژ بوون، هەوڵیان داوە هێدی هێدی خۆیان بکوژن. بگرە ترسنۆکیش بوون، لەبەر ئەوەی پڕکێشیی ئەوەشیان نەکردووە بە یەکجاری خۆیان بکوژن، بەڵکو وردە وردە. کەچی ئێمە ڕێزمان لەم خەڵکە ناتەندروستە گرتووە. ئەم خەڵکە نەخۆش و ناتەواوانە. ئەمانە دژ بە خودا بوون، لەبەر ئەوەی دژ بە ژیان بوون.

من عاشقی ژیانم، هەر بۆیە فێرتان دەکەم ئاهەنگ بە ژیانەوە بگێڕن. دەبێ ئاهەنگ بە هەموو شتێکی ئەم ژیانەوە بگێڕین. هەموو ساتەکانی ژیان بژین و خۆشمان بوێت. بەلای منەوە هیچ شتێک نییە لە ژیاندا تووڕەهات بێت. بگرە هەموو شتەکانی ژیان پیرۆزن، لە نزمترین پلەی ژیانەوە تا بەرزترینیان، لە جەستەوە تا ڕۆح، لە شتە فیزیکەکانەوە تا شتە ڕۆحییەکان، لە سێکسەوە تا ترۆپکی حاڵەتە ڕۆحییەکان.

جارێکیان کابرایەکی پیری هیندۆسی، بە ئەکتەرێک دەگات کە لە شانۆنامەی "هاملێت"ی شەکسپیردا ڕۆڵی هاملێت دەبینێت. دڵی پێی دەکرێتەوە و بە ئەکتەرەکە دەڵێت کە کاتی خۆی ئەمیش بە لاوی ئەو دەورەی بینیوە. ئەکتەرەکە لێی دەپرسێت (لێکدانەوەت بۆ دەورەکە چییە؟ ئایا هاملێت لەگەڵ ئۆفیلیادا سێکسی کردووە؟) کابرا لە وەڵامدا دەڵێت (نازانم هاملێت ئەوەی کردووە یان نا، بەڵام من خۆم ئەوەم کردووە).

ئاهەنگگێڕان بە ژیانەوە دەبێ ئاهەنگگێڕانێکی تەواوەتی بێت، بە تەنها ئەو کاتەش دەتوانێت ببێتە دەوڵەمەندێکی فرەڕەهەند. دەوڵەمەندبوونی فرەڕەهەندیش تاقە شتێکە

بتوانین بە دیاری بیدەین بە خودا.

ئەگەر ڕووبەڕووی خودا بوویتەوە، بە تەنها پرسیارێکت لێ دەکات: ژیانی خۆت بە تەواوەتی بردە سەر یان نا؟

دەزانیت بۆچی ئەو پرسیارەشت لێ دەکات؟ لەبەر ئەوەی ئەو خۆی ئەو ژیانەی بە دیاری پێ بەخشیویت تا بە باشی بیگوزەرێنیت، تا وەک ئاهەنگێک لێی بڕوانیت، نەک پشتگوێی بخەیت و ڕەتی بکەیتەوە. بۆیە ئەگەر بە شادییەوە ژیانت بردبێتە سەر و هەموو ساتەکانی بە پڕاوپڕی ژیابیت، ئەوا ئەوکات مەرگیش دەبێتە ترۆپکی هەستکردن بە شادی، دەبێتە نەشئەی ڕەها.

# ئامانج لە ژیان چییە؟

ئامانج لە ژیان، ژیان خۆیەتی.. ژیان ناوێکی تری خودایە. هەرچی لەم گەردوونەدایە ئامانجێکی هەیە، هەرچی لەم گەردوونەشدا هەیە بەرەو نەمان دەچێت، تەنها شتێک نەبێت کە نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی، شتێک کە ئامانجی تری نییە جگە لە خۆی:

ئەگەر حەز دەکەیت ناوی بنێ بوون.

ئەگەر حەز دەکەیت ناوی بنێ خودا.

ئەگەر حەزیش دەکەیت ناوی بنێ ژیان.

سێ ناو، هەرسێکیان ناوی حەقیقەتێکن، حەقیقەتی بوونی تۆ لەسەر ئەم زەوییە، حەقیقەتی ژیان، خودا ئەو ناوەیە کە لاهوتییەکان لە ژیانیان ناوە، بەڵام نەیانزانی کە خەڵکانێکی زۆر هەن وشەی خودایان لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەتاڵ کردۆتەوە. لەو وشەیەوە کە مانای خۆشەویستی و شادی و ئومێد دەبەخشێت، گۆڕیویانە بۆ وشەیەک کە مانای ترس دەبەخشێت. زۆربەی ئەوانەی کە دان بە بوونی خودادا نانێن و باوەڕیان پێی نییە: کۆمۆنیستەکان، بوودابییەکان، یانییەکان، جگە لە سەدان هەزار بیرمەندی بێباوەڕ. ئەمانە

داوای سەلماندنی بوونی خودات لێ دەکەن و دەڵێن کە خودا بە تەنها وشەیەکە مرۆڤ خۆی دروستی کردووە، وشەیەکە دەکرا بە هەر وشەیەکی دی بگۆڕدرێ.

ئەوان بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە بوونی من و بوونی تۆ و بوونی ئەوان خۆی لە خۆیدا گەورەترین بەڵگەیە لەسەر بوونی خودا. کێ ئێمەی دروست کردووە و بۆچی هەین؟ هەموو ئەوانەی نکوولییان لە بوونی خودا کردووە نەیانتوانیوە نکووڵی لە ژیان بکەن، کە ڕوخسارەکەی تری خودایە.. ئەمە چۆن دەبێت؟ زۆربەی بیرمەندە گەورەکانی ئەم سەدەیە بوونگەران، وشەی "خودا"یان لابردووە و وشەی "بوون"یان خستۆتە جێی. بەڵام ئاخۆ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نکووڵی لە بوونی خودا دەکەن؟ بوون خۆی لە خۆیدا چەند ژیان دەگەیەنێت، هێندەش مەرگ دەگەیەنێت، چەند ئاگایی دەگەیەنێت، هێندەش نائاگایی دەگەیەنێت. بەڵام بوونگەراکان چەند سوورن لەسەر فەلسەفەکەی خۆیان، نەیانتوانیوە نکووڵی لە بوونی خودا بکەن.

ژیان بە مانای هەموو شتێک دێت و پێویستت بە بەڵگە و سەلماندن نییە. تۆ بوونەوەرێکی زیندوویت، هەروەها من و ئەوی نێر و ئەوی مێش. ئیتر ئاخۆ ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی درەوشاوە نییە لەسەر ژیان؟ هەزاران ساڵە، هیچ کەس، هیچ فەیلەسووف و بیرمەند و مرۆڤێکی ئاسایی، نەیتوانیوە نکووڵی لە ژیان بکات. ژیان بریتییە لە ترپە و لێدانی دڵت، لە گەرمیی هەناسەت، ژیان ئەوەیە کە لە چاوەکانتدا دەبینرێ و لە هەموو شتێکدا بەرجەستە دەبێت. کەس نەیتوانیوە بە ئاشکرا نکووڵی لە ژیان بکات.

ژیان داوات لێ دەکات بە شادمانییەوە بەشداریی تیا بکەیت. داوات لێ دەکات بەشداریی باڵندەکان بکەیت لە خوێندنیاندا، بەشداریی درەختەکان بکەیت لە سەوزییاندا و لە گوڵکردنیاندا. بەشداریی هاژە و سەیلی ڕووبارەکانیش بکەیت لە ڕێیاندا بەرەو ئۆقیانووسەکان. ژیان خۆی بۆ خۆی ئامانجی هەموو شتێکە. لەم حاڵەشدا ئامانجی ژیان لە ژیان خۆیەوەیەتی و لە خۆیدایەتی و لە پێناوی خۆشیدایە. ئامانجی باڵای ژیانیش ئەوەیە کە بەختەوەر بێت. زەردەخەنە لەسەر لێوانت بێت و درەوشانەوە لە چاوەکانتدا بێت. ئامانجی ژیان ئەوەیە ئاگامەند بیت بە خودی خۆت، سەما بکەیت و گۆرانی بچڕیت. ئامانجی ئەوەیە لە یەک کاتدا هەم عاشق بیت و هەم مەعشوق.. ئەمەیە ژیان.

بەڵام تاکو ئێستا، هیچ ئایینێک ژیانی وەکو ئامانجێک بۆ هەوڵ و تەقەلـلا و ڕەنجەکانمان سەیر نەکردووە. بە پێچەوانەوە، ئایینەکان ژیانیان ڕەتکردۆتەوە، لەکاتێکدا ژیان ڕاستییەکە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ ئەو ئایینانە نەیانتوانیوە کەلەبەرێکی تێ بخەن، سەرباری ئەوەی کە هەموویان دژە ژیان بوون. دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە ڕەتکردنەوەی ژیان واتە ڕێزگرتن لە مردن.

هەموو ئایینەکان مەرگ دەپەرستن. شتێکی ڕێکەوت نییە کە تۆ کەسە پیرۆزە مردووەکان دەپەرستیت. کاتێک ئەوان لە ژیاندان و زیندوون، تۆ لەخاچیان دەدەیت، بەردبارانیان دەکەیت، ژەهرخواردوویان دەکەیت، کاتێکیش دەمرن، دەیانپەرستیت. یەکسەر گۆڕانێک لە هەڵوێستتدا ڕوودەدات. کەس تا ئێستا لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە بە قووڵی لەم

گۆڕانەی نەکۆڵیوەتەوە. بۆچی ئەو کەسانە تا لە ژیاندان بە نەفرەت دەکرێن و کە مردیشن دەپەرسترێن؟ لەبەر ئەوەی کە دەمرن هەموو مەرجەکانی بوون بە کەسێکی ئایینییان تیا دێتە دی: چیدی پێناکەنن، چیدی چێژ لە هیچ نابینن، چیدی ناتوانن خۆشەویستی بکەن، چیدی ناتوانن سەما بکەن، هیچ پەیوەندییەکیان بە بوونەوە نامێنێت. بە هەموو شێوەیەک ژیان لایان نەماوە و ڕەتکراوەیە: نە هەناسە دەدەن، نە دڵیان لێدەدات، کەواتە بوون بە کەسی ئایینیی تەواو. چیدی ناتوانن گوناە بکەن و ئیتر تۆ دەتوانیت پشت بەو شەخسانە ببەستیت.

ئەو کەسانە تا لە ژیاندا بن جێی متمانە نین و پشتیان پێ نابەسترێ. چونکە ڕەنگە ئەمڕۆ کەسێکی چاکەکاربێت و سبەینێ دەست بداتە خراپەکاری. لەبەر ئەوە تا مردن ناتوانین بە دڵنیاییەوە هەڵیانبسەنگێنین. بەڵام کە مردن ئیتر ناتوانن نە خراپە و نە گوناە بکەن. هەر بۆیە کاتێک کە ئەو کەسانە مردن؛ تۆ دەیانکەیت بە شەخس و دەیانپەرستیت و بۆ گەلێ شت پشتیان پێ دەبەستیت. ئەمەیە ساویلکەیی، زیندووەکان مردووەکان دەپەرستن. هەنووکە ڕابردوو دەپەرستێت.

# کەواتە ئامانجی ژیان چییە؟

بە بۆچوونی ئایینەکان، ئامانجی ژیان بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ژیان، لە ویرانکردنی، لە ئەشکەنجەدانی خۆت و جەستەی خۆت بەناوی کۆمەڵێک شتی میتۆلۆجی و هێزی گریمانەکراوەوە. گیانەوەرەکان هیچ ئایینێکیان نییە جگە لە ژیان. هەروەها درەختەکان و ئەستێرەکان، بەتەنها ئادەمیزاد نەبێت.

بەڵام ئامانجی ژیان بریتییە لە بەسەربردنی ژیان و هەموو چرکەساتەکانی بەسەرشاری و پڕاوپڕی و گوزەراندنی وەک ئەوەی ئاهەنگێک بێت. کاتێک دەڵێین "ئامانج" یەکسەر ئایندە دێتە خەیاڵمان. لەبەر ئەوەی ئامانج شتێکە کە قەرارە دواتر بێتە دی. دواتریش واتە ئایندە. بەڵام خۆبەستنەوە بە وەدیهاتنی هەر ئامانجێکەوە لە ئایندەدا، واتە ڕەتکردنەوەی ئێستا یان هەنووکە، کە ئەمە بوونی ڕاستەقینەی تۆیە. ئایندە یا پاشەڕۆژ شتێکە لە دونیای خەیاڵتدا هەیە، ڕابردووش ئەو جێپێیانەن کە لەسەر لم یان لەناو یادتدا نەخش بوون. هەر بۆیە ئەوەی کە بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، هەنووکەیە.

کەواتە ژیانی ڕاستەقینە ژیانە لە هەنووکەدا، بە دڵێکی پاکژ و بێگەردەوە، بەدەر لە چەپاندن، بەدەر لە تەماع بۆ ئایندە، بەدەر لە ترس، بەدەر لە دووپاتکردنەوەی ڕابردوو، پڕ لە زیندوویێتی و لاوێتی و بەبێ کۆتەکانی یاد و یادەوەری و وەهم و خەیالات. هەزاران ڕاهیبی مەسیحی و هیندۆسی و بوودایی و یانی هەیە کە لە ترسی دۆزەخ و بە ئومێدی بەهەشتەوە ژیان ڕەتدەکەنەوە.

شتێکی سەیرە کە کەس ئەم ڕاستییە سادەیە نابینێت: ئەویش ئەوەیە کە ئەمانە بە تەماعی چوونە بەهەشت و بەهرەمەندبوون لە چێژە بەهەشتییەکان ئەمە دەکەن. ترسیش لە دۆزەخ وایان لێ دەکات چێژەکانی ژیان ڕەتبکەنەوە و تەماعداری ژیانێک بن کە پڕچێژتر بێت. هەڵبەتە بەهەشتیش لای ئەم جۆرە کەسانە بۆ ئەوانەیە کە ڕێی فەزیلەت هەڵدەبژێرن، فەزیلەتیش بریتییە لە دەستبەرداربوون لە ژیانی زەمینی و ڕەبەنبوون و خۆهەڵگرتن بۆ چێژ و خۆشییەکانی ئەو دونیا. بەڵام با سەرنجێکی ئەمانە بدەین کە مایەی سەرسوڕمانن: خواوەندە هیندۆسیەکان ڕەبەن نەبوون. بەپێی یاینیزم و بوودیزم و تیۆلۆجیی کاتۆلیک، ڕەبەنی بنەمای هەموو فەزیلەتەکانە. ئەی کەواتە ئەمە خواوەندەکانی هیندۆس ناگرێتەوە؟! هەروەها لای یاینیزم و بوودیزم، خواردنەوەی هەموو جۆرەکانی بادە بە گوناه دەژمێردرێ. بەڵام مەسیحییەکان، تەنانەت لە ڕۆژە پیرۆزەکانیشیاندا بادە دەخۆنەوە. تەنانەت مەسیح خۆیشی بادەی دەخواردەوە. نەک هەر ئەمە، مەسیحییەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە مەسیح کۆمەڵێک پەرجووی ئەنجام

داوە. یەکێک لەو پەرجووانە ئەوە بووە کە ئاوی کردووە بە شەراب. بەپێی ئایینی یاینیزم و بوودیزم بێت، مەسیح گۆشتی خواردووە و شەرابی خواردۆتەوە، کەواتە ڕێی فەزیلەتی نەگرتۆتە بەر. تەنانەت خواوەندەکانی هیندۆسیش لای ئەوان ژیانێکی ئاسایی خاوەن ماڵێکە و هیچی تر.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، هیندۆسەکان ڕاما کریشنایان وەک خودایەک دەپەرست، بەڵام ئەو وەکو بەنگالییەک، خواردنەکەی برنج و ماسیشی تیابوو. بەلای ڕووەکییەکانیشەوە، خواردنی ماسی جۆرێکە لە لەناوبردنی ژیان لەلایەن ئادەمیزادەوە، جا هەیدێ لەلایەن خودایەکەوە ئەمە بکرێ؟

بە دیوەکەی تریشدا، مەسیحییەکان بوودا بە کەسێکی دینی نازانن، لەبەر ئەوەی بوودا هەرگیز خزمەتی هەژارانی نەکردووە و وەکو دایکە تیریزا پەناگەی هەتیوان نەبووە و نەخۆشخانەی بۆ نەخۆش نەکردۆتەوە و قەت بایەخی بە کلۆڵی و هەژاری و نەخۆشی و دەردی خەڵک نەداوە. ئەو خزمەتی ئافەریدگاری نەکردووە، بەڵکو کابرایەکی خۆپەرست بووە و هەر خەریکی تێرامان بووە و چێژی لە بوونی خۆی بینیوە و سەرگەرمی گەیشتن بە لوتکەی ئاگامەندی بووە. بەڵام ئەو نەشئەیەی پێی گەیشتووە، نەشئەیەکی خۆپەرستانە بووە و لە خزمەتی خەڵکانێکدا نەبووە کە ژیانیان ئازار و چەرمەسەری بووە. هەمان شت سەبارەت بە ماهاڤیدا.

فەزیلەت چییە؟ کێ بڕیاری لەسەر دەدات؟ بەلای موسڵمانانەوە، خودا ئاژەڵ و گیانەوەرانی بۆیە

دروستکردووه تا ئادەمیزاد گۆشتیان بخوات. ئیتر پرسی توندوتیژی لەئارادا نییە. گیانەوەران بۆ خۆراکی مرۆڤ خولقێندراون. ئەمە جگە لەوەی کە موسڵمانەکان بەردەوام خەریکی شەڕ بوون.

من بەش بە حاڵی خۆم دەڵێم، بە خۆشنوودی بژی، لێوانلێو لە ژیان، عیشق و بێدەنگییەکانت و ئارامیت لەگەڵ کەسانی تردا بەش بکە. لێگەڕێ ژیانت ببێتە سەمایەکی وەها جوان کە نەک هەر خۆت، بەڵکو دونیاش پێی پیرۆزبێت. ئەمە تاقە ڕێگای ڕەسەنە. ژیان خۆی پێودانگە، شتەکانی دی بنەڕەتی نین.

هەروەها هەر تاکێک بە جۆرێک دانسقەیە کە تۆ ناتوانیت یەک ڕێگای سەرەکی و گشتی بۆ هەمووان دروست بکەیت تا پیایدا بڕۆن بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجی ژیان. بە پێچەوانەوە، هەموو کەسێک دەبێ خۆی ڕێگای ژیانی خۆی بدۆزێتەوە و دوای حەشامات نەکەوێت، بەڵکو دوای دەنگی ناوەوەی خۆی بکەوێت.

ژیان دیاردەیەکی وەستاو نییە، سێڵاوە، سێڵاوی ڕووبارە. پێویستی بە گۆڕانی بەردەوامە. خولەک بە خولەکیش پێویستی بە ئاگامەندییە، ئەگینا لێی دوادەکەویت. هەزاران ساڵە تەواوی دونیا وەستێنراوە. ئەوانەی وەستاندووشیانە، تۆ ئێستا دەیانپەرستیت و بە پیرۆز ڕایاندەگریت. لەکاتێکدا شتەکان هەموو گۆڕاون.

ژیان خۆی بۆ خۆی پێودانە. بەدەر لەوە تورەهات و بێکەڵکە. لەسەر هەر تاکەکەسێک پێویستە خۆی ژیانی خۆی ببینێتەوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە بۆ ئەوە

هەوڵ و تەقەلا بدات. ئەوەی پێویستە لەسەری ئەوەیە کە گوێ لەو دەنگە ڕادێرێت کە لە ناخییەوە هەڵدەقوڵێت. ئەو دەنگەی ڕێگا و ڕەوتی دیاری دەکات. ژیان و ئاگامەندی لە ئاسمان دەچن، ئەو ئاسمانەی باڵندەکان پیایدا دەفڕن بەبێ ئەوەی بەدوای خۆیاندا ئاسەوارێک جێبێڵن. تۆش وەهایت. ئەگەر بە قووڵی و بە ڕاستگۆییەوە ژیانی خۆت بژیت، لە دوای خۆتەوە شوێنپێ جێناهێڵیت و ئەوکات کەس شوێنپێت هەڵناگرێت. هەر کەسەو دوای دەنگی ناوەوەی خۆی دەکەوێت.

هەر بۆیە جەخت لەسەر مەشقی تێڕامان دەکەمەوە، چونکە تێڕامان یارمەتیت دەدات ئەو دەنگە کپکراوە ببیستیت کە هەڵقوڵاوی ناو ناخی خۆتە. ئەو دەنگەی بەتەنها ئەو لە توانایدایە ڕێنماییت بکات بەرەو کوێ بچیت. گوێی بۆ شل بکە و دوای بکەوە. دڵنیابە لەوەی ئەو خودایەی دروستی کردوویت ئەوەی نەکردووە تا ببیتە یەخسیری ڕابردووت یان پاشەڕۆژت. خودا مرۆڤی دروستکردووە تا چێژ لەو شتانە ببینێت کە پێی بەخشیون. متمانە بە کەس مەکە تەنها بە خودی خۆت نەبێت. پێویستە تۆ خۆت ڕێگای تایبەت بە خۆت بدۆزیتەوە. کاتێکیش دۆزیتەوە، ئەو ڕێگایە بگرە بەر، چونکە بەرەو بەندەری ئارامی و ئاشتیت دەبات. ئەو کارە ئەنجام بدە، بەبێ ئەوەی بپرسیت ئاخۆ کەسانی دی لە دواتەوە بەهەمان ڕێگادا دەڕۆن یان نا، چونکە هەر تاکەکەسە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەر تاکەکەسە و ڕێگای تایبەت بە خۆی هەیە. هەر لە کۆنەوە، لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە، هەموو دەپرسن: بۆچی هاتوومەتە

دونیاوە؟ ئەمە پرسیارێکی تایبەتە... هەزاران ساڵیشە زۆر کەس ویستوویەتی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بەڵام جەخار، کەس نەیتوانیوە وەڵامێکی قەناعەتپێکەر بداتەوە. ئیدی بەم جۆرە ئەم پرسیارە وتراوە و وتراوەتەوە. وەڵامی منیش ئەمەیە: ئامانجی ژیان، خودی ژیان خۆیەتی و هیچی تر.

# هونەری بردنەسەری ژیان بە پڕاوپڕی

هونـەری بردنەسـەری ژیـان بـە پڕاوپـڕی و بـە چـڕی، شـتێکی دژوار و سـەخت نییـە، بـەڵام وای لـێ کـراوە سـەخت بێـت. ئەگینـا بـە ڕادەیـەک ئاسـان و ڕوونـە کـە پێویسـتی بـە فێربـوون نییـە.

مـرۆڤ لەدایـک دەبێـت، هەسـتێکی خۆڕسـکی بـۆ ژیـان تیایـە. درەختـەکان ئەوەیـان تیایـە، باڵنـدەکان و هەروەهـا گیانەوەرەکانیش. بە تەنها مرۆڤ نەبێت کە ئەگەرچی خۆی لوتکـەی ژیانـە، کەچـی لـە هونـەری ژیـان نازانێت و دەیـەوێ فێربێت. بەردەوام دۆخێکی مەرجدار لە بەردەم ژیاندا هەیە و مرۆڤـەکان بـەوە ڕاهاتـوون، ئەمـەش وادەکات کـە ئـەو هونـەرە پێویسـت بێـت.

هەمـوو ئـەو ئایینانـەی کـە بـە درێژایـی سـەدەکان باڵیـان بەسـەر مرۆڤایەتیـدا کێشـاوە دژە ژیـان (Anti- life)ن. وەکو بنەمایەکـی بنەڕەتـی ژیان لای ئـەو ئایینانـە بریتییـە لـە سـزا. بەگوێـرەی ئاییـن، تـۆ لـە گوناهـدا لەدایکبوویت، لەبـەر ئـەوەی ئـادەم و حـەوا گوێڕایەڵیـی خودایـان نەکـردووە. بـەڵام تەنانـەت گـەر ئەوانیـش سـەرپێچیی خودایـان کردبێـت،

ئەمە چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟ پاشان مەرج نییە هەموو گوێڕایەڵی نەکردنێک گوناه بێت. هەندێجار دەشێ سەرپێچیکردن ڕەندترین کردەوە بێت.

بەڵام هەموو کولتوورەکان، هەموو کۆمەڵگاکان، داوای گوێڕایەڵی دەکەن. ئەمەش ناوێکی تری کۆیلایەتی و زیندانیبوونی ڕۆحییە. باشە بۆچی خواردنی میوەی زانین (مەعریفە) لەلایەن ئادەم و حەواوە هەڵەیە؟ ئایا حیکمەت گوناهە؟ نەزانین ڕەندییە؟ خودا خواردنی بەری دوو داری لێ قەدەغە کردبوون: داری حیکمەت و داری ژیانی جاویدان (ئەبەدی). لەکاتێکدا نە حیکمەت هەڵەیە و نە هەڵوەدابوون بەدوای ژیانێکی ئەبەدیدا. ئادەم و حەوا یەکەم شۆڕشگێڕی دونیابوون. هەر ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها ژیار و زانست و هونەر و هەموو شتەکانی دی.

ئایینەکان، مەسیحیەت، هیندۆیزم، یاینیزم، بوودیزم، هەموو پێت دەڵێن تۆ ژیانت ئەشکەنجەیە، بەدبەختیت. ناشتوانیت خۆت لەم ژیانە ڕزگار بکەیت، لەبەر ئەوەی سزایەکە بۆ کارە خراپەکانی ژیانی ڕابردووت. تازە ئەوەی کە لە ژیانی ڕابردووشتدا کراوە، ڕاست ناکرێتەوە. لەبەرئەوە مەگەر بە سەبرەوە بەرگەی ئەو ئازار و ئەشکەنجەیە بگریت و لە ژیانی داهاتوودا، لەو دونیا پاداشت دەدرێیتەوە.

تۆ ئەگەر شتێکی هەڵە بکەیت، دەبێ هەر لەم ژیانە سزاکەی وەربگریت. لە ڕاستیدا هۆکار و ئەنجام هەمیشە پێکەوەن. وەختێ دەست دەخەیتە ناو ئاگرەوە، ئاخۆ لە ژیانی ئەودنیادا دەسووتێیت؟

ئایینەکان فێرت دەکەن ژیان ڕەتبکەیتەوە. ئەوانەی ژیان

ڕەتدەکەنەوە دەبنە قدیس، بەڵام ئەوانەی ژیان بە پڕاوپڕی دەژین، کەس بە هەند وەریان ناگرێت و بە پێچەوانەوە، نەفرەتیان لێ دەکرێ.

تەواوی شێوازی پەروەردەکردنمان دژ بە چێژ و شادی و خۆشنودییە. دژ بە شتە بچووکە دڵخۆشکەرەکانی ژیانە، چڕینی گۆرانییەک، سەمایەک، ژەنینی فلووتێک. ئەگەر بە جوانی فلووت بژەنیت، کەس پێت ناڵێت قدیس. بەڵام ئەگەر تۆ بە پڕاوپڕی سەما بکەیت، بە جۆرێک کە لە ناو سەماکەتدا ون بیت، یان ئەگەر بە داهێنانەوە فلووت بژەنیت، ئەوا من پێت دەڵێم قدیس. هەروەها ئەگەر خۆشەویستی بکەیت، نەفرەتت لێ دەکەن.

ئایینەکان پێت دەڵێن کە خۆشەویستی شتێکی گیانەوەرانەیە. لەکاتێکدا من چاودێریی گیانەوەرانم کردووە و هەرگیز خۆشەویستیم لەناو هیچ جۆرە گیانەوەرێکدا نەبینیوە. خۆشەویستی شتێکە بە تەنها تایبەتە بە مرۆڤ و بەس. گیانەوەران سێکس دەکەن، بەڵام ئەوان نازانن شەوق و خۆشنوودی چییە. ئەوان بەتەنها ئامرازێکن بەدەست غەریزەی سێکسییانەوە و زۆربەی کاتیش بە ترسەوە سێکس دەکەن، چونکە هێزێکی نادیار و پێداویستییەکی بایۆلۆجی وای لێ دەکات ئەوە بکات.

هەر بۆیە، جگە لە مرۆڤ، هیچ گیاندارێک بە درێژایی ساڵ خۆشەویستی ناکات. گیانەوەران بە تەنها کە وەرزی جووتبوونیان دێت، وەختێ هاندەری بایۆلۆجییان هانیان دەدات و بە ناچاری سێکس دەکەن. کاتێکیش دەیکەن هەستی شادی و خۆشنودییان لا نابینین.

وەک وتمان، گیانەوەران نازانن خۆشەویستی چییە. بەڵام نەک هەر گیانەوەران، بگرە ملیۆنەها مرۆڤیش هەن، کە نازانن خۆشەویستی چییە. خۆشەویستی لە بنەڕەتدا پێویستی بە سەنتەربوونێکی دیاریکراو هەیە لە بوونی خۆتدا. چونکە ئەگەر ئەو سەنتەربوونە لەناو بوونی خۆتدا ڕوونەدات، ئەو گەنجینانە کەشف ناکەیت کە لەناو خۆتدا هەڵتگرتوون. خۆشەویستی یەکێکە لەو گەنجینانە. شتی گەورەتریش هەن، حەقیقەت هەیە، نەشئە هەیە، ئەزموونی یەزدانی هەیە. یەکێک نەتوانێت بە قووڵی تێڕابمێنێت، ناتوانێت خۆشەویستی بکات. کاتێک تێرامانت ئەنجام دا، ئەوکات هەم بە سەرچاوەی ژیانت ئاشنا دەبیت و هەم بە پڕاوپڕی دەژیت. ئەمە جگە لەوەی کە تێرامان خۆی بۆ خۆی ئەزموونێکی سەرسوڕهێنە. لە ناکاودا ئاگامەند دەبیت بەوەی کە چەند پڕیت لە وزە و دەتوانیت هەموو دونیات خۆشبوێت و دونیا پڕ بکەیت لە خۆشەویستیی خۆت.

لەو جەستە بچکۆلەیەتدا تۆوی گوڵکردنی ملیۆنەها گوڵی بۆنخۆش هەیە.

هونەری ژیان بە تێرامان دەست پێ دەکات. مەبەستیشم لە تێرامان بێدەنگیی زەین و بێدەنگیی دڵ و گەیشتنە بە سەنتەری بوونت و کەشفکردنی ئەو گەنجینەیەیە کە حەقیقەتی تۆیە. هەر کە دۆزیتەوە، ئیتر دەتوانیت درەوشانەوە بە خۆشەویستییەکەت ببەخشیت. هەنگینیی وشەکانت دەبنە وشەی شاعیرانە، جووڵە و ئاماژەکانت شەوق دەدەنەوە، هەموو شتەکان ڕەنگێکی تر بە خۆیانەوە دەگرن، تەنانەت ترپەکانی دڵیشت، هەمان ترپەی دڵی گەردوون دەبن، چونکە

تۆ دەبیتە بەشێک لە گەردوون. کاتێکیش بوویت بە بەشێک لە بوون و گەردوون، دەست بە ژیانێکی سەرڕێژ دەکەیت، بەبێ هیچ ترسێک لە قەشەکان و لە ئایینەکان و لەوانەی دژە ژیانن. لەبری ئەوەی ژیان ڕەتبکەیتەوە و لێی هەڵبێیت، لەئامێزی دەگریت و ئاهەنگی پێوە دەگێڕیت.

تێڕامان وەک ئەو ئاگرە وایە کە چی خۆڵ و خاشاکی ڕابردووە تیاتدا دەیسووتێنێت.

سەرلەنوێ لەدایک دەبیتەوە، هەنگینێ پێویستت بە فێربوونی هیچ هونەرێک نابێت. خۆی بە خۆڕسکی لە بوونتدا سەردەردەکات.

هەڵبەت لەم ڕێیەدا کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە هەن. چونکە تۆ ساڵانێکی زۆرە ژەهراوی کراویت، فێری گەلێ شتی هەڵە کراویت. فێری ئەوە کراویت کە ژیان ڕاکێشانە، لەبری ئەوەی سەما بێت، ڕاکێشان لە بێشکەوە تا گۆڕ. خەڵکیش لەسەر ژیان بەردەوامن لەبەر ئەوەی چارێکی دیکەیان نییە. سەبارەت بە خۆکوشتنیش، ئەگەر ژیان وا بێت، ئاخۆ مردن چۆن بێت؟ کەواتە لەبری ئەوەی گرنگی بەوە بدەیت کە چۆن فێری هونەری ژیان بیت، گرنگی بەوە بدە کە ژیانت لە کوێوە سەردەردەکات، ڕەگوڕیشەکانی ژیانت لە کوێوە ئاو دەخۆنەوە. بچۆرە قووڵایی خۆتەوە و بەدوای ڕەگوڕیشەکانی ژیانتدا بگەڕێ، تا لەپڕێکدا دەگەیت بەوەی عیرفان ناوی ناوە ڕۆشنبوونەوە، بەئاگاهاتنەوە، یان ئەزموونی یەزدانی. دوای ئەو ئەزموونە، کەسێکی تەواو جیاوازیت.

ژیان زۆرت پێ دەبەخشێت و دەتوانیت ببیت بە

ئیمپراتۆرێک. بۆ بوون بە ئیمپراتۆر پێویستت بە ئیمپراتۆریەت نییە. بوون بە ئیمپراتۆر شێوازێکی تایبەت و هەمەگیرەی ژیانە. ئەگینا بەبێ ئەم شێوازە تەنانەت ئیمپراتۆرەکانیش گەدان.

کەسی ڕامێن نە نیگەرانی ئەو ڕابردووەیە کە ڕۆیشتووە و نە نیگەرانی پاشەڕۆژیشە کە هێشتا نەهاتووە. ئەو گرنگی بە ئێستا دەدات. لە هەنووکەدا دەژی و ساتەکان بە چڕی و پڕاوپڕی دەباتە سەر. ژیانی لە گەدا ناچێت و چرکەساتەکان تا ئەوپەڕیان دەگوزەرێنێت، لەبەر ئەوە داوای هیچ ناکات. بە پێچەوانەوە، ئەو قەناعەت و قایلبوونەی کە ئایینەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و دەیخەنە ئاستی بەها بەرزەکانەوە، وەکو تلیاکێکە دەدرێ بە خەڵک تا بەرگەی ئەشکەنجە و بەدبەختییەکانی ژیان بگرن.

ئەگەر دەتەوێ لە ژیان سەرشار بیت، مەبە بە بەشێک لە هیچ ئایینێکی ئۆرگانیزەکراو و دوای مردووان مەکەوە. دوای ڕووناکیی خۆت بکەوە. ڕووناکیی ناخی خۆت بدۆزەرەوە و بەبێ هیچ ترسێک لەبەر ڕۆشنایی ئەودا بژی. هەر کەسێک بیەوێت لە ژیان سەرشار بێت، دەبێ لە هەرچی ئەو دەستوور و ڕێنماییە لەقاڵبدراوانەی ڕابردووی هەیە، خۆی ڕزگار بکات. ئەو دەستوور و ڕێنماییانەی دژە ژیانن و لە خزمەتی مەرگدان نەک ژیان.

# کرانەوە چییە؟

*** گەلێجار باس لە "ئەقڵی کراوە" و قبووڵکردنی ئەو شتانە دەکەیت کە ژیان لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت. کەواتە کرانەوە چییە؟**

کرانەوە، حاڵەتی نائەقڵە. وەختێ بە تەواوەتی لە ئایدیا و هزرەکان خاڵی دەبنەوە، وەختێ ئاگامەندیت خۆی بە تورەهاتەکانەوە خەریک ناکات، وەختێ ئاوێنەکە هیچ ڕەنگناداتەوە. ئەمەیە کرانەوە. ئەمە سەرەتایەکە بۆ دەرگا کردنەوە لەسەر خواوەندێتی.

لەڕووی ئەقڵییەوە، تۆ لە بوون دووردەکەویتەوە. چەند زیاتر بیرت کردەوە، زیاتر دووردەکەویتەوە. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە؛ وەختێ بە تەواوەتی لە بیرکردنەوە وەستایت، ئەمە واتە بەو ساتانەدا تێدەپەڕیت کە بوون بە تەواوەتی تیایدا جەخت لەسەر خۆی دەکاتەوە.

کرانەوە، واتە وازهێنان لەو تورەهاتانەی کە مێشکتیان پڕکردۆتەوە. وازهێنان لە بارێک کە هەڵگرتنی بێسوودە. ئەقڵ یان زەین واتە ڕابردوو، ڕابردووش لەم چرکەساتەی ئێستادا پێویست نییە... ئەوەی ڕووی داوە، ڕووی داوە، تازە

ناتوانیت بیگۆڕیت، ڕووشناداتەوە.

تەنانەت گەر لەو باوەڕەشدا بیت و واش هەست بکەیت کە ئەو بارودۆخەی تیایدایت هەمان بارودۆخی ڕابردووە، ئەوا بزانە وانییە. هەر بەیانییەک بەیانییەکی تازەیە و خۆری هەر بەیانییەک خۆرێکی تازەیە. تازە بە مانا مادییەکەی نا، بەڵکو بە مانا ئیستاتیکییەکەی و هەستکردن بە بەرەکەت.

گەر بەردەوام بە وێنەکانی ڕابردووەوە بنووسێیت، ئەوا مانای وایە ناتوانیت شتی تازە ببینیت. لەبەر ئەوەی پەردەیەکی ئەستوور لە ئەزموونەکانی ڕابردووت، لە چاوەڕوانی کردنت، بەری چاوتی گرتووە و ناهێڵێت ئەو تازانە ببینیت کە لە بەردەمتدا ڕوودەدەن.. هەمان وێنەی کۆنت پیشان دەداتەوە.

بەردەوامبوون بەو جۆرە، واتە لەدەستدانی ژیان، ڕابردووت دەبێتە لەمپەرێکی گەورە و ناهێڵێت ڕووناکییەکانی ژیان بمانبووژێنێتەوە. ڕابردوو دەورت دەدات و دڕدۆنگت دەکات و مەرگت بیردەخاتەوە. تا بەم حاڵەش بمێنیتەوە،لە وەستان، واتە لە مەرگ نزیک دەبیتەوە. وردە وردە پەنجەرە و دەرگاکان لەسەر خۆت دادەخەیت و چیتر ڕۆشنایی نایەتە ناو پەرستگای خودتەوە. خۆبەستنەوە بە ڕابردووەوە، واتە لە ڕەگەوە هەڵکێشانی بوونت، ئیدی بەم جۆرە ناتوانیت پەیوەندی لەگەڵ ژیاندا دروست بکەیتەوە. پەیوەندیت لەگەڵ درەختەکاندا، لەگەڵ ئەستێرەکان و شاخەکان و ڕووبارەکان و هەموو شتەکاندا نامێنێت. ناتوانیت لەگەڵ هیچ شتێکدا پەیوەندی دروست بکەیت، لەبەر ئەوەی دیوارێکی ئەستوور، کە لە شووراکەی چین دەچێت، چواردەوری داویت. ئەم

دیـواره ڕابردووتـه کـه ناهێڵێت لەگـەڵ شـتەکانی نـاو ژیـان پەیوەنـدی دروسـت بکەیتـەوه و ناهێڵێـت لـه خۆشەویسـتی و لێبوردەیـی خەڵکدا بەشـدار بیت.

مـن کـه دەڵێـم کـراوه بـه، مەبەسـتم لەوەیـه دەبێ ببیتـەوه بـه منـاڵ. ئـەو قسـەیەی مەسـیح بهێنـەرەوه یـادی خـۆت کـه بـه قوتابییەکانـی خـۆی وت: گـەر نەبنـەوه بـه منـاڵ، ناچنـه مەلەکوتی خـوداوه. ئەمەیـه کرانـەوه. منـاڵ کراوەیـه، چونکـه هیـچ نازانێت و خـودی خـۆی بـه هیـچ شـتێکەوه نەبەسـتۆتەوه. ئەوانـەی چوونەتـه تەمەنـەوه، لـه هەمـوو کـەس زیاتـر دوورن لـه کرانـەوه، لەبـەر ئـەوەی فێـری زۆر شـت بـوون و زۆر شـتیان ئەزبـەر کـردووه و بەڕادەیەکـی وەهـا کـه وایـان لـێ هاتـووه بـوون بـه یەخسـیری ئـەو شـتانەی فێریـان بـوون. هەرچـی پەنجـەره و دەرگا هەیـه لەسـەر خۆیـان دایانخسـتووه، ئیتـر ڕۆشـنایی لـه کوێـوه بچێتـه نـاو خودیانـەوه؟ هـەر بۆیـه دەبێ سـەرلەنوێ لەدایـک ببنـەوه. دەبێ ڕابـردوو بمرێنـن و بینێژن و ببنـەوه بـه منـاڵ، نـەک لـه جەسـتەدا، بەڵکـو لـه ئاگامەندیـدا کـه هەڵبـەت گـەوره دەبێـت، بـەڵام بەبێ ئـەوەی پاکێتـی لەدەسـت بـدات. مـرۆڤ بـەم جـۆره فێـر دەبێـت و بـەم جـۆره بـەو حەقیقەتـەش ئاشـنا دەبێـت کـه لـه هەمـوو چرکەسـاتێکدا ژیـان پێشـکەشی مـرۆڤ دەکات، ڕۆژ بـه ڕۆژ و سـاڵ بـه سـاڵ، بـەڵام مـرۆڤ بـه باسوخواسـەکانی خـۆی گەمـارۆ دراوه و بـەو ئایدیـا و هزرانـەوه خەریکـه کـه لـه هەسـتکردن بـه ئارامـی دووری دەخەنـەوه. ئیـدی بـەم جـۆره کـه لـه دەرگاکـەی دەدەن، نایبیسـتێت و میوانەکـەش ناتوانێـت بچێتـه ژوورەوه.

خوێندنـی دووری باڵندەکان دەبیسـتیت؟ جریـوەی

چۆلەکـەکان دەبیسـتیت؟ ئەگـەر دەیانبیسـتیت، کەواتـە تـۆ لـە حاڵەتـی کرانەوەدایـت. کرانـەوە حاڵەتـی پەیوەندییـە لەگـەڵ بێدەنگـی و کپـی و خامۆشـیی تەواوەتیدا. کـەس ناجووڵێتـەوە، هیـچ شـتێک نالەرێتـەوە. تـۆ نەنووسـتوویت، بەڵکـو بەئـاگا و وریایـت. تـۆ لـە حاڵەتـی ئاگامەندیـی تەواوەتیدایـت. وەختـێ بێدەنگـی و ئاگامەنـدی پێکدەگـەن و ئامێتـەی یەکتـر دەبـن، هەنگینـێ کرانـەوە دەسـت پـێ دەکات.

کرانەوە لە گرنگترین سیفەتەکانی مرۆڤە

بیـەرەوە بـە منـاڵ. ژیانـت سـەرلەنوێ دەسـت پـێ دەکاتـەوە. مەهێڵـە تورەهـات و کۆسـپ و تەگـەرە لـە ئەقڵتـدا و لـە چواردەورتـدا کەڵەکـە بـن. بـەم جـۆرە بێدەنگـی بـە شـێوەیەکی خۆبەخۆیـی لەگـەڵ ئاگامەندییەکـی گـەورەدا دێـت و بـەم جـۆرەش ژیـان دەگۆڕێـت بـۆ خۆشـنوودی.

ئـەوە ڕاسـتە کـە بـوودا وتوویەتـی: هیـچ مەکـە.. لەوێـدا بوەسـتە، بـەڵام ئەمـە بـە تەنهـا سـەرەتای گەشـتی ژیانـە نـەک کۆتایـی.

*** ئاخـۆ عەفەوییـەت لەگـەڵ چاودێریـدا دەگونجێـت؟ لـە خۆرئـاوادا پەنـد و وریاکردنـەوەی زۆر بـەکاردێ: " لێـرەدا مەوەسـتە، شـتێک بکـە" بـەڵام بـوودا وتوویەتـی: هیـچ مەکـە و لەوێـدا بوەسـتە.**

کەسـی نائاگامەنـد پەرچەکـرداری دەبێـت، لەکاتێکـدا مرۆڤـی ژێـر چاودێـری دەکات، بـەڵام ئاخـۆ عەفەوییـەت لەگـەڵ چاودێریـدا دەگونجێـت؟

ئەمـە ڕاسـتە کـە بـوودا وتوویەتـی هیـچ مەکـە و لەوێـدا بوەسـتە. بـەڵام ئەمـە بەتەنهـا سـەرەتای گەشـتی ژیانـە نـەک

کۆتایی. کاتێک مرۆڤ فێردەبێت چۆن بوەستێت، چۆن بێدەنگ بێت، چۆن ئەوەندە نەبزوێت. کەس هەراسان نەکەیت، تەنانەت خۆشت، کاتێک فێردەبیت چۆن دادەنیشیت، چۆن بە بێدەنگی دادەنیشیت، هیچ مەکە، ئەوکات بەهار دێت و خۆبەخۆیی گژوگیا سەردەردەکات. هەر بە تەنها سەر دەرناکات، بەڵکو نەشونماش دەکات. کردار ناشاردرێتەوە و ناتوانێت بشاردرێتەوە... گیا بە خۆڕسکی دەڕوێت، ئەوەش کردارێکی مەزنە کە ڕوودەدات. بەڵام هیچ بکەرێکیش لەئارادانییە.. بکەر نەماوە و کردار بەردەوام بووە. کاتێکیش بکەر لەئارادا نابێت، کردار دەبێتە شتێکی خۆڕسکی، کەواتە ئەوە بکەرە کە ڕێگا بە خۆڕسکی نادات. بکەر واتە (من)، منیش واتە ڕابردوو. وەختێ ڕەفتار دەکەیت، تۆ لە ڕوانگەی ڕابردووەوە ڕەفتار دەکەیت و لەسەر بنەمای ئەو ئەزموونانەی لە ڕابردوودا بەدەستت هێناون، هەروەها بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی کە لە ڕابردوودا پێیان گەیشتوویت. ئیدی لە حاڵەتێکی وەهادا، چۆن دەتوانیت بڵێیت کە عەفەوییەت و بە خۆڕسکییەوە ڕەفتار دەکەیت؟ ئەوە ڕابردووە کە بەسەرتدا زاڵە و بەهۆی ئەو ڕابردووەشەوە لە تواناتدا نییە هەنووکە ببینیت. ڕابردوو چڕەدووکەڵێکی لەبەرچاوەکانتدا دروستکردووە و وای لێ کردوویت نەبینیت. ناتوانیت ببینیت. نابینا بوویت، بەهۆی ئەو دووکەڵە چڕەوە نابینا بوویت، بەهۆی ئەو ئەنجامگیرییانەوە و ئەو شتانەی ترەوە کە پێشتر فێریان بوویت، نابینا بوویت.

مرۆڤی زانیار (واتە ئەو کەسەی زانیاری لە زەینیدا کەڵەکە بووە. و. کوردی) نابینایەکی ڕاستەقینەیە، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لەلای کەڵەکە بوون،

ڕەفتار دەکات. ئەو هەوڵ نادات لە حاڵەتەکە یان مەسەلەکە بگات. ئەو بە شێوەیەکی میکانیکی

ڕەفتار دەکات. لەبەر ئەوەی پێشتر شتێک فێر بووە، شتێک کە لەلای بووە بە جۆرێک لە بەڵگەنەویست، کۆمەڵێک بەڵگەنەویست کە خۆیان بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا دەسەپێنن، بەبێ ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکان.

لە شارێک لە شارەکانی ژاپۆندا، دوو پەرستگای بەرامبەر هەبوون کە ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو و بەڕادەیەک ڕق و کینە چووبووە دڵیانەوە، کار گەیشتبووە ئەوەی تەنانەت سەیری یەکتریشیان نەدەکرد. چەندەها سەدە ئەمە حاڵیان بوو، تەنانەت کاهینی ئەم پەرستگایە، سڵاوی لە کاهینی ئەو پەرستگایەی تر نەدەکرد. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ڕقەبەرایەتی گواسترابۆوە بۆ مناڵەکانی ئەو دوو پەرستگایەش، لەبەر ئەوەی هەمیشە بە گوێی مناڵەکانیاندا دەدا و دەیانوت:

مناڵینە گوێبگرن، ئێمە دوژمنایەتیمان لەگەڵ ئەو پەرستگایەی بەرامبەرماندا هەیە و لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەوێش کاردەکەن. لەبەر ئەوە نابێ قسە لەگەڵ مناڵەکانی ئەو پەرستگایەدا بکەن، ئەوان ڕقیان لێتانە و وەکو دەرد و بەلا وان، لێیان نزیک نەبنەوە. بەڵام ئەم قسانە دەبوونە مایەی پرسیار لای مناڵەکان: بۆچی قسەیان لەگەڵدا نەکەین؟ ئەی ئەگەر ڕۆژێک ڕووبەڕووی یەکتر بووینەوە، دەکرێ هەر هیچ قسەیەک لەگەڵ یەک نەکەین؟

وا ڕێککەوت ڕۆژێکیان دوو مناڵ لە ڕێگا یەکتریان بینی، یەکێکیان ویستی ئەوی تر بناسێت، بۆیە لێی پرسی: بۆ کوێ دەچیت؟ ئەو مناڵەی تر چونکە زۆر گوێی بۆ ئەو

وتووێژە فەلسەفییانە شل دەکرد کە لە پەرستگادا دەکران، بەر لەوەی وەڵام بداتەوە، بیری کردەوە: بۆ کوێ دەچم؟ کەس نایەت و کەس ناچێت... ئەوە "با"یە بۆ هەر کوێیەک بیەوێت لەگەڵ خۆیدا دەمبات.

ئەم منداڵە پێشتر گوێی لە مامۆستاکەی بووبوو، کە ئەم قسەیەی بوودای دەوتەوە: (من گەڵایەکی وشکەوەبووم، بایەکان یاریم پێ دەکەن و بۆ کوێیان بوێت لەگەڵ خۆیاندا دەمبەن).

منداڵەکەی تر تووشی شۆک بوو، نەیزانی چۆن درێژە بە قسەکانی بدات و لە دڵی خۆیدا وتی: (مامۆستاکەم ڕاست دەکات، ئەمانە خەڵکێکی مەترسیدارن، من پرسیارێکی ئاساییم لێ کرد، کەچی چۆن وەڵامی دامەوە؟).

منداڵەکە کە گەڕایەوە، ئەم بەسەرهاتەی بۆ مامۆستاکەی گێڕایەوە و داوای لێبوردنیشی لێ کرد کە بە ئامۆژگارییەکەی ئەوی نەکردووە و قسەی لەگەڵ منداڵی پەرستگاکەی بەرامبەریان کردووە. کاهینەکە وتی: (چیم پێ وتیت؟ پێم نەوتن ئەوانە خەڵکێکی خراپن؟.. گوێ بگرە، سبەینێ چاوەڕێی بکەرەوە و هەمان پرسیاری لێ بکە، کە ئەم وەڵامەی دایەوە، پێی بڵێ ڕاست دەکەیت، تۆ گەڵایەکی وشکیت، هەروەها منیش، بەڵام ئەی ئەو کاتانەی "با" نییە؟ ئاخۆ ئەو کاتانە بە هیچ جۆرێک ناتوانیت بجووڵێیتەوە؟). هەر ئەوەندەی پێ بڵێ، ئیتر تووشی شۆک دەبێت و هەست بە تێکشکان دەکات... بزانە کە ئەوان دوژمنی ئێمەن و دەبێ لێیان بەرینەوە. سبەینێش ئەمە ڕوودەدات.

بۆ بەیانی زوو منداڵەکە ڕۆیشت، تا چاوەڕێی دوژمنەکەی

بکات و بە گوێرەی ئامۆژگاریی مامۆستاکەی، بیبەزێنێت. هەر ئەوەندە منداڵەکە دەرکەوت، یەکسەر چووە بەردەمی و لێی پرسی: (بۆ کوێ دەچیت؟). چاوەڕێی وەڵامەکەی دوێنێ بوو، بەڵام منداڵەکە وتی (قاچم بۆ کوێم بەرێت، بۆ ئەوێ دەچم)، ئیتر نە باسی با و نە گەڵای وشکی کرد.

منداڵەکە گەڕایەوە و ئەمەشی بۆ مامۆستاکەی گێڕایەوە. مامۆستاکە سەیرێکی منداڵەکەی کرد و وتی: (بینیت؟ ئەی من بۆچی پێم وتوون قسە لەگەڵ ئەوانە مەکەن؟ ئەوانە زۆر مەترسیدارن، دڵیان پڕە لە ڕق، ئەوەی ڕووی دا، ڕووی دا، بەڵام هەر دەبێت ئێمە بەسەر ئەواندا زاڵ بین، بۆیە سبەینێ ئەگەر ئەم قسەیەی ئەمڕۆی کردەوە، پێی بڵێ: (ئەی ئەگەر قاچت نەبوو؟) ئیتر هیچ وەڵامێکی ترت ناداتەوە.

بۆ ڕۆژی دواتریش منداڵەکە لێی پرسییەوە: (بۆ کوێ دەچیت؟).

منداڵەکەی تر بەبێ هیچ دوودڵییەک وتی: (دەچم بۆ بازاڕ کەمێک سەوزە دەکڕم).

ژیان بەم جۆرەیە، لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە نابێ مرۆڤ وەڵامی حازربەدەستی بۆ پرسیارەکان هەبێت، بەڵکو دەبێ بزانێت پرسیارەکان چین، پاشان بۆ وەڵامەکانیان دەبێ بیربکاتەوە. لەکاتێکدا دەبینین کتێبە پیرۆزەکانی وەکو بهاگاڤادگیدا و ئینجیل و ڤیداکان پڕن لە وەڵامی حازربەدەست. بەڵام ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە و پرسیاری نوێ دەهێنێتە ئاراوە و پێویستیان بە وەڵامی نوێیە.

بوودا گەلێک جار ئەمەی دووپات کردۆتەوە کە (فێربە

چۆن بە بێدەنگی دادەنیشیت). بەڵام خۆ بوودا مەبەستی لەوە نەبووە کە مرۆڤ هەمیشە بە بێدەنگی دابنیشێت. گەر وا بووایە داوای لێ دەکردیت کەسێکی چالاک نەبیت... بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەو دەیەوێت بێدەنگ بیت، لەبەر ئەوەی لە بێدەنگییەوە کردارەکان سەرهەڵدەدەن. لە دەرەوەی بێدەنگیدا، هەرچییەک دەکەیت کاردانەوەیە نەک کردار. لەوانەیە کەسێک بێت و سووکایەتیت پێ بکات، یان هەراسانت بکات، تۆش لێیدەدەیت. ئەو هەوڵەت کردارێک نییە لە خودی خۆتەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو ئەمە کاردانەوەیە بۆ سووکایەتیپێکردن و هەراسانکردنەکە.

هەموو کەسێک دەتوانێت بتورووژێنێت و توورە و پەستت بکات، یان وات لێ بکات هەڵچیت و مەیلت بۆ توندوتیژی هەبێت. هەروەها لە توانای هەمووی کەسێکدا هەیە ستایشت بکات و پیاتدا هەڵبدات و تۆش وا هەست بکەیت کە زۆر گەورەیت، ئەسکەندەری مەکدۆنیت، بێ وێنەیت.. ئەمە ناودەنێیت چی؟ کردار یان پەرچەکردار (واتە کاردانەوە)؟ بێگومان پەرچەکردارە.

زۆرجار بوودا، وەختێ بە گوندێکدا تێدەپەڕی، دەکەوتە بەر سووکایەتی پێکردن و ناو و ناتۆرە لێدەرکردن. بەڵام ئەو بەوپەڕی هێمنی و بەبێ وورووژان ڕووبەڕووی ئەم شتانە دەبۆوە و بە وردی گوێی لێ دەگرتن و پاشان ڕووی دەکردە ئەو کەسانەی جنێویان پێ دەدا و سووکایەتییان پێ دەکرد و دەیوت (سوپاس کە ئەرکتان کێشا و هاتوون تا بمبینن. من پەلەمە و دەبێ بڕۆم و بگەمە شارێکی تر، لەوێ چاوەڕێم دەکەن.. سبەینێ دێمەوە بۆ ئێرە، چاوەڕێم بن،

دەشێ سبەینێ کاتی زۆرترم هەبێت، ئەوکات ئامادەم گوێ لە هەموو ئەو قسانەی ئەمڕۆتان بگرم کە ئێستا لەبیرتان چۆتەوە... بیربکەنەوە، ئەگەر شتێکتان لەیادچووە، سبەینێ دەتوانن ئەوەشم پێ بڵێن، بەڵام ئێستا داوای لێبوردن دەکەم، دەبێ بڕۆم). خەڵکەکە باوەڕیان بەوە نەکرد کە گوێیان لێ بوو. وا چاوەڕوان بوون بوودا تووڕە بێت، یان هیچ نەبێت پەست بێت، بەڵام ئەوپەڕی ئارامیی خۆی پاراست.. یەکێکیان لێی نزیک بووەوە و پێی وت: (دیارە تۆ گوێت لە قسەکانی ئێمە نەبوو. ئێمە سووکایەتیمان پێ کردیت، جنێومان پێ دایت، کەچی تۆ بێدەنگیت!).

بوودا پێکەنی و وتی: (ئەگەر وەڵامی منت دەوێت، ئەوا دوایی وەرەوە بۆ لام، دوای دە ساڵ، چونکە من ئەوکات لە هەموو کاریگەرییەکی دەرەوەی خۆم ڕزگارم بووە.. من کۆیلە نیم، من خۆم گەورەی خۆمم. خودی خۆم چیم پێ بڵێت ئەوە دەکەم، نەک ئەوەی کە کەسێکی تر لە دەرەوەی خۆم ناچارم بکات.. من بەپێی پێداویستییەکانی ناوەوەی خۆم ڕەفتار دەکەم، لەبەر ئەوەی کەس ناتوانێت فەرمان بەسەرمدا بسەپێنێت... ئەگەر ڕاستت دەوێت من پیرۆزباییت لێ دەکەم بۆ ئەوەی کردت. هەموو شتێکت بە وردی کرد، بەڵام مادامەکی من هیچ بایەخێکم بە سووکایەتی و جنێوەکانت نەدا، مانای وایە من خۆم گەورەی خۆمم و ئەوەی تۆش کردت شتێکی زۆر پڕوپووچ و بێ نرخ بوو.

وەختێ یەکێک قسەت پێ دەڵێت، ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە گوێ بگریت و هیچ کاردانەوەیەکت نەبێت، ئەگینا چی دەکەیت؟ گوێ بگرە: ئەگەر یەکێک پڵێتەیەک ئاگری

فڕێدایە ناو ڕووبارێکەوە، ئەوا پلیتەکە هەر دەسووتێ تا ئەو ساتەی بەر ئاوەکە دەکەوێت، لەو ساتەدا دەکوژێتەوە. کەواتە تۆش بۆ نابیتە ئەو ڕووبارەی کە ئاگری پلیتەکان دەکوژێنێتەوە؟ وا بەو دڵنیاش بە کە بێدەنگییەکەت لە دەنگی هەموو هۆرنی ماشینەکانی جیهان بەهێزتر دەبێت. بێدەنگییەکەت ئەو ژاوەژاوە دەگۆڕێت بۆ مۆسیقایەکی هێمن. دەزانیت بۆ؟ لەبەر ئەوەی تۆ لە حەقیقەتی گەوهەری سروشتی خۆتەوە ڕەفتارت کردووە.

ئەمەیە عەفەوییەت... مرۆڤی وریا و ئاگامەند لە شتەکان دەگات و بە گوێرەی پێداویستییەکانی ناوەوەی خۆی ڕەفتار دەکات. بەڵام مرۆڤی نائاگامەند، بە شێوەیەکی میکانیکی ڕەفتار دەکات و ڕەفتاری بریتییە لە کاردانەوە.

مرۆڤی نائاگامەند پەرچەکرداری هەیە، بەڵام مرۆڤی دانا چاودێری دەکات. تکایە بە هەڵە تێمەگەن.. چاودێری بە مانای تەماشاکردن و کات بەسەربردن نایەت، بەڵکو بە مانای هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ڕوودەدات. تکایە بە هەڵە تێمەگە، کاتێک پێت دەڵێم بە بێدەنگی دانیشە و چاودێری بکە، ئەمە مانای ئەوە نییە من داوات لێ بکەم تەمەڵ بیت، لەبەرئەوەی لەسەر دیواری بێدەنگیت هەموو ئەو شتانە تێکدەشکێن کە خەڵکانی تر تێتدەگرن. تۆ بە بێدەنگی چاودێری دەکەیت، کەواتە تۆ چاودێری دەکەیت تا بزانیت چی ڕوودەدات. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانیت ڕەفتار بکەیت. شتێکی ڕەوا نییە بپرسین ئاخۆ گونجان لە نێوان چاودێری و عەفەوییەتدا هەیە، چونکە چاودێری سەرەتای عەفەوییەتە، عەفەوییەتیش لووتکەی چاودێرییە.

مرۆڤـی ڕاسـتەقینە لـە ڕوانگـەی ئاگامەندیـی خۆیـەوە ڕەفتـار دەکات، بە ڕەچاوکردنی ئەو چرکەساتەی کە تیایدایەتی. ئەو وەکـو ئاوێنـە وایـە، بـەڵام مرۆڤـی ئاسـایی لـە ئاوێنـە ناچێت، بەڵکو لـە پلێتی وێنـە دەچێت. جیاوازییەکی گـەورەش لـە نێوان ئـەم دووانـەدا هەیـە.. پلێتـی وێنـە بۆ جارێک بەکاردێت و دوایی کەڵکـی نامێنێـت و ناتوانیـن هیـچ جـۆرە گۆڕانکارییەکـی تێـدا بکەیـن، پلێتەکە بە تەنها یـەک وێنـە دەگرێتـە خـۆی، وێنەکـەش دەربڕی یـەک چرکەسـاتی واقیعییـە و بۆ دوای ئـەو چرکەسـاتە ئـەو واقیعییەتـەی نامێنێت. تۆ ئەگـەر بچیتە نـاو باخچەیەکەوە و لای دارێکی گوڵکردووەوە دابنیشـیت و یەکێک بێت و وێنەیەکت بگرێـت، ئیتـر ئـەو وێنەیـە ئەمـڕۆ و سـبەینێ و دووسـبەی و بگـرە سـاڵێکی تریـش هـەر وەکـو خـۆی دەمێنێـت. بـەڵام ئەگـەر بچیتـەوە ئـەو شـوێنەی وێنەکـەت تیـا گرتـووە، دەبینیـت گـۆڕاوە. گوڵـەکان سـیس بـوون و گوڵـی تـر دەرهاتـوون و....

دەڵێـن فەیلەسـووفێکی واقیعگـەرا ڕەخنـەی لـە پیکاسـۆ گرتـووە، لەبـەر ئـەوەی تابلۆکانـی ئەبسـتراکت (تەجریـدی)ن و پێـی وتـووە ئەگـەر دەتـەوێ واقیعـی بیـت وەرە تابلۆیەکـی هاوسـەرەکەم بکـە.. ئینجا وێنەیەکی هاوسـەرەکەی دەردەهێنێت و دەڵێـت: (سـەیری ئـەم وێنەیـە بکـە، دەمـەوێ تابلۆکـەت ڕێـک وەکـو ئـەم وێنەیـە خـۆی بێـت). پیکاسـۆش سـەیرێکی وێنەکـە دەکات و لێـی دەپرسـێت: (ئەمـە هاوسـەرەکەتە؟)

فەیلەسـووفەکە دەڵێت: (بەڵـێ، ئەمە هاوسـەرەکەمە). پیکاسـۆ دەڵێت: (سـەیرە، ئەمـە زۆر بچکۆلەیـە و پانیشـە). کەواتـە وێنەکە ناتوانێت ببێت بە هاوسـەرەکەی.

بەسەرهاتێکی تریش هەیە کە دەڵێت:

ئافرەتێکی جوان دێتە شوێنکارەکەی پیکاسۆ و پێی دەڵێت: (دوێنێ وێنەیەکی تۆم بینی لە ماڵی هاوڕێیەکمدا بە دیوارێکەوە هەڵیانواسیبوو، وێنەیەکی زۆر جوانت بوو، منیش لە دیوارەکەم کردەوە و تێر تێر ماچم کرد).

پیکاسۆش دەڵێت: (بە ڕاستتە؟ ئەی وێنەکە تۆی ماچ نەکردەوە؟)

ئافرەتەکە دەڵێت: (ئەوە تێکچوویت؟ دەزانیت دەڵێیت چی؟ وێنە چۆن شتی وا دەکات؟)

پیکاسۆش لە وەڵامدا دەڵێت: (کەواتە ئەوە من نەبووم).

وێنە شتێکی مردووە، شتێکی وەستاوە، ناگۆڕێت، بەڵام ژیان هەمیشە لە گۆڕاندایە.

ئەقڵی تۆش وایە، لە کامێرایەک دەچێت، شتەکان وەردەگرێت و وەکو وێنە لەناو خۆیدا دەیانپارێزێت. لەم وێنانەشەوە کاردانەوەکانی تۆ دێن، ئەمەش مانای وایە کە تۆ لە پەیوەندییەکی زیندوودا نیت لەگەڵ ژیاندا.

ئافرەتێک سەیری کۆمەڵێک وێنە دەکات. کوڕەکەی کە چاوی بە وێنەی پیاوێک دەکەوێت لە هەرەتی لاویدایە، لە دایکی دەپرسێت: (ئەو پیاوە کێیە؟). دایکی دەپرسێت: (یەعنی ئەم پیاوە ناناسیت؟ ئەمە باوکتە).

کوڕەکە بە سەرسووڕمانەوە دەڵێت: (ئەی ئەگەر ئەمە باوکمە کەواتە ئەو پیاوە سەرڕووتاوەیەی لەگەڵماندا دەژی کێیە؟)

دایکی دەڵێت: باوکتە.

ئەمە وێنەیە، هەرگیز ناگۆڕێت، ئەقڵی نائاگامەندیش وایە. وەکو کامێرایەک کار دەکات و دەگۆڕێت بۆ پلێتی وێنە.

ئەقڵی چاودێر و ڕامێن وەکو ئاوێنە کاردەکات. وێنە ناگرێت، بەڵکو بە خاڵیتی دەمێنێتەوە. کاتێک تۆ لە بەردەمی ئاوێنەدا دەوەستیت، خۆت لە ئاوێنەکەدا دەبینیت، بەڵام کە لاچوویت، لە ئاوێنەکەشدا نامێنیت. نەڵێیت ئاوێنەکە خیانەتی لێ کردم، لەبەر ئەوەی ئاوێنە ئاوێنەیە، کە لە بەردەمیدا نەمایت، ڕەنگدانەوەشت تیایدا نامێنێت. کەس ناتوانێت ناچاری بکات ڕەنگدانەوەتی تیا بمێنێت. گەر کەسیش نەبوو، وێنەی کەسی تیا ڕەنگ ناداتەوە. هەمیشە ڕاستگۆیە بۆ ژیان.

لە ئاوێنەدا، گەر تۆ زیندوو بوویت، ئەوا زیندوویت. گەر مردیشیت، ئەوا مردوویت.

بوودا دەڵێت: بە بێدەنگی فێر ببە، ببە بە ئاوێنە. بێدەنگی ئاگامەندیت دەکات بە ئاوێنە. ئەو کات چرکە بە چرکە ژیان تیاتدا ڕەنگ دەداتەوە. لە ناو سەرتدا ئەلبوومێک لە وێنە هەڵناگریت. چاوەکانت ڕوون و بێگەرد دەبن. ڕوونبینی و ڕوانینت لا دەبێت. دەبیت بە ڕاستیی ژیان.

ئەمە ژیانی ڕەسەن و ڕاستەقینەیە.

# بەشی دووەم
# دەربارەی خۆشەویستی

خۆشەویستی درەوشانەوەیە، بۆن و بەرامەی خۆناسینە و خۆبوونە. خۆشەویستی شادییەکی لێوانلێوە. خۆشەویستی ئەو ساتەیە کە تیایدا دەزانیت تۆ کێیت: ئەوکات چ نامێنێت جگە لەوەی ئەو بوونەی خۆت لەگەڵ ئەوانی تردا بەشبکەیت. خۆشەویستی ئەو ساتەیە کە تیایدا دەزانیت تۆ بەشێکی دانەبڕاویت لە بوون. خۆشەویستی ئەو ساتەیە کە تیایدا لەگەڵ هەموو ئەو شتانەدا؛ هەست بە یەکبوونێکی ئۆرگانی و ئۆرگازمی دەکەیت.

خۆشەویستی پەیوەندی نییە، خۆشەویستی دۆخێکی بوونە. پەیوەندیی بە کەسێکەوە نییە. هیچ کەس لە خۆشەویستیدا نییە، بەڵکو ئەو کەسە خۆی خۆشەویستییە. هەڵبەت کاتێک یەکێکیش خۆی بریتی بێت لە خۆشەویستی، واتە لە خۆشەویستیدایە، بەلام ئەوە بەرەنجامە، نەک سەرچاوە، سەرچاوەکە ئەوەیە کە ئەو کەسە خۆی خۆشەویستییە.

بەلام ئەی کێ خۆشەویستییە؟ بێگومان تۆ ئەگەر ئاگامەند نەبیت بەرامبەر بە خۆت و نەزانیت خۆت کێیت، ناتوانیت ببیت بە خۆشەویستی، بەڵکو دەبیتە ترس. ترسیش پێچەوانەی خۆشەویستییە. لە یادت نەچێت، ڕق پێچەوانەی خۆشەویستی نییە، وەکو خەڵکی وای دەبینن. ڕق بریتییە لە

خۆشەویستی، بەڵام بە ئاوەژوویی. پێچەوانەی ڕاستەقینەی خۆشەویستی، ترسە. لە خۆشەویستیدا مرۆڤ دەکرێتەوە و ئاوەڵا دەبێت، لێ لە ترسدا، گرمۆڵە و داخراو دەبێت.

لە ترسدا، مرۆڤ گومان دەکات، بەڵام لە خۆشەویستیدا، متمانە دەکات. لە ترسدا، مرۆڤ بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەڵام لە خۆشەویستیدا، فانی دەبێت. بۆیە لە خۆشەویستیدا قسە لە تەنیایی ناکرێ، چونکە ئەگەر کەسێک فانی ببێت، ئیدی چۆن تەنیا دەبێت؟ ئەوکات هەموو ئەم درەخت و باڵندە و هەور و خۆر و ئەستێرانە لەناو تۆدا دەبن. خۆشەویستی ئەو ساتەیە کە تیایدا ئاسمانی ناوەوەی خۆت دەناسیت. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە پێویستە تیایدا بچینە دونیای خۆشەویستییەوە. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە تیایدا کۆمەڵگا و دەوڵەت و کڵێسا و دایکان و باوکان، منداڵەکانیان ژەهراوی دەکەن و تۆوی ترسیان تیا دەچێنن. ئەمە ئەو سەردەمەیە کە تیایدا کۆمەڵگا منداڵە بچکۆلەکان دەکات بە کۆیلە. کاتێکیش مرۆڤ دەبێت بە کۆیلە کە ترسێکی گەورە لە ناخیدا دروست بکرێ.

وەلێ لە هەمان کاتدا، ئەگەر کۆمەڵگا تەندروست بێت و لەلایەن سیاسەتمەداران و قەشەکانەوە ڕکێف نەکرێ، ئەگەر کۆمەڵگا نەخۆش نەبێت، دەتوانێت یارمەتیی منداڵان بدات تا زیاتر دەربارەی جوانی و مۆسیقا و شیعر و سەما و تێڕامان فێر بن. کۆمەڵگا پێویستە لە منداڵییەوە ئەم شتانە لەگەڵ منداڵاندا بکات، چونکە دواتر کارەکە دژوارتر دەبێت. لەبەر ئەوەی تۆ تا گەورەتر بیت، ترسەکانیش لە ناختدا گەورەتر و بەهێزتر دەبن. تا گەورەتر بیت "من"ت بەهێزتر دەبێت.

تا گەورەتر بیت توانستی فێربوونت کەمتر دەبێت. تا گەورەتر بیت، ترسنۆکتر دەبیت و لە پیوار (مەجهول) زیاتر دەترسیت.

منداڵ خاڵییە لە ترس. منداڵ کە لەدایک دەبێت هیچ ترسێکی تیا نییە. ئەگەر کۆمەڵگا یارمەتیی منداڵان بدات و پشتگیرییان بکات تا بەبێ ترس بمێننەوە و بەبێ ترس گەشە بکەن، دەتوانن بە دار و درەخت و شاخەکاندا هەڵگژێن، لە ڕووبار و ئۆقیانووسەکاندا مەلە بکەن. دەتوانن بەرامبەر بە پیوار جەربەزە بن. ئەگەر کۆمەڵگا لە بری ئەوەی بیروباوڕی مردوویان پێ بڵێتەوە و بە زۆر بە سەریاندا بسەپێنێت، ڕۆحی پرسیارکردنیان تیا دروست بکات، ئەوا دەبن بە عاشقی گەورە، عاشقی ژیان... ئەمەش ئایینی ڕاستەقینەیە. هیچ ئایینێک لە ئایینی عیشق باڵاتر نییە.

تێڕامێنە، سەما بکە، ستران بچڕە. بچۆرە ناو قووڵاییەکانی خۆتەوە، وردتر گوێ بۆ ئاوازی باڵندەکان ڕادێرە. بە سەرسامی و سەرسوڕمانەوە بڕوانە گوڵەکان. مەبە بە کەسێک کە بە گوێرەی زانیارییەکانی خۆی بیردەکاتەوە و شتەکان پۆلێن دەکات. با منداڵەکان فێر بکەین لە تەمەنی منداڵییەوە گیتار بژەنن، فلوت لێبدەن، تێکەڵ بە خەڵک بن، لەبەر ئەوەی هەر کەسە و دەربڕی سیمایەکی جیاوازی خودایە. لە هەر کەسە و شتێک فێر بە. مەترسە. ئەم بوونە دوژمنی تۆ نییە. ئەم بوونە وەک دایکت وایە و چاودێریت دەکات، پشتیوانیت دەکات. متمانە بە خۆت و بوون بکە و هەنگێنێ هەست بە سەرهەڵدانی وزەیەکی نوێ دەکەیت لە ناختدا، ئەو وزەیە خۆشەویستییە. ئەو وزەیە دەیەوێ هەموو

جیهان پیرۆز ڕابگرێت، لەبەر ئەوەی هەر لەو وزەیەدایە کە ئینسان هەست بە پیرۆزیی خۆی دەکات.

خۆشەویستی ئارەزوویەکی قووڵە بۆ پیرۆزڕاگرتنی تەواوی بوون.

# چۆن دەتوانم بە شێوەیەکی باشتر خۆشەویستی بکەم؟

*** چۆن دەتوانم بە شێوەیەکی باشتر خۆشەویستی بکەم؟**

خۆشەویستی خۆی لە خۆیدا بەسە. پێویستی بە باشترکردن نییە. ئەو وەکو ئەوەی کە هەیە کاملە و پێویستی بەوە نییە کاملتر بێت. ئەو ئارەزووە نیشاندەری بە هەڵە تێگەیشتنێکە سەبارەت بە خۆشەویستی و سروشتی خۆشەویستی.

ئاخۆ تۆ دەتوانیت بڵێیت من بازنەیەکم هەیە لە هەموو بازنەکانی دی کاملترە؟ هەموو بازنەکان کاملن. ئەگەر کامڵ نەبن، واتە بازنە نین.

کاملبوون شتێکی گەوهەرییە بۆ بازنە و هەمان شت بەسەر خۆشەویستیشدا دەچەسپێت. تۆ نە دەتوانیت کەمتر و نە دەتوانیت زیاتر عاشق بیت. لەبەر ئەوەی عیشق چەندێتی نییە، بەڵکو چۆنێتییە و ناشپێوری.

ئەو پرسیارە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ هەرگیز تامی خۆشەویستیت نەکردووە و هەوڵ دەدەیت ئەمە لە ئارەزووی

ئەوەی کە "چۆن بە شێوەیەکی باشتر خۆشەویستی بکەم"دا بشاریتەوە. چونکە هەر کەسێک عیشقی ناسیبێت، پرسیاری لەم چەشنە ناکات.

نابێ خۆشەویستی لەگەڵ حەزێکی بایۆلۆجیدا تێکەڵ بکەین. حەز واتە شەهوەت، ئەمەش لە هەموو گیانەوەرێکدا هەیە. هیچ تایبەتمەندییەکی تیا نییە و تەنانەت لە دار و درەختیشدا ئەمە هەیە. ئەمە شێواز و ڕێگای سروشتە بۆ بەرهەمهێنانەوە. هیچ ڕەهەندێکی ڕۆحیی تیا نییە، هیچ ڕەهەندێکی ئینسانیی تیا نییە.

کەواتە دەبێت بەر لە هەموو شتێک جیاوازیی تەواو لە نێوان شەهوەت و عیشقدا بکەین. شەهوەت مەیلێکی کوێرانەیە، بەڵام عیشق بۆن و بەرامەی دڵێکی بێدەنگ و هێمن و ڕامێنە. عیشق بەینی لەگەڵ بایۆلۆجی و کیمیا و هۆرمۆنەکاندا نییە. عیشق فڕینی ئاگامەندیتە بەرەو فەزا بەرزەکان، فڕینە بەرەو ئەودیو ماتەر و جەستە. کاتێک لەوە گەیشتیت کە عیشق شتێکی باڵاڕەوە، چیتر نابێتە پرسیارێکی بنەڕەتی لە لات.

ئەوکات پرسیاری بنەڕەتی ئەوە دەبێت کە چۆن باڵایی بە جەستەت ببەخشیت. چۆن ئەو شتە کەشف بکەیت لە ناختدا کە دەچێتە سەروو هەموو پێودانگێکەوە. ئەمە مانای وشەی ماتەر "matter"ە، لە ڕیشەیەکی سانسکریتییەوە هاتووە کە "matra"یە و واتە پێودانگ، واتە ئەو شتەی کە پێوانە دەکرێ. وشە فەڕەنسییەکەش "metre" لە هەمان ڕیشەوە دێت.

پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوە دەبێت کە چۆن لە "پێوانەکراو" ڕزگارت بێت و بچیتە ئەودیو ماتەرەوە و چاوەکانت لە ئاست ئاگامەندیی زیاتردا بکەیتەوە و سنووریکیش نییە بۆ ئاگامەندی.

چەند زیاتر ئاگامەند بیت، زیاتر دەرک بەوە دەکەیت کە زۆرترت لەپێشە. هەر کە دەگەیتە لووتکە، لووتکەیەکی تر لە بەردەمتدا قوت دەبێتەوە. گەشتێکی بێکۆتاییە. خۆشەویستی ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاگامەندییە. وەکو بۆنی گوڵ وایە. لە ڕەگوڕیشەی گوڵەکەدا بۆ بۆنی گوڵ مەگەڕێ، چونکە لەوێدا نییە. بایۆلۆجیی تۆ ڕەگوڕیشەتە. ئاگامەندیت گوڵکردنەکەتە.

تا زیاتر ببیتە گوڵە نیلۆفەرێکی شکۆفەکردووی ئاگامەندی، زیاتر سەرت سووڕدەمێنیت و بە ئەزموونێکی قووڵ و مەزن دەگەیت کە بە تەنها پێی دەوترێ عیشق. سەرشار دەبیت لە خۆشنوودی، لە چێژی ڕۆحی، تاڵ بە تاڵی بوونت بە نەشئەوە دەکەونە سەما. وەکو پەڵەهەورێکی پڕ بارانت لێ دێت کە خوازیارە ببارێت. لەو ساتەدا کە بەوپەڕی خولیاوە دەتەوێ ببیتە ڕێژنە، شەوق و هەڵوەدابوونێکی گەورە تیاتدا چەکەرە دەکات، تا ئەو ئەزموونە لەگەڵ کەسانی تر و بوونەوەرەکانی تردا بەشبکەیت. ئەوە بریتییە لە عیشق.

خۆشەویستی شتێک نییە لە کەسێکەوە بۆت بێت کە هێشتا بە نەشئەی ڕۆحیی تەواو نەگەیشتووە. هەر ئەمەش بەدبەختیی تەواوی دونیایە: هەموو کەسێک بەدوای ئەوەدا

دەگەڕێت خۆشەویست بێت و وا پیشان دەدات کە عاشقە. بەڵام تا نەزانیت ئاگامەندی چییە و پێی نەگەیت، نازانیت خۆشەویستی چییە. نازانیت حەقیقەت چییە، نازانیت ئەزموونی یەزدانی چییە، نازانیت بەرامەی جوانی یەعنی چی. تۆ خۆت کە بەتاڵ بیت، دەتوانیت چی ببەخشیت؟

تۆ کە هێشتا هیچ لە بووننتدا نەڕوابێت، هیچ لە ڕۆحتدا سەوز نەبووبێت، ناخت گوڵی نەکردبێت، چۆن دەتوانیت عاشق بیت؟!

کەی ئەمە ڕووی دا؛ واتە خۆشەویستی سەریهەڵداوە و بە کامڵییش. واتە پێویست بە "باشتر" ناکات. کامڵبوون و خۆشەویستی دوو شتن لە یەک جیانابنەوە. کاتێک دەپرسیت چۆن بە شێوەیەکی باشتر خۆشەویستی بکەم؟ ئەمە مانای وایە تۆ هێشتا لە ئاگامەندیدا قووڵ نەبوویتەوە. نازانیت خۆت کێیت. لە نابیناییەکی وەها و نەزانینێکی وەها و نائاگامەندییەکی وەهادا، عیشق ناڕوێت. تۆ لە بیاباندا دەژیت. لەم تاریکی و چۆڵەوانییەشدا زەحمەتە خۆشەویستی چرۆ بکات.

بەر لە هەموو شتێک دەبێ تۆ خۆت پڕبیت لە ڕووناکی، لە گەشانەوە.. هێندە لێوانلێو بیت تا دەڕژێیت. ئەو ڕژانە بریتییە لە خۆشەویستی. عیشقیش گەورەترین بەرکەماڵییە لە دونیادا. نە کەمە و نە زیادە.

بەڵام پەروەردەکردنی ئێمە بە ڕادەیەک نیوڕۆتیکە "واتە عوسابیانەیە"، بە ڕادەیەک لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە نەخۆشانەیە، کە هەموو توانستێکی نەشونماکردن و

فراژیبوونی ڕۆحی دەکوژێت و وێران دەکات.

کەمن ئەوانەی دەزانن عیشق چییە. کاتێک بە یەکێک دەڵێیت "خۆشم دەوێیت" نازانیت چی دەڵێیت. نازانیت کە ئەوە بە تەنها حەزێکی سێکسییە لە پشت وشەی جوانی "خۆشەویستی"یەوە خۆی حەشار داوە. ئەو حەزەش کاتییە و نامێنێت. خۆشەویستی یان عیشق شتێکی ئەبەدییە. ئەزموونێکە بوودابییەکان دەیزانن، نەک خەڵکانێکی نائاگامەند کە ئەم دونیایە پڕە لێیان. بە تەنها خەڵکانێکی کەم دەزانن عیشق چییە، ئەمانەش ئەوانەن کە زۆر ئاگامەندن، کە زۆر ڕۆشنبوونەتەوە و بە ترۆپکە بەرزەکانی ئاگامەندیی مرۆیی گەیشتوون.

ئەگەر دەتەوێ بزانیت عیشق چییە، تێڕامان بهێنەرەوە یادی خۆت. گەر دەتەوێ گوڵەباخ بهێنیتە ناو باخچەکەتەوە، گوڵەباخ لە بیر خۆت بەرەوە و ئاگات لە نەمامەکە بێت. بە تەنگ نەشونمایەوە بێ، ئاوی بدە، بە گوێرەی پێویست بیدەرە بەر تیشکی خۆر. لێیگەڕێ با خۆی بە سروشتی گوڵ بکات، چونکە تۆ ناتوانیت زۆری لێ بکەیت زووتر لە وادەی خۆی، گوڵ بکات. ناشتوانیت داوای لێ بکەیت کامڵتر بێت. تۆ قەت گوڵەباخێکت دیوە کامڵ نەبێت؟ هەموو گوڵەباخێک خۆی لە خۆیدا دانسقە و کامڵە. لەبەر بادا، لەبەر باراندا، لەبەر خۆردا سەما دەکات.

خۆشەویستی ئەو گوڵەباخەیە لە بوونی تۆدا، بەڵام دەبێ بوونت ئامادەبکەیت: تاریکی و نائاگامەندی لە خۆت دوور بخەرەوە. تا دەتوانیت بێدار و بەئاگا بە و ئیدی

خۆشەویستی خۆی لـە کاتی خۆیـدا دێـت.

عیشـق ئەزموونێکی ڕۆحییە. نە پەیوەندیی بە سێکس و نە بە جەستەوە هەیە، بەڵام پەیوەندیی بە قووڵایی بوونی خۆتـەوە هەیـە.

بەڵام تـۆ جارێ نەچوویتەتـە نـاو پەرستگاکەی خۆتـەوە. تۆ جارێ نازانیت خۆت کێیت و پرسیاری عیشـق دەکەیت. بەر لـە هەمـوو شـتێک خـۆت بـە، خـۆت بناسـە، ئـەودەم خۆشەویستی وەکو پاداشـتێک پەیدا دەبێت. پاداشـتێک لـە پیـوارەوە. وەک گـوڵ بەسـەرتدا دەبارێت، بوونـت سەرشـار دەکات و لەگـەڵ خۆشیدا حـەزی بەشـکردنی لەگـەڵ خەڵکانی تـردا دەهێنێـت.

عیشـق شـەبەنگی بێداری و ئاگامەندییە.

وەختـێ بـۆ یەکەمجـار عیشـق دێـت و بوونـت سـەرڕێژ دەکات، تـۆ نوقمـی دەبیت و سەراسیمە دەبیت. نازانیت چـی ڕوودەدات. دەزانیت کـە دڵـت سـەما دەکات، ئاوازێکی خودایی دەورت دەتەنێـت، بـۆن و بەرامەیـەک بەسـەرتدا دێـت کـە پێشتر نەتناسیوە، بەڵام کەمێک کاتی دەوێت تا هەموو ئەو ئەزموونانـە پێکـەوە دادەنێیت و دێتـەوە یادت کـە دەشـێ ئەمـە عەشق بێت. ئیدی، هێدی هێدی ڕۆدەچێتە نێو بوونتـەوە.

عیشـق لـە شـیعردا نادۆزرێتـەوە. لـە ئەزموونـی خۆمـەوە دەڵێم ئـەو کەسانەی سـەبارەت بـە عیشـق شـیعر دەنووسـن، ئەوانـەن کـە نازانن عیشـق چییـە. مـن خـۆم لەگـەڵ شـاعیرانی گەورەدا ئاشنابووم کە شیعری جوانیان سەبارەت بە عیشق نووسـیوە، بـەڵام خۆیـان عیشـقیان ئەزمـوون نەکـردووە.

لە ڕاستیدا شیعرەکانیان باربووکردنەوەیە، تەسەللایە. بە نووسینی ئەو شیعرە عاشقانانە، هەم خۆیان فریو دەدەن و هەم خوێنەران بەوەی لافی ئەوە لێدەدەن کە دەزانن عیشق چییە.

ڕاستییەکەی، بە تەنها عاریفەکان دەزانن عیشق چییە. غەیری ئەوان ناتوانن ئەزموونی عیشق بکەن. گەر بتەوێ بزانیت عیشق چییە، دەبێ بچیتە ناو دونیای عاریفانەوە.

مەسیح دەڵێت "خودا خۆشەویستییە"، ئەو بەشێک بووە لە قوتابخانەی عیرفان، بەڵام پێدەچێ لەو قوتابخانەیە دەرنەچووبێت. ئەوەی ئەو دەیڵێت وا نییە. خودا خۆشەویستی نییە، خۆشەویستی خودایە. جیاوازییەکەش گەورەیە و مەسەلەکە بە تەنها ئاڵوگۆڕی وشە نییە.

کاتێک دەڵێیت خودا خۆشەویستییە، واتە خۆشەویستی تایبەتمەندییەکی خودایە. هەروەها ئەو ژیرییە، میهرەبانییە، لێبوردەییە. دەکرێ لە پاڵ خۆشەویستیدا هەزاران شتی تر بێت. بەڵام لە ڕاستیدا، تەنانەت گەر خۆشەویستی بکەیت بە تایبەتمەندییەکی بچوکی خوداش، هەر شتێکی نائەقڵانی و نالۆجیکی دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر خودا خۆشەویستی بێت، ئەوسا ناتوانێت عادیل بێت. ئەگەر خودا خۆشەویستی بێت، کەواتە ناتوانێت بە ڕادەی پێویست دڵڕەق بێت تا گوناهکاران فڕێ بداتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، یان ناتوانێت ببێتە یاسا.

عاریفێکی گەورەی وەکو "عومەری خەییام"یش لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تری هەیە وەختێ دەڵێت: (من

لەسەر ئەوە بەردەوام دەبم کە خۆم بم، من گوێ نادەمە ئامۆژگاریی پیاوانی دین و واعیزان، لەبەر ئەوەی من بڕوام وایە کە خۆشەویستیی خودا خۆی تەواو بەسە. من هیچ گوناهێک ناکەم گەورەتر بێت لە خۆشەویستی، ئیتر چ باک؟ دەستەکانمان بچکۆلەن و گوناهەکانمان بچکۆلەن، ئەو شتانەی دەستمان پێیان دەگات، بچکۆلەن: چۆن دەتوانین گوناهی وا بکەین کە خودا لێی خۆش نەبێت؟ گەر خودا خۆشەویستی بێت، ناتوانێت لە ڕۆژی حیسابدا ئامادەبێت تا قدیسەکان جیابکاتەوە و ملیۆنەها خەڵکیش بۆ هەتا هەتایە فڕێ بداتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.)

عیشق بالاترین بەهایە، دوا شکۆفەیە.

لە سەروو عیشقەوە شتێکی دی نییە.

لەبەر ئەوە تۆ ناتوانیت کاملی بکەیت، چونکە کاملە.

عاریفی گەورەی خۆرهەلات "کەبیر" دەستەواژەیەکی گرنگی هەیە، ئەو دەڵێت:

"بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕام، بەڵام ئەوەی سەیر بوو، چەند من لە گەڕاندا بووم، حەقیقەت دیار نەبوو. کە حەقیقەتیش پەیدا بوو، من دیار نەمام". هەر بۆیە حەقیقەت و ئەو کەسەی بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێت زەحمەتە پێکەوە بوونیان هەبێت.

تۆ و عیشق ناتوانن لە یەک کاتدا پێکەوە بوونتان هەبێت، یان تۆ هەیت یان خۆشەویستی. گەر تۆ ئامادەی دیارنەمانیت، بتوێرەوە و ئاوێتە بە. بەتەنها ئاگامەندیی پەتی دوای خۆت جێبهێڵە، ئەودەم عیشق شکۆفە دەکات.

تۆ ناتوانیت کامڵی بکەیت، چون ئەوکات تۆ بوونت نییە. هەروەها عیشقیش پێویستی بە کامڵکردن نییە، چونکە هەمیشە بە کامڵی دێت. بەڵام خۆشەویستی یەکێکە لەو وشانەی کە هەموو کەسێک بەکاری دەهێنێت و کەس لێی تێناگات.

تەنانەت دایکان و باوکان بە منداڵەکانیان دەڵێن: خۆشمان دەوێیت. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوان منداڵەکانیان فێر دەکەن و بە کۆمەڵێک بیروباوەڕی خورافی و مردوو بارگاوییان دەکەن. بەڵێ ئەوان وا دەزانن منداڵەکانیان خۆشدەوێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیانەوێت وێنەیەکی کۆپیکراوی خۆیان بن. لە کاتێکدا ژیانی خۆیان پڕ لە بەلەنگازی و ئەشکەنجە و نەفرەتاوی بووە.

میوانی ماڵێک بووم، دەمەو ئێوارە لە باخچەکەیاندا دانیشتبووم. خۆرنشین دیمەنێکی جوانی هەبوو و باڵندەکان بەرەو لانەکانی خۆیان دەگەڕانەوە، منداڵە بچکۆلەکەی خێزانەکەش لای منەوە دانیشتبوو. لێم پرسی: "دەزانیت تۆ کێیت؟". وتی: "پرسیارێکی قورسە". وتم: "بۆ؟". وتی: "چونکە من تاقانەی دایک و باوکمم، هەر کە میوانمان دێت، یەکێکیان دەڵێت چاوت لە چاوی باوکت دەچێت. یەکێکی تریان دەڵێت لووتت لە لووتی دایکت دەچێت. یەکێکی تر دەڵێت دەموچاوت چووەتەوە سەر دەموچاوی مامت. لەبەر ئەوە نازانم من کێم، چونکە کەس پێی نەوتووم تۆ لە خۆت دەچێت".

منیش وتم: "هەر بە ڕاستی وایە و پرسیارەکەم قورسە".

بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە لەگەڵ هەموو منداڵێکدا دەکرێ. تۆ لێناگەڕێیت منداڵەکە خۆی شتەکە تاقی بکاتەوە و خۆی بێت. تۆ بەردەوام خۆزگە بەدینەهاتووەکانی خۆت بەسەر منداڵدا دەسەپێنیت. هەر دایک و باوکێک دەیەوێت منداڵەکەی، وێنەیەک بێت لە خۆی. بەڵام منداڵ ژیان و چارەنووسی خۆی هەیە. گەر وێنەیەک بێت لە تۆ، واتە چیتر خۆی نابێت. مرۆڤیش کە خۆی نەبوو، هەرگیز هەست بە ڕەزامەندی ناکات و بەردەوام هەست دەکات شتێکی لێ ون بووە.

دایک و باوک منداڵانی خۆیان خۆش دەوێت و بە منداڵەکانیشیان دەڵێن کە دەبێ ئەوانیش دایک و باوکی خۆیان خۆش بوێت. ئەمە دیاردەیەکی سەیرە، تۆ هەر لەبەر ئەوەی باوکیت یان دایکیت، مەرج نییە منداڵەکەت خۆشی بوێیت. بەڵام چونکە ئەمە لە منداڵەکە چاوەڕێ دەکرێ، منداڵی بەسزمان نازانێت چی بکات، لەبەر ئەوە بە ناچاری دەکەوێتە نواندن. بە ڕووی دایک و باوکیدا پێدەکەنێت، لە کاتێکدا لە دڵەوە ئەوە ناکات. خۆشەویستی بەرامبەریان پیشان دەدات، ڕێز و پێزانین دەنوێنێت. بەڵام هەموو ئەمانە نواندنە و بەس. ئەو دەبێت بە ئەکتەر. هەر لە سەرەتاوە فێری دووڕوویی دەکەین. فێری سیاسەتی دەکەین. لە دونیایەکداین دایکان و باوکان، مامۆستاکان، قەشەکان، دەیانەوێت تێکتبشێوێنن، بتگۆڕن، وات لێ بکەن خۆت نەبیت.

هەولی من بۆ ئەوەیە بتگەڕێنمەوە بۆ ناو سەنتەرەکەی خۆت. ئەمەش ناودەنێم تێڕامان. بەوپەڕی سادەییەوە من

دەمـەوێ خـۆت بیـت، لەگـەڵ ڕێزگرتنێکـی زۆردا لـە خـۆت، لەگـەڵ هەسـتکردن بـە کەرامەتـدا بـەوەی کـە ئـەم بوونـە پێویسـتی پێتـە. ئـەوکات دەتوانیـت دەسـت بکەیـت بـە گـەڕان بـەدوای خۆتـدا. سـەرەتا بـڕۆ سـەنتەری خۆتـەوە، پاشـان بگـەڕێ بـە دوای ئـەوەدا کـە کێیـت. ناسـینی ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەی خـۆت سـەرەتای ژیانـی خۆشەویسـتییە. ئـەودەم تـۆ لـە تواناتـدا دەبێـت خۆشەویسـتییەکی زۆریـش ببەخشـیت، لەبـەر ئـەوەی لـە بـن نەهاتـووە و قابیلـی پێوانـە نییـە.

گەورەترین ئەزمـوون لـە ژیانـدا ئەوەیـە کـە تـۆ بەبـێ هیـچ مەرجێـک بەخشـندە بیـت. تەنانـەت بەبـێ ئـەوەی چاوەڕێـی "سـوپاس" بیـت. بـە پێچەوانەوە، ئەو مرۆڤەی کە خۆشەویسـتی و بەخششـی قبـووڵ دەکـرێ دەبێـت سوپاسـگوزار بێـت، چونکـە هەسـت بـە خۆشەویسـتییەکی ڕاسـتەقینە و ڕەسـەن دەکات و هەسـت دەکات بـووە بـە ئیمپراتـۆر. لەبـەر ئـەوەی چیتـر سـواڵی خۆشەویسـتی نـاکات. کاتێـک تـۆ خۆشەویسـتی دەبەخشـیت، پرسـیارەکە ئـەوە نییـە لایەنـی وەرگـر کێیـە، بەڵکـو ئـەو چێـژەی لـەو بەخشـینە دەیبینیـت بـە ڕادەیـەک گەورەیـە کـە چیتـر گـوێ بـەوە نادەیـت لایەنـی وەرگـر کێیـە. کـە مەرجیـش نییـە هـەر مـرۆڤ بێـت، بەڵکـو دەشـێ گیانـەوەر، یـان درەخـت و تەنانـەت ئەسـتێرەکان بێـت.

سـەرەتا سەرشـار بـە لـە عیشـق، ئیـدی بەشـکردنی ئـەو عیشـقە لەگـەڵ ئەوانـی تـر و دونیـادا خـۆی دێـت. کاتێکیـش خۆشەویسـتی دەبەخشـیت، لەگەڵـی سـەرچاوەی نادیـارەوە خۆشەویسـتیت پـێ دەگاتـەوە. لـە گەڵـی گۆشـەی نادیـارەوە،

لە خەڵکانێکەوە کە نایانناسیت، لە ڕووبارەکانەوە، لە کەژ و کێوەکانەوە. لە هەموو کونج و قوژبنێکی بوونەوە، خۆشەویستی بەسەرتدا دەبارێت. چەند ببەخشیت، هێندەت پێ دەگاتەوە. ژیانت دەگۆڕێت بۆ سەمایەکی ناسکی ئەوین.

بەلای منەوە، ئەمە دۆخی ڕۆشنبوونەوەیە، عیشقێکی ڕووت. بەبێ ئەو عیشقە ڕووتە، بوونی خوداش ئەستەمە.

# چۆن بتوانم بچمە سەرووپابەندبوونی عاتیفییەوە؟

*** من کەوتوومەتە خۆشەویستییەوە و ئازارم زۆر چەشتووە. بەڵام هەست دەکەم حەزیش ناکەم دەستبەرداری ئەو خەونەم بم کە ئەم پەیوەندییە عاتیفییەم بە ڕەزامەندیم دەگەیەنێت. ئاخۆ دەتوانم بچمە سەروو ئەم پابەندبوونە عاتیفییەوە کە زۆر بەهادارە لام، بەڵام ئازاربەخشیشە؟**

خۆشەویستی هەردووکیانە، بەهاداریشە و ئازاربەخشیشە، هەم موعاناتە و هەم نەشئەبەخشیشە. لەبەر ئەوەی خۆشەویستی بەیەکگەیشتنی زەمین و ئاسمانە. بەیەکگەیشتنی زانراو و نەزانراوە، دیار و نادیار، بینراو و نەبینراو. خۆشەویستی ئەو سنوورەیە کە ماتەر و ئاگامەندی دابەش دەکات. سنووری نێوان نزمترین و باڵاترینە. خۆشەویستی ڕەگوڕیشەی لە زەمیندایە، کە ئەویش ئازارە، موعاناتە، بەڵام لقوپۆپیشی لە ئاسماندایە، کە ئەویش نەشئەیە.

خۆشەویستی دیاردەیەکی یەکلایەنە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی دوولایەنەیە. گوریسێکی ڕاکێشراوە لە نێوان دوو جەمسەردا. پێویستە لەم دوو جەمسەرە تێبگەین: یەکێکیان

سێکسە، ئەوی تریان نوێژ و نزایە. خۆشەویستی، بەشێکی سێکسە و بەشێکی نوێژە.

لایەنە سێکسییەکە بە گەلێ بەلەنگازییەوە گرێدراوە، لایەنەکەی تریش گەلێ شادیهێنە. هەر بۆیە نکوولێکردن لە خۆشەویستی، شتێکی زەحمەتە. لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوەی خۆشەویستی دەبێتە مایەی ڕەتکردنەوەی ئەو شادییەش کە لێوەی سەرچاوە دەگرێت. لە هەمان کاتدا مرۆڤ ناشتوانێت بە تەواوی بوونیەوە تیا بێت، چونکە ئەو ئازارانە دیسانەوە و دیسانەوە ئەوەت بەبیر دەهێننەوە کە خۆشەویستییەکەت ڕەت بکەیتەوە. ئەمەیە بەلەنگازیی کەسی عاشق: عاشق کەسێکە لە گرژیدا دەژی، پارەپارەیە.

من لە کێشەکەی تۆ دەگەم. ئەمە کێشەی بنەڕەتیی هەموو عاشقەکانە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی هەردووکیان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەم دڕک و هەم گوڵ، ئەم دووانەش پێکەوە دێن. عیشق لە نەمامی گوڵ دەچێت. مرۆڤ دڕکەکانی ناوێت، دەیەوێت نەمامەکە هەر گوڵ بگرێت و دڕکی لەگەڵدا نەبێت، بەڵام ئەم دووانە پێکەوە دێن، لەبەر ئەوەی دوو ڕووی یەک وزەن.

بەڵام من پێت ناڵێم خۆشەویستی ڕەتبکەرەوە، پێت ناڵێم بە خۆشەویستییەوە پابەند مەبە، وەلێ دەڵێم: وای لێ بکە وەکو نوێژی لێ بێت. دەبێ تەقەلالای ئەوە بدەیت، نەک ڕەتکردنەوەی. بە هەڵە لێم تێنەگەیت. من دژی سێکس نیم، بەڵام دەمەوێ سێکس بگۆڕرێ بۆ نوێژ، واتە نزم بگەیەنرێتە ئاستی بالا، ئەوکات ئازارەکەشی دیار نامێنێت.

ئەو ئازارەی لە سێکسەوە دێت هۆیەکەی چییە؟ هۆیەکەی

ئەوەیە کە لایەنی گیانەوەریت بیردەخاتەوە.. ئەمەیە ئازارەکە. رابردووت بیردەخاتەوە. یەخسیریی بایۆلۆجیی خۆتت بیردەخاتەوە. ئەوەت بیردەخاتەوە کە تۆ ئازاد نیت، بەڵکو کۆیلەی دەست هەندێ غەریزەیت کە سروشت پێی داویت: نەتتوانیوە لە سروشت ئازاد بیت، لەلایەن سروشتەوە رادەکێشرێیت و هەست دەکەیت وایت بەدەست هەندێ هێزی نائاگامەندی نەزانراوەوە وەکو بووکەشووشەیەک.

لە سێکسدا ئادەمیزاد هەست بە جۆرێک لە زەلیلی دەکات، وا هەست دەکات بالآیی خۆی لەدەست دەدات. هەر لێرەشەوەیە کە هەست بە ئازار دەکات، پاشان ساتی نەشئەکەش زۆر کورتە، دوای ئەوەش درەنگ یان زوو، مرۆڤ هەست بە ئازار دەکات.

نەشئەکەی لە نەسیمێک دەچێت، دێت و دەڕوات و دوای خۆی تۆ لە حاڵەتێکی سەحرائاسادا جێدەهێڵێت، حاڵەتی هەستکردن بە نائومێدی. تۆ ئومێدی زیاترت دەکرد، بەدیهێنانی زۆر شت کە ئەو بەشەی غەریزەت بەڵێنی پێ دابوویت، بەڵام هیچی وات دەست نەکەوت.

لە ڕاستیدا سێکس بریتییە لە ستراتیجی سروشت بۆ ئەبەدییەت بەخشین بە خۆی. میکانیزمێکە هانت دەدات مناڵ بخەیتەوە، ئەگینا گەر وا نەبێت ئادەمیزاد لەسەر زەوی نامێنێت. بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر سێکس غەریزە نەبووایە و تۆ ئازاد بوویتایە و لە ئیرادەی خۆتدا بووایە کە سێکس بکەیت یان نەیکەیت، ئەوکات شتەکان زۆر بێمانا دەبوون، زۆر گاڵتەئامێز.

کاتێک دەربارەی سێکس لای جۆرە جیاوازەکانی

گیانـەوەران و مێرووەکان شت دەخوێنیتـەوە و دەتوێژیتـەوە، تووشـی سـەرسـوڕمان دەبیـت: ئەگـەر سـێکس شـتێک بێت لەدەسـت ئـەو زیندەوەرانـە خۆیاندا، چۆن شتی وا دەکـەن؟ بۆ نموونە جاڵجاڵۆکە هەیە کاتێک نێرەکەی سێکس لەگەڵ مێیەکەدا دەکات، مێیەکـە نێرەکـە دەخـوات. ئیتـر نـە سـێکس دەمێنیت و نـە نێرەکە. بیر لـەوە بکـەرەوە ئەگـەر ئـەو جاڵجاڵۆکە نێرانـە لـە هەڵبژاردندا ئـازاد بوونایە، هەڵبـەت وەختێ مێینەکەیان دەبینی، لـە دەسـتیان هەڵدەهاتن. کـە سـوور بزانـن مێینەکـە دەیانخوات، ئیتـر بۆچـی خۆیـان بـە کوشـت بـدەن؟ ئـەوان ڕۆژانـە دەبینـن کـە جاڵجاڵۆکـە نێرەکان بـەو شـێوەیە نامێنـن، بـەڵام کـە غـەریزە زۆریـان بۆ دەهێنێت، ناچـارن بچنـە لای مێینـەکان و بـەو جۆرە بـە تەنهـا کۆیلەیەکـن بەدەسـت غـەریـزەی خۆیانـەوە. بـە تـرس و لـەرزەوە لەگـەڵ مێینـەکان سـێکس دەکـەن و دەشـزانن ئـەوە کۆتاییانـە. هـەر نێرەکـە دەگاتـە ئۆرگازم، ئیدی مێینەکـە دەسـت بـە خـواردنـی دەکات.

هەروەهـا مێرووەیـەک هەیـە کـە پێـی دەڵێـن مێرووی ناوجێ "Bedbug" کـە هیـچ کونێـک لـە لەشـیدا نییـە، بۆیـە سێکسـکردن لەگەڵیـدا دژوارە. دەبێ نێرەکـە لـە پێشـدا کونێـک لـە لەشـیدا دروسـت بـکات و ئینجا سێکسـی لەگەڵدا بـکات. هەڵبـەت ئەمەش زۆر ئـازار بـە مێینەکـە دەگەیەنێـت و ترسـی ئـەوەش هەیـە لـە شـوێنێکی هەڵـەدا کونەکـە بـکات و ئەمـەش مەترسـیی مردنـی هەیە، بـەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا مێینەکـە ڕێـی پـێ دەدات و هێـزی غـەریـزەی هانـی دەدات کـە ئـەوە قبـووڵ بـکات.

بـەڵام سـێکس چەنـد چرکەسـاتێکی پـڕ پاکیزەیـی و شـادی و بێگەردیـش لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنێـت. لەگـەڵ خۆیـدا هەنـدێ

چرکەسات دەهێنێت کە تیایاندا هەستکردن بە زەمەن نامێنێت، کە تیایاندا هەستکردن بە "من – ego" نامێنێت. ئەو چرکەساتانەی تەزووی ئۆرگازم کە تیایاندا "من" لەبیردەچێتەوە. ئەو ساتانە چەند تروسکەیەکی یەزدانیت پێ دەبەخشن، هەر بۆیە ناشکرێ سێکس ڕەت بکەینەوە.

بە درێژایی مێژوو، خەڵکانێکی زۆر هەوڵیان داوە سێکس ڕەت بکەنەوە، بۆ نموونە ڕاهیبەکان لەبەر هۆیەکی سادە ئەوەیان کردووە، کە گوایە سێکس سووکایەتیکردنە بە مرۆڤ و بە کەرامەتی. گوایە کەوتنە ژێر کاریگەریی غەریزەیەکی نائاگامەندە و لە پلەوپایە و ئاکاری ئادەمیزاد کەم دەکاتەوە. ڕاهیبەکان لەبەر ئەم هۆیانە ڕەتیان کردەوە و دەستبەرداری دونیا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەتکردنەوەیەیاندا، شادی و خۆشیش لە ژیاندا نەما. جیدییەت و غەمبارییەکی زۆر سەبارەت بە ژیان دایگرتن و بوونە کەسانێکی خۆکوژئاسا. هەستیان نەکرد مانا لە ژیاندا ماوە و ئیتر دەبێ هەر چاوەڕێی مردن بکەن و بەس.

بەڵام بە دیوێکی تریشدا ئەمە بووە هۆی ئەوەی بە دوای ئاڵتەرناتیڤەکەیدا بگەڕێن و ئەوەش خۆی لە هەندێ ڕەفتاری لادەری سێکسیدا ببینێتەوە. هەر بۆیە یەکەمین بیرۆکەی سێکسوالیتی لەناو دەیرەکاندا سەری هەڵدا. لەبەر ئەوەی پیاوان بە جیا پێکەوە بوون و هەروەها ژنانیش بە جیا. هەندێ دەیری کاسۆلیک هەبوون کە بە درێژایی هەزار ساڵ تاقە ئافرەتێک ڕێی پێ نەدراوە بچێتە ناویانەوە، تەنانەت کچی شەش مانگیش. ئەمەش شتێکی زۆر ترسناکە. ڕێ بە مناڵێکی کچی شەش مانگان نەدرێ بچێتە دەیرێکەوە کە

هـەر پیـاوی تێدایـە. ئەمـە چـی پیشـان دەدات؟ چ ترسـێکە! چ پارانۆیایەکـە!

ڕێگاکـەی مـن نـە دونیایی و نـە ئەودونیاییە. ڕێگاکـەی مـن ڕێگای ڕەتکردنـەوەی شـتەکان نییە، بەڵکو هی بەهرەمەندبوونە لێیان.

مـن وای دەبینـم هەرچییـەک کـە بـە تـۆ دراوە بەهـادارە، گـەر وا نەبووایـە بـوون ئـەوەی پـێ نەدەبەخشـیت. بۆیـە دەبـێ تـۆ ڕێگا بـۆ گـۆڕینـی بدۆزیتـەوە. پێویسـتە خۆشـەویستییەکەت یەزدانیتـر بکەیـت. پێویسـتە سێکسـکردنت لـە خۆشـەویستی سـەرشـار بکەیـت، ئـەوکات هێـدی هێـدی، سێکسـکردن لـەلات دەگۆڕێـت بـۆ چالاکییەکـی پیـرۆز. ئـەوکات لـە بـری ئـەوەی سـێکس تـۆ بـۆ نـاو زەلـکاوی ئاژەڵییانـە دابەزێنێتـە خـوارەوە، تـۆ دەتوانیـت بالایـی بـە سـێکس ببەخشـیت.

هەمـان ئـەو وزەیـەی داتدەبەزێنێتـە ئاسـتێکی نـزم، دەتوانـێ بـەرەو سـەرەوەت ببات. هەمـان وزە دەتوانـێ باڵـت پـێ ببەخشـێت. سـێکس وزەیەکـی گەورەیـە و بگـرە بەهێزتریـن وزەیە لـە ژیانـدا، لەبەرئـەوەی هەمـوو لـەوەوە سـەر هەڵدەدات. ئـەو وزەیـە کـە بتوانێـت منالێـک بهێنێتـە ژیانـەوە، ژیانێکـی نوێ بهێنێتـە ئاراوە، کەواتـە دەتوانێت ژیانێکـی نـوێ بـە تـۆش ببەخشـێت. وەک چـۆن دەبێتـە مایـەی لەدایکبوونـی منالێکی نوێ لـە جیهانـدا، دەشـتوانێت لەدایکبوونێکـی نـوێ بـە تـۆ ببەخشـێت.

هـەر ئەمەشـە مەبەسـتی مەسـیح وەختـێ بـە نیکۆدیمـۆس دەڵێـت: (تـا سـەرلەنوێ لەدایـک نەبیتـەوە، ناتوانیـت بچیتـە نـاو مەلەکوتـی خـوداوە). کـە سـەرلەنوێ لەدایـک بوویتـەوە، دەتوانیـت ڕوانینێکـی نـوێ، چلۆنایەتییەکـی نـوێ بـە وزەکانـت

ببەخشیت. دەتوانیت بە شێوەیەکی نوێ ژێیەکانی ئامێرەکەت ڕێکبخەیتەوە. ئامێرەکەت پڕە لە ئاوازی گەورە، بەڵام دەبێ بزانیت چۆنی دەژەنیت.

سێکس دەبێ بکرێ بە هونەرێکی مەزنی تێرامان. ئەمەش بەشێکە لەو شتانەی کە "تانترا Tantra" بە جیهانی بەخشیون. لەبەر ئەوەی تانترا کلیلی گۆڕینی شتە نزمەکانت دەداتێ بۆ شتی باڵا، کلیلی گۆڕینی چڵپاو بۆ نیلۆفەر.

تانترا یەکێکە لە گەورەترین زانستەکان، بەڵام بەهۆی مۆراڵیستەکان و پیورتانەکان و ئەوانەشەوە کە پێیان دەوترێ پیاوانی ئایین، ڕێگا نەدرا کە تانترا یارمەتیی خەڵک بدات. دەستنووسەکانی سووتێنران، بە هەزاران مامۆستای تانترا کوژران، یان بە زیندوویی سووتێنران. تەواوی ترادسیۆنی تانترا وێران کرا.

ئەمەش شتێکی مەحاڵ نییە، لەبەر ئەوەی بەردەوام ئەمە ڕووی داوە. کارەکانی گۆرجیفیش گۆڕینی وزەی سێکسیی بۆ کامڵبوونێکی ناوەوەیی گرتبووە خۆ. کڵێسای ڕەسمیش هەمیشە دژ بەمجۆرە هەوڵ و تەقەللایانە بووە.

سەبارەت بە منیش، هەمیشە و بە هەموو شێوەیەک ئاستەنگ لە بەردەم کارەکانمدا دروست کراوە و بە هەموو شێوازێک یارانم تۆقێنراون. هەمووی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پەرلەمانی هیندستان بۆ ماوەی یەک سەعاتی تەواو گفتوگۆیان لەسەر ئەوە کردووە چی لەگەڵ مندا بکرێ، وەک ئەوەی ئەم وڵاتە هیچ کێشەیەکی تری تیا نەبێت گفتوگۆی لەسەر بکەن. ئەو هەموو ترسە! لە کاتێکدا من ئازاری کەسیشم نەداوە.

بە لایەنی کەمەوە ئازادی مافی ڕەوای هەموو کەسێکە. گەر یەکێک بێت بۆ لای من بۆ ئەوەی بگۆڕێت، ئیشی کەس نییە دەست بخاتە کارمانەوە، ئەگینا ئیتر ئەمە چ جۆرە دیموکراسییەتێکە؟

بەڵام سیاسەتمەدار و قەشەکان بەردەوام خەریکی پیلانگێرانن. نایانەوێت خەڵک بگۆڕێن، لەبەر ئەوەی وەختێ گۆڕان لە خەڵکدا ڕووی دا، ئیتر چیدی ناچنە ژێر ڕکێفی ئەوانەوە. ئەوانەی دەگۆڕێن، دەبنە کەسانێکی ئازاد و سەربەخۆ و هێند ئاگامەند و وریا دەبن کە لە پارییەکانی سیاسییەکان و قەشەکان تێدەگەن. پاشان چیتر نابن بە دەستوپێوەند و دەست بە جۆرێکی تازەی ژیان دەکەن، ژیانی حەشامات نا، بەڵکو ژیانی تاک. دەبن بە شێر و چیتر مەڕێتی قبووڵ ناکەن.

سیاسەتمەداران و قەشەکان وایان پێ خۆشە کە ئادەمیزادەکان بە مەڕی بمێننەوە، چونکە بە تەنها ئەو کاتەش ئەوان دەتوانن شوان بن، سەرکردە بن. خەڵکانێکی لاواز و کەودەن دەیانەوێت وا نیشان بدەن کە سەرکردەی گەورەن، بەڵام ئەمە بە تەنها کاتێک دێتە دی کە خەڵکی هەموو لە ئاستێکی نزمی هۆشیاریدا بن و سەرکوتکراو بن.

تا ئێستا، سەبارەت بە سێکس، دوو ئەزموون هەبووە. یەکێکیان نوقمبوونە لە غەریزە و شەهوەتی سێکسیدا، کە ئەمە لەلایەن خۆرئاواوە تاقی کراوەتەوە و شکستی هێناوە. دووەمیشیان بریتی بووە لە ڕەتکردنەوەی سێکس، کە ئەمەش لەلایەن خۆرهەڵاتەوە تاقی کراوەتەوە و هەروەها لەلایەن مەسیحییەتی خۆرئاواشەوە شکستی هێناوە.

ئێستا مرۆڤ پێویستی بە ئەزموونێکی نوێیە، ئەزموونێکی پێویست، چونکە ئێستا مرۆڤ لە سەراسیمەییدا دەژی. ڕوو لە کوێ بکات؟ چی بکات؟

من نالێم سێکس ڕەت بکەرەوە، من دەڵێم بیگۆڕە و باڵایی پێ ببەخشە. نابێ هەر وەکو شتێکی بایۆلۆجی بمێنێتەوە: هەندێ لە ڕۆحی پێ ببەخشە. وەختێک سێکس دەکەیت، لەگەڵیدا تێڕابمێنە.

خۆشەویستی نابێ بە تەنها کردارێکی جەستەیی بێت، ڕۆحی خۆتی تیا بڕێژە، ئەودەم دەبینیت چۆن هێدی هێدی ئازارەکە دیار نامێنێت و دەگۆڕێت بۆ بەرەکەت. غەمگینییەکەشت دەگۆڕێت بۆ نەشئە.

تۆ دەڵێیت "کەتوومەتە خۆشەویستییەوە و ئازارم زۆر چەشتووە". تۆ بەختەوەریت. ئەو خەڵکانەی کە بە ڕاستی هەژارن، ئەوانەن کە نەکەوتوونەتە خۆشەویستییەوە و ئازاری عیشقیان نەچەشتووە. ئەوانە هەرگیز نەژیاون. کەوتنە ناو خۆشەویستی و چەشتنی ئازاری، شتێکی باشە. تێپەڕینە بە ناو ئاگردا، پاکت دەکاتەوە، دید و ڕوانینت پێ دەبەخشێت، وات لێ دەکات وریاتر بیت. ئەمە جەربەزەییەکە دەبێ قبوڵ بکرێ. ئەوانەی ئەم جەربەزەییە قبووڵ ناکەن، کەسێتییان بە لاوازی دەمێنێتەوە.

من نالێم دەسبەرداری سێکس بن، بەڵام زۆر بە سادەیی پێتان دەڵێم کە سێکس ناتانگەیەنێتە قایلبوونی ڕەها. بۆیە دوای شکستی ئەزموونە ڕەهاکانی خۆشەویستی، مرۆڤ بە دوای خۆشەویستیی ڕەهادا، واتە خودادا، دەگەڕێت. گەڕان بەدوای خودادا، گەڕان بە دوای حەقیقەتدا، بە تەنها کاتێک

مومکین دەبێت کە چەندەها جار لە عیشقدا شکستت هێنابێت و ئازارت چەشتبێت. ئازار دوای ئازاریش، ئاگامەندیی زیاترت دەداتێ، تێگەیشتنی زیاترت دەداتێ. ڕۆژێک دێت دەگەیتە ئەو حاڵەتەی کە خۆشەویستی هەندێ تروسکەت پێ ببەخشێت، ئەو تروسکانەش باشن، چونکە تروسکەی خودایین. بەڵام خۆشەویستی بە تەنها دەتوانێت تروسکەت بداتێ، ناتوانێت لەوە زیاترت بداتێ، وەلێ ئەوەش زۆرە. چونکە بەبێ ئەو تروسکانە، تۆ هەرگیز ناتوانیت بە دوای خودادا بگەڕێیت.

ئەوانەی عیشقیان نەکردووە و ئازاریان نەچەشتووە، هەرگیز ناتوانن سەوداسەری گەڕان بەدوای خوادا بن و ئەو شایستەییەیان بەدەست نەهێناوە.

تا دەتوانیت پتر و قووڵتر عاشق بە. تا دەتوانیت پتر و قووڵتر بە ناو ئازاری عیشقدا ڕۆبچۆ. بە تەواوی لەو ئەزموونەدا بژی. چونکە بەم شێوەیە ئاڵتوونی ناساغ بە ناو ئاگردا تێدەپەڕێت تا ببێت بە ئاڵتوونێکی ساغ.

# ئەوە مانای چی دەگەیەنێت
# ئەگەر خۆمم خۆشبوێت؟

*** مرۆڤ نابێ لە خۆشویستنی خۆیەوە دەست پێ بکات، لەبەر ئەوەی تۆ نازانیت خۆت کێیت، کەواتە لە خۆشەویستیی کێیەوە دەست پێ بکەیت؟**

تۆ ئەگەر لە خۆشویستنی خۆتەوە دەست پێ بکەیت، ئەوکات "من"ی خۆتت خۆش دەوێت، ئەو "من"ەش حەقیقەتی تۆ نییە، بەڵکو کەسێتیی درۆزنانەی تۆیە. هەموو کەسێکیش کەسێتیی خۆی خۆش دەوێت. تەنانەت ناشیرینترین ژن کە پێی دەڵێیت "چەند جوانیت" ناڵیت وا نییە.

ئەم چیرۆکەیان بۆ گێڕاومەتەوە:

دوو پیاوی پیر لەسەر شەقامێک پێکدەگەن و ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات:

-هەشت هەفتەیە ناتبینم. لە کوێ بوویت؟

-لە زیندان بووم.

-بۆ؟

-هەشت هەفتە لەمەوبەر لە سەرسووچی ئەم شەقامە وەستابووم و کچێکی زۆر جوان و لاو لەگەڵ چەند پۆلیسێکدا

هاتن و کچەکە دەستی بۆ من درێژکرد و بە پۆلیسەکانی وت: ئەم کابرایە هات و بە زۆر سێکسی لەگەڵدا کردم.
-ئەی تۆ چیت کرد؟
-ئەوەم پێ خۆش بوو و هەستم بە لەخۆباییبوون کرد و وتم بەڵێ ڕاست دەکات. ئیتر بردیانم زیندانییان کردم.

ددانت بە چەند شتێکدا ناوە کە گوایە کردووتن و بەڵام خۆشت تەواو دڵنیایت کە ڕاستت نەکردووە. خەڵکانێک پێت دەڵێن تۆ زۆر خۆشەویستیت، زۆر دڵسۆزیت، زۆر ڕاستگۆیت، زۆر جوانیت، تۆش هەرگیز ناڵێیت وا نییە. ئەمە ئەو خۆشەویستییە نییە کە من لە بارەیەوە دەدوێم.

بەڵێ، من دەڵێم خۆت خۆش بووێت، چونکە تا خۆت خۆش نەوێت، ناتوانیت کەسێکی تریشت خۆش بوێت. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆتت خۆش بوێت، پێویستە خۆت بناسیت. لەم حاڵەتەشدا، خۆشەویستی دواتر دێت و تێڕامان پێش ئەو دێت.

پەرجووەکەش لەوەدایە، تۆ ئەگەر سەرگەرمی تێڕامان بوویت و وردە وردە دەسبەرداری "من"ی خۆت و کەسێتیی خۆت بوویت و پەیت بە خودی ڕاستەقینەی خۆت برد، ئەوکات خۆشەویستی خۆی بە شێوەیەکی سروشتی دروست دەبێت. ئەوکات پێویست ناکات هیچ بکەین، بەڵکو بە شێوەیەکی خۆڕسکی گوڵی عیشق لە ناختدا چرۆ دەکات. بەڵام لە کەشوهەوایەکی تایبەتیشدا نەبێت چرۆ ناکات. ئەو کەشوهەوایەش بریتییە لە تێڕامان. ئەو کەشوهەوایەش بریتییە لە بێدەنگی و ئارامی. ئیدی لە ناکاودا هەست دەکەیت هەزاران گوڵ لە ناختدا شکۆفە دەکەن، بۆنی ئەو گوڵانەش

بریتییە لە خۆشەویستی.

ئەودەم بە شێوەیەکی سروشتی، سەرەتا خۆتت خۆش دەوێت، لەبەر ئەوەی یەکەمجار ڕووبەڕووی خۆت دەبیتەوە. هەروەها پەی بەو عەترە دەبەیت کە بۆنی لە ناختەوە سەرهەڵدەدات، هەروەها ئەو خۆشنوودییەی کە بە سەرتدا دەبارێت. پاشان عیشق دەبێتە سروشتی تۆ و هەموو بوونەوەرەکان و شتەکانت خۆش دەوێن.

لە ڕاستیدا خۆشەویستی پەیوەندی نییە، بەڵکو چلۆنایەتییەکی بوونی مرۆییە. واتە ئەوە نییە کە من تۆم خۆش دەوێت، بەڵکو ئەوەیە کە من خۆم خۆشەویستیم.

ئەی سەبارەت بەوانی دی؟ سەبارەت بە تەواوی بوون؟

خۆشەویستیت چەند بەرتەسک بێتەوە، هێندە زیندانی دەکرێ، باڵەکانی دەقرتێن: ئەوکات ناتوانێت لەبەر تیشکی خۆردا لە شەقەی باڵ بدات. ئازادی لە دەست دەدات، وەک ئەوە وایە لە قەفەسێکی ئاڵتووندا بێت. قەفەسەکە جوانە، بەڵام ئەو باڵندەیەی لە ناویدایەتی لەو باڵندەیە ناچێت کە لە ئاسماندا دەیبینیت و باڵەکانی فڕینی لێک دەنێت.

خۆشەویستی نابێ ببێت بە پەیوەندی، نابێ بەرتەسک بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ ئاوەڵا بێت.

عیشق دەبێ ببێتە چلۆنایەتیی تۆ، دەبێ ببێتە تایبەتمەندیی تۆ، ببێتە بوونت، ببێتە درەوشانەوەت. وەک چۆن خۆر ڕووناکی خۆی بە تەنها بە یەک کەس نابەخشێت. بێگومان سەرەتا ناو ناخی خۆت ڕووناک دەکاتەوە، پاشان چواردەورت. ئەوکات هەر بە تەنها ئادەمیزادەکانت خۆش ناوێت، بەڵکو درەختەکان و باڵندەکان و هتد...

دەپرسیت (مانای چی دەگەیەنێت، ئەگەر من خۆمم خۆش بوێت؟) ئەوە مانای تێڕامانە.

مانای ئەوەیە کە خۆت بیت.

سروشتیش خۆشەویستیت وەکو خەلاتێک پێشکەش دەکات.

بەلام گوێ بۆ قەشەکان ڕامەدێرە، چونکە ئەوان دوژمنی خۆشەویستین. ئەوان وانەی ڕقبوونەوە لە جیهان و ڕقبوونەوە لە خۆت دەلێنەوە. خەلکیان فێری ئەوە کردووە کە لەدایکبوونیان خۆی لە خۆیدا گوناهێکە، یان بۆیە ئێستا ئازار دەچێژن لەبەر ئەوەی لە ژیانی ڕابردوویاندا گوناهیان ئەنجام داوە. هیچ ئایینێک ئەم ژیانەی وەکو دیارییەک، وەکو بەخششێک، بە چێژ و خۆشییەکانیەوە پێ قبوول نییە.

من دەلێم خۆتت خۆش بوێت، نالێم وەکو گوناهبارێک خۆتت خۆش بوێت. چۆن دەتوانیت خۆتت وەکو گوناهبارێک پێ قبوول بێت، وەکو کەسێک کە هەست بکەیت هیچ نیت جگە لە تۆپەلێک گوناە و کرداری خراپەی کەلەکەبووی شەیتان لە ڕابردوودا؟

بە گوێرەی قسەی دوژمنانی ژیان بێت، دەبێ تۆ ژیان ڕەت بکەیتەوە، ڕقت لە ژیان و چێژەکانی ژیان بێت، گەر بتەوێ بچیتە بەهەشتەوە، دەبێ قوربانی بە هەموو چێژ و جوانییەکانی ژیان بدەیت تا ژیانی ئەبەدیی ناو بەهەشت بەدەست بهێنیت، لە کاتێکدا کەس لە بەهەشت نەهاتۆتەوە تا ئەو ڕاستییەمان بۆ بسەلمێنێت.

ئەوانە بەردەوام داوای ئەوەت لێ دەکەن جەستەی خۆت بمرێنیت، ئارەزووی سێکست بمرێنیت. بەلام ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێت دژایەتیی سروشت بکات؟ ئەگەر ئادەمیزاد خۆی

سروشتی بێت و بە شێوەیەکی سروشتی بژی، ئارەزووی سێکسی وەکو ئارەزوویەکی شەهوەتئامێز خۆی ون دەبێت و نامێنێت و دەبێت بە بەشێک لە خۆشەویستی. کەواتە لێگەڕێ با خۆشەویستی ئەوە بکات و بە خۆڕایی دوژمنایەتیی ئارەزووی سێکسی مەکە لە ناو خۆتدا. چونکە چەند بتەوێ سەرکوتی بکەیت و بیچەپێنیت، ئەو زیاتر گوشار دەخاتە سەرت.

بە شێوەیەکی سروشتی بژی. بە ئارامی بژی. کات بە خۆت بدە و بە بێدەنگی دابنیشە و چاودێریی زەینی خۆت بکە. وردە وردە هزر و بیرۆکەکان لە زەینتدا نامێنن و ئەوکات لەو بێدەنگییەی ناوەوەتدا، ڕەهەندێکی نوێی ژیان دەبینیتەوە. لەم ڕەهەندەدا، نە چاوچنۆکی و نە تووڕەیی و نە توندوتیژی و نە شەهوەتی سێکسی؛ نامێنن. بەڵکو خۆشەویستی و پاکژی و بێگەردی و ڕزگاربوون لە هەر گوشارێکی بایۆلۆجی دەبینیتەوە. هاوسۆزی لەگەڵ مرۆڤەکان و دونیادا دەبینیتەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بیت لەلایەن ئاسمانەوە پاداشت بکرێیتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو هاوسۆزییە خۆی بۆ خۆی خەڵاتێکە. شەوقێکی قووڵ تیاتدا پەیدا دەبێت تا ئەو خەڵاتە، یان ئەو گەنجینەیەت لەگەڵ ئەوانی تردا بەش بکەیت. ئەوکات ڕوو لە خەڵک دەکەیت و پێیان دەڵێیت: خەڵکینە، ئێوە هەژار نین! بەهەشت وا لە ناو ناخی خۆتاندا. پێویست ناکات لە دەرەوەڕا بۆی بگەڕێن. ئێوە بە ئیمپراتۆری لەدایک بوون. تەنها ئەوەندەتان لەسەرە ئیمپراتۆریەتەکەی خۆتان کەشف بکەن، کە لە دەرەوەی خۆتاندا نییە، بەڵکو لە ناو خۆتاندایە.

ئەوکات عیشق دێت و لێی سەرشار دەبیت و هێند لێت

زۆر دەبێت کە بە چواردەورتدا دەیپرژێنیت.

ئەو درەوشانەوە پەنهانەی ناو ناخت بدۆزەرەوە. ئەوسا ژیان بە ئاسانی دەبێتە گۆرانییەک، گۆرانیی خۆشنوودی. دەبێتە سەمایەک، ئاهەنگێک، ئاهەنگێکی بەردەوام.

ئادەمیزاد دەبێ ژیانی خۆش بوێت و باوەڕی ڕاستەقینە و ئایینی ڕاستەقینە ژیان ڕەت ناکاتەوە و خۆشی دەوێت.

باوەڕ شادی و خۆشنوودییە، نەک ڕووگرژی و بەدبەختی. ئەم گەردوونە هی ئێمەیە، ماڵی ئێمەیە. ئێمە هەتیو نین. ئەم زەوییە دایکی ئێمەیە و ئاسمانیش باوکی ئێمەیە. ئەم گێتییە بۆ ئێمەیە و ئێمەش بۆ ئەوین.

لە ڕاستیدا ئێمە لە یەک دابڕاو نین. ئێمە بەشێکین لەم گەردوونە، لەم ئۆرکێسترایە.

هەستکردن بە مۆسیقای ئەم ئۆرکێسترایە تاقە ئایینی ڕاستەقینەیە لای من. ئەمەش پێویستی بە هیچ نییە جگە لە بێدەنگی.

خودا کەسێکی دیاریکراو نییە. خودا لە هەموو شوێنێکە: لە درەختەکاندا، لە باڵندەکاندا، لە گیانلەبەرەکاندا، لە مرۆڤەکاندا، لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا کە دەیەوێت باڵەکانی بکاتەوە و بەرەو ئازادی و ئازادیی تەواوەتیی ئاگامەندی، لە شەقەی باڵ بدات.

بەڵێ، ئەوکات تۆ خۆتت خۆشدەوێت، لە هەمان کاتدا هەموو بوونەوەریشت خۆش دەوێت.

# بەشی سێیەم
# دەربارەی پەیوەندی

*** پێدەچێ یەکێک لە یاسا بنەڕەتییەکانی سروشت، پەیوەندی و هاوبەندی بێت. دوو باڵندەم بینی کە زۆر بە سادەیی و سانایی و بەبێ هیچ کێشەو ململانێیەک و لەوپەڕی گونجاندا؛ بە تەنیشت یەکەوە بە ئاسماندا دەفڕین.**

**نهێنیی ئەوە لە چیدایە کە ئەم حاڵەتە بۆ ئێمەی مرۆڤ زۆر دژوارە؟ ئۆشۆ تکایە بەڵکو شتێکمان سەبارەت بە پەیوەندی بۆ باس بکەیت.**

بنەڕەتیترین شت کە نابێ لە یادت بچێت ئەوەیە کە ژیان شتێکی دایەلەکتیکییە و لە ڕێی دوولایەنی "دوالێتی"یەوە هەیە. ژیان ڕیتمە لە نێوان دژەکاندا. تۆ ناتوانیت بۆ هەتاهەتایە شاد بیت، ئەگینا ئەوکات شادمانی هیچ مانایەکی نامێنێت. تۆ ناتوانیت هەمیشە لەگەڵ کەسەکاندا لە هارمۆنی و گونجاندا بیت، ئەگینا ئەوکات ئاگات لە هارمۆنی نامێنێت. گونجان پێویستی بەوەیە نەگونجانی بەدوادا بێت. هەروەها شادمانی پێویستی بەوەیە. ناخۆشیی بەدوادا بێت. هەموو خۆشییەک ئازاری خۆی هەیە و هەموو ئازارێکیش خۆشیی خۆی هەیە.

مرۆڤ تا لەم دواڵیتییەی بوون تێنەگات، لە بەلەنگازیدا دەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە، دەبێ هەم ئازار و کەسەرەکەیت پێ قبووڵ بێت و هەم نەشئە و خۆشییەکانی. هەڵوەدای مەحاڵ مەبە، خوازیاری ئەوە مەبە کە دەبێ ژیان هەر نەشئە بێت و لە ئازار و غەم خاڵی بێت.

نەشئە بە تەنیا نایەت، پێویستی بە کۆنتراستە(لێکنەچوون). ئازار تەختەڕەشەکەیە، ئەوکات سپێتیی نەشئەکە ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێ. وەکو دەرکەوتنی ئەستێرەکان لە شەوانی ئەنگوستەچاودا. شەوەکە چەند تاریکتر بێت، ئەستێرەکان درەوشاوەتر دەردەکەون. بە ڕۆژ ئەستێرەکان لەناو ناچن، بەڵام نابینرێن، لەبەر ئەوەی کۆنتراست نییە.

بیر لە ژیان بکەرەوە ئەگەر مەرگی تیا نەبووایە، ئەوکات دەبووە ئازارێکی بەرگەنەگیراو، بوونێکی تەحەممووڵ نەکراو. ژیان بەبێ مردن مەحاڵە. مەرگ ژیان دیاری دەکات و مەرگ جۆرێک قووڵی بە ژیان دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی ژیان گوزەرا و تێپەڕە، مەگەر وا لە ژیان دەکات هەر ساتێکی بە نرخ بێت. ئەگەر ژیان ئەبەدی بووایە، ئەوسا کێ باکی دەبوو؟

کێ "هەنووکە" و "لێرە"دا دەژیا؟ لەبەر ئەوەی مەرگ لە بەردەممانداییە، ئەوە هانت دەدات کە هەنووکە و لێرە بژیت. بۆیە پێویستە نوقمی ساتی هەنووکە بین و بەتەواوی ڕۆبچینە ناو قووڵاییەوە. لەبەر ئەوەی کێ دەزانێ، ڕەنگە ساتێکی تر بژین و لەوانەشە نەژین.

مرۆڤ کە لەو ڕیتمە تێگەیشت، ئیدی شتەکان بە قورس ناگرێت. کەی ناخۆشی و بەلەنگازی هات، بەرگەی دەگرێت و کەی خۆشی و بەختەوەریش هات، پێشوازیی لێ دەکات. چونکە هەردووکیان دوو بەشداری هەمان یارین. دەبێ هەمیشە ئەمەت لە یاد بێت و ببێتە شتێکی بنەڕەتی لە لات. کە وەهاشی لێ هات، ئەوسا ژیان تامێکی تری دەبێت لە لات.. تامی ئازادی، تامی پابەندبوون. ئەوکات هەرچییەک هات، بەرگەی دەگریت. وەختێ مرۆڤ بەم حاڵەش گەیشت، تەنانەت بەلەنگازییش دەبێت بە جۆرێک گەنجینە لە لای، ئازاریش داناتر و زرنگتری دەکات. ئەوسا، تەنانەت تاریکییش جوانیی خۆی و قووڵی و جاویدانیی خۆی دەبێت. تەنانەت مردنیش نابێتە کۆتایی لە لای، بەڵکو دەبێتە سەرەتایەک بۆ شتێکی تری نەزانراو.

وتت کە پێدەچێ یەکێک لە یاسا بنەڕەتییەکانی سروشت پەیوەندی یان هاوبەندی بێت. بەڵام ئەم دووانە هاوواتا نین. پەیوەندی شتێکە و هاوبەندی شتێکی تری تەواو جیاواز.

پەیوەندی بە مانای ئەوە دێت کە تۆ جیایت، سەربەخۆیت، هەروەها ئەوەی تریش. پاشان تۆ بڕیار دەدەیت پەیوەندی ببەستیت. پەیوەندی هاوبەندی نییە، بەڵکو ڕێککەوتنێکە لە نێوان دوو کەسی سەربەخۆدا. لێرەوە گشت پەیوەندییەکان ساختەن، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا سەربەخۆبوونەکە ساختەیە. کەس سەربەخۆ نییە. کاتێکیش تۆ سەربەخۆ

نەبوویت، ئیدی چۆن دەتوانیت پەیوەندی ببەستیت؟

ژیان هاوبەندییە. کەس سەربەخۆ نییە. بۆ تەنها ساتێکیش ناتوانیت بوونێکی تەنیات هەبێت. تۆ پێویستت بە هەموو بوونە تا پشتیوانیت بکات. ئەوەت لە یاد نەچێت من بەمە نالێم پشتبەستن، بەڵکو دەڵێم هاوبەندی. چونکە بیرۆکەی پشتبەستن سەرلەنوێ ئەگەری ئەوە دەخاتەوە یادمان کە ئێمە سەربەخۆین.

با بپرسین، ئاخۆ شەپۆلەکان لە دەریا سەربەخۆن؟ یان پشت بە دەریا دەبەستن؟ هیچیان وا نییە. نە سەربەخۆن و نە پشتبەستووشن بە دەریا، چونکە نە دەریا بەبێ شەپۆل دەبێت، نە شەپۆلیش بەبێ دەریا. هەردووکیان یەک شتن، ئەمەیە یەکێتی.

ژیانیشمان وایە. ئێمە شەپۆلەکانی دەریای گەردوونیی ئاگامەندیین. ئەمەش بەو مانایە دێت کە خۆشەویستی سێ ڕەهەندی هەیە. یەکێکیان پشت بە یەکتری بەستنە، کە لەم سەردەمەدا زۆربەی خەڵک نوێنەری ئەم ڕەهەندەن، مێرد پشت بە ژنەکەی دەبەستێت و ژنیش بە مێردەکەی. بەم جۆرە یەکتری وێران دەکەن، یەکتری داگیر دەکەن، دەبن بە خاوەنی یەکتری، یەکتری دەخەنە ئاستی کاڵا و شمەکەوە. ئەوەی ئێستا و لەم سەردەمەدا بە ناوی خۆشەویستییەوە ڕوو دەدات، لە سەدا نەوەدونۆی لەم جۆرەیە. هەر بۆیەشە خۆشەویستی، کە لە توانایدایە دەرگا بە ڕووی بەهەشتدا بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا دەرگا بە ڕووی دۆزەخدا دەکاتەوە.

حاڵەتی دووەم خۆشەویستییە لە نێوان دوو کەسی سەربەخۆدا. ئەمەش هەر مایەی بەڵەنگازییە، چونکە ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان ئەم دوو کەسەدا هەیە. هیچ جۆرە سازش و ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا نییە. هەر یەکەیان خۆی تەواو بە سەربەخۆ دەزانێت و کەسیان ئامادەی سازش نییە لەگەڵ ئەوی تردا.

شاعیران، هونەرمەندان، بیرمەندان، زانایان، ئەمانە کە لە جۆرێک سەربەخۆییدا دەژین، ژیان لەگەڵیاندا ئاسان نییە. ئەمانە کەسانێکی نائاساییین بۆ ژیان بەسەربردن لەگەڵیاندا. ئازادی بە بەرامبەرەکەیان دەدەن، بەڵام ئەو ئازادییە زیاتر لە بێدەربەستی دەچێت وەک لە ئازادی. ئەمانە نایانەوێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیاندا زۆر قووڵ ببنەوە، لەبەر ئەوەی زیاتر بە ئازادیی خۆیانەوە پابەندن. بۆیە پەیوەندییەکەیان لە ئاستی ڕووکەشدا دەمێنێتەوە.

سێیەم جۆریش هاوبەندییە. ئەمەیان زۆر دەگمەنە، بەڵام وەختێ دێتە دی، بەشێک لە بەهەشت دێتە سەر زەوی. دوو کەس، کە نە سەربەخۆن و نە پشتبەستوو بە یەکتر، پێکەوە هاوبەندن، وەک ئەوەی لە پێناوی یەکتردا هەناسە بدەن. ڕۆحێکن لە دوو جەستەدا. کە ئەمە ڕووی دا، خۆشەویستی دێتە ئاراوە. بە تەنها ئەمەیان خۆشەویستییە. ئەو دووانەی تر خۆشەویستی نین. دەشێ ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆجی، بایۆلۆجی بن، بەڵام خۆشەویستی نین، لێ سێیەمیان شتێکی ڕۆحییە.

هەروەها باسی دوو باڵندەت کرد کە پێکەوە و بە تەبایی بە ئاسماندا دەفڕین.

بەڵێ، بەڵام باڵندەکان هۆشیار نین، ئەوان ئاگامەندییان نییە، ئەوان لە خوار ئاگامەندییەوەن. ئەو هارمۆنییەی ئەوان، بۆ تۆ وەک هارمۆنی دەردەکەوێ. هەروەها ئەو خۆشییەی باڵلێکنانیان، ئەوە لێکدانەوەی تۆیە، نەک هی ئەوان. ئەمەت بیر نەچێت: ئەوە لێکدانەوەی تۆیە. ئەوان ئەو ئاگامەندییە شک نابەن کە بۆ دواوە و بۆ پێشەوە دەڕوانێت، کە چاودێریی دەکات و لە ناوەوەی شتەکان ورد دەبێتەوە. ڕەفتاریان ڕەفتارێکی میکانیکییە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی باڵاترە. مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ئاگامەند بێت. لەگەڵ ئاگامەندیشدا، کێشە و تەنگژە دەست پێ دەکات. چەند بەرزتر بڕۆیت، لەگەڵ هەنگاوێکدا خەتەرناکیی زیاتر دێتە پێشێ. ئەگەر بکەویتە خوارەوە، لە بەرزاییەکی وەهاوە دەکەویتە دۆڵێکەوە کە تیایدا ون دەبیت و ئەوکات نائاگامەندانە و بێ ترس دێیت و دەچیت، بەڵام کاتێ بەرەو دوندەکان هەڵدەکشێیت، دەبێ زیاتر و زیاتر وریا و ئاگامەند بیت.

مرۆڤ زۆر نزیکە لە خوداوە، نزیکترین بوونەوەرە لە خوداوە. هەر لێرەشەوە ئەو بەرپرسیارێتی و خەتەرناکییە، ئەو گیانبازی و جەربەزەییە دێت.

بەڵێ، من تێدەگەم و دەزانم کە هەندێک جار ئەو هارمۆنییەی دوو باڵندە کە بەو شێوەیە پێکەوە دەفڕن،

ئیرەیی مرۆڤ دەجوولێنێت. هارمۆنییەک نەک هەر لە نێوان خۆیاندا، بەڵکو لەگەڵ با-دا و لەبەر خۆردا و لەگەڵ باراندا و هتد... مرۆڤ لە خۆی دەپرسێت: (ئەی بۆچی من ناتوانم بەختەوەر بم؟ بۆ ناتوانم پەیوەندییەکی وا جوان دروست بکەم؟ بۆ ناتوانم چێژ لە با و باران و خۆرەتاو وەربگرم؟).

بەڵام هۆی ئەمە ئەوە نییە کە تۆ لە باڵندەکان نزمتر و لە خوارتریت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە تۆ لەوان بەرز و باڵاتریت و لە تۆ زیاتر داوا دەکرێ. لەبەر ئەوەی کە تۆ باڵاتریت، پێودانگی خوداش بۆ تۆ باڵاترە.

تۆ دەپرسیت (نهێنیی ئەوە لە چیدایە کە ئەم حاڵەتە بۆ ئێمەی مرۆڤ زۆر دژوارە؟)

نهێنییەکە ئاگامەندییە. ئاگامەندی لەگەڵ خۆیدا ئازادی دەهێنێت. ئازادییش بە تەنها مانای ئازادی نییە بۆ کاری ڕاست، چونکە ئەگەر ئەمە وا بێت، دەبێ ئەوە چ جۆرە ئازادییەک بێت؟ ئەگەر تۆ بە تەنها بۆ کردنی کاری ڕاست ئازاد بیت، کەواتە تۆ ئازاد نیت. ئازادی هەردوو ئاڵتەرناتیڤەکە دەگرێتە خۆی، کردنی کاری ڕاست و هی هەڵەش. ئازادی واتە مافی وتنی بەڵێ و مافی وتنی نەخێر.

تێگەیشتنی ئەمەش تا ڕادەیەک ڕوون نییە. وتنی نەخێر زیاتر هەستی ئازادی لەخۆ دەگرێت وەک لە وتنی بەڵێ. ئەمە فەلسەفاندن نییە لەلایەن منەوە، بەڵکو ڕاستییەکی سادەیە و دەتوانیت لە خۆتدا چاودێریی بکەیت. بەڵام کاتێک دەڵێیت بەڵێ، هەست بە ئازادی ناکەیت. لەبەر ئەوەی وتنی

بەڵێ واتە گوێڕایەڵی و ڕادەستبوون. لێرەدا ئازادی کوا؟

نەخێر واتە سەرسەختی، نەخێر واتە سەلماندنی بوونی خۆت، نەخێر واتە تۆ ئامادەیت بفڕیت.

هەر بۆیە دەروونناسان دەڵێن کە لە نێوان تەمەنی حەوت تا چواردە ساڵی، هەموو منداڵێک تا بێت زیاتر فێری وتنی نەخێر دەبێت. بە وتنی نەخێر وردە وردە لە منداڵدانی سایکۆلۆجیی دایکی دەچێتە دەرەوە. تەنانەت ئەو کاتانەش کە پێویست ناکات بڵێت نەخێر، هەر دەڵێت نەخێر. کاتێکیش تەمەنی گەیشتە چواردە و لە ڕووی سێکسییەوە پێگەیی، ئەوسا بە تەواوی بە دایکی دەڵێت نەخێر، ئەوسا ئافرەتی تری خۆش دەوێت. ئەوەش نەخێری تەواوەتییەتی بە دایکی. ئەوکات پشت دەکاتە دایکی و پێی دەڵێت (من لەگەڵ تۆدا تەواو، ئافرەتی خۆمم هەڵبژارد. بووم بە تاکێکی سەربەخۆ لە ماف و لە هەڵبژاردنندا. دەمەوێ ژیانی خۆم بژیم. دەمەوێ شتی خۆم بکەم).

ئەوکات دایک و باوک چەند زیاتر گوشاری بخەنە سەر بۆ ئەنجامدانی کارێک، ئەو پێچەوانەکەی دەکات.

لێرەوە، نەخێر هەستکردن بە ئازادیت پێ دەبەخشێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەستی هۆشیاریشت دەداتێ. وتنی بەڵێ پێویستی بە هۆشیاری نییە. وەختێ دەڵێیت بەڵێ، کەس لێت ناپرسێت بۆ، بەڵام ئەوەی دەڵێت نەخێر، لێی دەپرسرێ. وتنی نەخێر هۆشیاری قاڵ دەکاتەوە، شێواز و ئازادی بە تاک دەبەخشێت.

گونجان و هارمۆنیی تەواو بۆ مرۆڤەکان دژوارە، ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاگامەندی لای مرۆڤ. مادامەکی ئاگامەندی، ئازادی بە مرۆڤ دەبەخشێ، ئازادیش توانای وتنی نەخێر بە مرۆڤ دەدات و لەو ڕێیەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت. کە نەخێریش هەبوو، هارمۆنی و گونجان نابێت، چونکە هارمۆنی و گونجان پێویستی بە بەڵێ-یە. بەڵێ واتە گونجان، بەڵام وەختێ دەوێت تا نەشونما دەکات، تا پێدەگات، تا دەگاتە حاڵەتێک لە پێگەیشتن کە لەگەڵ وتنی بەڵێشدا توانیبێتت ئازادیی خۆت بپارێزیت. توانیبێتت وەکو کەسێکی دەگمەن و دانسقە بمێنیتەوە و نەبووبیت بە کۆیلە.

ئەگەر وتنی نەخێریش هەر بە تەنها لە پێناوی وتنی نەخێردا بێت، ئەوا ئەو ئازادییەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت، ئازادییەکی منداڵانە دەبێت. ئازادییەک دەبێت کە هەر بۆ تەمەنی حەوت تا چواردە ساڵان باشە. گەر تەواوی ژیان ببێت بە نەخێر، ئەوا ئەوکاتە مرۆڤ لە گەشەسەندن دەکەوێت.

گەشەسەندنی تەواوەتی ئەوەیە کە لەگەڵ خۆشییەکی منداڵانەدا و بە ئاگامەندییەوە بڵێیت بەڵێ. ئەمەیان منداڵیی دووەمە. ئەو کەسەی بە ئاگامەندییەوە و بە ئازادی و خۆشی و بێ دوودڵی و بێ قەیدوبەند و مەرج و کۆیلایەتیبوون، دەڵێت بەڵێ، ئەوا ئەو کەسە بووە بە کەسێکی دانا. ئەو کەسە سەرلەنوێ لە هارمۆنیدا دەژی.

هارمۆنییەکەشی تەواو جیاوازە لە هارمۆنیی درەختەکان و گیانەوەرەکان و باڵندەکان.

من ناڵێم فێری نەخێر مەبە، بەڵکو دەڵێم فێربە بڵێ نەخێر لە کاتێکدا پێویستە بڵێیت نەخێر، بەڵام نابێت بۆ هەتاهەتایە بە نەخێرەوە بنووسێیت. وردە وردە لەوە تێبگە کە ئازادییەکی باڵاتریش هەیە کە لە "بەڵێ"وە دێت، هارمۆنییەکی گەورەتر، ئارامییەک کە دەچێتە سەروو تێگەیشتنەوە.

# بۆچی پەیوەندیبەستن ئاسان نییە؟

لەبەر ئەوەی هێشتا خۆت نیت. هێشتا ناوەوەت خاڵییە. هەر بۆیە ترست هەیە لەوەی کە ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵ یەکێکدا بەست، درەنگ یان زوو پەی بەو خاڵێتییەت دەبات. بۆیە وای بە باشتر دەزانیت مەودایەک لە نێوان خۆت و ئەوانی تردا بهێڵیتەوە، هەر هیچ نەبێت بەم جۆرە دەتوانیت وا پیشان بدەیت کە خۆتیت.

تۆ هێشتا خۆت نیت، هێشتا لەدایک نەبوویت. تۆ هێشتا وەکو پرۆژەیەک وایت، پرۆژەیەکی ناکامڵ. لە کاتێکدا بە تەنها کەسانی کامڵ دەتوانن پەیوەندی ببەستن. سازکردنی پەیوەندی یەکێکە لە جوانترین شتەکانی ژیان: پەیوەندیبەستن واتە خۆشەویستی، واتە هاوبەشی. بەڵام دەبێ خۆت لێوانلێو بیت لە خۆشەویستی.

دوو تۆو ناتوانن لەگەڵ یەکدا پەیوەندی سازبکەن، لەبەر ئەوەی داخراون. بەڵام دوو گوڵ دەتوانن، لەبەر ئەوەی کراوەن. دەتوانن بۆن وبەرامەیان بۆ یەکتر بنێرن و پێکەوە لەبەر یەک خۆرەتاو و یەک با-دا سەما بکەن. دەتوانن لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن. ئەمە دۆخەکەیە. مرۆڤ بە تۆوی لەدایک

دەبێت، دەشێ ببێت بە گوڵ، لەوانەشە نەبێت. هەمووی کەوتۆتە سەر خۆت. هەڵبژاردنی خۆتە، دەڕۆیت و نەشونما دەکەیت، یان نا. هەموو ساتێکیش تۆ لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەتدا ڕووبەڕوویت . هەموو ساتێک لەسەر دووڕیانیت.

ملیۆنەها خەڵک هەن کە نایانەوێت بڕوێن. بە تۆوی دەمێننەوە. ئەو هێز و وزەیەی ناوەوەیان ناخەنە گەڕ. نازانن پەیبردن بە خود و هێنانەدیی خود واتە چی. هیچ شتێک دەربارەی بوون نازانن. بەوپەڕی بەتاڵییەوە دەژین و بەوپەڕی بەتاڵییەوە دەمرن. ئەمانە چۆن دەتوانن پەیوەندی سازبکەن؟

ئەم جۆرە کەسانە لە پەیوەندیبەستن سڵ دەکەنەوە. لەوە دەترسن ڕووتوقووتی و ناشیرینی و بەتاڵییان دەربکەوێت. تەنانەت عاشقانی لەم جۆرەش هەر وان، مەودا لە نێوان خۆیان و خۆشەویستەکانیاندا دەهێڵنەوە و هەمیشە خاڵێک بۆ پاشگەزبوونەوە لای خۆیان دیاری دەکەن. ئەمانە سنوور دادەنێن، هەرگیزیش ئەو سنوورە نابەزێنن و پێوەی پابەندن.

بەڵێ، ئەمە جۆرێکە لە پەیوەندی، بەڵام هاوبەندی نییە. ئەمە جۆرێکە لە خاوەنداریبوون (ئیمتیلاک). مێرد ژنەکەی ئیمتیلاک دەکات، ژن مێردەکەی ئیمتیلاک دەکات، دایک و باوک منداڵەکانیان ئیمتیلاک دەکەن و ئیدی بەم جۆرە. بەڵام ئیمتیلاک پەیوەندی نییە. لە پەیوەندیدا یان هاوبەندیدا ڕێز هەیە، تۆ ڕێز لە بەرامبەرەکەت دەگریت، نەک ئیمتیلاکی بکەیت. لێی نزیک دەبیتەوە، ئاوێتەی یەک دەبن. لەم حاڵەتەدا ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکەسیش دەمێنێتەوە. پەیوەندی واتە من-تۆ، نەک من-کاڵایەک.

جوبران خەلیل جوبران دەڵێت: (وەک ئەو دوو ستوونە بن کە هەمان بنمیچ ڕادەگرن. گەرچی هەر یەکەتان سەربەخۆن، بەڵام هەردووکتان هەمان بنمیچ ڕادەگرن. بنمیچەکەش خۆشەویستییە).

عاشقەکان بە شتێکی نەبینراوەوە پابەندن، شتێکی بەهاباڵا: شتێک کە لە شیعری بوون دەچێت، لە مۆسیقایەک کە لە قووڵایی بوونیانەوە دەبیستری. ئەوان هەردووکیان بەوەوە پابەندن، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی خۆیان هەیە. دەتوانن ناخی خۆیان بۆ یەکتری ڕووت بکەنەوە، چونکە سڵ لە یەکتری ناکەنەوە، خۆیان دەناسن، جوانیی ناوەوەی خۆیان دەناسن، بە عەتری ناخی خۆیان ئاشنان، هەست بە ترس ناکەن.

بەڵام ترس کاتێک دروست دەبێت کە تۆ ناخت لەو عەترە خاڵی بێت. هەر بۆیە لەو کاتەدا دەترسیت ناخی خۆت بە ڕووتی پیشانی بەرامبەرەکەت بدەیت، چونکە بۆنە ناخۆشەکەی بڵاو دەبێتەوە. بۆنی ناخۆشی ئیرەیی، کینە، تووڕەیی، شەهوەت. چونکە عەتری عیشق و بەخشش شک نابەیت.

ملیۆنەها ئادەمیزاد بڕیاریان داوە بە تۆوی بمێننەوە. بۆ؟ لە کاتێکدا ئەوان دەتوانن ببنە گوڵ و لەگەڵ بادا و لە ژێر تیشکی مانگ و خۆرەتاودا سەما بکەن، بۆ بڕیاریان داوە بە تۆوی بمێننەوە؟ لەبەر ئەوەی تۆوی ڕەقتر و سەلامەتترە، بەڵام گوڵ ناسکە. گوڵ بە ئاسانی تیادەچێت. بایەکی توند هەڵبکات، پەڕەکانی دەوەرێن. بەڵام تۆو زیاتر بەرگە دەگرێت. گوڵ ناخی بەدەرەوەیە و ڕووتوقووتە و ناسکە و ئەگەری

هەڕەشەی با و باران و مەترسیی زۆرە. بەڵام تۆو سەلامەتە. بۆیە ملیۆنەها خەڵک دەیانەوێت بە تۆوی بمێننەوە. وەلێ مانەوە بە تۆوی، واتە مانەوە بە مردوویی، واتە ژیاننەکردن. سەلامەتی تەنها لە مردندا هەیە، ژیان واتە ژیان لە مەترسیدا، واتە خەتەرناکییەکی بەردەوام. هەر کەسێک بیەوێت بگاتە دوندەکان، دەبێ ئەوەش بخاتە بەرچاوی کە ڕەنگە تیابچێت. کەسێک بیەوێت بگاتە بەرزترین ترۆپک، دەبێ مەترسیی خزان و کەوتنەخوارەوەشی لە بەرچاو بێت.

چەند شەوق و تامەزرۆییت بۆ نەشونما و گەشەسەندن لا زیاتر بێت، دەبێ خەتەرناکیی زیاترت پێ قبووڵ بێت. مرۆڤی ڕاستەقینە، خەتەرناکی دەبێتە شێوازی ژیانی، دەبێتە کەشی فراژیبوونی.

تۆ دەپرسیت (بۆچی پەیوەندیبەستن ئاسان نییە؟)

ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی تۆ هێشتا خۆت نیت. لە پێشدا خۆت بە، دواتر هەموو شتێک مومکین دەبێت. مەسیح دەڵێت: (سەرەتا بە دوای مەملەکەتی خودادا بگەڕێ، پاشان هەموو شتێکت بۆ دەبێت). کەواتە سەرەتا بە دوای بوونی خۆتدا بگەڕێ و خۆت بە، دواتر پەیوەندیبەستن ئاسان دەبێت.

بەڵام خۆتبوون مەرجی سەرەکییە. ئەگەر خۆت بیت، ئازایەتی وەکو بەرەنجامێکی ئەو خۆتبوونەت دێت. ئەگەر خۆت بیت، ئارەزوویەکی قووڵ لە ناختدا بۆ کەشفکردنی ئەوانی تر سەر هەڵدەدات. ئەوکات بە ئاسانی پەیوەندی دەبەستیت. پەیوەندی واتە کەشفکردنی ئاگامەندیی ئەوانی تر. بەڵام وەختێ تۆ قەڵەمڕەوی ئەوی تر کەشف دەکەیت، دەبێ تۆش ڕێگا بەو بدەیت تۆ کەشف بکات. کاتێکیش

دەتوانیت ڕێگا بەوی تر بدەیت کەشفت بکات، کە شتێک هەبێت، گەنجینەیەک لە ناختدا هەبێت. ئەوکات هیچ ترس و سڵێکت نابێت.

ئەوەشت بیر نەچێت، کە هاوبەندی شتێکی جوانە. پەیوەندی دیاردەیەکی تەواو جیاوازە. پەیوەندی شتێکی مردووە، شتێکی وەستاوە. پەیوەندی لە هاوسەرگیری دەچێت. دوای ئەوەی کە بەو خاڵی ترۆپکە گەیشتن، ئیتر چی؟ ئیتر گەشەسەندن نامێنێت، گەیشتیتە دواسنوور. ڕووبارەکە وەستا و بوو بە گۆماو. پەیوەندی شتێکە تەواو بووە. بەڵام هاوبەندی پرۆسەیەکی بەردەوامە.

جەختکردنەوەی من لەسەر کردارەکانە، نەک ناوەکان. چەند دەتوانیت دەسبەرداری ناوەکان بە، ئەوە ڕاستە کە لە زماندا ناتوانیت خۆتیان لێ لابدەیت، بەڵام لە ژیاندا دەتوانیت، چونکە ژیان خۆی کردارە. ژیان ناو نییە، چونکە لە ڕاستیدا ژیانکردنە Living، نەک ژیان Life. خۆشەویستی Love نییە، خۆشەویستیکردنە Loving. پەیوەندی Relationship نییە، بەڵکو پەیوەندیکردنە Relating. گۆرانی Song نییە، بەڵکو گۆرانیوتنە Singing. هەروەها سەما Dance نییە، بەڵکو سەماکردنە Dancing.

لە جیاوازیی نێوان ئەو دووانە ورد بەرەوە. سەما شتێکە تەواو بووە، بەڵام سەماکردن بەردەوامە. ژیان خاڵێکی کۆتایی نییە. کۆما "فاریزە"ی هەیە، بەڵام خاڵی کۆتایی نییە.

کەواتە مەسەلەکە پەیوەندیبەستن نییە بە کەسێکی دیاریکراوەوە. شتە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە تۆ ئەگەر خۆت بیت، هەموو ژیانت دەبێت بە پەیوەندیکردن، بە گۆرانییەکی

بەردەوام، بە سەمایەکی بەردەوام.

هەر بۆیە تێڕابمێنە و هەوڵ بدە خودی خۆت بناسیت. بەر لەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تریشدا ببەستیت، جارێ پەیوەندی لەگەڵ خۆتدا ببەستە. بەبێ ئەمە، پەیوەندیکردن ئەستەمە.

# ئایا دەکرێ هاوسەردار بیت و لە هەمان کاتدا ئازاد بیت؟

*** ئایا دەکرێ هاوسەردار بیت و لە هەمان کاتدا ئازاد بیت؟**

کارێکی دژوارە، بەڵام مەحاڵ نییە. پێویستی بە کەمێک تێگەیشتن هەیە. هەندێ ڕاستیی بنەڕەتی هەن کە دەبێ هاوسەرداران لە بەرچاوی بگرن. یەکێکیان ئەوەیە کە کەس بۆ کەسێکی تر لە دایک نابێت. دووەمیان ئەوەیە کە کەس بۆ ئەوە نەهاتۆتە ئەم دونیایەوە کە بیرۆکەکانی تۆ جێبەجێ بکات، یان بە دڵی تۆ هەموو شتێک بکات. سێیەمیان ئەوەیە کە تۆ خۆت گەورەی خۆت و خۆشەویستی خۆتیت، چەندت بوێت دەتوانیت ئەوەندە خۆشەویستی ببەخشیت، بەڵام تۆ ناتوانیت داوای خۆشەویستی لە بەرامبەرەکەت بکەیت، لەبەر ئەوەی کەس کۆیلەی تۆ نییە.

کاتێک لەم ڕاستییانە گەیشتیت، ئیتر گرنگ نییە هاوسەردار بیت یان نا. دەتوانن پێکەوە بن. مەودایەک لە نێوانتاندا بهێڵنەوە و کەستان دەست لە تایبەتمەندییەکانی ئەوی تر وەرنەدات.

لە ڕاستیدا هاوسەرگیری دەزگایەکی مۆدێل کۆنە. ژیانیش لە هەر دەزگایەکدا ژیانێکی خۆش نییە. هەموو دەزگایەک بە جۆرێک لە جۆرەکان وێرانکەرە. ژیانی هاوسەرگیرییش بەختەوەریی

ملیۆنەها خەڵکی ویران کردووە، لەبەر هۆی پڕوپووچیش.

لە زۆربەی کاتدا، پەیوەندیی هاوسەرگیری دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی ساختە و درۆزنانە. کەم جار دوو هاوسەر دەبینیتەوە، کە ئازاری یەکتر نەدەن. پیاوەکە ئازاری ژنەکەی دەدات و ژنەکەش ئازاری پیاوەکە دەدات. ئەمەش مێژوویەکی درێژی لە پشتەوەیە. لەبەر ئەوەی پیاو ژنی وەکو کۆیلەیەک لێ کردووە، ئەویش بە دوای هەموو دەرفەتێکدا دەگەڕێت تا تۆڵەی خۆی لە پیاو بکاتەوە. مەرج نییە ئەو تۆڵەیەش جەستەیی بێت، بەڵکو تۆڵە و لێدانی سایکۆلۆجی زۆر خەتەرناکتر و پڕ ئازارترە لە هی جەستەیی.

بەڵام ژنیش وەکو تاک لەم حاڵەتە بەرپرسیار نییە ، چونکە چەندەها سەدە ئازار دراوە، کوژراوە، لێی دراوە، زیندەبەچاڵ کراوە... هەموو ئەمانەش لە نەست "لاشعور"یدا کەڵەکە بوون. جا لەبەر ئەوەی نزیکترین پیاویش لێیەوە، مێردەکەیەتی، بۆیە بچووکترین بیانوو بەسە بۆ ئەوەی هەرا و کێشەی لەسەر دروست بکات.

دەپرسیت کە ئاخۆ " ئایا دەکرێ هاوسەردار بێت و لە هەمان کاتدا ئازاد بێت؟"

ئەگەر هاوسەرگیری بە شتێکی زۆر قورس و گران نەگریت، بەڵێ دەتوانیت ئازاد بێت. بەڵام ئەگەر زۆر بە قورس و گران بیگریت، ئەوا زەحمەتە ئازاد بێت. وا بڕوانە هاوسەرگیری کە جۆرێکە لە یاری و لە هەمان کاتدا با کەمێک ڕۆحی قۆشمە و گاڵتەشت لا هەبێت. ئەمە ئەو دەورەیە کە لە سەر شانۆی ژیان دەیبینیت. شتێکە لە ڕۆمان دەچێت. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە خەڵکی تەنانەت ڕۆمانیش بە شتێکی واقیعی دەزانن.

گەلێ شت لە ژیاندا هەن کە پێویستە بە ڕۆحێکی قۆشمەوە

وەریان بگرین، کەچی ئێمە زۆر بە جیددی وەریان دەگرین و لێرەشەوە گرفتەکانمان دەست پێ دەکەن.

ئەوە مافێکی ڕەوای خۆت لەگەڵ کەسێکدا بژیت کە خۆشت دەوێت، بەڵام خۆ هاوسەرگیرییش شتێک نییە لە ئاسماندا ڕوووبدات، بەڵکو لە سەرزەوی ڕوودەدات و قەشەکان تەوق و کۆت وبەندی بۆ دروست دەکەن. تۆش خۆت ناتەوێ بە تەنیا باری ئەو بەرپرسیارێتییە بگریتە ئەستۆ، بۆیە دەتەوێ یارییەکە بە کۆمەڵگاوە ببەستیتەوە. وەلێ پێویستە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ڕاشکاو بیت و پێی بڵێیت کە هاوسەرگیری وەکو جۆرێک لە یاری وایە. نابێ زۆر بە قورس بیگرن. پێویستە ڕێز لە ئازادی و سەربەخۆیی یەکتر بگرن و دەخالەت لە وردودرشتی یەکتردا نەکەن و وەکو دوو هاوڕێ بن. شادی و ئازادی لەگەڵ یەکتردا بەشبکەن، نەوەکو ببنە بار بەسەر شانی یەکترەوە و هاوسەرێتییەکەشتان ببێت بە بێگار. هەر کاتێکیش هەستتان کرد بەهاری خۆشەویستیتان تێپەڕیوە، پێویستە لەگەڵ یەکدا ڕاستگۆ بن و تەمسیل نەکەن و بە یەکتر بڵێن: ئێمە یەکتریمان زۆر خۆش ویستووە، بۆ هەتاهەتایەش سوپاسگوزاری یەکتر دەبین و ڕۆژە خۆشەکانی پێکەوەبوونمان بۆ هەمیشە لە یادماندا بە جوانی دەمێنێتەوە. بەڵام لە پێناوی ئەو خۆشەویستی و جوانییەدا وا باشترە ئیتر پێکەوە نەبین، چونکە مانەوەمان پێکەوە بەم جۆرە، نیشانەی خۆشەویستی نییە.

ئەگەر من بە ڕاستی تۆم خۆش بوێت، کاتێک کە سەیرم کرد خۆشەویستییەکەم بووە بە بەدبەختی بۆ تۆ، دەبێ وازت لێ بهێنم. ئەگەر بە ڕاستی تۆش منت خۆش دەوێت، کاتێک خۆشەویستییەکەت زیندانی بۆ من دروست کرد، دەبێ وازم لێ بهێنیت.

خۆشەویستی گەورەترین بەهایە لە ژیاندا. نابێ بە دابونەریتی

پڕوپووچ لەناوی بەرین.

خۆشەویستی و ئازادییش گرێدراوی یەکن. ئەو کەسەی بە ئازادی ئاشنایە، لێوانلێوە لە خۆشەویستی. ئەو کەسەی بە خۆشەویستیش ئاشنایە، بەردەوام دەیەوێ ئازادی ببەخشێت. تۆ ئەگەر نەتوانیت ئازادی بەو کەسە ببەخشیت کە خۆشت دەوێت، ئەی کەواتە ئازادی بە کێ دەبەخشیت؟ بەخشینی ئازادی واتە متمانە پێ کردن.

ئازادی گوزارشتە لە خۆشەویستی.

هەر بۆیە، تۆ هاوسەردار بیت یان نا، ئەوەت لە بیر نەچێت کە هەموو هاوسەرگیرییەکان دروستکراون، ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتین. ناشبێ ئامانجی هاوسەرگیری زیندانیکردنی یەکتری بێت، بەڵکو دەبێ ئامانجی گەشەسەندنی ئەو دوو کەسە بێت پێکەوە، بەڵام گەشەسەندنیش پێویستی بە ئازادی هەیە. لە ڕابردووشدا، هەموو کولتوورەکان ئەوەیان لە یاد کردووە کە بەبێ ئازادی، خۆشەویستی دەمرێت.

تەماشای ئەو باڵندەیە بکە کە بە ئاسماندا دەفڕێت، لەبەر تیشکی خۆرەکە چەند جوان دەنوێنێت. ئەگەر ئەو باڵندەیە بگریت و بیخەیتە ناو قەفەسێکی ئاڵتوونەوە، ئاخۆ هەر ئەو باڵندەیەیە؟ بە ڕواڵەت، بەڵێ. بەڵام لە گەوهەردا نەخێر. کوا ئاسمانەکەی؟ کوا ئازادییەکەی؟

قەفەسی زێڕین ڕەنگە بۆ تۆ بەهادار بێت، بەڵام بۆ باڵندە نا. بەلای باڵندەوە، تاقە شتی بەهادار لە ژیاندا ئەوەیە کە بە ئازادی بە ئاسماندا لە شەقەی باڵ بدات.

ئەمە بەسەر مرۆڤیشدا دەچەسپێت.

## هاوڕێی ڕاستەقینە کێیە؟

*** من هاوڕێم زۆرە، بەڵام بەردەوام پرسیارێک لەلام قوت دەبێتەوە: هاوڕێی ڕاستەقینە کێیە؟ ئایا دەتوانیت شتێکمان لەم بارەیەوە پێ بڵێیت؟**

تۆ لە کۆتاییەکی هەڵەوە دەستت پێ کرد. هەرگیز مەپرسە "هاوڕێی ڕاستەقینە کێیە؟" بەڵکو بپرسە "ئاخۆ من هاوڕێیەکی ڕاستەقینەم بۆ فلان یان فیسار کەس؟"، ئەمە پرسیارە ڕاستەقینەکەیە. واز لە بایەخدان بە خەڵک بهێنە بۆ تۆ، هاوڕێن یان نا... بەڵکو بایەخ بە خۆت بدە.

ئەو پەندەی کە دەڵێت "هاوڕێ ئەو کەسەیە کە لە کاتی تەنگانەدا فریات دەکەوێت" پەندێکە گوزارشت لە هاوڕێیەتی ناکات. چونکە تۆ دەتەوێ هاوڕێکەت وەکو ئامرازێک بێت بۆ تۆ، لە کاتێکدا کەس ئامرازی کەس نییە.

ئایا دەزانیت هاوڕێیەتی چییە؟ هاوڕێیەتی بەرزترین شێوەی خۆشەویستییە. لە خۆشەویستیدا ئەڵهای سێکسییش هەیە. لە کاتێکدا، لە هاوڕێیەتیدا ئەو ئەڵهایە نییە.

لە هاوڕێیەتیدا، مەسەلە بریتی نییە لە بەکارهێنانی ئەوی

تر، یان تەنانەت پێویستبوون بەوی تر، بەڵکو بریتییە لە هاوبەشیکردن (Sharing). خۆشەویستیت زۆرە و دەتەوێ بەشی بکەیت. هەر کەسێکیش ئامادەبوو بەشداریی ئەو خۆشەویستی و خۆشنوودی و سەما و گۆرانییەت بێت، دەبێ تۆ سوپاسگوزاری بیت، نەک ئەو سوپاسگوزاری تۆ بێت. هاورێ هەمیشە سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیە کە ڕێی پێ دەدەن خۆشیان بوێت و بەخششی قبووڵ بکەن.

هەر بۆیە، هاورێیەتی بەو مانایەی کە بریتی بێت لە بەکارهێنانی کەسانی دی، هەر لە سەرەتاوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە. مەسەلەکە بریتی نییە لە پێداویستی و ئەوەی کە هاورێ دەبێ لە کاتی مەترسیدا فریات بکەوێت. دەشێ بێت، دەشێ نەیەت، ئەمەیان لەسەر خۆی وەستاوە. گەر هات، سوپاسی بکە، ئەگەر نەشهات، سزای مەدە. وای لێ مەکە هەست بە گوناه بکات.

هاورێیەتی شتێک نییە سەر بە دونیای بازاڕ و ئاڵوویێر بێت. بەڵکو خۆشەویستی شتێکە سەر بە دونیای پیرۆزی، نەک دوکان و بازاڕ. بەڵام تۆ بەم جۆرەی هاورێیەتی ئاشنا نیت، پێویستە فێری بیت.

هاورێیەتی هونەرێکی مەزنە. خۆشەویستی غەریزەیەکی سروشتیی لە پشتەوەیە. بەڵام هاورێیەتی غەریزەی لە پشتەوە نییە. خۆشەویستی نائاگامەندانەیە. تۆ دەکەویتە خۆشەویستیی ئافرەتێکەوە. بۆچی دەڵێن "کەوتنە ناو خۆشەویستی"؟. ئەم دەستەواژەیە دەلالەتی خۆی هەیە. کەس بەرز نابێتەوە بۆ خۆشەویستی، بەڵکو دەکەوێتە

ناوی. بۆچی دەکەویتە ناوی؟ لەبەر ئەوەی کەوتنە لە ئاگامەندییەوە بۆ نائاگامەندی، لە هۆشیارییەوە بۆ غەریزە.

ئەوەی ئەمرۆ ئێمە پێی دەڵێین خۆشەویستی، زیاتر شتێکی گیانەوەرانەیە نەک مرۆییانە. هاوڕێیەتی هەستێکی تەواو مرۆییە. هاوڕێیەتی شتێکی پێیە بوت، لەبەر ئەوەی لە ناو بایۆلۆجیی تۆدا میکانیزمێکی بنەڕەتیی نییە. واتە هاوڕێیەتی شتێکی بایۆلۆجی نییە، بۆیە مرۆڤ لە هاوڕێیەتیدا هەڵدەکشێت. کەس "ناکەوێتە" هاوڕێیەتییەوە. هاوڕێیەتی ڕەهەندێکی ڕۆحیی هەیە.

بەڵام مەپرسە "هاوڕێی ڕاستەقینە کێیە؟"، بەڵکو بپرسە "ئایا من هاوڕێیەکی ڕاستەقینەم؟". هەمیشە بایەخ بە خۆت بدە. ئێمە وا ڕاهاتووین هەمیشە بیر لە خەڵکی دی بکەینەوە. پیاو دەپرسێت ئاخۆ ژنەکەی خۆشی دەوێت یان نا. ژنەکە دەپرسێت ئاخۆ پیاوەکەی خۆشی دەوێ یان نا. پاشان تۆ چۆن بە تەواوەتی لەوی تر دڵنیا دەبیت؟ ئەوە شتێکی ئەستەمە. ڕەنگە هەزار جار دووپاتی بکاتەوە کە تۆی خۆش دەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومان هەر بێتە پێشێ. کێ دەڵێت ئەو ڕاست دەکات یان نا؟ لە ڕاستیدا هەزار جار دووپاتکردنەوەی شتێک ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو شتە درۆیە، لەبەر ئەوەی ڕاستی پێویستی بە دووپاتکردنەوەی زۆر نییە.

ئەدۆڵف هیتلەر لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت "جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕاستی و درۆدا نییە. تاقە جیاوازی ئەوەیە، کە ڕاستی درۆیەکە ئەوەندە دووپات دەکرێتەوە، تا تۆ لە

بیرت دەچێتەوە کە ئەوە درۆیە".

ئەمەش ئەو شتەیە کە پسپۆڕانی ڕیکلام جەختی لەسەر دەکەنەوە: دووپاتی بکەرەوە، بەردەوام ڕیکلام بکە. نیگەران مەبە لەوەی ئاخۆ کەس گوێی لێیە یان نا.

تەنانەت ئەگەر هیچ بایەخێکیشی پێ نەدەن، هیچ نیگەران مەبە. نەستیان گوێی لێ دەبێت. قووڵایی ناخیان دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. تۆ زۆر بە ئاگاییەوە سەیری ڕیکلامەکان ناکەیت، بەڵام بە تەنها نیگایەکی خێرا لێیان، لە سینەما، یان لە تەلەفزیۆندا، یاخود لە ڕۆژنامەدا، سەرنجێکت لا جێ دەهێڵێت. پاشان دووبارە دەکرێتەوە: "سابوونی لۆکس"، "کۆکا کۆلا"...

"کۆکا کۆلا" بووە بە تاقە شتێکی جیهانی. تەنانەت لە ڕووسیای سۆڤیەتیشدا: کۆکا کۆلا. هەموو شتێکی ئەمریکی قەدەغەیە، تەنها کۆکا کۆلا نەبێت.

سەرەتا کارەباش لە ڕیکلامدا بەکار دەهێنرا، کارەبای وەستاو. بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت ئەگەر گڵۆپەکان بکوژێنرێنەوە و دابگیرسێنرێنەوە، کاریگەرتر دەبێت. لەبەر ئەوەی وەختێ کەسێک بەویدا تێدەپەڕێت، ئەگەر گڵۆپەکان داگیرساوبن، یەک جار دەیانخوێنێتەوە، لێ ئەگەر داگیرسێن و بکوژێنەوە، تەنانەت گەر ئەو کەسە لە ئوتومبێلیشدا بێت، فریا دەکەوێت پێنج تا حەوت جار بیخوێنێتەوە: کۆکا کۆلا، کۆکا کۆلا، کۆکا کۆلا... کاریگەرییەکە قووڵتر دەبێت و درەنگ یا زوو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕیکلامەکەوە.

ئەمەش ئەو شێوازەیە کە ئایینەکان گرتوویانەتە بەر

و تا ئێستا پێی ماونەتەوە: بەردەوام هەندێک بیروباوەڕی پڕوپووچ دووپات دەکەنەوە. بەڵام وای لێ دێت ئەم بیروباوەڕانە دەبنە حەقیقەت لای خەڵک. تا ئەو ڕادەیەی خەڵکانێک ئامادەن لە پێناویاندا بمرن. ئەوەتانێ خۆ کەس نازانێت بەهەشت لە کوێیە، بەڵام بە ملیۆنەها کەس لە پێناوی بەهەشتدا مردوون.

موسڵمانەکان دەڵێن ئەگەر تۆ لە شەڕێکی دینیدا بمریت ئەوا یەکسەر دەچیت بۆ بەهەشت و هەرچی گوناهێکیشت هەیە پاک دەبێتەوە. هەروەها مەسیحییەکانیش دەڵێن ئەگەر تۆ لە شەڕێکی خاچپەرستاندا مردیت، ئەوا یەکسەر دەڕۆیت بۆ بەهەشت و لە هەموو گوناهێک پاک دەبیتەوە. ملیۆنەها کەسیش وەکو ڕاستییەک باوەڕیان بەمە هێناوە و لە پێناویدا مردوون و کوژراون.

ئێمە تەنانەت لەم سەدەی بیستەمەشدا ئەمە دەبینین. ئەدۆڵف هیتلەر بیست ساڵ بە بەردەوامی ئەمەی دووپات دەکردەوە: "جوولەکەکان سەرچاوەی هەموو مەینەتییەکن". میللەتێکی زیرەک و هۆشیاری وەکو ئەڵمانیش وردە وردە باوەڕیان پێ کرد. دەربارەی خەڵکی ئاسایی چی دەوترێ؟ بەڵام تەنانەت کەسێکی وەکو مارتن هایدیگەریش، کە یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی ئەم سەردەمە، باوەڕی بەوە هێنابوو کە هیتلەر ڕاستە و پشتیوانیی لێ کرد. تەنانەت ئەقڵێکی وەکو هایدیگەریش پشتیوانیی لە کەسێکی هیچ و شێتی وەکو هیتلەر دەکرد. نهێنییەکەش لە چیدا بوو؟ لە دووپاتکردنەوەدا. تەنانەت جوولەکەکان

خۆیشیان وایان لێ هاتبوو باوەڕ بە ڕاستیی ئەو قسەیە بکەن "دیارە ئێمە هۆکارەکەین، ئەگینا چۆن ئەم هەموو خەڵکە هۆشیارە باوەڕیان بەوە کردووە؟ مادامەکی ئەو هەموو خەڵکە باوەڕیان وایە، کەواتە شتێک لە مەسەلەکەدا هەیە".

تۆ بەم بیروباوەڕانە و بەم بیرۆکانە پەروەردە دەکرێیت، کە هیچ بنەمایەکیان نییە لە واقیعدا. خۆ ئەگەر بە گوێرەی ئەم بیروباوەڕانەش ژیان بەریتە سەر، ئەوا ژیانت هیچ و بێمانا دەبێت. بۆیە پێویستت بە گۆڕانێکی بنەڕەتی دەبێت.

پرسیار دەربارەی خۆت بکە. پرسیار دەربارەی ئەوانی تر مەکە. زەحمەتە بە تەواوی ئەوی تر بناسیت و لە هەموو شتێکی دڵنیا بیت. پێویستیش بەوە ناکات. چۆن دەتوانیت لەوی تر دڵنیا بیت؟ ئەوی تر لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ئەو لەوانەیە لەم ساتەدا لە عیشقدا بێت، بەڵام لە ساتی دواتردا لە عیشقدا نەبێت. بەڵێن و پەیماندان زەحمەتە. تۆ بە تەنها دەتوانیت لە خۆت دڵنیا بیت، ئەمەش بە تەنها بۆ ئەم ساتەی ئێستا. کەواتە پێویست ناکات بیر لە هەموو پاشەڕۆژ بکەیتەوە. بیر لەوە بکەرەوە کە پەیوەندیی بە ئێستاوە هەیە. لە ئێستادا بژی.

ئەگەر هەنووکەت پڕ بێت لە بۆنی خۆشی هاوڕێیەتی، ئیدی بۆچی خۆت بە ساتی دواترەوە خەریک بکەیت؟ ساتی دواتر لە منداڵدانی ئەم ساتەوە لەدایک دەبێت، کە ئێستا تیا دەژیت. لەوانەیە بە هاوڕێیەتی دەوڵەمەندتر بێت. دەڵێم لەوانەیە... لەبەر ئەوە ئەم ساتە بە پڕاوپڕی بژی.

هاوڕێیەتیش پێویستی بەوە نییە ئاراستەی یەک کەسی دیاریکراو بکرێ، ئەمەش بیرۆکەیەکی بەسەرچووە کە تۆ لەگەڵ کەسێکی دیاریکراودا هاوڕێ بیت، بەڵکو بیر لەوە بکەرەوە چۆن هاوڕێیانە ڕەفتار بکەیت، نەک چۆن هاوڕێ پەیدا بکەیت. چونکە ئەوکات هاوڕێیان خۆیان دێن تا لە عەتری ئەو هاوڕێیەتییە بەهرەمەند بن کە لە تۆوە پەخش دەبێت.

ئەم گێتییە پێویستی بەوەیە "بەهاوڕێ بکرێ". جا ئەگەر تۆ توانیت هاوڕێیەتیی گێتی بکەیت، ئەوا بەرامبەر بەوە هەزار جار هاوڕێیەتیت دەکات. ئەگەر تۆ بەرد بگریتە گێتی، ئەویش بەردت تێ دەگرێت. بەڵام ئەگەر گوڵی تێ بگریت، ئەویش گوڵت تێ دەگرێتەوە. ژیان لە ئاوێنە دەچێت، ڕوخسارت ڕەنگی تیا دەداتەوە. هاوڕێیانە ڕەفتار بکە، ئەودەم ئەو هاوڕێیەتییەت لەسەر ڕووی ژیان ڕەنگ دەداتەوە. دڵنیابە ئەگەر لەگەڵ سەگێکیشدا هاوڕێیانە ڕەفتار بکەیت، ئەویش وا دەبێت بۆ تۆ. جا هەیدێ گەر لەگەڵ ئادەمیزادەکاندا وا بیت؟ زاناکان دەڵێن کە تەنانەت درەختەکانیش هەست و کاردانەوەیان هەیە. کاتێک تەور لە درەختێک بەرز دەکرێتەوە تا ببڕێتەوە، تەنانەت بەر لەوەی تەورەکەشی بەر بکەوێت، هەست بە ترس دەکات، بەڵام کاتێک خۆشەویستی بە درەختێک دەبەخشیت، درەختەکە هەست بە خۆشی و شادی دەکات. ئێستا زانایان لە ڕێی هەندێ ئامێری ئاڵۆزەوە کە لە کاردیۆگراف دەچێت دەتوانن پیشانی بدەن کە درەختەکە هەست بە چی دەکات. ئەو

ئامێره هەستی خۆشی و هەستی ترسی درەختەکەی تیا دەردەکەوێت.

کاتێک درەختێک هاوڕێیەک دەبینێت بەرەو ڕووی دەڕوات، بە شادییەوە پێشوازیی لێ دەکات.

تا ئێستا سڵاوت لە درەختێک کردووە؟ تاقیی بکەرەوە. پێت سەیر نەبێت کە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان سڵاوت لێ بکات، بەڵام بە زمانی تایبەتی خۆی. درەخت ناتوانێت قسە بکات، بەڵام توانای دەربڕینی هەیە. ئەویش بەشێکە لە بوون، بوونیش زۆر هەستیارە، مەبەستیشم هەر ئەمەیە وەختێ دەڵێم بوون خودایە.

هاوڕێ بە و هاوڕێیانە ڕەفتار بکە، بە چاوپۆشین لەوەی ئاخۆ ئەوانی تر هاوڕێتن یان نا.

## ڕاکردن لە تەنیایی، بۆ؟

*** پاش شەپۆلێک ڕووداو و کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک بیرەوەری لە یادمدا، ڕووبەڕووی تەنیایی بوومەوە. هەوڵ و تەقەللام بۆ ڕاکردن لەو تەنیاییە بە فیڕۆ ڕۆیشت. نازانم بۆ ئەم کەڵکەڵەی ڕاکردنە لە تەنیایی لە مێشکم دەر ناچێت؟**

تەنیایی ترۆپکە. هیچ چارێکیش نییە بۆ قوتاربوون لێی. مرۆڤ دەتوانێ لە بیری خۆی بەرێتەوە، دەتوانێ خۆی بە زۆر شتەوە مەشغوڵ بکات، بەڵام دیسانەوە و دیسانەوە ئەم حەقیقەتە دێتەوە مەیدان. بەم جۆرە، دوای هەر ئەزموونێکی قووڵ، هەست بە تەنیایی دەکەیت.

دوای ئەزموونێکی قووڵی خۆشەویستی، دوای ئەزموونێکی قووڵی تێڕامان، هەست بە تەنیایی دەکەیت.

هەر ئەمەش هۆی ئەوەیە کە ئەزموونە گەورەکان مرۆڤ غەمگین دەکەن. لە ناوجەرگەی هەموو ئەزموونێکی قووڵدا، غەمگینی خۆی حەشار داوە. هەر لەبەر ئەمەشە وا لە ملیۆنەها کەس دەکات عەودالی ئەزموونی قووڵ نەبن، بەڵکو خۆیانی لێ دەپارێزن. نایانەوێ بە قووڵی بچنە ناو ئەزموونی

خۆشەویستییەوە، بە تەنها سێکس بە لایانەوە بەسە. لەبەر ئەوەی سێکس شتێکی ڕووکەشە و وا لە کەس ناکات تەنیا بێت. سێکس دەبێتە جۆرێک لە گاڵتە، لە کات بەسەر بردن. بۆ تاوێک چێژی زۆری لێ دەبینن و پاشان هەموو شتێکیان لە بیر دەچێتەوە. سێکس وایان لێ ناکات ڕووبەڕووی خودی خۆیانیان بکاتەوە. بەڵام خۆشەویستی ڕووبەڕووی خودی خۆی دەکاتەوە. خۆشەویستی بە ڕادەیەک قووڵە کە وات لێ دەکات هەست بە تەنیایی بکەیت. هەڵبەتە ئەمە بە شتێکی ناودژ دێتە بەر چاو، لەبەر ئەوەی عادەتەن خەڵک باوەڕیان وایە کە خۆشەویستی وات لێ دەکات هەست بە یەکبوون بکەیت و لە هەستکردن بە تەنیایی دووربکەویتەوە. بەڵام ئەمە قسەیەکی هیچە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ئەگەر قووڵ بێت وات لێ دەکات هەست بە تەنیایی بکەیت، نەک یەکبوون. کاتێک لە هەر شتێکدا قووڵ دەبێتەوە چی ڕوودەدات؟ قەڵەمڕەوی بوون جێ دەهێڵێت و دەکەویتە ناو ناخی خودی خۆتەوە. چەند لە ناخی خودی خۆشت نزیک ببیتەوە، هێندە لە تەنیایی نزیک دەبیتەوە. بە تەنیا خۆت لەوێ دەبینیتەوە، یان خۆشت نا، بەڵکو ئاگامەندیت بە بێ "من"ت، بە بێ شوناست، بە بێ دیاریکردن، قووڵاییەکی ئاگامەند کە پەیی پێ نابرێ.

دوای گوێگرتن لە مۆسیقایەکی مەزن، یان دوای چوونە ناو مانای قەسیدەیەکی گەورەوە، یان بینینی جوانیی خۆرئاوابوون، هەمیشە لە ناختدا هەست بە غەمگینییەک دەکەیت. گەرچی ملیۆنەها کەس هەن بڕیاریان داوە کە جوانی نەبینن، عاشق نەبن، ڕانەمێنن، نزا نەکەن، خۆیان لە

قووڵبوونەوە لە شتەکاندا بە دوور بگرن. بەڵام تەنانەت گەر خۆشت لە حەقیقەت بپارێزیت، هەندێ جار حەقیقەت خۆیت پێدا دەکێشێت و بە بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت داگیرت دەکات.

دەتوانیت بۆ ماوەیەکی کەم لە بیری خۆتی بەریتەوە، بەڵام لەبیرخۆبردنەوە کێشەکە چارەسەر ناکات. دەبێ تەنیایی خۆت قبوول بکەیت، لەبەر ئەوەی ترۆپکە. تەنیایی ڕووداوێک نییە ڕوو بدات و کۆتایی پێ بێت. تەنیایی "تاو Tao"ە، هەر ئەوەندە قبووڵیشت کرد، چۆنیەتیی ژیانت دەگۆڕێت. تەنیایی نابێتە مایەی غەمباری، بەڵکو بیرکردنەوەت لەوەی کە نابێ تەنیا بیت دەبێتە مایەی غەمباری، تەنیایی جوانە، لەبەر ئەوەی ئازادییە، ئازادیی تەواوەتییە. ئیتر چۆن دەبێتە مایەی غەمباری؟ بەڵام لێکدانەوەکەی تۆ هەڵەیە. دەبێت دەستبەرداری ئەو لێکدانەوەیە بیت. تۆ کاتێک دەڵێیت "ڕووبەڕووی تەنیاییەکی نوێ بوومەتەوە"، دەتەوێ بڵێیت کە بە تەنیا ماویتەوە. واتە جیاوازیت لە نێوان بەتەنیامانەوە Loneliness و تەنیایی Alonenessدا نەکردووە.

ئەگەر تەنیایی بە هەڵە لێک بدرێتەوە، لەگەڵ تەنیامانەوەدا تێکەڵ دەکرێ. تەنیامانەوە واتە تۆ بیری ئەوی تر دەکەیت. ئەوی تر کێیە؟ هەر چییەک کە تۆ لە ئاگامەندیت دابڕێت، مەی بێت، ئافرەت بێت، پیاوێک بێت، کتێبێک بێت، هەر چییەک بێت کە یارمەتیت بدات خۆتت لە بیر بچێتەوە، لە ئاگامەندیت قوتارت بکات.

بە تەنیا مانەوە حاڵەتێکی نەرێنییە: بیری ئەوی تر دەکەیت و هەر بە دوایدا دەگەڕێیت. بەڵام تەنیایی تا بڵێیت

جوانـه. تەنیایـی واتـه چیتـر پێویسـتت بـەوی تـر نییـه، خـۆت لـه نـاو خـۆتـدا بەسـیت... هێنـده بەسـیت کـه دەتوانیـت ئـەو تەنیاییـەت لەگـەڵ هەمـوو بوونـدا بەشـبکەیت. تەنیاییەکـەت بـه ڕادەیـەک سـەرشـار دەبێـت کـه دەتوانیـت بەسـەر هەمـوو بووندا بیرێژیـت و هێشـتا هـەر لـه شـوێنی خـۆی دەمێنێتـەوە. کاتێـک تەنیـا دەبیـت، دەوڵەمەندیـت، بـەڵام کاتـێ هەسـت دەکەیـت بـه تەنیـا ماویتـەوە، هەژاریـت.

ئـەو کەسـەی هەسـت دەکات بـه تەنیـا ماوەتـەوە، گەدایـە. دڵـی وەک سـندووقێکی سـواڵکردن وایـه. بـەڵام مرۆڤـی تەنیـا ئیمپراتـۆره، بـوودا تەنیـا بـوو.

ئـەوەی تـۆش تەنیاییـه، بـەڵام لێکدانەوەکـەت هەڵەیـە. لێکدانەوەکـەت لـه ئەزموونـی ڕابردووتـەوه دێـت، لـه زەینـی ڕابردووتـەوه. لـه یادەوەریتـەوە. زەینـت بیرۆکەیەکـی هەڵـەت دەداتـێ. واز لـه زەینـت بێنـه. بچـۆره نـاو تەنیاییەکانتـەوە: لێـی ورد بـەرەوە، تامـی بکـه. سـەیری هەمـوو ڕەهەندەکانـی بکـه. لـه هـەر دەرگایەکـەوه بـۆت کـرا بچـۆره ناویـەوە. گەورەتریـن پەرستگا لەوێدایه. لەو تەنیاییەشدایه کـه تۆ خـۆت دەدۆزیتەوە. هـەر کەسێکیش خـۆی دۆزییـەوە، واتـه خوداشـی دۆزیوەتـەوە.

خـودا تەنیایـه. کاتێکیـش لێـی دەڕوانیـت، بەبـێ ئـەوەی زەینـت خـۆی تـێ هەڵقورتێنێـت، ناتـەوێ خـۆتـی لـێ خافـڵ بکەیـت و دوورەپەرێـزی بگریـت. چونکـه شـتێک نییـه خۆتـی لـێ دوورەپەرێـز بگریت و پێویسـت بـەوه نـاکات. ناتـەوێ لێـی هەڵێیت، لەبـەر ئـەوەی ژیانـه، ژیانـی هەتاهەتاییـه. ئیتـر مـرۆڤ بـۆ لێـی هەڵـێ؟ پاشـان مـن نەموتـووه کـه لـەم تەنیاییـەدا ناتوانیت پەیوەندیی قـووڵ سـاز بکەیـت (بـه مانـای پێکگەیشـتن).

لە ڕاستیدا، بۆ یەکەمین جار دەتوانیت پەیوەندیی قووڵ ساز بکەیت. کەسێکی بە تەنیا ماوە ناتوانێت پەیوەندیی قووڵ ساز بکات، لەبەر ئەوەی پێویستیی زۆرە. کەسێکی وەها، خۆی بە کەسی تردا هەڵدەواسێت، پشت بە خەڵکی تر دەبەستێت، دەیەوێت ئیمتیلاکی ئەوانی تر بکات، لەبەر ئەوەی بەردەوام دەترسێت: "ئەگەر ئەوی تر ڕۆیشت، ئەوسا چی ڕوو دەدات؟ دیسانەوە بە تەنیا دەمێنمەوە" هەر لەم ترسەشەوەیە ئەم هەموو ئیمتیلاکە لە دونیادا هەیە. ترسی ئەوەی کە ئەگەر ئەوانی تر جێت بهێڵن، ئیتر تۆ بە تەنیا دەمێنیتەوە، تەواو بە تەنیا. تۆش حەز بەوە ناکەیت و تەنانەت بیرکردنەوەش لەمە بێتاقەتت دەکات. کەواتە ئیمتیلاکی ئەوی تر بکە! بە ڕادەیەک ئیمتیلاکی بکە کە چیتر نەتوانێت لە دەستت ڕابکات. ئەوی تریش هەمان شت لەگەڵ تۆدا دەکات: دەیەوێ ئیمتیلاکت بکات.

ئیدی لێرەوە، خۆشەویستی دەبێتە شتێکی پڕ لە بەدبەختی. خۆشەویستی دەبێتە سیاسەت، دەبێتە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی یەکتری و چەوساندنەوەی یەکتری. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی هەست دەکەن بە تەنیا دەمێننەوە، ناتوانن خۆشەویستی بکەن.

ئەوانەی هەست دەکەن بە تەنیا دەمێننەوە، شتێکیان نییە تا بیبەخشن، هەر بۆیە یەکتری دەچەوسێننەوە. عادەتەن، کە تۆ هیچت نەبوو بیبەخشیت و کەسێکی تریش دەستی بە چەوساندنەوەت کرد، هەست دەکەیت دەستدرێژی کراوەتە سەرت. تۆش دەتەوێ ئەو بۆ مەبەستی خۆت بەکار بهێنیت، نەک ئەو تۆ بۆ مەبەستی خۆی بەکار بهێنیت. ئا لێرەشەوە

سیاسەت دێتە ئاراوە. تۆ دەتەوێ کەمترین شت ببەخشیت و زۆرترین شت بەدەست بهێنیت، ئەوی تریش هەمان شت لەگەڵ تۆ دەکات. هەردووکیشتان بەم جۆرە بەلەنگازی و مەینەتی بۆ یەکتری دەخولقێنن.

دەڵێن جارێکیان کابرایەک لەناو دارستانێکدا ئۆتومبێلەکەی دەوەستێنێت تا دڵداری لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا بکات کە پێشتر سواری ئۆتومبێلەکەی کردووە و لە پێشەوە لەگەڵیدا دانیشتووە، بەڵام ئافرەتەکە پێی دەڵێت: "بوەستە! تۆ نازانیت من چیم. من سۆزانیم و بە پەنجا دۆلار دڵداریت لەگەڵدا دەکەم". کابراش پەنجا دۆلارەکەی دەداتێ و دڵداریی لەگەڵدا دەکات. وەختێ تەواو دەبن، بە بێدەنگی خۆی دەدات بەسەر سوکانەکەدا و ناجووڵێت.

ئافرەتەکەش چونکە درەنگییەتی بۆ ماڵەوە؛ لێی دەپرسێت "بۆچی ناجووڵێیت و چاوەڕێی چی دەکەیت؟". کابراش دەڵێت: "ببوورە، بەڵام دەبێ پێت بڵێم کە منیش شۆفێری تاکسیم و نرخی گەڕانەوەش پەنجا دۆلارە".

ئەوەی ئەمڕۆ لە پەیوەندییەکانی بە ناو خۆشەویستیدا ڕوو دەدات، شتێکی لەم بابەتەیە. هەندێک سۆزانین و هەندێکی تریش شۆفێری تاکسی. بریتییە لە سەودا و مامەڵە، لە هەقکردنەوە لە یەکتری، لە ململانێیەکی بەردەوام. هەر بۆیە بە ناو دڵدار و هاوسەرەکان بەردەوام لەگەڵ یەکتردا شەڕیانە. ناتوانن واز لە یەکتری بهێنن، کەچی کە پێکیشەوە دەمێننەوە بەردەوام شەڕیانە. لە ڕاستیدا بۆیە شەڕ دەکەن، چونکە ناتوانن واز لە یەکتری بهێنن. ناتوانن ئاسوودە بن، چونکە ئەگەر ئاسوودە بن، نازانن چی بکەن و ئەوکات

بەرامبەرەکە بیر لەوە دەکاتەوە زیاتر ئەوی تر بەکار بهێنێت. کە لەمە تێگەیشتیت، لە هەموو بەدبەختییەکانی ژیانی هاوسەریێتی تێدەگەیت: بنەماکەی لەمەدایە.

پرسیار دەکرێ لەوەی کە مادامەکی ئەم خەڵکانە لەگەڵ یەکدا بەختەوەر نین، کەواتە بۆچی واز لە یەکتری ناهێنن؟ بەڵام ئەمانە نە دەتوانن یەکتری جێ بهێڵن و نە دەشتوانن پێکەوە بەختەوەر بژین. لە ڕاستیدا هەر ئەو بیرۆکەی واز لە یەکتر هێنان و جیابوونەوەیە دەبێتە مایەی ململانێ. ئەمانە یەکدی ئیفلیج دەکەن و ئیدی کەسیان ناتوانێت لەوی دی هەڵێت. ئەمانە بە کۆمەڵێک بەرپرسیاریێتی و ئەخلاقیات یەکتری دەبەستنەوە، هەر بۆیە هەر کامێکیان واز لەوی دی بهێنێت، هەست بە گوناە دەکات. ئاگامەندیی خۆی ئازاری دەدات، بەوەی کە شتێکی هەڵەی کردووە. بەڵام کە پێکیشەوە دەمێننەوە، ئەوەی هەیانە و نیانە شەڕکردنە یان چەندوچوونێکی بەردەوام لەسەر "نرخەکە". لەبەر ئەمە، هاوسەریێتییەکەتان، یان ئەوەی ناوتان ناوە خۆشەویستی، چ نییە جگە لە بازاڕێک، ئەوە عیشق نییە.

کەواتە لەم حاڵەتەدا، خۆشەویستی نامێنێت، تێڕامان نامێنێت. ئەو جۆرە کەسانە لەبەر ئەوەی هەست دەکەن بە تەنیا دەمێننەوە، پێویستیان بە شتێکە، یان کەسێکە خۆیانی پێوە خەریک بکەن. تا لەو بۆشاییەی ناخی خۆیان ڕزگاریان بێت و هەست نەکەن بە تەنیا ماونەتەوە. یان بەردەوام خۆیان بە نزاوە خەریک دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوە یارمەتییان دەدات ئەو بۆشاییەی ناوەوەی خۆیان لەبیر بچێتەوە. بەڵام ئەمە پەرستن و تێڕامانی ڕاستەقینە نییە،

ئەمە بە تەنیا شاردنەوەی هەستکردنیانە بەوەی کە بە تەنیا ماونەتەوە، یان پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی ناو ناخیانە. ئەمە داپۆشینی ئەو چاڵە ڕەشەیە کە لە ناو ڕۆحیاندایە، یان دەچن بۆ کڵێسا و پەرستگاکان و نزا دەکەن و ڕوو لە خودا دەکەن. لەسەر زەوی ناتوانن ئەوی ترێک بدۆزنەوە، لەبەر ئەوەی دۆزینەوەی ئەوی ترێک گەلێ دژوارە و گرفتی زۆرە، بۆیە ڕوو لە ئەوی تری ئاسمان دەکەن... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن بەبێ ئەوی تر بژین. ئەمانە تەنانەت گەر بۆ بیابانیش بچن، لەوێش هەر سەیری ئاسمان دەکەن و دەیانەوێ لە ئاسماندا ئەوی تر بدۆزنەوە و لەگەڵی بئاخڤن. ئەمە فەنتازیایە و هیچی تر. ئەگەر درێژە بەم جۆرە ئاخافتنەش بدەن، ڕەنگە بکەونە ورێنە کە ئەوی تر لەوێیە.

پێویستییەکەیان بە ڕادەیەکە کە دەشێ ئەوی تر لە ڕێی خەیاڵەوە دروست بکەن. هەر ئەمەشە وا دەکات هەندێ ئایینی ناسراو هەوڵ بدەن تۆ لەوانی تر دوور بخەنەوە، واتە لەوانەی کە دەستت پێیان ڕادەگات. دەیانەوێ هاوسەرگیری نەکەیت، لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ هاوسەرت هەبوو، پێویستت بە خودا نابێت. ئەمە ستراتیجێکە. ئەو ئایینانە نایانەوێ تۆ لەو بازاڕەدا بیت، چونکە ئیدی بەوەوە مەشغوڵ دەبیت و هەست ناکەیت تەنیا ماویتەتەوە.

ئەوکات ئیتر بۆ لەگەڵ خودادا بئاخڤییت؟ لەگەڵ خەڵکدا دەئاخڤییت. ئەوان ڕاپێچت دەکەن بۆ ئەشکەوتەکانی هیمالایا، یان بۆ دەیرەکان و بە تەنیا دەمێنیتەوە تا لە مەینەتیی ئەو بە تەنیا مانەوەیەدا پێویستت بەوە بێت لەگەڵ خودادا بئاخڤییت. پێویستت بەوە بێت خودایەک بۆ ڕازەکانی دڵت

بخولقێنیت. ئەوکات چەند تینوویێتیت بۆ ئەوی تر زیاتر بێت، ئەوەندە بینینەکانت بۆ خودا زیاتر دەبن. ئەم بینینانە جگە لە وەهم هیچی تر نین. کۆمەڵێک خەونن کە بە چاوی کراوەوە دەبینرێن. لەوە دەچێت کەسێک ناچار بکرێ ڕۆژوویەکی درێژ بگرێت، ئیتر بە خەیاڵ خواردن دەهێنێتە پێش چاوی خۆی، خەون بە خواردنەوە دەبینێت.

دەڵێن شاعیرێک بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە دارستانێکدا ون دەبێت و برسێتی بڕستی لێ دەبڕێت. پاشان لە شەودا مانگی چواردە سەردەردەهێنێت. ئەویش وەختێ سەیری مانگەکە دەکات، سەری سووڕدەمێنێت. لەبەر ئەوەی بە درێژایی تەمەنی، کە سەیری مانگی چواردەی کردووە یەکسەر ڕوخساری دڵڕفێنی ئافرەتان و خۆشەویستەکانی بیر خستووەتەوە. کەچی ئەو شەوە و دوای سێ ڕۆژ لە برسێتی و ماندوویێتی، کە سەیری مانگی کرد وێنەی کولێرەیەکی بینی بەسەر هەورەکانەوە. باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد. "ئەمە چ شیعرێکە؟" شیعرێکی گەورەیە، مانگی چواردەش لە کولێرە دەچێت.

هەموو دەزانن، کاتێک برسێتی زۆرت بۆ دەهێنێت، بە خەیاڵ زۆر شت دەهێنیتە پێش چاوی خۆت. ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بە تەنیا لە دارستانێکدا بمێنیتەوە و چاوت بە هیچ ئافرەتێک نەکەوێت، تەنانەت ناشرینترین ئافرەتی دونیاشت لێ دەبێت بە کلیۆپاترا.

بەتەنیامانەوە خۆشەویستی ناخولقێنێت، بەڵکو پێویستی دەخولقێێت. خۆشەویستییش پێویستی نییە. ئەی کەواتە خۆشەویستی چییە؟ خۆشەویستی هەستێکە دەچێتە سەروو

پێویستییەوە، لە تەنیاییەوە دێت، واتە کاتێک کە بە ڕادەیەکی زۆر تەنیایت و شاد و بەختەوەریت و سەرشاریت لە وزە. کاتێک پێویستت بە کەس نییە، لەو کاتەدا وزەت زۆرە و دەتەوێ بەشی ئەوانی تری لێ بدەیت. ئەوکات دەبەخشیت، دەبەخشیت لەبەر ئەوەی پڕیت، دەبەخشیت بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەرگرتنەوە بیت... ئەمەیە خۆشەویستی. هەر بۆیە ژمارەیەکی ئێجگار کەم لە خەڵک بە خۆشەویستی دەگەن، ئەمانەش ئەوانەن کە لە پێشدا بە تەنیایی دەگەن. کاتێک تۆ تەنیایت، تێڕامان بە شێوەیەکی سروشتی، سادە و عەفەوی دەست پێ دەکات. ئەوکات، هەر بە بێدەنگی دابنیشیت و هیچ نەکەیت، دەکەویتە تێڕامانەوە. هەنگینێ تۆ پێویستت بە نزا نییە، پێویستت بە وێرد نییە. زۆر بە سادەیی دادەنیشیت، یان دەڕۆیت، یان شتەکانی خۆت دەکەیت، ئیدی تێڕامان وەک کەشێک بە ژوور سەرتەوە دەبێت. وەک هەورێکی سپی چواردەورت دەتەنێتەوە. نوقمی ڕووناکی دەبیت، خۆتی تێ هەڵدەکێشیت، تازە دەبیتەوە. ئێستا کاتی بەشدارییپێکردنی ئەوانی ترە. دەتوانیت چیی تر بکەیت؟ وەختێ گۆرانییەک لە دڵتدا لەدایک دەبێت، دەبێ بیڵێیت. وەختێ خۆشەویستیش لە ناو دڵتدا لەدایک دەبێت، ئەو خۆشەویستییەی بەرهەمی تەنیاییە، دەبێ بیبارێنیت، وەک ئەو هەورەی پڕ دەبێت لە باران، یان وەک ئەو گوڵەی پڕ دەبێت لە بۆنی خۆش، بۆنەکەی دەدات بە با، تا پەخشی بکات. بۆنەکە بە هەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە. گوڵەکەش ناپرسێت ئاخۆ بەرامبەر بەوە چیی پێ دەدەنەوە. گوڵەکە شادە بەوەی کە بایەکە هێندە میهرەبانە، ئەو بارەی لە کۆڵ دەکاتەوە و دەیبەخشێتەوە.

ئەمەیە خۆشەویستیی ڕاستەقینە: لە خۆشەویستیی ڕاستەقینەدا ئیمتیلاک نییە. هەر ئەمەش تێڕامانی ڕاستەقینەیە، لە تێڕامانی ڕاستەقینەشدا ڕەنج نییە.

ئەوەی بەسەر تۆدا هاتووە شتێکی تا بڵێی بەهادارە، بەڵام لێکدانەوەت بۆی هەڵەیە.

تۆ دەڵێیت "پاش شەپۆلێک ڕووداو و کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک بیرەوەری لە یادمدا، ڕووبەڕووی تەنیایی بوومەوە". تکایە ئەوە ناو مەنێ تەنیایی، یان ئەگەر ناویشی دەنێیت تەنیایی، هەوڵ بدە لە سروشتی تەنیایی تێبگەیت.

"هەوڵ و تەقەلالاش بۆ ڕاکردن و خوێندنەوە و خۆمەشغولکردن، ئەنجامی خراپی دەبێت". چونکە ئەوە ڕاکردنە لە گەنجینەی ڕۆحیت، ڕاکردنە لە سەروەتی گەورەی خۆت و لە مەملەکەتەکەی خۆت. ئەنجامەکەشی بە کارەسات دەشکێتەوە. لەبەر ئەوە لێی ڕامەکە، بەڵکو قووڵتر تێیدا ڕۆبچۆ. بیرۆکەی هەڵاتن بە تەواوی لە بیر خۆت ببەرەوە. تۆ لە هەموو ژیانتدا ئەوەت کردووە، بەڵام ئەمجارە دەبێ خۆت فڕێبدەیتە ناویەوە. ئەمجارەیان دەبێت بە تەواوی تامی بکەیت. هەر ئەوەندەش بینیت و تیایدا ژیایت، بە تەواوی کەسێکی ترت لێ دەردەچێت، تازە لەدایک دەبیتەوە.

لەو ڕۆژەوەی هاتوویت بۆ ئێرە، من چاودێریت دەکەم. بەردەوام چاودێریت دەکەم، لە چاوت وردە دەبمەوە، لە ڕوخسارت: هەستم کرد شتێکی قووڵ تیایدا گۆڕاوە، بەڵام هێشتا زۆر گۆڕانی تر بەڕێوەن. خۆ ئەگەر لەم دۆخەی خۆت هەڵێیت، ئەوا ئەو گۆڕانە زۆرەی تر کە بەڕێوەیە، لە دەستی دەدەیت. دیسانەوە ڕامەکە. پێشتر زۆر هەڵاتوویت،

بەلام ئەمجارەیان هەموو ترسێک، هەموو یادەوەرییەک لە بیر خۆت ببەرەوە. بچۆ ناو ڕوخساری نوێی تەنیاییەوە. بە ڕاستی ئەوە تەنیاییە، نەک بە تەنیا مانەوە. پێویستت بە هەلاتن نییە. ئەگەر لە بەتەنیامانەوە هەلبێیت، هەست بە باشی دەکەیت، بەلام ئەگەر لە تەنیایی هەلبێیت، هەست بە خراپی دەکەیت.

جارێ ئەم تەنیاییەت لەگەڵ ئەوانی تردا بەش مەکە. لێگەڕێ با کۆببێتەوە، لێگەڕێ تا دەبێتە هەورێکی ئاوس بە باران. ئەوکات ساتی بەشداریکردن خۆی دێت، بەبێ هیچ ڕەنجێک. ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە لێگەڕێیت تا ئەم تەنیاییە کۆدەبێتەوە و ئیدی ڕۆژێک دەبینیت بۆنی عەترەکەی بەدەم باوە پەرش دەبێتەوە. ڕۆژێک دێت ئەو تەنیاییەت لەگەڵ ئەوانی تردا بەش دەکەیت، خۆشت دەبێتە گەواهی ئەوە، تۆ خۆت ئەوە ناکەیت، بەلکو تۆ گەواهێکی ئەو کارە دەبیت.

"نازانم بۆ ئەم کەلکەلەی ڕاکردنە لە تەنیایی لە مێشکم دەرناچێت؟".

لەبەر ئەوەی تا ئێستا وەکو تەنیایی لێی تێنەگەیشتوویت! بەلکو وەکو بەتەنیامانەوە لێکی دەدەیتەوە. من لەوە تێدەگەم زۆر کەس وا دەکات.

کاتێک بۆ یەکەم جار هەست بە تەنیایی دەکەیت و وا دەزانیت بەتەنیامانەوەیە، لەبەر ئەوەی ئەمەی دووەمیان دیاردەیەکی بلاوە و لە هەموو ژیانتدا هەستت بەمەی دواییان کردووە. ئەو ساتەی منال ڕەحمی دایکی جێدەهێلێت و لێی جیا دەبێتەوە، یەکەمین ئەزموونی بەتەنیامانەوەیە: هەست دەکات بە تەنیا جێهێلراوە، ناچار کراوە مالی خۆی

بەجێبهێڵێت. لەو ساتەدا منداڵ دەکەوێتە ململانێیەکی تاڵەوە، چونکە نایەوێت ڕەحمی دایکی جێبهێڵێت، کە نۆ مانگی تیا بردووەتە سەر. ئەو ڕەحمی دایکەی کە خۆشی ویستووە و ئارامی و ئاسوودەیی تیا بینیوە. بۆ جێی بهێڵێت؟ فڕێ دەدرێتە دەرەوە، لەوێ دوور دەخرێتەوە، یان بەو مانایەی ئێمە لەدایک دەبێت و دێتە ژیانەوە، بەڵام ئەم هاتنە ژیانەوە بە لای منداڵەکەوە وەکو مەرگ وایە، لەبەر ئەوەی کۆتایی ژیانێکە کە نۆ مانگ پێی ڕاهاتووە... ئەمە بۆ ئەو شۆکە... وا هەست دەکات سزا دراوە. جا لەبەر ئەوەی جارێ ناشتوانێت بیر بکاتەوە، ئەم هەستە زۆر بە قووڵی دەچێتە جەستەیەوە. ئەمە دەبێت بە هەستی هەموو بوونی، نەک هەر بیرکردنەوەیەک و بەس، بۆیە هەموو خانەیەکی جەستەی دەتەنێتەوە و تیایاندا دەمێنێتەوە. ئەمە یەکەمین ئەزموونی بە تەنیا مانەوەیە.

پاش ئەوە کۆمەڵێک ئەزموونی تر دێن و دووبارە دەبنەوە. ڕۆژێک دێت دایکی لە شیری خۆی دەیبڕێتەوە، دیسان منداڵەکە هەست بەتەنیامانەوە دەکات. ئینجا منداڵەکە لە دایکی دوور دەخرێتەوە و دەخرێتە ژێر چاودێریی دایەنەوە. دواتر ڕێی پێ نادرێ لە ژوورەکەی دایکیدا بخەوێت و ژووری جیای دەدرێتێ. بیهێنەرەوە یادت کە وەختێ منداڵ بوویت بۆ یەکەم جار لە ژوورێکی جیادا تۆیان خەواندووە، تاریکی، سەرما، کەس لە دەورت نییە. هەروەها لە گەرموگوڕیی باوەشی دایکت دووریت، کەس نییە لە ئامێزی نەرمت بگرێت. ئیتر منداڵەکە دەبێ خۆی بە یارییەکی منداڵانەوە مەشغوڵ بکات، بە ورچێکی منداڵانەوە، بەڵام ئاخۆ ئەوە جێی

دایکی بۆ دەگریتەوە؟! بۆیە هەست بەوە دەکات بە تەنیا جێ هێڵراوە، فڕێ دراوە، پشتگوێ خراوە. ئەم برینانە وردە وردە کۆدەبنەوە و هەست و بیرۆکەی بە تەنیا مانەوە تیایدا قووڵتر دەکەنەوە.

تەواوی ژیانت بریتییە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی بەتەنیامانەوە. پاشان لە ناکاودا ئەزموونێکی قووڵ ڕوو دەدات، لە سای ئەو ئەزموونەشەوە ترووسکایی دەکەوێتە بوونتەوە. زەینی تۆ هەر بە بە تەنیا مانەوە ئاشنایە، بۆیە ئەو ئەزموونی تەنیاییە دەگۆڕێت بۆ بە تەنیا مانەوە.

لەبەر ئەوە تۆ هەڵەیت. ئەو لێکدانەوەیە لە بیری خۆت ببەرەوە. ئەمە شتێکی تازەیە ڕوو دەدات. تازەیە، لەبەر ئەوە ناتوانیت دیاریی بکەیت چییە. تاقە ڕێگا بۆ ئەوەی بزانیت چییە، ئەوەیە خۆت فڕێ بدەیتە ناوی و لەگەڵیدا ئاشنا بیت. هەر وەکو "لاوتسە"ش دەڵێت: "لەوە دەچێت کە ئاوێک دەخۆیتەوە... کە خواردتەوە دەزانیت ساردە یان گەرمە".

کەواتە ئەم تەنیاییە بخۆرەوە، تامی بکە، سەرت سووڕدەمێنێت. لە هیچ شتێک ناچێت، کە پێشتر ناسیوتە. ئەمە ئەوەیە کە ئێمە لە خۆرهەڵات پێی دەڵێین مۆکشا Mok-sha، واتە ئازادیی ڕەها. دوای ئەم ئازادییەش، خۆشەویستی دێت. دوای ئەم ئازادییە ژیانت مانا و گرنگیی دەبێت و تەواو جیاواز دەبێت و درەوشانەوەی پەنهانت بەدەر دەکەوێت.

# بەشی چوارەم
# دەربارەی گرژی و خاوبوونەوە

*** شتێک زیاتر قسەمان لەسەر خاوبوونەوە بۆ دەکەیت؟ من ئاگام لێیە گرژییەک لە ناخماندا هەیە و گومانم هەیە لەوەی هەرگیز خاو ببمەوە.**

خاوبوونەوەی تەواوەتی دوا خاڵە مرۆڤ پێی بگات. ئەوە چرکەساتێکە کە تیایدا مرۆڤ دەبێت بە بوودا، تیایدا مرۆڤ خودی دێتە دی، چرکەساتی ڕۆشنبوونەوەیە. بەڵام دەست بە خاوبوونەوە بکە. لە چواردەورەکەی خۆتەوە دەست پێ بکە، لە کوێین، چواردەوری بوونت.

جەستەت خاو بکەرەوە، ڕەفتارت خاو بکەرەوە، کردار و جووڵەکانت خاو بکەرەوە، ڕۆیشتنت خاو بکەرەوە، شێوازی نانخواردنت خاو بکەرەوە، قسەکردن و گوێگرتنت خاو بکەرەوە، هەموو شتەکانت خاو بکەرەوە، لە هیچدا پەلە مەکە. وا بجووڵێرەوە، وەک ئەوەی جاویدانی لەبەر دەستتدا بێت. لە ڕاستیشدا لەبەر دەستتدایە. ئێمە لە سەرەتاوە لێرەین و تا کۆتاییش دەمێنینەوە. سەرەتاش ڕێگای کۆتاییە. هیچ کۆتاییەک بەبێ سەرەتا نییە، ئیتر بەم جۆرە... لێرە بووین و لێرەش دەبین. دەشێ فۆرمەکان بگۆڕێن، بەڵام گەوهەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. دەشێ جەستە بگۆڕێت، بەڵام ڕۆح

ناگۆڕێت.

گرژی واتە خێرایی و ترس و گومان. گرژی واتە هەوڵ و تەقەللا لە پێناوی مانەوەدا بە سەلامەتی و ئاسوودەیی. گرژی واتە هەر لە ئیستاوە سەرقاڵی ئامادەباشی بین بۆ سبەینێ، یان بۆ پاش ژیان. گرژی واتە ترس لەوەی نەوەکو سبەینێ وا نەبێت وەک ئەوەی چاوەڕێی دەکەین... گرژی واتە ئەو ڕابردووەی کە بە ڕاستی نەژیاویت و هەر تێپەڕیوە و بەس. واتە ئەو ڕابردووەی کە نووساوە پێتەوە و لێت نابێتەوە.

شتێکی بنەڕەتی هەیە سەبارەت بە ژیان، لە بیرت نەچێت: هەر ئەزموونێک کە نەژیاویت، لێت نابێتەوە و بەردەوام لە بەردەمتدا قوت دەبێتەوە و پێت دەڵێت: تەواوم بکە. ئەمە مەسەلەیەکی گەوهەرییە لە هەر ئەزموونێکدا کە دەیەوێت تەواو بکرێ. گەر تەواو کرا، نامێنێت. بەڵام گەر بە ناتەواوی جێهێڵرا، پێدادەگرێتەوە. ئازارت دەدات، دەبێتە سەودای سەرت و بەردەوام پێت دەڵێت: "دەتەوێ چیم لێ بکەیت؟ تۆ تەواوت نەکردووم. تەواوم بکە".

ئەمە ڕابردووی تۆیە، یادەوەری، هەندێ ئەزموون کە بە تەواوی تیایاندا نەژیاویت، یان تیایاندا بە ساردی ژیاویت نەک بە گەرموگوڕی. ئەمە تۆیت، لە نێوان ڕابردوویەکدا کە شەوانە خەوت دەزڕێنێت و لە نێوان پاشەڕۆژێکدا کە مایەی ترس و وەهمە، جۆلانە دەکەین. لە نێوان ئەم دووانەشدا ئیستات ون بووە کە حەقیقەتە... حەقیقەت. کەواتە تۆ دەبێ دەست بە خاوبوونەوە بکەیت. بەر لە هەموو شتێک دەست بە خاوبوونەوەی جەستەت بکە. لە یادت نەچێت چەند دەتوانیت

بایەخ بە جەستەت بدە، ئەو جێیانەی گرژییان تێدایە، ملت، سەرت، قاچت. بە ئاگامەندییەوە خاویان بکەرەوە. سەرنجت بخەرە سەر ئەو ئەندامەی کە دەتەوێ خاوی بکەیتەوە و بە خۆشەویستییەوە پێی بڵێ: خاو ببەرەوە.

لەوانەیە ئەم قسەیەی منت پێ سەیر بێت، بەڵام ئەوە جەستەتە و ئامادەیە گوێت لێ بگرێت و فەرمانەکانت جێبەجێ بکات. چاوت بنووقێنە و بچۆرە ناو جەستەی خۆتەوە، هەر لە پەنجەی پێتەوە تا تەوقی سەرت بگەڕێ و بزانە لە کوێی جەستەتدا گرژی هەیە. پاشان وەک چۆن لەگەڵ هاوڕێیەکتدا قسە دەکەیت، بەو جۆرە قسە لەگەڵ ئەو ئەندامەی جەستەتدا بکە. با گفتوگۆیەک لە نێوان تۆ و جەستەتدا دروست بێت. پێی بڵێ تا خاو بێتەوە. پێی بڵێ کە پێویست بە ترس ناکات، مەترسە، من لێرەم تا ئاگام لێت بێت، دەتوانیت خاو ببیتەوە. ئیدی، وردە وردە کاردانەوەی دەبێت و جەستەت خاو دەبێتەوە.

ئینجا هەنگاوێکی تر بنێ، هەنگاوێکی قووڵتر: بە زەینت بڵێ تا خاو بێتەوە. کە جەستەت گوێی لێ گرتیت، زەینیشت گوێت لێ دەگرێت. بەڵام تۆ ناتوانیت لە زەینتەوە دەست پێ بکەیت. دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێ بکەیت. ناتوانیت لە ناوەڕاستەوە دەست پێ بکەیت. زۆر کەس لە زەینەوە دەست پێ دەکەن و شکست دەهێنن، لەبەر ئەوەی لە شوێنی هەڵەوە دەست پێ دەکەن. دەبێ هەموو شتێک بە فەرمانی دروست دەست پێ بکات.

ئەگەر توانیت وا لە جەستەت بکەیت بە ویستی خۆی خاو بێتەوە، ئەوکات دەتوانیت وا لە زەینیشت بکەیت بە

ویستی خۆی خاو بێتەوە. زەین دیاردەیەکی ئاڵۆزترە. وەختێ متمانەت بەوە دەبێت کە جەستەت گوێی لێ گرتوویت و خاو بووەتەوە، زیاتر متمانەت بە خۆشت دەبێت، زیاتری بۆ خاوبوونەوە دەوێت، بەڵام هەر ڕوو دەدات.

وەختێ زەینیشت خاو بووەوە، دەست بە خاوکردنەوەی دڵت بکە: دونیای هەست و سۆزەکانت، کە ئەمیش ئاڵۆزترە، ناسکترە. بەڵام تۆ ئێستا بە متمانەوە ئەوە ئەنجام دەدەیت، بە متمانەیەکی زۆرەوە بە خۆت. دەشزانیت کە ئەوە شتێکی مەحاڵ نییە. وەک چۆن لەگەڵ جەستە و زەینتدا مەحاڵ نەبووە. ئینجا بە تەنها ئەوکاتە، واتە کاتێک لەم سێ هەنگاوە بوویتەوە، دەتوانیت بەرەو هەنگاوی چوارەم بڕۆیت، بەرەو قووڵایی گەوهەری بوونت، کە لەودیو جەستە و زەین و دڵتەوەیە: واتە وا لە سەنتەری بوونتدا. بێگومان دەتوانیت ئەویش خاو بکەیتەوە.

خاوبوونەوە لەگەڵ خۆتدا ترۆپکی شادیت بۆ دەهێنێت، ترۆپکی نەشئە، لێوانلێو دەبیت لە کامەرانی و بەختەوەری و لەگەڵ ژیاندا سەمای بوون دەکەیت.

تەواوی بوون سەما دەکات، جگە لە ئادەمیزاد. تەواوی بوون لە حاڵەتی خاوبوونەوەدایە... درەختەکان سەوز دەبن، گوڵ دەکەن و بەر دەگرن، باڵندەکان بەرەو بەرزایی ئاسمان لە شەقەی باڵ دەدەن، ڕووبارەکان دەڕژێنە دەریاکانەوە، ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە... هەموو شتەکان لە ترۆپکی خاوبوونەوەدان، بەبێ ئەوەی هیچیان پەلە بکەن، هەڵپە بکەن، نیگەران بن، بە تەنها ئادەمیزاد نەبێت... لەبەر ئەوەی ئادەمیزاد بووە بە قوربانیی دەست زەینی خۆی.

ئادەمیزاد دەتوانێت بۆ ئاسمان بەرز بێتەوە و دەشتوانێت تا ئاستی گیانەوەر دابەزێت. ئادەمیزاد توانای کشانێکی زۆری هەیە، لە نزمترینەوە بەرەو بەرزترین. ئادەمیزاد وەک پەیژە وایە.

لە جەستەتەوە دەست پێ بکە و پاشان وردە وردە بەرەو قووڵاییەکان بچۆ.. تا هەنگاوی یەکەمیش چارەسەر نەکەیت، بۆ هەنگاوی دووەم مەچۆ. ئەگەر گرژ بوو، بە زەینت دەست پێ مەکە، بەڵکو چاوەڕێ بکە و کار لەسەر جەستەت بکە تا خاو دەبێتەوە. شتە بچووکەکان یارمەتیی گەورەت دەدەن.

بوودا بە قوتابییەکانی دەوت: "زۆر بە شێنەیی بڕۆن، ئاگاتان لە هەموو هەنگاوێکی خۆشتان بێت" ئەگەر ئاگاتان لە هەموو هەنگاوێکی خۆتان بوو، ئەمە واتە دەتوانن زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی ڕێ بکەن. ئەگەر ڕا بکەن، پەلە بکەن، ناتوانن هیچ بهێننەوە یادی خۆتان. بۆیە بوودا هەمیشە بە شێنەیی دەڕۆیشت.

بە تەنها هەوڵ بدە زۆر بە شێنەیی بڕۆیت، سەرت سووڕدەمێنێت، ئاگامەندییەکی نوێ لە جەستەتدا دەست پێ دەکات. بە شێنەیی نان بخۆ. دووچاری سەرسووڕمان دەبێت. خاوبوونەوەیەکی گەورە ڕوودەدات. هەموو شتێک بە شێنەیی ئەنجام بدە.

بە ناو ئایینەکان وایان لە ئێوە کردووە گرژ بن. لەبەر ئەوەی گوناهیان لە ناو ڕۆحی ئێوەدا دروست کردووە. هەوڵی من ئەوەیە یارمەتیتان بدەم تا لەو گوناه و ترسە ڕزگارتان بێت. دەمەوێ پێتان بڵێم: بەهەشت و دۆزەخ لە ناو ناخی خۆتاندایە، لەبەر ئەوە نە لە دۆزەخ بترسن و

نـە تەماعـی بەهەشتیشـتان هەبێـت. تـۆ خـۆت دەتوانیـت ئـەم چرکەسـاتەی ئێسـتا تیایدایـت بکەیـت بـە دۆزەخ و دەشـتوانیت بیکەیـت بـە بەهەشـت. دۆزەخ ئـەو کاتەیـە کـە نـاوەوەت گـرژە، بەهەشـتیش ئـەو کاتەیـە کـە نـاوەوەت خـاو بووەتـەوە.

## پەیوەندیی خاوبوونەوە بە ئاگامەندییەوە

*** بەلای منەوە خاوبوونەوە هەمیشە حاڵەتی بوون بووە. هەر لەو حاڵەتەشدا ئاگایی یان چاودێری مومکینە، یان زۆر ئاسانترە. هەر بۆیە، ئاخۆ دەکرێ باسی پەیوەندیی خاوبوونەوەمان بۆ بکەیت بە ئاگامەندییەوە؟**

ئەو دووانە نەک هەر بە یەکەوە پەیوەستن، بگرە دووڕووی یەک دراون و ناتوانیت لە یەکیان جیا بکەیتەوە. تەنانەت گەر بە ئاگامەندیش دەست پێ بکەیت، دوایی خۆت دەبینیتەوە کە خاوبوویتەتەوە... گرژییەکەت هی چییە؟ هی ئەوەیە کە هەموو بیرۆکەیەک کارت تێ دەکات: ترس، مردن، ئیفلاسکردن، دابەزینی نرخی دۆلار... هەموو ئەمانە دەبنە هۆی گرژیت و کار لە جەستەشت دەکەن. جەستەشت گرژ دەبێت، لەبەر ئەوەی جەستە و زەینت دوو شتی لە یەک جیا نین. هەردووکیان یەک سیستم پێک دەهێنن، کە زەین گرژ بوو، جەستەش گرژ دەبێت.

دەتوانیت بە ئاگامەندییەوە دەست پێ بکەیت، ئاگامەندیی تۆ لە زەینت دادەبڕێت و ئەوکات جەستەت بە شێوەیەکی

سروشتی خاو دەبێتەوە. هەروەها لە سای ڕۆشنایی ئاگامەندیدا، گرژی نامێنێت.

دەشتوانیت بەودیوی تردا دەست پێ بکەیت. خاوبەرەوە، هەرچی گرژی هەیە بیخەرە لاوە، کە تەواو خاو بوویتەوە، ئاگامەندی خۆی لە ناختدا سەرهەڵدەدات.

هەردووکیان لە یەک جیا نابنەوە، بەڵام دەستپێکردن لە ئاگامەندییەوە ئاسانترە. دەستپێکردن لە خاوکردنەوەی جەستەوە، کەمێک دژوارترە، چونکە جاری وایە تەنانەت هەوڵ و کۆشش بۆ خاوکردنەوەی ئەندامێک دەشێ گرژییەک دروست بکات.

کتێبێکی ئەمەریکی هەیە ناوی (دەبێ خاوببیتەوە)یە. سەرنج بدە، هەر بە تەنها وشەی "دەبێ" خۆی گرژی دروست دەکات. ئەم وشەی "دەبێ"یە لە فەرمانێکی خودایی دەچێت. دیارە ئەو کەسەی ئەو کتێبەی نووسیوە نە هیچ دەربارەی خاوبوونەوە و نە هیچ دەربارەی گرفتەکانی خاوبوونەوەش دەزانێت.

ئێمە لە خۆرهەڵات، هەرگیز لە خاوبوونەوەوە دەست پێ ناکەین، بەڵکو تێڕامان لە ئاگامەندییەوە دەست پێ دەکەین. ئیتر خاوبوونەوە خۆی دروست دەبێت.

دەشتوانیت لە خاوکردنەوەوە دەست پێ بکەیت، بەڵام بە شێوازی ئەمەریکی نا. ئەمەریکییەکان لەمڕووەوە هێشتا تازەن. بەڵام ئەوروپییەکان ئەزموونیان زیاترە، گەرچی خۆرهەڵات هەزاران ساڵی لەسەر ئەم ئەزموونە تاقی کردووەتەوە، واتە ئەزموونی گەڕان بە دوای خودی ناوەوەدا.

تەمەنی ئەمەریکا سێسەد ساڵێکە، بۆ تەمەنی میللەتانیش

سێسەد ساڵ هیچ نییە، بۆیە ئەمەریکا گەورەترین مەترسییە بۆ سەر جیهان. چی چەکی ناوەکی هەیە وا لە دەستی منالاندا. ڕووسیا ئاقلانەتر ڕەفتار دەکات، چونکە مێژوو و ئەزموونێکی درێژیان هەیە. لە ئەمەریکادا مێژوو نییە. لەوێ هەموو کەسێک بە تەنها ناوی باوکی و باپیری دەزانێت و تەواو. ئیتر شەجەرەی خێزانەکەیان لەوێدا کۆتایی دێت.

بەڵام هیندستان بە پێچەوانەوە. زانا خۆرئاواییەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە تەمەنی "ڕیگ ڤیدا"، کۆنترین کتێبی جیهان، بە پێنج هەزار ساڵ بخەملێنن. کێشەیەک هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە بە پێی ئایینی مەسیحی، خودا جیهانی چوارهەزار و چوار ساڵ بەر لە مەسیح دروست کردووە، واتە ئێستا تەمەنی جیهان تەنها شەش هەزار ساڵە. واتە ئەوان دەبێ هەرچییەک هەیە بیئاخننە ئەو شەش هەزار ساڵەوە و لەوە دوورتر نەڕۆن. چونکە دوورتر ڕۆیشتن واتە وەستانەوە دژ بە مەسیحییەت و دژ بە ئینجیل و دژ بە مەسیح، ئەمەش شتێکی تەواو خەتەرناکە.

لۆکمانیا تیلاک، کە زانایەکی هیندییە، لە ڕێی لۆجیکێکی ڕاستەقینەوە سەلماندوویەتی کە لە "ڕیگ ڤیدا"دا وەسفی کۆمەڵە ئەستێرەیەک کراوە، کە فەلەکناسان تەواو دڵنیان کە نەوەدهەزار ساڵ لەمەوبەر دروست بووە. لۆکمانیا سەلماندوویەتی کە "ڕیگ ڤیدا" ئەگەر کۆنتر نەبێت، ئەوا ئەویش مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدهەزار ساڵ لەمەوبەر.

هەمیشە کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، ئایینی، سۆسیۆلۆجی و ئابووری هەن کە بەردەوام ئازارت دەدەن و گرژیت

بۆ دروست دەکەن. بۆ ڕزگاربوون لەم کێشانە، ئێمە لە خۆرهەلات بە تێڕامان دەست پێدەکەین. تێڕامانیش ئاگامەندی دەهێنێت و ئاگامەندییش خاوبوونەوە. بەلام خۆرئاواییەکان شتێکی تر دەلێن. ئەوان دەلێن دەبێ بە خاوبوونەوە دەست پێ بکەین. لەبەر ئەوە ناچاربووم جۆرێکی تری تێڕامان بۆ ئەو خۆرئاواییانە بدۆزمەوە کە دەیانویست لەگەلمدا بمێننەوە. بۆیە پێم دەوتن چی لە دلتاندایە هەلیبڕێزن، تەنانەت ئەگەر قسەی بێسەروبەریش بێت. ئیدی بەم جۆرە گوزارشت لەو شتانە دەکەن کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ئازارتان دەدەن... ئامۆژگاریم دەکردن کە سەرەتا بەم جۆرە تێڕامانە دەست پێ بکەن، لەبەر ئەوەی یارمەتیی جەستە دەدات تا لە گرژی ڕزگارت بێت. گومانیش لەوەدا نییە کە ڕزگاربوون لە گرژی، واتە هەستکردن بە خاوبوونەوە.

ڕامانی وڕێنەکردن (یان قسەی بێسەروبەر) Gibberish meditation، بریتی بوو لەوەی هەموو کەسێک ڕێگاپێدراو بوو بە دەنگی بەرز ئەوە بلێت کە بە خەیالیدا دێت. هەلبەت شتێکی خۆشیش بوو گوێ لە هەندێ قسە بگریت کە هیچ مانایەکیان نەبوو، کە دەشێ قسەی بریندارکەر بن، دەشێ قسەی شیرینیش بن... بەتایبەتی من تاقە شایەتیش بووم. ئەوان هەموو جۆرە شتێکیان دەکرد، تاقە مەرج ئەوە بوو کە نابێ کەس دەستی بەر جەستەی کەسێکی دی بکەوێت. چیت بوێت دەیکەیت. هەندێکیان لەسەر سەریان ڕادەوەستان، هەندێکی تریان جلەکانیان دادەکەند و بە ڕووتی دەهاتن و دەچوون و ڕایان دەکرد. ئەمەش سەعاتێکی ڕێکی دەخایاند.

پیاوێک لە پیاوەکان وا ڕاهاتبوو دەهاتە بەر دەمی من،

لـەوە دەچـوو دەڵاڵ و شـتی وا بێـت، ئینجـا دەسـتی دەکـرد بـە تەلەفۆنکـردن. هـەلاو، هـەلاو. لەگـەڵ کـێ؟ نازانـم. لەوانەیـە لەگەڵ کەسیشـدا قسـەی نەکردبێت. قسـەی دەکرد و بـە خەیاڵ وای دەهێنایـە پێـش چـاوی خـۆی کـە کەسـەکەی تـر وەڵامـی دەداتـەوە و ئیـدی پێکـەوە دەدوان.

کاتێـک ڕامانەکـە تـەواو دەبـوو، دە دەقیقـە بـۆ خاوبوونـەوە هەبـوو. هەڵبـەت لـەم دە دەقیقەیـەدا هەمـوو خۆیـان لـێ دەدا بـە زەویـدا، چونکـە مانـدوو دەبـوون. هەمـوو خاشـاکەکە لـە لـەش و دەروونیـان چووبـووە دەرێ، بۆیـە پاکـژ دەبوونـەوە و خـاو دەبوونـەوە. هەندێکیـان دەهاتـن و پێیـان دەوتـم: "ئـەو دە دەقیقەیـە درێـژ بکـەرەوە، لەبـەر ئـەوەی لـە ژیانمانـدا خاوبوونـەوەی وامـان بـە خۆمانـەوە نەدیـوە، خۆشـیی وامـان نەدیوە. ئێمـە نەماندەزانی کە ئاگامەندی چییە، بەڵام هەستمان دەکـرد وا خـۆی دێـت".

لەبـەر ئـەوە ئەگـەر دەتـەوێ بـە خاوبوونـەوە دەسـت پـێ بکەیـت، دەبـێ بچیتـە پرۆسـەی پاکژبوونـەوەوە، ڕامانـی داینامیکـەوە، یـان ڕامانـی وڕێنـەوە. لەوانەیـە نەزانن ئـەم ڕامانـی وڕێنەیـە لـە کوێـوە هاتـووە. ئەمـە لـە سـۆفییەکەوە هاتـووە کـە نـاوی جەبـار بـووە و ئـەم جـۆرە ڕامانـەش تاقـە ڕامـان بـووە لای ئـەو. داوای لـە موریدەکانـی دەکـرد دابنیشـن و چییـان دەوێـت بیڵێـن. تەنانـەت خۆیشـی بـە هەمـان شـێوە قسـەی لەگـەڵ دەکـردن، واتـە قسـەی بێسـەروبەری لەگـەڵ دەکـردن. کـەس لێـی تێنەدەگەیشـت. کاری سـەرەکیی ئـەوە بـوو بەرامبەرەکـەی هـان بـدات ئـەوەی بـە خەیاڵیـدا دێـت، بیڵێـت. بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی بـەو جـۆرە ئەقڵـی لـە هۆکارەکانـی گـرژی ڕزگار دەکـرد.

جەبار بەم شێوەیە توانیی یارمەتیی زۆر کەس بدات بگەن بە قۆناغی بێدەنگیی ڕەها... ئەقڵ لە گرژییەکان پاک دەبووەوە... کەواتە بێدەنگی ئاڵتەرناتیڤی چەنەبازییە و وردە وردە ڕووناکیی ئاگامەندییش دەردەکەوێت.

ئەوەی بەسەر ئەقڵدا دەچەسپێت، بەسەر جەستەشدا دەچەسپێت. لێگەڕێ جەستەت چیی پێ خۆشە با بیکات. گەر ویستی سەما بکات، با بیکات. گەر ویستی ڕا بکات، با بیکات. پێی بڵێ "تۆ ئازادیت... حەزت لە چییە، بیکە" ئیتر سەرت سووڕدەمێنێت لە کارەکانی جەستەت و دەڵێیت: "خودایە، جەستەم دەیویست هەموو ئەم شتانە بکات و کەچی من ڕێم لێی دەگرت... ئەوەش گرژییەکە بوو؟!".

هەر بۆیە، دوو جۆر گرژی هەیە: گرژیی جەستەیی و گرژیی ئەقڵی. دەبێ بەر لە خاوکردنەوە، هەردوو جۆرە گرژییەکە لا ببرێن، ئینجا خاوبوونەوە دەبێتە مایەی هاتنی ئاگامەندی. گەرچی لە ئاگامەندییەوە دەستپێکردن ئاسانتر و سوودبەخشترە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئێمە زۆربەی جار بەبێ ئەوەی بۆ خۆمان بزانین، بەبێ ئەوەی ئاگامان لە قووڵایی ناخمان بێت، ئاگامەندی بەکار دەهێنین. تەنها بایەخ بە دەرەوە دەدەین و ناوەوەمان پشتگوێ دەخەین. هەر ئەوەندە کە چاومان دەنووقێنین، ئینجا دەبینین چۆن زنجیرەیەک شت بە دوای یەکدا دێن: بیروبۆچوون، هەڵچوون و خرۆشان، خەون و خەیالات. ئەوەی کە لەگەڵ دونیای دەرەوەتدا دەیکەیت، لەگەڵ دونیای ناوەوەدا ڕوو دەدات. کاتێکیش بایەخی ئەم شایەتییەی خۆتت بۆ دەردەکەوێت، هەر کاتێک دەرفەتت بۆ ڕەخسا، دادەنیشیت و چاودێریی

دەوروبەر و ناوەوەی خۆت دەکەیت.

پێویست ناکات بچیت بۆ کڵێسا، یان پەرستگە و مزگەوت، لە هەر شوێنێکدا بێت کە بە گونجاوی بزانیت، دەتوانیت ئەو کارە ئەنجام بدەیت. چاوەکانت دەنووقێنیت و کاتی پێویست بۆ چاودێریکردنی خۆت وەردەگریت. ئەو کاتەی کە دەبێتە جوانترین کاتەکانی ژیانت. وردە وردە ئاگامەندی گەشە دەکات و دەچێتە ناو هەموو خانەکانی جەستەتەوە و کەسێتیت بە تەواوی دەگۆڕێت و هەست دەکەیت لە نەستەوە بەرەو ئاگامەندی دەچیت... ئەمەش هەنگاوێکی دڵڕفێنە.

# ئایا دەکرێ لە ڕێی خاوبوونەوەوە ڕۆشن ببینەوە؟

ئەم پرسیارە لە کەسێک دەکەیت کە زۆربەی کاتی خۆی بۆ خاوبوونەوە تەرخان کردووە. ئەمە گەوهەری فەلسەفەی ژیانە لای من. پێویستە بەبێ هیچ ڕەنجێک خاوببینەوە و هەست بە هیچ گرژییەک نەکەیت، ئیدی لە پڕێکدا هەست دەکەیت لە باخچەیەکی پڕ لە گوڵ دەچیت.

بەڵام زۆربەی ئایینەکان پێچەوانەی ئەمە فێری خەڵک دەکەن. پێیان دەڵێن کە ڕۆشنبوونەوە گەلێک سەخت و دژوارە و ڕەنجی هەموو تەمەنی دەوێت. ئینجا گەرەنتییەک نییە و لەوانەشە ڕێگا وێڵ بکەیت و ڕەنجەکەشت بە فیڕۆ بڕوات و بە ڕێکەوت هەندێ کەس بە ڕۆشنبوونەوە دەگەن.

ملیۆنەها کەس هەوڵیان داوە پەی بە ڕێگای ڕۆشنبوونەوە بەرن، بەڵام نەیانتوانیوە. گەیشتن بە ڕۆشنبوونەوە مەحاڵە تەنها لە ڕێی خاوبوونەوە و بێدەنگییەوە نەبێت. خاوبوونەوە ئەو خاکەیە کە گوڵەکانی ڕۆشنبوونەوەی تیا دەڕوێت. بەدەر لەمە، هەر ڕێگایەکی تر ئادەمیزاد بەرەو وێرانکردنی ئەقڵ و جەستە دەبات.

ئـەوەی پێویسـتە، وریایـی و ڕامـان و ئاگامەندییـە. ئـەم شـتانەش پێویسـتیان بـە ڕەنـج نییـە، هەروەهـا بینیـن و چاودێریـش نابنـە هـۆی هیـچ گرژییـەک... ئەمانـە ئەزموونـی بـاڵان و پێویسـتە بیانناسـین.

دەڵێـن بـوودا سـەری سـوورماوە لـەوەی کاتێـک زانیـی ئـەو سـاتەی تیایـدا ڕۆشـن بووەتـەوە، هەمـوو بوونیـش ڕۆشـن بووەتـەوە. ئەمەشـی بـەو گۆڕانانـەدا بۆ دەرکـەوت کـە بەسـەر ژیانـدا هاتبـوون. وای لـێ هاتبـوو بـە قووڵـی دەیڕوانییـە خـودی خـۆی و هەمـوو کەسـێکی دی، تەنانـەت گیانـەوەر و دار و درەختەکانیـش. دەتوانیـت ئـەوە ببینیـت کـە تەنانـەت ئەوانیـش بـەرەو ڕۆشـنبوونەوە دەچـن. هەمـوو شـتەکان پێویسـتیان بەوەیـە پـەی بـە سروشـتی خۆیـان بـەرن، بەبـێ ئـەوە ژیـان نابێتـە خۆشـنوودی، نابێتـە ئاهەنگگێـڕی.

ژیـان وا دەخوازێـت کـە هەمـووان هاوکاریـی یەکدی بکـەن، نـەک هـەر کەسـە و هـەوڵ بـدات ئـازاری ئـەوی تر بـدات. گەرچـی لـە واقیعـدا وا نییـە و هەمـوو بیـر لە شکسـتی یەکتـری دەکەنـەوە. هەمـوو دەخـوازن ئەوانـی تـر بەدبەخـت بـن، ئەمـە لەبـری ئـەوەی یارمەتییـان بـدەن تـا بەختـەوەر بـن... بۆیـە بـەردەوام هـەوری تـار گـۆی زەویـی تەنیـوە. گـەر ئـەو خەڵکـە وا نەدەبـوو، ژیـان دەبـووە ئاهەنگێکـی بـەردەوام.

هەمـوو ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە ئێمـە هێشـتا بە ڕۆشـنبوونەوە نەگەیشـتووین و کەسـانێکیش هـەن دەیانـەوێ قەناعەتمـان پـێ بکـەن کـە گەیشـتن بـە ڕۆشـنبوونەوە ئەرکێکـی گەلێـک سـەخت و دژوارە. جگـە لەمـە، هۆکارێکـی گرنـگ هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە ئەقڵـی مرۆیـی بـەردەوام بـەدوای گرفتـدا دەگەڕێـت، لەبـەر

ئەوەی من "ego" بەسەر بیرکردنەوەماندا زاڵە. "من"یش هەمیشە دەیەوێت لە ڕێی لەڕوو وەستانەوەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەو ڕووەوەی کە باوەڕی وایە ئەو لەڕوو وەستانەوەیە گەورەیی و بڵندیی پێ دەبەخشێت.

هەر بە ڕاستیش ئەو کەسانە توانیویانە قەناعەت بە ملیۆنەها کەس بکەن کە ڕۆشنبوونەوە پێویست نییە. ئەمەشیان بە شێوازێکی زیرەکانەی وەها کرد کە پەنایان بۆ هەموو بەهانەیەک بردووە تا لە ڕێیانەوە "من"ی تۆ بوروژێنن... ئەمانە توانیویانە تۆ لە گۆلاو و چڵپاوی ژیاندا نوقم بکەن. ئەوانە دەیانەوێ تۆش وەکو ئەوان بیت، لە تاریکیدا بژیت، لە ئازار و ئەشکەنجەدا بژیت. بێگومان ڕۆژێک دێت ئەوانە وەکو کۆیلە بە ناوخۆیاندا دەچن، لەبەر ئەوەی هەموو ڕێگایەکی ڕزگاربوونیان لەدەست داوە و خۆیان بەو شتانەدا هەڵواسیوە کە لە بەلەنگازی و بەدبەختیدا دەیانهێڵێتەوە، چونکە هەوڵی ئەوە دەدەن کە نایەتە دی.

ئاخۆ هەرگیز سەگێکت بینیوە لە بەیانییەکی زستاندا چۆن خۆی داوەتە بەر خۆر؟ ئەو سەگە کلکی خۆی بینیوە و وتوویەتی: ئەمە چییە؟ ئیتر هەر بازی داوە تا کلکی خۆی بگرێت، بەڵام بێهوودە... بەبێ ئەوەی بزانێت کە مەحاڵە بیگرێت، لەبەر ئەوەی بەشێکە لە خۆی... ئەوانەش کە نایانەوێ تۆ ڕۆشن ببیتەوە، هانت دەدەن بە دوای ئەو شتەدا بڕۆیت کە ناتوانیت بیگەیتێ.

ڕۆشنبوونەوە شتێکی زۆر گران نییە و گەیشتنیش پێی مەحاڵ نییە. ئەوە گەوهەری سروشتی خۆتە. ئەوەی لەسەر تۆیە خاوبوونەوەی تەواوەتییە، تەنانەت گەر بۆ ماوەیەکی

کورتیش بێت. بەم جۆرە تۆ زەینت سامال دەبێت، ئەمەش وات لێ دەکات ئاگامەند بیت بەوەی "تۆ کێیت".

ڕۆشنبوونەوە ئاسانترین شتە لە دنیادا، بەڵام قەشە و پیاوە ئایینییەکان هەرگیز نایانەوێت جیهان هەمووی ڕۆشن بێتەوە. چونکە گەر ئەمە ڕوو بدات، ئیتر کەس نابێت بە مەسیحی، کەس نابێت بە کاسۆلیک، یان هیندۆس و ئایینێکی تر. بۆیە دەیانەوێت خەڵک ڕۆشن نەبنەوە، تا لە ئاستی سروشتی خۆیاندا بە نابینایی بمێننەوە و ببنە کۆیلەی "من"ی خۆیان. "من"یش هەرگیز بایەخ بە شتە ڕوونەکان نادات، بەڵکو زیاتر بایەخ بە ئامانجە دوورەکان دەدات. بەڵام ڕۆشنبوونەوە ئامانج نییە و دووریش نییە.

ڕۆشنبوونەوە خۆتیت.

داواکار؛ داواکراو خۆیەتی.

چاودێریکەر؛ چاودێریکراو خۆیەتی.

زانا؛ زانراو خۆیەتی.

وەختێ لەوە تێدەگەیت کە ڕۆشنبوونەوە بریتییە لە گەوهەری سروشتی خۆت، دەزانیت کە چیتر پێویست ناکات دەرەوەی خۆتی بۆ بگەڕێیت. لە ڕاستیدا ئایین بە سانسکریتی پێی دەڵێن دارما "Dharma" ئەم وشەیەش بە مانای "سروشت" دێت، واتە سروشتی مرۆیی تۆ... بە مانای کڵێسا یان خواناسی نایەت، بەڵکو بە مانای سروشتی تایبەت دێت. بۆ نموونە: دارمای ئاگر چییە؟ دارمای ئاگر ئەوەیە کە گەرم بێت. دارمای ئاو چییە؟ دارمای ئاو ئەوەیە کە بڕژێت. دارمای مرۆڤ چییە؟ ئەوەیە ڕۆشن بێتەوە، وەکو بوونەوەرێکی ئیلاهی خۆی بناسێت.

ئەگەر تۆ بە ئاسانی لە هێنانەدیی سروشتی خۆت گەیشتیت، ئەوا واتە زیرەک و بەئاوەزیت. خۆ گەر پێچەوانەکەی بوو، واتە زیرەک و بە ئاوەز نیت، بەڵکو کەسێکیت بایەخ بە "من" دەدەیت و خۆپەرستیت. ڕەنگە وەک هەندێ مرۆڤی خۆپەرست بتەوێت دەوڵەمەند بیت، یان وەک هەندێکی تر بتەوێ بە پلەوپایە و دەسەڵات بگەیت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ڕۆشنبوونەوە مەحاڵە.

هنری فۆرد، کە یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان و خاوەنی کۆمپانیای فۆردە، کە زیاتر لە سێسەد هەزار کرێکار کاری تێدا دەکەن، لێیان پرسی: ئەگەر ژیانێکی تر دەست پێ بکەیتەوە، چی دەخوازیت؟ وتی: نامەوێ ببمەوە بە دەوڵەمەندترین پیاو، چونکە ژیانم هەمووی دەبێت بە ئەشکەنجە و ناتوانم بژیم. ئەوەتانێ هەموو ڕۆژێک سەعات حەوت لە کۆمپانیام، کرێکارەکان سەعات هەشت دێن، ئیدارییەکان سەعات نۆ دێن، بەڕێوەبەر سەعات دە بێت. هەمووشیان سەعات پێنج دەڕۆنەوە، لە کتێکدا من جاری وایە تا شەو درەنگانێ دەمێنمەوە و کار دەکەم.

"من زۆر کارم کرد و ماندوو بووم تا بووم بە دەوڵەمەندترین کەس. بەڵام بە چی چوو؟ چێژم لە هیچ شتێک نەبینیوە. لە کرێکارەکانی خۆم زیاتر کارم کردووە. ئەوان لە من زیاتر چێژیان لە ژیان بینیوە. تەنانەت لە ڕۆژانی پشووشدا من چوومەتەوە بۆ کارگەکەم تا پلان بۆ داهاتوو دابڕێژم".

ڕاستە ئاسان نییە و سەختە، بەڵام ئەگەر ڕەنجی زۆر بدەیت دەتوانیت ببیت بە دەوڵەمەندترین کەس. دەتوانیت بە

لووتکەی ئیڤەرستدا سەربکەویت. بەڵام دەشتوانیت بەبێ ئەم ڕەنجە زۆرە دەوڵەمەند بیت، وەختێ ئەو ڕەنجە زۆرەت نەدا، گرژیی زەینت نابێت. گرژیی زەین کە دەبێتە هۆی گرژیی جەستەیی، ئەمانەش ڕێگرن لە بەردەم ڕۆشنبوونەوەدا.

تۆ پێویستت بە ڕزگاربوون هەیە، بە ئارامییەکی تەواوەتی، بە دۆخێکی بێدەنگ و خاڵی لە گرژیی بوون. کۆمەڵگا نایەوێت تۆ ڕۆشن ببیتەوە، ئایینەکان نایانەوێ ڕۆشن بیتەوە، سیاسەتمەدارەکان نایانەوێ ڕۆشن بیتەوە. لەبەر ئەوەی ئەوان بەم جۆرە دەتوانن لەسەر خوێنی تۆ بژین و بیمژن. ئەوان هەموو مرۆڤایەتی لە چەند خانەیەکی بێمانادا پۆلێن دەکەن: مەسیحییەت، هیندۆسی، جوولەکە... و ئاییني تر. وەک ئەوەی ئێوە کاڵا بن. وەک مۆر ئەو شتانە لە ناوچەوانتان دەدەن و لە سیفەتی مرۆیی داتاندەماڵن.

ئەگەر بتوانیت بگەیتە پلەی بەرزی ڕۆشنبوونەوە، ئەودەم دەبیتە مەشخەڵێک و ڕێگای ئەوانی تر ڕووناک دەکەیتەوە. کەس ناتوانێت کۆیلەت بکات و بەکارت بهێنێت. ئەگەر ئازادیت دەوێت؛ ڕۆشنبوونەوە ئازادییە. ئەگەر تاکێتیت دەوێ؛ ڕۆشنبوونەوە تاکێتییە. ئەگەر ژیانێکی پیرۆزت دەوێت؛ ڕۆشنبوونەوە ئەو ژیانەیە.

ڕۆشنبوونەوە گرنگترین ئەزموونی ژیانە. شتێکی ئاسانیشە. هەر هێندە خاوبوویتەوە، ئیتر دەیبینیت.

لێرە لە هیندستان شتێکی هاوتامان نییە بە فەلسەفەی خۆرئاوایی. لە خۆرئاوا؛ فەلسەفە واتە بیرکردنەوە لە حەقیقەت "خۆشەویستیی زانین"، بەڵام ئێمە لە هیندستان ئەوەی هەمانە پێی دەڵێین "دارشان Darshan". دارشانیش

بە مانای بیرکردنەوە نایەت، بەڵکو بە مانای بینین دێت.

حەقیقەت پێویست ناکات بیری لێ بکەیتەوە، بەڵکو دەبێ ببینیت. پێویستیش بەوە ناکات ئەملاوئەولای بۆ بگەڕێیت، بەڵکو حەقیقەت وا لە ناو خۆتدا، بۆیە ناو ناخی خۆتی بۆ بگەڕێ.

وەختێ حەقیقەتت ناسی، پێویستی بە فەزایەکی بەتاڵ هەیە لە ناو خۆتدا، فەزایەک کە سەرشار دەبێت لە ڕۆشنایی حەقیقەت. ئەو ڕۆشناییەی نەک هەر ژیانی خۆت ڕۆشن دەکاتەوە، بگرە ژیانی خۆت و ئەوانی تریش دەکات بە شانۆیەک بۆ شادی و خۆشنوودی. سەرتاپای ژیانت دەبێت بە جوانی، جوانیی جەستە نا، بەڵکو ئەو جوانییەی لە ناوەوە پرشنگ دەداتەوە، جوانیی ئاگامەندی.

# بەشی پێنجەم
# دەربارەی "من" Ego

# جیاوازی لە نێوان ڕێزلەخۆگرتن و کبریائدا چییە؟

جیاوازی لە نێوان ڕێزلەخۆگرتن و کبریائدا نییە. جیاوازی لە نێوان "من" و ڕێزلەخۆگرتندا یان کبریائدا هەیە. ڕێزلەخۆگرتن و کبریاء بۆ تۆ وەک تاکێک شتێکی سروشتییە. ئەوان بریتین لە کەرامەتی تۆ، لە قبوولکردنی تۆ بۆ خودی خۆت.

"من" بریتییە لە پرۆسەیەکی بەراوردکردن، بەڵام ڕێزلەخۆگرتن و کبریاء بەراورد ناکرێن، ئەمە جیاوازیی بنەڕەتییە.

لە "من"دا، بەردەوام تۆ بەراورد دەکەیت: من لەوانی تر بەرزترم، من لە تۆ باشترم، من لە تۆ باڵاترم، من قدیسم و تۆ گوناهباریت. ئیتر لەبەر هەر هۆیەک بێت، تۆ کە خۆت لەگەڵ یەکێکی تردا بەراورد دەکەیت، بەردەوام خۆت بە بەرزتر و ئەوی تر بە نزمتر لە قەڵەم دەدەیت.

بەڵام کبریاء بەراورد ناکرێ. هیچ دەربارەی ئەوانی تر ناڵێت. بەوپەڕی سادەیی دەڵێت: من ڕێز لە خۆم دەگرم، من خۆمم خۆشدەوێت، من شانازی بە خۆمەوە دەکەم، هەر لەبەر ئەوەی کە لەم گێتییە جوانەدا هەم. لەو چرکەساتەوەی

دەچیتە ناو ئەم بەراوردکردنەوە، دەست بە یارییەکی ناشرین دەکەیت.

ڕێزلەخۆگرتنم نابێتە کۆسپێک لە بەردەم ڕێزلەخۆگرتنی تۆشدا. لە ڕاستیدا من پێم خۆشە تۆش ڕێز لە خودی خۆت بگریت. تۆ ئەگەر شانازی بە بوونی مرۆیی خۆتەوە نەکەیت، ئەی کێ شانازی بە بوونتەوە بکات؟ بوونێک کە ئاگامەند بێت و پەی بە گرنگیی هەموو بوونیش بەرێت.

تۆ کاتێک کە شانازی بە خۆتەوە دەکەیت، ئەمە مانای ئەوەیە سوپاسی بوونت دەکەیت بۆ ئەوەی کە پێی بەخشیویت. بوون دەیەوێت شانازی بە خۆتەوە بکەیت، ئەوکات ئەویش ئامێزت بۆ دەکاتەوە، تا بزانیت کە منالێکی زۆڵ نییت. بوون ڕووناکیی خۆیت پێ دەبەخشێت و هەموو ئەو شتانەی کە پێویستت پێیانە.

کەواتە ڕێز لە خۆ گرتن و شانازی بە خۆوە کردن، نە یەکسانن بە خۆپەرستی و نە لەویش دەچن.

"من" پرۆسەیەکی بەراوردکردنە و وردە وردە دەگۆڕێت بۆ یارییەکی پیس... خۆپەرستی نەخۆشییەکی سایکۆلۆجییە. خۆپەرستی لەسەر ئەو باوەڕە بەندە کە تۆ پلەت لەوانی تر بەرزترە و زیاتر شایانی پێزانینیت، بەڵام ئەمە شتێکە لە ئینسانیەتەوە دوورە. وەلێ ڕێز لە خۆ گرتن شتێکی ترە و واتە ڕێزگرتن لەوانی تریش و خۆشحاڵبوون بەوەی ئەوانیش ڕێز لە خودی خۆیان بگرن.

من دژ بە من- و خۆپەرستیم، بەڵام دژ بە متمانەبەخۆبوون و ڕێزلەخۆگرتن نیم، کە لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی مرۆڤن.

# خاکەڕایی و شەرم و ترس

## * جیاوازی لە نێوان خاکەڕایی و شەرم و ترسدا چییە؟

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان خاکەڕایی و شەرم و ترسدا هەیە، بەڵام مرۆڤی نەزان- نائاگامەند، توانای جیاکردنەوەی ئەم سێ شتەی نییە، سەرباری ئەوەی ئەو جیاوازییە ڕوون و ئاشکرایە.

بەر لە هەموو شتێک دەبێ لە وشەی "خاکەڕایی" قووڵ بینەوە کە ئایینەکان مانایەکی جیاوازیان پێ بەخشیوە. ئایینەکان دەڵێن خاکەڕایی پێچەوانەی خۆپەرستییە، لە ڕاستیشدا وا نییە. لەبەر ئەوەی تەنانەت پێچەوانەترین وشەی خۆپەرستیش، بەشێک لە خۆپەرستیی تیایە، بەڵام لەودیو ڕوخسارێکی جوانەوە خۆی شاردووەتەوە. چونکە ئەوەی خۆی بە خاکەڕا دەزانێت، خۆی لە هەموو کەس بە خاکەڕاتر دەزانێت... ئەمەش هەر خۆپەرستییە. خاکەڕایی بە زمانێکی لەم جۆرە گوزارشتی لێ ناکرێ.

دەڵێن سێ ڕاهیبی مەسیحی کە هەر یەکەیان سەر بە دەیرێک بوو و هەرسێ دەیرەکەش لەسەر تەختایی شاخێک

بـوون، ڕۆژێکیـان کـە هـەوا زۆر گـەرم دەبێـت لـەو ڕێگایـەدا کـە ڕووبـەڕووی یـەک دەبنـەوە، پێویـستیان بـە پشـوو دەبێت و لـە ژێـر سـێبەری درەختێکـی گـەورەدا دادەنیشـن و ناچـار دەبـن لەگـەڵ یـەک بدوێـن. دواجـار هەموویـان مەسـیحین و باوەڕیـان بـە مەسیح و لەخاچـدان و زیندووبوونـەوەی هەیـە و باوەڕیشـیان بـەوە هەیـە مەریەمـی دایکـی بەبـێ ئـەوەی لەشـی بـەر پیاوێک بکەوێت دووگیـان بـووە پێـی. گەرچـی هـەر یەکەیـان و سـەر بـە تیرەیەکـی جیاواز بـوون.

یەکێکیـان هەڵیدایـە و وتـی: گومـان لـەوەدا نییـە کـە لـە دەیرەکانـی ئێـوەدا شـتی بـەرز و جـوان زۆرن، بـەڵام ئـەو دانایـی و ئاسـتە بـەرزەی فێرکـردن کـە لـە دەیرەکـەی ئێمـەدا هەیـە، لەوانـەی ئێـوەدا نییـە.

دووەم ڕاهیـب وەڵامـی دایـەوە و وتـی: حـەزم نەدەکـرد بکەوینـە ئـەم جـۆرە گفتوگۆیـەوە، بـەڵام تـۆ دەسـتت پـێ کـرد. ڕەنگـە لـە دەیرەکـەی ئێـوەدا دانایـی هەبێـت و ئاسـتی فێرکـردن بـەرز بێـت، بـەڵام مەسـەلەکە لەمـەدا نییـە، بەڵکـو لەوەدایـە کـە کـەس سـەنگینتر و جیدیتـر و باوەڕدارتـر نییـە لەوانـەی لـە دەیرەکـەی ئێمـەدان.

سـێیەم ڕاهیـب سـەیری هەردووکیانـی کـرد و پێکەنـی و وتـی: هەردووکتـان ڕاسـت دەکـەن، بـەڵام ئێـوە گەوهـەری مەسـیحییەتتان لـە بیـر چـوو: خاکەڕایـی، ئەمـەش ئـەو شـتەیە کـە هەمـوو کەسـێک لـە دەیرەکـەی ئێمـەدا دەیبینێـت، ئـەوەی کـە "تـۆ" لـە خاکەڕاییـدا باڵاتریـت.

باڵابوون لـە خاکەڕاییدا، واتـە جڵەوکردنـی "مـن" و هەوڵدان بـۆ زاڵبـوون بەسـەریدا. هەروەهـا واتـە مـرۆڤ لـە توانایدایـە

جڵەوی خۆپەرستێتیی خۆی بکات تا خۆی وەک کەسێکی خاکەڕا پیشان بدات. بەڵام لەڕاستیدا ئەم خاکەڕاییە ساختەیە. تا شتی ساختەش نەناسیتەوە، نازانیت شتی ڕاستەقینە چییە.

کاتێکیش ساختەییت ناسییەوە، ڕاستی و حەقیقەت خۆی بە ڕوونی لە بەرچاوتدا دەخاتە ڕوو.

کەسی خاکەڕای ساختە ئەو کەسەیە کە توانیویەتی "من"ی خۆی بچەپێنێت و خۆی وا پیشان بدات کە خاکەڕایە، بەڵام دەیەوێ بە خاکەڕایی باشترین بێت و پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

خاکەڕایی ڕاستەقینە پەیوەندیی بە "من"ەوە نییە... و بە تەنها لە نائامادەبوونی "من"دا دێتە دی. کەسێکی بە ڕاستی خاکەڕا، ئەو کەسەیە کە خۆی وەکو خۆی پێ قبووڵە، بەبێ ئەوەی خۆی لەوانی دی بە باشتر بزانێت. خەڵک خۆیان چۆنن وەهان... ئیدی بۆ بەراوردیان بکەین؟ بۆ پۆلێنیان بکەین؟ ئەم باشترە و ئەو خراپترە؟.

لە هەمان کاتدا؛ پێویستە خاکەڕایی ڕاستەقینە بناسیت. جارێکیان ژنێکی مژدەدەری مەسیحی هاتە لام و ئینجیلی دامێ و داوای لێ کردم بە وردی بیخوێنمەوە. بە کەسێکی زۆر خاکەڕا دەهاتە بەر چاو، بەڵام هەر هێندەی پێم وت: "ئەم شتە هیچە لە بەرچاوم دوور بخەرەوە... ئەم کتێبە هەر پیرۆز نییە". لە پڕێکدا پیامدا هەڵشاخا و تەواو تووڕە بوو. منیش زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و پێم وت: "کتێبەکە لە شوێنی خۆی دابنێرەوە و دڵنیابە بە وردی دەیخوێنمەوە، بەڵام گوێ بگرە با شتێکت پێ بڵێم: تۆ ئینسانێکی خاکەڕا نیت، ئەگینا ئاوەها پیامدا هەڵنەدەشاخایت و ئیهانەت نەدەکردم".

بەوپەڕی سادەیی بیڵێم، خاکەڕایی ڕاستەقینە نەمانی "من"ە، دەستبەرداربوونی هەموو ئەو شتە پڕوپووچانەیە کە لە لات کەڵەکە بوون. خاکەڕایی ڕاستەقینە ئەوەیە لە مناڵێکی بچووک بچیت کە نازانێت کێیە و هیچ دەربارەی جیهان نازانێت. مناڵێک کە هەموو شتەکان بە ڕوونی دەبینێت، سەوزایی درەخت بە جۆرێک دەبینێت کە کەسی تر وەها نایبینێت... تۆ پێویستت بەوە هەیە بە دڵپاکی بمێنیتەوە.

کەسی خاکەڕا لە بازنەیەکدا دەژی؛ کە بریتییە لە بازنەی مناڵی... ئەو مناڵەیە کە بە بینینی هەموو شتێکی تازە سەرسام دەبێت. کاتێک بەردەچەو و سەدەفەکانی کەنار دەریا کۆدەکاتەوە، لای وایە بەردی بە نرخ و مرواری کۆدەکاتەوە.

کە مناڵ بووم، دایکم و ئەو بەرگدرووەشم هەراسان دەکرد کە جلەکانی بۆ دەدرووم. داوام لێ دەکرد لە چاکەتەکەدا، یان لە پانتۆڵەکەدا گیرفانی زۆرم بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەو بەردەچەوانەی بخەمە ناو کە لە کەنار دەریا کۆم دەکردنەوە. دایکیشم بەمە پەست دەبوو.

مناڵی واتە ڕوونبینی، واتە شەفافیەت، لەم حاڵەتەشدا جیهان لە پەرجوویەک دەچێت. مرۆڤی خاکەڕاش ئەو مرۆڤەیە کە دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ بوونی پڕ لە شتە سەیروسەمەرەکان... تۆ بڕوانە خاک، هەزاران گوڵ و هەزاران داری بەرداری تیا دەڕوێت، خاک خۆی ڕەق و زبرە، بەڵام ناسکترین و جوانترین گوڵی تیا دەڕوێت. خاک خۆی هیچ ڕەنگێکی نییە، ئەی ئەم هەموو ڕەنگانە لە کوێوە دێن؟ سەوزیی درەختەکان لە کوێوە دێن؟

کەسی خاکەڕا ئەو کەسەیە کە مناڵ دەبێتەوە، هیچی نییە

تا ڕایبگەیەنێت، ئەو هەر سوپاسگوزاری بوونە، ئەو منداڵەیە کە بەرامبەر هەموو شتەکان سەرسام دەبێت.

مرۆڤی خاکەڕا ئەو کەسەیە کە بەبێ مەرج سوپاسگوزارە، بە تەنها بۆ خودا نا، بەڵکو بۆ بوونەوەرە مرۆییەکان و بۆ درەختەکان و ئەستێرەکان و هەموو شتێکی ئەم بوونە.

شەرمکردنیش گوزارشتێکی ترە لە کاریگەرییەکانی "من"، کە دەیەوێت لە پشت شتێکی بە ڕواڵەت جوان یا ڕازاوەوە خۆی بشارێتەوە. مرۆڤی شەرمن، بەتایبەتیش ژنانی خۆرهەڵات، وەختێ گوێیان لە کەسێک دەبێت وەسفیان دەکات، هەست بە شەرم دەکەن. ڕەنگە شایانی ئەو وەسفەش نەبن، خۆشیان ئەوە بزانن، بەڵام "من"یان لە پشتی ئەو شەرمەوە دەشارنەوە.

لە خۆرئاوا؛ وردە وردە شەرم لای ژنان نەماوە، لەبەر ئەوەی بەهایەکی نەماوە و نیشاندەری نەریتێکی درێژخایەنی کۆیلایەتییە و ژن لە خۆرئاوادا خۆی لەو کۆتە ڕزگار کردووە.

ئەو چرکەساتانە کامانەن کە تیایاندا هەست بە شەرم دەکەیت؟

ئەو ساتانەن کە تیایاندا کەسێک ستایشت دەکات، یان پێت دەڵێت: "تۆ زۆر جوانیت" لە کاتێکدا خۆیشت دەزانیت کە وا نییە. لەم حاڵەتەشدا شەرم پەرچەکرداری "من"ە بۆ ئەو ستایشە.

دەتوانیت ئەوە تاقی بکەیتەوە و بە ناشرینترین پیاو یان ژن بڵێیت: "ئای خوایە؛ لە دونیادا جوانێکی تری وەک تۆ نییە. تۆ لە کلیۆپاتراش جوانتریت!".

تەنانەت ناشریترین ژنیش ئەمەی پێ خۆشە و وەڵامت

دەداتـەوە: "تـۆ تاقـە مرۆڤیـت قـەدری جوانـی بزانیـت".

"مـن" بـە هـەزاران شـێوە گوزارشـت لـە خـۆی دەکات. کەسـی خۆنەپەرسـت هەسـت بـە شـەرم نـاکات... و نایەوێت وەسـفی شـتێکی بکەیت کـە تیایدا نییـە. بەڵکو ئـەو دەیەوێت حەقیقەتـی پـێ بڵێیت، حەقیقەتـی تـەواو.

تـرس و خاکەڕایـی و سـاختە و هەسـتکردن بـە شـەرم، شێوەی جیاوازی گوزارشـتکردنن لـە "مـن" و جگـە لـە "مـن"، هیـچ ئەندامێکـی تر نییە لـە جەسـتەتدا هەست بە ترس بکات. بە تەنهـا "مـن" دەترسـێت، تـەواو بەنـدە بـە جەسـتەوە، لـە هەمـوو شـتێک زیاتـر لـە مـەرگ دەترسـێت، لەبـەر ئـەوەی مـەرگ واتـە نەمانـی جەسـتە.

نەمانـی جەسـتە ناکاتـە مـەرگ، بەڵکـو چوونـە دونیایەکـی فراوانتـر و نەمرتـرەوە. جەسـتە دەمرێـت و دەفەوتێـت، بـەڵام ئاگامەنـدی بـە نەمـری دەمێنێتـەوە. مرۆڤـی خۆپەرسـت، مرۆڤێکە نازانێـت تـرس چییـە. لـە میانـی ئەزموونـی خۆمـەوە دەتوانـم بڵێم: وەختـێ "مـن" نامێنێت، ئـەوکات بـە خاکەڕایـی ڕاستەقینە ئاشنا دەبین و هیچ شتێک نابێتە مایەی هەستکردن بە شـەرم، لەمـەش گرنگتـر؛ هیـچ شـتێک نابێتـە مایـەی تـرس بۆمـان.

دەکـرێ ئـەم ئەزموونـە ببێـت بـە ئەزموونـی تۆیـش. بـۆ ئەمـەش بـە تەنهـا تێگەیشـتنێکی زیرەکانـە بـەس نییـە، بەڵکـو تێڕامانیش یارمەتیت دەدات تا لـە "مـن" و هەروەهـا لـە شـەرم و تـرس ڕزگارت بێـت.

بـەڵام لـە حاڵەتـی نائاگامەندیـدا، جیاوازیکـردن لـە نێـوان خاکەڕایـی ڕاسـتەقینە و درۆزنانـە (یـان سـاختە)دا شـتێکی زۆر دژوارە. ئێمـە هەمووومـان لەوانـە دەچیـن کـە بـەدەم

خەوەوە دەڕۆن. ئاگامەندیمان (یان هۆشیاریمان) زۆر تەنکە، بەڵام نەست "لاشعور"مان زۆر قووڵە. کردەوەکانمان لە نەستمانەوە دێن، بەڵام بڕیارەکانمان لە هۆشیاریمانەوە دێن. بۆیە بڕیارەکانمان لەگەڵ کردەوەکانماندا یەک ناگرنەوە. تۆ شتێک دەڵێیت و کەچی بە کردەوە شتێکی تر دەکەیت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە ناوەوەتدا درزێک و دابەشبوونێکی گەورە هەیە.

جگە لە تێڕامان؛ ڕێگایەکی تر نییە بۆ ڕۆشنبوونەوەی تاریکیی نەست لە بوونتدا. چەند تێڕامان لە لات گەشە بکات، هێندەش ئاگامەندی لە لات گەشە دەکات و نەستیش بەرەو لاوازی دەچێت. کە دەگەیتە خاڵی ترۆپکی ئاگامەندی، نائاگامەندی نامێنێت. ئەمەش ئەو چرکەساتەیە کە تیایدا وشەکانت "قسەکانت" و ژیانت و خۆت دەبن بە یەک و هاوتای یەک. لەو چرکەساتەدایە کە درز و دابەشبوون و ناکۆکی لە ناوەوەتدا نامێنێت.

## "من" چییە؟

*** من چییە؟ مانەوەیە بەبێ ڕۆشنبوونەوە؟ ئایا ئێمە هەمیشە بە گوێرەی ویستی "من" دەجوڵێینەوە، یان ساتی وا هەیە لێی ئازاد دەبین؟**

سەنتەری مرۆڤ لە سەنتەری بنەڕەتیی بوون جیا نییە. لە بووندا تاقە سەنتەرێک هەیە، پێشینان پێیان وتووە: تاو، یان دارما، یان خودا. ئەم وشانە کۆن بوون، ئێستا تۆ دەتوانیت ناوی بنێیت ڕاستی (حەقیقەت). بوون تەنها سەنتەرێکی هەیە، نەک چەند سەنتەرێک. ئەگینا گەردوون Universe یەک گەردوون نەدەبوو، بەڵکو چەند گەردوون Multiverse دەبوو. بەڵام یەکە(unity)یەکە، بۆیە پێی دەوترێ Universe. لەبەر ئەوەی تەنها یەک سەنتەری هەیە.

بەڵام ئەمە پێویستی بە کەمێک تێڕامان هەیە. ڕەنگە یەکێک بێت و بڵێت: ئەوە سەنتەری منە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە سەنتەری تۆیشە، بگرە سەنتەری هەموو مرۆڤێکە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ سەنتەرێکی دیاریکراوت نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە سەنتەرێکی سەربەخۆت نییە، یان بە

مانایەکی تر دەکرێ کۆمەڵێک بازنە بە دەوری یەک سەنتەردا دروست بکەین. تۆ بڕوانە، وەختێ بەردێک فڕێ دەدەیتە ناو ئاوی دەریاچەیەکی وەستاوەوە، چەندەها بازنە لەسەر ڕووی ئاوەکە دروست دەبن، سەدان و هەزاران بازنە. بەڵام سەنتەرەکە یەک سەنتەرە، شوێنی کەوتنی بەردەکە لەسەر ڕووی ئاوەکە.

ڕەنگە هەر کەسە و بڵێت ئەوە سەنتەری منە... ئەوە "من"ی ئەو کەسەیە ئەو لافە لێ دەدات... گەرچی لافلێدانی ئەوەی کە "ئەوە سەنتەری منە" واتە ئەو سەنتەرە؛ سەنتەرێکی جیاوازە... "من"یش ئەمەی دەوێت... جیابوونەوە و دابڕانی تەواو لە بوون و گەردوون.

منداڵ بەبێ ئەوەی سەنتەرێکی هەبێت لەدایک دەبێت. ئەو نۆ مانگ لە ڕەحمی دایکیدا دەمێنێتەوە و هەر پشت بە دایکی دەبەستێت. بەڵام وەختێک لە دایک دەبێت، دەبێتە کەسێکی سەربەخۆ، لەو باوەڕەشدا دەبێت کە سەنتەرێکی سەربەخۆی هەیە، ئەگینا ژیانی سەخت دەبێت و بۆ ئەوەی بژی، دەبێ تێبکۆشێت و تەقەلـلا بدات. هەموو کەسێک دەیەوێ بیرۆکەیەکی سەبارەت بەوە هەبێت؛ کە کێیە؟ بەڵام ئەوەش زەحمەتە، چونکە لە ڕاستیدا و لە گەوهەردا تۆ خۆت نهێنییەکیت (مەتەڵێکیت) و ناتوانیت بیرۆکەیەکی تەواوەتیت سەبارەت بەو نهێنییە هەبێت. لە ڕاستیدا تۆ بوونەوەرێکی تاک نییت، تۆ بوونەوەرێکی گەردوونییت.

بۆیە وەختێک لە بوودا دەپرسن: تۆ کێیت؟ بێدەنگ دەبێت، وەڵام ناداتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو گەردوونییە، نەک تاکەکەسێک بێت. بەڵام لە ژیانی ڕۆژانە و ئاساییدا تەنانەت

ئەویش ناچارە بڵێ "من بوودام". کە تینووی دەبێت، بە ئەنانداى هاوسەری دەڵێت کە ئاوی بداتێ و دەڵێت من تینوومە، من برسیمە، من ماندووم... ناتوانێت بڵێت گەردوون تینوویەتی و برسییەتی و ماندووە، ئەگینا قسەکەی بێمانا یان وەکو چیرۆکێکی خەیاڵی دەردەچێت. هەرچەندە چیرۆکی خەیاڵی بێمانا نییە.

بۆ نموونە؛ تۆ ناوێکت هەیە. ئەمە چیرۆکێکە. تۆ کە لە دایک بوویت ناوت نەبووە، دوایی ناوت لێ دەنێن و ڕۆژ دوای ڕۆژ بەو ناوەوە بانگت دەکەن و تا وای لێ دێت بەو ناوەوە دەناسرێیتەوە. ئیتر دەزانیت کە ناوت ڕاما یان ڕەحیم یان کریشنایە. بۆیە ئەگەر ئێوە کە سێ هەزار کەس دەبن، بخەون و یەکێک بێت هاوار بکات "ڕاما"، کەس وەڵام ناداتەوە ئەوە نەبێت کە ناوی ڕامایە. تەنانەت لە شیرینی خەویشدا ناوی خۆی دەناسێتەوە، چونکە ئەوە چووەتە ناو نەستیشییەوە.

بەڵام وەختێک دەڵێم ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵییە، ئەمە بەو مانایە نایەت کە پێویست نییە، بەڵکو ئەمە چیرۆکێکی پێویستە و سوودبەخشیشە. ئەگینا چۆن قسە ئاراستەی کەسانی دی دەکەیت؟ گەر ویستت نامەیەک بۆ کەسێک بنێریت، بە ناوی کێوە بۆی دەنێریت؟

هەر بۆیە ناو پێویستە. وشەی من بۆ تۆ پێویستە تا بڵێیت: "من خۆم". بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەمە هەموو جۆرێکە لە چیرۆکی خەیاڵی. چونکە تۆ چەند لە ناو ناخی خۆتدا قووڵ بیتەوە، ئەوەندە ناوەکە نامێنێت و بگرە بیرۆکەی "من"یش نامێنێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە کەینوونەی بێگەردی منە، کەینوونەی من کە بەشێکە لە بوون. ئەم کەینوونەیە سەربەخۆ نییە، نە کەینوونەی تۆشە و نە هی من، بەڵکو کەینوونەی گشتە، ئیتر ئەم گشتە بوونەوەری مرۆیی بێت یان غەیرە مرۆیی، وەک: ڕووبار و بەرد و درەخت و کێوەکان. هیچ کەسێک و هیچ شتێک لەم کەینوونەیە ئاوارتە نییە، بۆیە چەند لە ناو خودی خۆتدا قووڵ بیتەوە، هێندە بۆت دەردەکەوێت کە کەسێتی نییە، تاکێتیی بوون نییە... بەڵکو گەردوونێتی هەیە. ڕاستە هەموومان ناو و شوناس و "من"مان هەیە، بەڵام وەختێ دەچینە قووڵایی خۆمانەوە، ئەو شتانە نامێنن.

"من" چیرۆکێکی خەیاڵییە، دەتوانیت بەکاری بهێنیت، بەڵام وریابە پێی هەڵنەخەڵەتێیت.

لە پرسیارەکەتدا وتت: مانەوە بەبێ ڕۆشنبوونەوە، ئایا ئێمە هەمیشە بە گوێرەی ویستی "من" دەجوڵێینەوە یان ساتی وا هەیە لێی ئازاد دەبین؟

لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی خەیاڵییە، هەندێ سات هەن کە تیایاندا لێی ئازاد دەبیت. لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی خەیاڵیشە، پێویستی بە بایەخپێدان هەیە. بەڵام حەقیقەت پێویستی بە بایەخپێدان نییە، جوانیی حەقیقەتیش لەمەدایە. بەڵام چیرۆکی خەیاڵی پێویستی بە ئیزافەکردنی جوانی هەیە، پێویستی بە ڕتووش هەیە، بۆیە جوانییەکەی لە دەرەوە وەردەگرێت نەک لە ناوەوە... خەڵکیش بە درێژایی ژیانیان وا دەکەن. هەوڵ دەدەن چیرۆکی خەیاڵی وەکو حەقیقەت لێ بکەن، کە پارەت زیاتر بوو؛ واتە خاوەن "من"ێکی گەورەتریت، گەورەتر لە "من"ی هەژارێک. خۆ ئەگەر ببیت بە سەرۆک وەزیران یان

سەرۆکی وڵاتێک، ئەوا "من"ت تا ئەوپەڕی لەخۆباییبوون دەڕوات و تۆش بەسەر زەویدا ناڕۆیت.

تەواوی ژیانمان، گەڕان و تەقەللامان بۆ پارە، دەسەڵات، هەیبەت، چ نییە جگە لە گەڕانمان بە دوای کوڵەکە و پشتیوانیدا بۆ بەردەوامبوونی چیرۆکە خەیاڵییەکە. هەموو کاتێکیش دەزانیت مردن لە ڕێیە و هەموو ئەو شتانەی بە دەستیان دەهێنیت، مردن وێرانیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ ئومێد لە دەست نادات، چونکە وا هەست دەکەیت ڕەنگە هەموو ئەوانی دی بمرن، بەڵام تۆ نا.

ئەمە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاستە. تۆ بەردەوام خەڵکانی تر دەبینیت کە دەمرن، بەڵام خۆت نابینیت کە دەمریت. ئەم دەمرێت، ئەو دەمرێت، بەڵام خۆت نامریت، بەڵکو هەیت و خەفەت بۆ ئەوان دەخۆیت. تۆ لەگەڵیاندا دەچیت بۆ گۆڕستان و ماڵئاواییان لێ دەکەیت.

بەمە فریو مەخۆ، چونکە هەموو ئەوانەش وا بیریان دەکردەوە، کەسیش لەمە بەدەر نییە. مەرگ دێت و تەواوی ئەو چیرۆکە خەیاڵی و ناو و ناوبانگەت وێران دەکات. مەرگ دێت و هەموو شتەکان دەسڕێتەوە؛ تەنانەت شوێنپێکانیش. هەموو ئەوەی لە ژیانماندا دەیکەین چ نییە جگە لە نووسین لەسەر ئاو.. نەک لەسەر لمیش. ئەوەی لەسەر ئاویش دەنووسرێ؛ ناخوێندرێتەوە. کەچی ئێمە بەردەوامین لەسەر ئەوەی ئەم کۆشکانە لە هەوادا دروست بکەین. لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی خەیاڵییە، پێویستی بە بەردەوامبوونە. بە تەقەللای بەردەوام، بە ڕۆژ و بە شەو، بەڵام لە ژیانیشدا کەس ناتوانێت بە درێژایی بیستوچوار سەعاتەکە وریا بێت.

بۆیە هەندێ جار؛ بەبێ ئەوەی خۆشت بتەوێ، لە کوتەکانی من ڕزگارت دەبێت.

بۆ نموونە؛ کاتێک دەچیتە خەوێکی قووڵەوە و هیچ خەونێکیش نابینیت، "من"ت دیار نامێنیت، چیرۆکە خەیاڵییەکە نامێنێت. ئەو خەوە قووڵە بێ خەونانە جۆرێکن لە مردنی بچووک. چونکە گەر خەون ببینیت، ئەگەری ئەوە هەیە خەونەکە بێتەوە یادت و سەرلەنوێ تەنانەت لە خەونەکەشتدا بایەخ بە "من"ت بدەیت. هەر بۆیە دەروونشیکارەکان دەیانەوێ لە خەونە قووڵەکانت بکۆڵنەوە و شیی بکەنەوە، تا بەدوای گرێکانتدا بگەڕێن. بە ڕۆژ؛ تۆ وریایت و ئاگات لە خۆتە و دەتەوێت "من"ی خۆت بپارێزیت.

دەروونشیکاران دەڵێن تەنانەت لە خەونەکانیشدا ئەو پاراستنەی "من" دەمێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی لاوازتر. بۆ نموونە؛ تۆ خەون دەبینیت و لە خەونەکەتدا مامی خۆت دەکوژیت. ئەگەر لەو خەونە بکۆڵیتەوە، سەرت سووڕدەمێنیت. تۆ ویستووتە باوکت بکوژیت. تۆ خۆتت فریو داوە، "من" ئەو یارییەشی کردووە. تۆ کوڕێکی باشیت، چۆن دەستت دەچێتە باوکت؟ مامیشت وەکو باوکت وایە. کەسیش دەستی ناچێتە مامی. عادەتەن مامەکان مرۆڤی باشن، بەڵام هەندێ جار هۆکار بۆ کوشتنی باوک هەیە. ململانێی نێوان باوکان و کوڕەکان. باوک دەیەوێت جڵەوی کوڕەکەی بکات، ئازادیی زەوت بکات و ناچاری بکات گوێڕایەڵی بێت. کەسیش نایەوێت جڵەو بکرێت و ئازادیی زەوت بکرێت و بەزۆر گوێڕایەڵ بکرێ. باوکەکە بەهێزە و ئەمەش دەبێتە مایەی ئیرەیی کوڕ. ئیرەیی زیاتریش ئەوەیە کە کوڕەکە دەیەوێت دایکی بە تەنها

بۆ ئەو بێت، بەڵام باوکی بەردەوام لە نێوانیاندایە. تەنانەت باوکەکەش ئیرەیی بە کوڕەکەی دەبات، لەبەر ئەوەی ئەویش بەردەوام لە نێوان ئەو و هاوسەرەکەیدایە.

مامەکان کەسانی باشن، بەڵام لە خەوندا تۆ باوکی خۆت ناکوژیت، لەبەر ئەوەی ویژدانی ئەخلاقیت، کە بەشێکە لە "من"ت، ڕێت لێ دەگرێت ئەو کارە بکەیت. بۆیە ئاڵتەرناتیڤەکەی دەدۆزیتەوە، ئەمەش ستراتیجییە.

ئەگەر بە وردی چاودێریی خەونەکانت بکەیت، گەلێ ستراتیجی "من" دەبینیتەوە. "من" ئەو ڕاستییە قبووڵ ناکات: "من باوکی خۆم بکوژم؟ من کوڕێکی گوێڕایەڵم، ڕێز لە باوکم دەگرم، زۆرم خۆش دەوێت". "من" ئەم ئایدیایە ڕەت دەکەمەوە و دەیگۆڕم بە مام: مامت بکوژە، ئاسانترە. مام دەبێتە ئاڵتەرناتیڤ. ئەوەی لە خەوندا ڕوو دەدات؛ ئەمەیە. بەڵام لە خەوی بێ خەوندا، "من" بە تەواوی دیار نامێنێت، بەڵام ماوەی ئەم خەوە بێ خەونانە کەمە و پتر لە دوو سەعات ناخایەنێت. بەڵام ئەم دوو سەعاتە بەسە بۆ ئەوەی تازەت بکاتەوە. بۆیە بەیانی وەختێک بێدار دەبیتەوە؛ هەست دەکەیت بووژاویتەوە و تازە بوویتەتەوە. هەموو شتەکان جوان دێنە بەرچاوت، وەک ئەوەی بۆ یەکەم جار بێت بیانبینیتەوە. لەم دوو سەعاتەدا چی ڕووی داوە، وا هەست بە تازەبوونەوە دەکەیت؟ "من"ت دیار نەماوە. ئەم دیارنەمانی "من"ەشت بووەتە مایەی زیندووکردنەوەت.

پاتانجالی دەڵێت جیاوازییەکی زۆر نییە لە نێوان سوشوپتی (واتە خەوی بێ خەون) و سامادی (واتە ترۆپکی بووداییبوون). جیاوازییەکە ئەوەیە کە لە خەوی بێ خەوندا

نائاگامەندیت، لە سامادیدا ئاگامەندیت. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا تۆ بەرەو خودا، بەرەو سەنتەری گەردوون دەچیت. لە چواردەوری خۆت دادەبڕێیت و بەرەو سەنتەر دەچیت. ئەم بەرکەوتنە لەگەڵ سەنتەریشدا تازەت دەکاتەوە.

ئەوانەی کە لە نووستن بێبەشن، کەسانێکی بەدبەختن، لەبەر ئەوەی لە بەرکەوتن لەگەڵ سەنتەری گەردووندا بێبەشن و دەرگای بەهەشتیان لەسەر داخراوە. ئەم سەردەمەشمان سەردەمێکە تیایدا ئەشکەنجەی بێخەوی یەکێکە لە سیما دیارەکانی. هەموو دەرگاکانمان داخستووە، وا دوا دەرگاش دادەخەین، ئەمەش بە مانای پچڕاندنی پەیوەندی دێت لەگەڵ وزەی گەردوونیدا. ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە. ڕەنگە کەسانێک هەبن کە خاوەنی چەندەها کتێبن و دەیانەوێ قەناعەتمان پێ بکەن کە خەو پێویست نییە و خەوتن جۆرێکە لە بەفیرۆدانی کات. بەڵێ؛ ئەمە ڕاستە، بەڵام بۆ کەسانێک کە بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەنەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە هەموو کاتەکانی خۆیان بۆ پەیداکردنی پارە و بۆ بزنس تەرخان بکەن. ئەمانە ئالوودە بوون بە بیرکردنەوە لە پارە، وەکو ئەوانەی ئالوودەن بە مەی خواردنەوە و ماددە هۆشبەرەکان. بێگومان خەو بە لای کەسانێکی وەهاوە؛ بەفیرۆدانی کاتە.

لە یەکێتیی سۆڤێتیش، لەودیو پەردە ئاسنینەکەوە ئەمە ڕوویدەدا. کاربەدەستانی سۆڤێت ئامێری تازەیان دروست کردبوو بۆ ئەوەی تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا نەوەی نوێ فێری کولتووری کۆمۆنیستی بکەن. جۆرێکی نوێی فێرکردن، ئیتر کاتەکە بە فیڕۆ ناچێت. ئەمە دوائەشکەنجەیە کە بۆ مناڵانی دروست بکەین. لە هیندستانیش بینای قوتابخانەکان

و زیندانەکان لە یەک دەچن؛ هەمان دیزاین و هەمان ڕەنگ و بەبێ هیچ هەستێکی ئیستاتیکی و بەبێ دار و درەخت و باخچە و گوڵ و چۆلەکە و دابڕاو لە سروشت. ئەمەش بۆ؟ لە ترسی ئەوەی نەوەک قوتابییەکە لە کاتی وانە خوێندندا خەیاڵی بە لای جریوەی باڵندەکان یان دەنگی گیانەوەرەکاندا بچێت و ئیتر خەیاڵی لای زانیارییە بێکەڵکەکانی مامۆستای جوگرافیا یان مێژوو نەبێت. بەم جۆرە یەک لەسەر سێی ژیانی مرۆڤەکان لەم قوتابخانانەدا دەگوزەرێت و کۆیلەیان لێ دروست دەکرێ.

بەم جۆرە؛ ئەم تەرزە قوتابخانە و مامۆستا و کاربەدەستانە، بەوەوە نەوەستان کە بە تەنها بە ڕۆژ بەرنامەکەی خۆیان بەسەر منالاندا بسەپێنن، بەڵکو بیریان لەوە کردەوە کە کات بە فیڕۆ نەدەن و شەویش بۆ فێرکردن بەکار بهێنن، چونکە فێرکردن لە کاتی خەودا و لە ڕێی ئامێرەوە ئاسانترە وەک لە کاتی بێداریدا. چونکە لە کاتی بێداریدا مناڵ وریایە و پڕە لە وزە و هەموو شتێک سەرنجی ڕادەکێشێت و بە ئاسانی شت بە سەریدا ناسەپێنرێ. دەشێ لەو کاتانەدا سەگێک بوەڕێت، یان شەڕێک ڕوو بدات، یەکێک گاڵتە بکات... ئیتر هەزاران شت هەیە بۆ ئەوەی تەرکیزی بپچڕێنێت. بەڵام لە کاتی خەودا، خەوی بێ خەوندا، تەرکیز نییە. بۆیە ئەو خەوە بێ خەونە دەکرێ وەکو بەشێک لە پیداگۆگی بەکار بهێنرێ. ئاوەها؛ دەبینین چۆن هەوڵ دەدەین پەیوەندیمان بە سەنتەری گەردوونەوە بپچڕێنین و نەوەیەک دروست بکەین ملکەچی "من" بێت.

ئەو ڕۆژەی جەنگیزخانی تیا لەدایک بووە چ بایەخێکی هەیە

بیزانین یان نەیزانین؟ من ئەوەم لە کاغەزی تاقیکردنەوەکەمدا نووسی و مامۆستاکەم زۆر زۆر تووڕە بوو و بۆ ماوەی بیستوچوار سەعات منی لە پۆل و خوێندن بێبەش کرد. لە ڕاستیدا هەر وا چاکتر بوو ئەو کابرایە لەدایک نەبووایە. ئێستاش ئەوە دەڵێمەوە؛ کە چ پێویست دەکات منداڵان مێژووی لەدایکبوون و مردنی پادشا و ئیمپراتۆرەکان بزانن؟ ئەمە شتێکی چەند پڕوپووچە.

نموونەیەکی تری دابڕانی مرۆڤ لە سەنتەری گەردوونی، سێکس و خۆشەویستییە کە پیاوە ئایینییەکان بە گوناهێکی گەورەی لە قەڵەم دەدەن. بەڵام مرۆڤ بەبێ سێکس و خۆشەویستی ناژی. ئەی کەواتە بۆ وای لێ بکرێ هەست بکات ئەوە گوناهێکی گەورەیە؟

ئەگەر خۆشەویستی بکەیت و گوزارشت لە هەست و سۆزەکانت بکەیت و دڵداری بکەیت، کۆمەڵگا ئەوە بە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون دەزانێت لە نەریتەکانی، بەڵام مەسەلەکە هەڵگەڕانەوە و یاخیبوون نییە لە کۆمەڵگا و نەریتەکانی، ئەمە پێداویستییەکی جەستەیی و دەروونییە و خەفەکردنی دەبێتە مایەی زیانی جەستەیی و ڕۆحییش.

هەزاران ساڵە پێمان دەڵێن کە سێکس گوناهێکی گەورەیە. ئەمە چووەتە ناو خوێن و ئێسک و مۆخمانەوە. لەبەر ئەوە تەنانەت گەر ئاگامەندیشت پێت بڵێت کە ئەوە گوناه نییە، نائاگامەندیت کەمێک شپرزەت دەکات و دەتترسێنێت و هەست بە گوناهت لا دەورووژێنێت و ناتوانیت بە تەواوەتی بچیتە پرۆسەکەوە.

تۆ ئەگەر بتوانیت بە پڕاوپڕی لەو ئەزموونەدا بژیت،

"من" دیار نامێنێت، لەبەر ئەوەی لە ترۆپکی چێژدا دەبێتە وزەیەکی پەتی. لەو ساتەدا ئەقڵ کارناکات و بە نەمانی "من"یش؛ ئەو ساتە دەبێتە ساتی جوانیی خۆشەویستی و ساتی ترووسکەی یەزدانی.

هەر لێرەشەوە؛ گەیشتن بە "زانستی تانترا" ئاسان دەبێت. پاتانجالی و یۆگا کاریان لەسەر خەوی قووڵ (خەوی بێ خەون) کردووە، واتە چۆنێتیی گۆڕینی خەوی بێ خەون بۆ حاڵەتی ئاگامەندی، بە جۆرێک بزانیت تۆ کێیت و هەروەها بزانیت لە پەیوەندیدا بەو سەنتەرەوە کێیت.

تانترا؛ خۆشەویستی بە پەنجەرەیەکی کراوە دەزانێت بە رووی یەزداندا، گەرچی ئەمە لە رێی یۆگاوە کاتێکی زۆری دەوێت. واتە گۆڕینی خەوی نائاگامەند بۆ ئاگامەندی و ئەمە کارێکی دژواریشە، دەشێ تیایدا بگەیتە ئەنجام و دەشێ نەشگەیت.

بەناو یۆگییەکانی ئەمڕۆ دەڵێن یۆگا تەندروستی دەپارێزێت. بەڵام مەسەلەکە لە یۆگادا بریتی نییە لەمە، چونکە تۆ دەتوانیت بە ڕاکردن و مەلەکردنیش تەندروستیت بپارێزیت. بەڵام ئەوەی لە یۆگادا گرنگە ئەوەیە؛ کە چۆن وات لێ بکات بتوانیت لە حاڵەتی خەوی قووڵیشدا ئاگامەند بیت. فێرکارانی یۆگا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەت فێر دەکەن چۆن لەسەر سەرت بوەستیت، یان چۆن دژایەتیی جەستەت بکەیت. لەمڕۆدا یۆگا بووە بە جۆرێک لە سێرک، بێمانا بووە. ڕەهەندی ڕاستەقینەی خۆی لەدەست داوە.

من هەوڵ دەدەم یۆگا بە شێوە و ڕەهەندە ڕاستەقینەکەیەوە زیندوو بکەمەوە. ئامانجەکەشی ئەوە بێت چۆن لە حاڵەتی

خەوی قووڵیشدا ئاگامەند بیت. ئەمە گرنگترین شتە لە یۆگادا، شتەکانی تر هیچ نین.

بۆ ئەمە؛ تانترا ڕێگایەکی کورتتری گرتووەتە بەر؛ کورتترین ڕێگا و پڕ نەشئەترینیان؛ واتە خۆشەویستی. ئەوەی پێویستیشە، ڕیشەکێشکردنی ئەو شتانەیە کە قەشەکان و پیاوانی ئایین لەناو ناختدا چاندوویانە. ئەوانەی دەیانەوێت قەناعەتت پێ بکەن کە نێوەندێکن لە نێوان تۆ و یەزداندا و بەم جۆرەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی تۆیان بە یەزدانەوە پچڕیوە. هەر لەم ڕێگایەشەوە توانیویانە ڕۆژ بە ڕۆژ پێگەی خۆیان بەهێزتر بکەن و کاریگەریی زیاتریان لەسەرت هەبێت.

بەڵام ئەوانە کێن تا بتوانن پەیوەندیی بەهێز لە نێوان تۆ و یەزداندا دروست بکەن؟ یەزدان خۆی هێزی گەورەیە و سەرچاوەی هەموو هێزەکانە. ئەمڕۆ زاناکان دەیانەوێ جێی پیاوانی ئایین بگرنەوە، لەبەر ئەوەی دەزانن چۆن دەرگا داخراوەکانی هێزی شاراوەی سروشت بکەنەوە. پیاوانی ئایین باس لە پەیوەندیی نێوان تۆ و یەدان دەکەن، بەڵام زاناکان باس لە پەیوەندیی نێوان تۆ و سروشت دەکەن. پیاوانی ئایین بەر لە هەموو شتێک دەیانەوێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی تۆ لەگەڵ یەزداندا بپچڕێنن و ملکەچی ئەوان بیت. بەمجۆرەش تاکێتی و تایبەتمەندییەتیی تۆ دەسڕنەوە، سەرچاوەکانی ناخت ژەهراوی دەکەن. خاڵیت دەکەنەوە لە خۆشەویستی و پرت دەکەن لە هەستکردن بە گوناه.

لە کاتێکدا خۆشەویستی دەکەیت، بۆنی خۆش بپرژێنە، گۆرانی بچڕە، سەما بکە. ژووری نووستنەکەت دەبێ وەکو پەرستگایەکی لێ بێت، وەکو شوێنێکی پیرۆز. نابێ

لـه خۆشەویستیشدا پەلـه بکەیـت، دەبێ بـه شـێنەیی بیکەیـت و بچیتـه قووڵایـی خۆشەویسـتییەوە. ئینجـا دەبینیـت چـۆن سەرسـام دەبیـت و نەشـئە دەتگرێـت و کلیلـەکان دێنـه نـاو دەسـتت.

خۆشەویسـتی دیاردەیەکـی تایبەتـە، دیاردەیەکـی پڕ لـه وزە، کـه تیایـدا "مـن" نامێنێـت؛ بـەڵام ئاگامەندیـت، ئەوپـەڕی ئاگامەنـدی و دەبیتـه بەشـێک لـه گشـت.

پاشـان وردە وردە هـەوڵ بـدە ئەمـە ببێتـه شـێوازی ژیانـت. ئـەوەی لـه ترۆپکـی نەشـئەی خۆشەویسـتیدا ڕوو دەدات؛ ببێتـه ئەزموونێکـی هەمیشـەیی لـه ژیانتـدا. ئیـدی بەمجـۆرە، چـی بکەیـت و بـۆ کـوێ بچیـت، ئـەم نەشـئەیەت لگەڵـدا دەبێـت.

بەیانیـان؛ وەختێـک خـۆر هەڵدێـت، یـان ئـەو دەمانـەی ڕاکشـاویت و سـەیری ئاسـمانی پڕ ئەسـتێرە دەکەیـت. وردە وردە ئەزموونـی خۆشەویسـتی و دڵداری کلیلی ئـەوەت دەداتێ کـه چـۆن لەگـەڵ هەمـوو بووندا لـه خۆشەویسـتیدا بیت. ئەوکات "مـن" دەبێتـه چیرۆکێکـی خەیاڵـی و هـەر واش بـەکار دەهێنرێ. کـه وەهـاش بـەکارت هێنـا، ئیـدی هیـچ مەترسـییەک لـه ئـارادا نابێـت.

هەنـدێ حاڵـەتی تریـش هـەن کـه تیایانـدا "مـن" دیـار نامێنێت. لەوانـەش حاڵەتەکانـی مەترسـی، هەروەهـا حاڵەتەکانـی جوانـی.

ئەوەنـەی بەسـەر شـاخی "ئیڤریسـت"دا سـەردەکەون، مەشـقی تێڕامـان دەکـەن. بەسـەر شـاخدا سـەرکەوتن خـۆی لـه خۆیـدا مەترسـییە، لـێ ئـەو مەترسـییە چەنـد زیـاد دەکات؛ چێژەکەشـی هێنـدە زیـاد دەکات و لـەو ساتانەشـدا "مـن" ون دەبێـت.

هەروەها لە حاڵەتەکانی جوانیدا: لە کاتێکدا ئافرەتێکی جوان دەبینێت و لێی ڕادەمێنێت، یان بە نیسبەت ئافرەتانەوە وەختێ کورە لاوێکی شۆخ دەبینن، لەم ساتانەشدا "من" نامێنێت.

هەروەها وەختێ لە گوڵێک ڕەدەمێنیت، یان لە خۆرئاوابوون، یان پۆلێک باڵندە کە بەرەو ئاسمان لە شەققەی باڵ دەدەن. ئەم ساتانە؛ ساتی پەڕینەوەن بۆ سەنتەری بوون، ساتی یەکانگیربوون لەگەڵ خودی خۆت و سەنتەری بووندا. ئیدی هیچ پێویستییەکت نە بە پیاوانی ئایین و نە بە زاناکان دەبێت و "من"یشت دەبێت بە یادەوەرییەکی ڕابردوو.

ئەوەی پێویستە لەسەرت بیکەیت، ئەوەیە هەوڵ بدەیت زۆرترین پانتایی ژیانت بۆ دووبارەبوونەوەی ئەم چرکەساتانە تەرخان بکەیت. ئەودەم ڕێگەی گەیشتن بە یەزدان نزیک دەبێتەوە.

## چۆن بەسەر "من"دا زاڵ بین؟

*** من مەتەڵێکە و لە تاریکی دەچێت. لەو تاریکییەی کە هەستی پێ دەکەیت و دەبێتە کۆسپ لە ڕێتدا، بەڵام بوونێکی بەرجەستەی نییە. بریتییە لە نائامادەیی ڕووناکی. ئیتر "من" کە بوونێکی بەرجەستەی نەبێت، چۆن بە سەریدا زاڵ دەبیت؟**

"من" نائامادەبوونی ئاگامەندییە.

ژوورەکە پڕە لە تاریکی، تۆش دەتەوێت تاریکییەکە لە ژوورەکەدا نەمێنێت. دەتوانیت هەموو توانای خۆت بەکار بهێنیت بۆ دەرکردنی تاریکییەکە لە ژوورەکەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی بوونێکی بەرجەستەی نییە، شتێک نییە پاڵی پێوە بنێیت و لە ژوورەکە دەری بکەیت. بۆیە وات لێ دێت لەو باوەڕەدا بیت کە تاریکییەکە زۆر بەهێزە و لە توانای تۆدا نییە دووری بخەیتەوە. بەڵام ئەمە ئەنجامگیرییەکی دروست نییە.

بە داگیرساندنی مۆمێکی بچکۆلە؛ تاریکییەکە نامێنێت. بیکوژێنەرەوە، تاریکییەکە دێتەوە، دایگیرسێنەرەوە، تاریکییەکە نامێنێت.

کەواتـە؛ هـەر بـە ڕووناکییەکـە تاریکییەکـە نامێنێـت. هـەر بۆیە بۆ نەمانی "من"یش؛ پێویستت بە ڕووناکی هەیە، واتە بە یاگامەندی. "من" لە بیر خۆت ببەرەوە. با بیرت لای ئەوە بێت کە وریایی و ئاگامەندی بهێنێتە ناو بوونتەوە.

"من" سەرابێکە... وا دەنوێنێت کە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەریی لەسەرت زۆرە و گەلێک کێشەت بۆ دروست دەکات. هـەر ئـەوە مایـەی بەدبەختییەکانت، گرژییەکانـت، نیگەرانییەکانـت. "مـن" دۆزەخ دەهێنێتـە نـاو بوونتـەوە. بۆیـە تۆش دەتەوێت بەسەریدا زاڵ بیت.

لەمەشـدا؛ قەشـە و پیـاوە ئایینییـەکان و مامۆسـتاکان دەیانـەوێ پێت بڵێـن کـە چـۆن بـە سـەریدا زاڵ دەبیـت. بـەڵام ئـەوەی پێـت دەڵێـت چـۆن زاڵ دەبیـت بەسـەریدا، گەمژەیەکـە و هیچـی دی. ئەوانـە هیـچ دەربـارەی "مـن" نازانـن، گەرچـی بـە ڕواڵـەت ئەقڵانـی دێنـە پێشـچاو. ئەوانـە دونیایـەک بەڵگـە و قسـە و نموونـەت بـۆ دەهێننـەوە و دەڵێـن: تـا "مـن" دەرنەکەیت؛ ناتوانیـت خـودی خـۆت بـەدی بهێنیـت self-realization.

بـەڵام مـن دەڵێـم کـە ئەمـە بـە پێچەوانەوەیـە. سـەرەتا دەبێ خۆوەدیهێنـان ڕووبـدات، ئیـدی ئـەوکات "مـن" نامێنێـت.

ئەمە زاڵبوونە بەسەر "من"دا.

# بەشی شەشەم
# دەربارەی تێڕامان

پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت: "هزر بچێنە، دروێنەی کردەوە بکە. کردەوە بچێنە، دروێنەی نەریت بکە. نەریت بچێنە، دروێنەی کەسێتی بکە. کەسێتی بچێنە، دروێنەی چارەنووس بکە."

منیش دەڵێم: هیچ بچێنە، دروێنەی تێڕامان یان خۆشەویستی بکە.

چاندنی هیچ؛ بریتییە لە ڕامان لە هەموو شتەکان و لە کۆتاییشدا عیشق چاوەڕێت دەکات. خۆ گەر عیشق نەهات، ئەوە مانای وایە لە گەشتی ڕامانەکەتدا هەڵەیەک ڕووی داوە. بەڵام تۆ ئەوەی لەسەرت بووە کردووتە... دەستت پێ کردووە، وەلێ نەگەیشتوویت.

خۆشەویستی تاقیکردنەوەی ڕێگەی تێڕامانە. هەردووکیان دوو دیوی یەک دراون، دوو ڕووی هەمان وزەن، هەردووکیان پێکەوە هەن یان نین.

تێڕامان بریتی نییە لە تەرکیز. تەرکیز بە خۆشەویستیمان ناگەیەنێت. ئەو کەسەی کە تەرکیز زۆر دەکات؛ دەشێ بگۆڕێت بۆ کەسێکی توندوتیژ، لەبەر ئەوەی تەرکیز جۆرێکە لە مەشقکردن بۆ هێشتنەوەی گرژی. تەرکیزکردن بریتییە لە بەرتەسککردنەوەی ئاسۆی ئەقڵ، بریتییە لە توندوتیژی

لـه هۆشـيارييەوە. كاتێكيش بـه هۆشـيارييەوە توندوتيـژ بيـت، ناتوانيـت لەگـەڵ ئەوانـی تـردا ناتوندوتيـژ بيـت. لەگـەڵ خۆتـدا چـۆن بيـت؛ لەگـەڵ ئەوانـی تريشـدا هـەر وا دەبيـت.

بـا ئەمـە ببێـت بـه ڕێسـايەكی بنەڕەتـی لـه ژيانتـدا: لەگـەڵ خۆتدا چـۆن بوويـت، لەگـەڵ خەڵكيشـدا وا دەبيـت. ئەگـەر خـۆت خـۆش بووێـت، خەڵكـی تريشـت خـۆش دەوێـت. ئەگـەر لـه نـاوەوەی خۆتدا گەشـاوە بيـت، لـه پەيوەنديدا لەگـەڵ خەڵكيشـدا هـەر گەشـاوە دەبيـت. خـۆ ئەگـەر لـه نـاوەوەی خۆتـدا سـارد بيـت، ئـەوا لەگـەڵ خەڵكيشـدا هـەر سـارد دەبيـت. نـاوەوەت ئاوێنـەی دەرەوەتـە.

تەركيز تێڕامـان نييە، تەركيز شێوازێكی زانسـتييە. كەسـێكی زانسـتگەرا پێويسـتی بـه تەركيـزی زۆرە، بـەڵام چاوەڕێی ئەوەی لـێ ناكرێـت كەسـێكی پـڕ هەسـت و سـۆز بێـت. بگـرە وردە وردە دەبێـت بـه كەسـێكی توندوتيـژ لەگـەڵ سروشـتدا. پرۆسـەی زانسـتی لەسـەر بنەمـای توندوتيـژی لەگـەڵ سروشـتدا بنيـاد نـراوە... هـەر بۆيـە هەمـوو پێشـكەوتنێكی زانسـتی، بەرەنجامـی مامەڵەكردنـی توندوتيـژە لەگـەڵ سروشـتدا.

لەبـەر ئـەوە هەميشـە ئـەوەت لـه بيـر بێـت كـه تەركيـز نـه تێڕامانـه و نـه تێڕامانـی ڕۆحـی يـان بيركردنەوەشـە... لەوانەيـه بيـر لـه "خـودا" بكەيتـەوە، ئـەوكات مانـای وايـه تـۆ بـه ڕاسـتی بيردەكەيتـەوە. كـه "لـه" هەبـوو؛ واتـه بيردەكەيتـەوە. لـه بنەڕەتـدا جياوازييەكيـان نييـە، چونكـه تـۆ خەريكـی پرۆسـەی بيركردنەوەيـت... بـەڵام ئامانجـەكان دەگۆڕێـن... بۆيـه ئەگـەر بيـرت لـه "جيهـان"، يـان "سـێكس" كـردەوە، كـەس بەمـە ناڵێـت تێڕامانـی ڕۆحـی. لـێ گـەر بيـرت لـه "خـودا"، يـان لـه "ڕەنـدی"،

یان لە "مەسیح"، یان لە "کریشنا"، یان لە "بوودا" کردەوە، ئەمەیان تێڕامانی ڕۆحییە.

بەڵام "زن" لەم ڕووەوە سەختگیرە. بەردەوامبوون لەسەر بیرکردنەوە بە تێڕامان لە قەڵەم نادات. بیرکردنەوە واتە بایەخدان بەوانی تر. لە تێڕاماندا ئەوی تر نییە... لە تێڕامانی ڕۆحیدا ئەوی تر هەیە، هەروەها لە تەرکیزیشدا. لە تەرکیزدا ئەقڵ بایەخ بە یەک خاڵ دەدات. لە تێڕامانی ڕۆحیدا ئەقڵ ئاراستەی بابەتێک دەکرێت؛ نەک یەک خاڵ. بەڵام بە گشتی بابەتەکە هەر یەک شتە. ئەی کەواتە تێڕامان چییە؟ تێڕامان واتە لە هەنووکەدا درەوشاوە بیت. واتە لە بووننتدا درەوشاوە بیت. واتە ئەو حاڵەتەی کە تیایدا ئاگامەندی تەواو خاوبووەتەوە و خەریکی هیچ کارێک نییت. چونکە کە خەریکی کارێک بوویت، گرژی دێتە ئاراوە. چۆن ئەو کارە بکەم؟ چی بکەم؟ چۆن تیایدا سەر بکەوم؟ چۆن شکست نەهێنم؟ لەم حاڵەتەشدا واتە تۆ لە هەنووکەدا نامێنیت و دەچیتە ئایندەوە.

تێڕامان؛ واتە هیچ نەکەیت، بیر نەکەیتەوە، جەستە و سۆزت لە هەڵچوون بە دوور بێت. تێڕامان؛ واتە درەوشانەوە، ئەم درەوشانەوەیە لە کوێوە هاتووە؟ گرنگ نییە لە وێوە هاتووە و بۆچی هاتووە. ئەم بوونە لە ماتەرێک دروست بووە؛ کە پێی دەڵێن خۆشنوودی. خۆشنوودیش پێویستی بە هۆ نییە. بەدبەختی پێویستی بە هۆ هەیە و وەختێ بەدبەخت بوویت؛ دەبێ بە دوای هۆکەیدا بگەڕێیت. بەڵام خۆشنوودی نا، گەرچی ئەقڵ بە دوای هۆیەکانی خۆشنوودیدا دەگەڕێت و بڕوا ناکات کە بێهۆ بێت، بەڵام من دەمەوێ پێت بڵێم کە

وەختێ شـاد دەبیـت، هیـچ هۆیــەک نییـە بـۆ شـادیت. چونکـە خۆشـنوودی کرۆکی بوونـە. تۆ بڕوانـە درەختـەکان، باڵندەکان، هـەورەکان، ئەسـتێرەکان، گـەر لێیـان وردە بیتـەوە، دەبینیـت بەوپـەڕی سـادەییەوە شـادن و هیـچ هۆیەکیـش لـە پشـت ئـەو شـادییەیانەوە نییە: نە دەبن بە سـەرۆک وەزیران و سـەرکۆمار و نـە دەوڵەمەنـد دەبـن و نـە دەفتـەری حسـابی بانکیـان هەیـە. هەروەهـا گوڵـەکان، بەبێ هـۆ بۆخۆیـان لەگـەڵ نەسـیمدا سـەما دەکـەن و دەلەنگێنـەوە.

تـەواوی بـوون لـە کەرەسـەیەک دروسـت بـووە؛ کـە: شـادی یـان خۆشـنوودییە. بۆیـە پێویسـت بـە هـۆ نـاکات تـا شـاد بیت. کاتێکیـش بێهـۆ شـاد دەبیـت، ئـەو شـادییەت لـە خۆتـدا قەتیـس نامێنیـت؛ بەڵکـو بـۆ ئەوانـی تریـش بـڵاو دەبێتـەوە.

# زیرەکی چییە؟

*** زیرەکی چییە؟ ئاخۆ حاڵەتێکە لەودیوی ئەقڵ و سنوورەکانی ئەقڵەوە؟ ئایا تێڕامان پەیوەندیی بە زیرەکییەوە هەیە؟ ئایا زیرەکی توانستێکە لە هەمووماندا هەیە و پێویستی بەوەیە بێداری بکەینەوە؟ ئایا دەتوانین ئاستی ئاگامەندیمان لە ڕێی زیرەکییەوە بەرز بکەینەوە؟**

بەڵێ؛ زیرەکی ئەقڵ نییە، زیرەکی تایبەتمەندییەکی بوونتە. بەڵام ئەقڵ وەکو گالیسکە بۆ زیرەکی بەکار دەهێنرێ. لێرەشەوە ئەم بەهەڵەداچوونە دێت. خەڵک وا دەزانن زیرەکی لە ئەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەقڵ ئامرازی گوزارشتکردنی زیرەکییە.

ئەقڵ خۆی کۆمپیوتەرێکی بایۆلۆجییە. وەکو هەر کۆمپیوتەرێکیش، جیهازی یاد (memory)ی هەیە. ئەقڵیش ئەو یادە دەپارێزێت... بەڵام یاد زیرەکی نییە.

زیرەکی بریتییە لە بینینی ڕوونی ناوەوەی شتەکان، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکت دەربارەیان هەبێ. بە پێچەوانەی یادەوە کە تەنها لەسەر ئەو شتانە کار دەکات کە زانیاریت

لە بارەیانەوە هەیە. بەڵام ژیان هەم زانراو و هەم نەزانراوی تیایە، هەروەها ئەو شتانەی کە قابیلی پەی پێبردن نین. لێ یاد تەنها لەگەڵ زانراودا سەروکاری هەیە. ئەمەیە ئەو شتەی هەموو زانکۆکان و سیستمە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی ئێوە دەیکەن. ئەوان بە تەنها جیهازی یادی ئێوە پڕدەکەن لە زانیاریی زیاتر و زیاتر. ئیتر وەختێ پرسیارێکتان لێ دەکەن، ئێوەش بە پشتبەستن بەو یادە؛ خێرا وەڵام دەدەنەوە، بەڵام ئەمە نیشانەیەک نییە بۆ زیرەکی.

زیرەکی کاتێک ڕۆڵی خۆی دەبێت کە ڕووبەڕووی زانراو بێتەوە، واتە لەگەڵ ئەو شتەدا کە هیچ زانیارییەکت لەبارەیەوە نییە. پێودانگی زیرەکییەکەش لەسەر ئەوە دەوەستێت چۆن لەگەڵ ئەو بابەتە نەزانراوەدا مامەڵە دەکەیت. دەشێ بە وریایی و ئاگامەندییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت و لەوانەشە گەمژانە و ساویلکانە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت.

با نموونەی هەڵسوکەوتی زیرەکانە بهێنینەوە:

لە ساڵی ١٩٤٧دا ژمارەی دانیشتووانی هیندستان نزیکەی چوارسەد ملیۆن کەس بوو، ئێستا نۆسەد ملیۆنە، واتە پێنجسەد ملیۆن زیادی کردووە. لەو ڕۆژگارەشدا هیندستان زۆر هەژار بوو، بەریتانیاش بیری لەوە دەکردەوە تا زووە سەربەخۆیی بە هیندستان بدات. لە کاتێکدا یەک سەرکردەی هیندی داوای سەربەخۆیی نەکردبوو، تا ئەو کارەساتەی ساڵی ١٩٤٢ دووبارە نەبێتەوە، وەختێ گەلی هیند ڕاپەڕی و شۆڕشی دژ بە بەریتانیا کرد، بەڵام سوپای بەریتانی لە ماوەی نۆ ڕۆژدا شۆڕشەکەی سەرکوت کرد. بەو جۆرەش بوو بە بچووکترین شۆڕش لە مێژوودا.

لە ساڵی ١٩٤٢دا بەریتانیا بیری لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی هیندستان نەکردبووەوە و شۆڕشەکەی سەرکوت کرد، بەڵام دوای پێنج ساڵ؛ هەڵوێستەکە گۆڕا، بەبێ ئەوەی تاقە سیاسەتمەدارێکی هیندستان تەنانەت "گاندی" و "جەواهیر لال نەهرۆ"یش لەو نیازە تێبگەن، بەریتانیا بڕیاری دا سەربەخۆیی بە هیندستان بدات.

هیندییەکان سەریان لەم کارەی بەریتانیا سووڕ مابوو. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی زیرەک نەبوون و پێشتر لەگەڵ مەسەلەیەکی نەزانراودا مامەڵەیان دەکرد. خۆیان داوای سەربەخۆییان نەدەکرد، کەچی ئەوەتانێ بەریتانیا بە خواستی خۆی سەبەخۆییان دەداتێ. تۆ بڵێیت هۆکارەکەی چی بێت؟ کەس خۆی ماندوو نەکرد تا بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێت. بە پێچەوانەی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای بەریتانیا "ولیەم ئاشلی"، کە گەیشتبووە ئەو ڕاستییەی ئەگەر بەریتانیا لەسەر داگیرکردنی هیندستان بەردەوام بێت، دواتر دەبێ باجی زۆربوونی دانیشتووانی هیندستان و زۆربوونی هەژاری و برسیەتی بدات. کەواتە وا چاکترە سەربەخۆییان بدەنێ.

سەرانی هیندستان ئەمەیان زۆر پێ خۆشبوو و ولیەم ئاشلی لە لای هیندییەکان لە دوژمنێکەوە گۆڕا بۆ بابا نوئێل؛ کە سەربەخۆیی هیندستانی وەکو دیاریی سەری ساڵ بۆ هێناون. ئەوەی لە هیندستان ڕووی دا؛ لە هیچ قوژبنێکی ئەم دونیایە ڕووی نەدابوو، داگیرکەرێک بێت و بە دەستی خۆی سەربەخۆیی بە داگیرکراوەکەی ببەخشێت، بەبێ ئەوەی داگیرکراوەکە داوای ئەوە بکات و بەبێ ئەوەی ئومێدێکیشیان

بە سەربەخۆیی مابێت.

دۆخەکە ڕوون بوو، بەڵام پێویستی بە زیرەکی بوو. ئەم دۆخە چونکە تازەش بوو، پەیوەندیی بە یادەوە نەبوو. هیندستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی دانیشتووانی ڕوو لە زیادبوون بوو. ئینگلیزەکانیش لەمە ترسان و دەیانزانی دۆخەکە دەگاتە حاڵەتێکی خراپ و وڵاتەکە نوقمی هەژاری و برسیەتی دەبێت، بۆیە نەیانویست خۆیان بخەنە ژێر بەرپرسیارێتییەوە.

لە ساڵی ١٩٥٠وە، من بەردەوام داوا لە خەڵکی هیندستان دەکەم سنوور بۆ منداڵبوون دابنێن، بەڵام بە نەفرەتیان دەکردم. "تۆ دژی ئایین قسە دەکەیت. منداڵ دیاریی خودایە و ڕەت ناکرێتەوە".

منیش دەموت: "کاتێک نەخۆش دەکەون؛ هەر خودا خۆی نییە کە ئەو نەخۆشییەتان بۆ دەنێرێت؟ ئەی کەواتە بۆ دەرمان دەخۆن تا چاک ببنەوە؟ خوا گەر بیەوێ چاک ببنەوە، هەر خۆی دەرمانیشتان بۆ دەنێرێت".

لە وەڵامدا دەیانوت: "حەبی مەنع شتێکە مرۆڤ دروستی دەکات و لەلایەن خوداوە دروست نەکراوە".

منیش دەموت: "هێڵی شەمەندەفەرەکان خودا دروستی کردوون؟ ئەی فڕۆکەکان خودا دروستی کردوون؟ ئەو حەب و دەرمانانەی تر کە ئێوە بەکاری دەهێنن؛ هەمووی دروستکراوی مرۆڤن".

یەکێکیان چاویلکەیەکی لە چاودا بوو، پێم وت: "ئەی ئەم چاویلکە کە بینینت ڕاست دەکاتەوە، خوا دروستی کردووە؟ هەر کە لەدایک بوویت لە چاوتدا بووە؟ خوا چاوتی بێ

چاویلکە پێت بەخشیوە، کەواتە چاویلکەی دروستکراو بۆ دەکەیتە چاوت؟ خوا چۆنی خولقاندوویت هەروا بمێنەرەوە".

لەو ڕۆژەوە تا ئێستا من داوا لە حکومەت و بەرپرسان دەکەم کە لەم ڕووەوە وریا بن و لە ئایندەدا کارەسات ڕوو دەدات. بەڵام گوێیەک نەبوو ئەم قسانە ببیستێت.

زاناکان پێشبینییان کرد، پێشبینییەکەشیان ڕاست دەرچوو، کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ژمارەی دانیشتووانی هیندستان دەگاتە نزیکەی ملیارێک و ڕەنگە زیاتریش. هەروەها پێشبینیی ئەوەشیان کرد کە نیوەی دانیشتووان، ژیانیان لەبەر هەڕەشەی مەرگدا دەبێت، چ بە هۆی هەژارییەوە بێت، یان برسیەتی، یان نەبوونی چاودێریی تەندروستی... لێرەدا پرسیارێکی تریش قوت دەبێتەوە: ئەی ئەو مرۆڤانەی کە هەر بە ناو زیندوون، ئەگینا وەکو مردوو وان و دەجولێنەوە؟ ژیانیان بە ڕاددەیەک خراپ دەبێت کە ئارەزووی مەرگ دەکەن.

لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەمدا، هیندستان لە ڕووی دانیشتووانەوە وەکو چینی لێ هات، بەڵام جیاوازیی دیار ئەوە بوو، کە چین بە زیرەکییەوە مامەڵەی کرد و سنووری بۆ منداڵخستنەوە دانا.

بەڵام بۆ نموونەی زیندووتر سەبارەت بە زیرەکی، دەتوانین باس لە ئەڵمانیا و سویسرا بکەین. ژمارەی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەڵمانیا ڕوو لە کەمبوونە، لە کاتێکدا ژمارەی کۆچبەران بۆ ئەڵمانیا ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبوونە، تا ئەو ڕاددەیەی کە ترسی ئەوەی هەیە وڵاتی ئەڵمان لە دەستی ئەڵمانەکاندا نەمێنێت. بەڵام کاردانەوەی حکومەت گونجاو و

لە کاتی خۆیدا بوو: سنووری بۆ ژمارەی کۆچبەرانی هاتوو بۆ ئەڵمانیا دانا و داوای لە ئەڵمانییەکانیش کرد منداڵی زیاتر بخەنەوە.

زیرەکی واتە توانای هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بارودۆخ و هەڵویستە تازەکاندا، ئەم توانایەش لە خودی خۆت و ناخی خۆتەوە هەڵدەقوڵێت، ئەقڵیش بریتییە لەو گالیسکەیەی کە ئەم توانایە دەگوێزێتەوە. ئەمە ئەو ئەزموونەیە کە ڕەوتی ژیانت دەگۆڕێت.

زیرەکی خەسڵەتی چاودێریکردنە... چاودێریی ئەقڵ دەکات و ڕێنمایی دەکات. هەرچۆنێک بێت، ئەوەی لە ئەقڵدا هەیە، هەمووی لە دەرەوە دێت، بەڵام زیرەکی لە ناوەوەی خۆتەوە هەڵدەقوڵێت. تۆ پڕیت لەو توانایانەی کە پێویستیان بە پردێک هەیە تا پیایدا بۆ دەرەوە بپەڕنەوە. پێویستیان بە ڕێگەیەک هەیە. تێڕامان یارمەتیت دەدات ئەم ڕێگەیە بدۆزیتەوە. تێڕامان دەتکات بە ئاغا و ئەقڵیشت دەبێت بە کۆیلەت.

## ئایا تێڕامان پەیوەندیی بە زیرەکییەوە هەیە؟

تێڕامان بە بوونتەوە پەیوەستە، بوونیشت گەلێ ڕەهەندی هەیە: "زیرەکی، نزا، خۆشەویستی و بەخشش". گەنجینەیە ڕاستەقینەت لە ناکۆتایی بوونتدایە. زیرەکیش یەکێکە لەو ڕەهەندانە.

**ئایا زیرەکی توانستێکە لە هەمووماندا هەیە و پێویستی بەوەیە بێداری بکەینەوە؟ ئایا دەتوانین ئاستی ئاگامەندیمان لە ڕێی زیرەکییەوە بەرز بکەینەوە؟**

ئێمە هەموومان کە لە دایک دەبین ئەو توانستە لە هەمووماندا وەکو یەکە. بەڵام جیاوازییەکە لە ڕاددەی بەکارهێنانی هەر یەکەماندایە بۆ ئەو توانستە.

ڕەنگە پێت سەیربێت ئەگەر بزانیت کە یەکێکی وەکو "ئانیشتاین" کە یەکێکە لە بلیمەتەکانی جیهان، بە تەنها لە سەدا پانزدەی توانستەکانی خۆی بەکار هێناوە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێن، تەنها لە سەدا دەی توانستیان بەکار دەهێنن. خەڵکی ئاساییش؛ ملیۆنەها خەڵک، لە نێوان پێنج تا حەوتی توانستیان بەکار دەهێنن. یەگینا ئەگەر خەڵک هەمووی لە سەدا سەدی

توانستی خۆیان بەکار دەهێنا، ئەم دونیایەمان بە تەواوەتی دەگۆڕا.

بە تەنها تێڕامان وات لێ دەکات پەی بە توانستەکانت بەریت. بە تەنها تێڕامان دەتوانێت ڕێگە بۆ پەڕینەوەی توانستەکانت لە ناوەوەت بۆ دەرەوە؛ بدۆزیتەوە.

## چاودێری؛ چۆن بە حاڵەتی "نا – ئەقڵ"مان دەگەیەنێت؟

* چاودێری؛ چۆن بە حاڵەتی نائەقڵمان دەگەیەنێت؟ من خۆم دەتوانم هەمیشە چاودێریی جەستە و بیرکردنەوە و هەستەکانم بکەم. ئەمەش هەستێکی خۆشم لا دروست دەکات. بەڵام ساتەکانی بیرکردنەوەم کەمن و درەنگ دێن. وەختێ گوێم لێت دەبێت، دەڵێیت: "تێڕامان چاودێرییە"، هەست دەکەم لەو قسەیەت دەگەم. بەڵام کاتێک باسی نا-ئەقڵ دەکەیت، بە ئاسانی لێت تێناگەم، ئەرک نەبێت لەو بارەیەوە شتێکمان بۆ باس دەکەیت؟

تێڕامان گەشتێکی درێژە. کاتێکیش دەڵێم تێڕامان بریتییە لە چاودێری، مەبەستم لە سەرەتای ئەو گەشتەیە. بەڵام کاتێک دەڵێم: تێڕامان نا-ئەقڵە، مەبەستم لە کۆتایی گەشتەکەیە. چاودێریکردن سەرەتایە، نا-ئەقڵیش تەواوکردنی ئەرکەکەیە. چاودێریکردن ئەو میتۆدەیە کە بەرەو نا-ئەقڵمان دەبات. شتێکی ئاساییە کە چاودێریکردنیش ئاسانترە.

بەڵام چاودێریکردن وەکو تۆو وایە، پێویستی بە

چاوەڕوانـی و هەروەهـا متمانـە هەیـە، تـا دەڕوێـت و چـرۆ دەکات و دەبێت بـە دەوەن و ڕۆژێکیـش دێـت گـوڵ دەگرێـت. حاڵەتـی نا-ئەقـڵ دواقۆناغـی ئـەو گوڵگرتنەیـە.

هەڵبەتـە تۆوچانـدن زۆر ئاسـانە، لـە دەسـتی خـۆت دایـە، بـەڵام گوڵکـردن بـە دەسـت تـۆ نییـە. تـۆ دەتوانیت خاکەکـەی بـۆ ئامـادە بکەیـت و تۆوەکـە بچێنیت، بـەڵام گوڵـەکان خۆیـان شـکۆفە دەکـەن. تـۆ ناتوانیـت زۆریـان لـێ بکەیـت تـا شـکۆفە بکـەن.

بـەڵام ئەگـەر خاکەکـەت بـاش ئامـادە کـرد، گوڵـەکان هـەر شـکۆفە دەکـەن. چاودێریکـردن ئامادەکردنـی خاکەکەیـە، ئـەو ڕێگەیەیە کـە دەیگریتـە بـەر تـا لەپڕێکدا بـۆ تاوێـک هەسـت بـە حاڵەتـی نا-ئەقـڵ دەکەیـت. تەنهـا بـۆ تاوێـک.

یاسـایەکی بنەڕەتـی هەیـە لـە بیـری نەکەیـت: ئـەو شـتەی کـە بـۆ تاوێـک بوونـی دەبێـت، دەکـرێ بـۆ هەمیشـەیش بوونـی هەبێـت. کـە ئـەو دەرفەتـەت بـۆ هاتـە پێشـێ و توانیـت ئـە دەرفەتـە بگۆڕیـت بـۆ حاڵەتـی نا-بیرکردنـەوە، ئـەودەم نهێنییەکـە دەدۆزیتـەوە. پاشـان دەتوانیـت بەبـێ هیـچ کۆسـپ و تەگەرەیـەک هەمـان شـت لەگـەڵ دەرفەتـی دووەمـدا بکەیـت. ئەوسـا کلیلـی گەیشـتن بـە حاڵەتـی نا-ئەقـڵ دێتـە دەسـتت و دەچیتـە سـەر ڕێگـەی دروسـت.

بـەڵام دەبـێ سـەبرت هەبێـت. بوونـت پێویسـتی بـە سـەبرێکی زۆرە. نهێنییـە گـەورەکان تەنهـا بـۆ ئـەو کەسـانە دەکەونـە ڕوو کـە سـەبریان زۆرە.

لـە "تبـت"ی کۆنـدا نەریتێـک هەبـوو، دەبووایـە هەمـوو خێزانێـک یەکـەم منداڵـی خۆیـان بناردایـە بـۆ پەرسـتگا تـا

بەشداری لە ئەزموونی فراوانکردنی ئاگامەندیدا بکات. هەر بۆ ئەم مەبەستە یەکەم مناڵ دەنێردرا و دەخرایە ژێر مەشقی تێڕامانەوە.

وێرانکردنی تبت لەسەر دەستی چینی کۆمۆنیست، یەکێک بوو لە کارەساتەکانی مرۆڤایەتی. مەسەلەکە بریتی نەبوو لە وڵاتێکی بچکۆلە، بەڵکو بریتی بوو لە ئەزموونێکی گەورە کە بە درێژایی چەندەها سەدە لە تبتدا ئەنجام درا.

یەکەم منال کە تەمەنی پێنج شەش ساڵێک دەبوو، دەنێردرا بۆ پەرستگا. دەبوایە ئەم منالانە نزیکەی دە ساڵ لە کەسوکار دوور بوونایە و مەشق و تاقیکردوەی قورسیان بەسەردا ئەنجام بدرایە. ئەمانەش هەمووی بە مەبەستی گەیشتنیان بوو بە حاڵەتی نا-ئەقڵ، کە یتر بوارێک بۆ ئازاردانی خەڵک و چاوچنۆکی و ئیرەیی نەدەمایەوە.

پرسیارت کرد: چاودێری چۆن بەرەو نا-ئەقڵمان دابات؟ یاسایەکی بنەڕەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بیرۆکەکان ژیانی تایبەت بە خۆیان نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی حاڵەتەکانی خۆتن. وەختێ دەڵێیت "من تووڕەم"، تۆ وزەی ژیانت دەڕژێنیتە ناو تووڕەییەوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ تووڕەییدا یەکانگیر دەبیت. بەڵام وەختێک دەبیتە چاودێر بەسەر تووڕەیی خۆتەوە، ئەوکات وزەی خۆت بە تووڕەتت نابەخشیت، لەبەر ئەوەی بوویت بە چاودێر بەسەریەوە و یەکانگیر نەبوویت لەگەڵ تووڕەییەکەدا و مەودایەکت لە نێوان خۆت و تووڕەییدا پاراستووە.

بەمجۆرە؛ وردە وردە دەتوانیت لەو بیرۆکانە ڕزگارت بێت. چاودێری پێویستی بە مەودا هەیە. ئەگەر لەگەڵ بیرۆکە و

حاڵەتەکاندا یەکانگیر بیت، بواری مەوداگرتن نابێت. ئەگەر ئەو بیرۆکانە زۆر نزیک بن لێتەوە، ناتوانیت هیچ ببینیت و ڕەنگی ئەو بیرۆکانە وەردەگریت. تووڕەیی؛ تووڕەت دەکات، چاوچنۆکی؛ چاوچنۆکت دەکات.

بەڵام چاودێری؛ دابڕانێک لە نێوان تۆ و ئەو بیرۆکانەدا دروست دەکات. تا چاوچنۆکییەکەت زیاتر بێت، مەوداکەش زیاتر دەبێت. تا مەوداکەشت لەگەڵ بیرۆکەکاندا زیاتر بێت، وەی کەمتریان بۆ دەچێت، چونکە وزە لە تۆوە وەردەگرن. کە وزەشیان نەما، دەمرن. بە مردنیشیان یەکەم تروسکەی نا-ئەقڵ دەبینیت.

بەمجۆرە؛ دەتوانیت بڵێیت "دەتوانم چاودێریی جەستە و بیرکردنەوە و هەست و سۆزەکانم بکەم"، ئەمەش سەرەتایە، بەڵام ئەم سەرەتایەش تا بڵێیت جوانە. ئارامیی دەروونت پێ دەبەخشێت. خۆشنوودی؛ خۆی بۆخۆی دێت. وەختێ دەچیتە سەر ڕێگەی ڕاست، هەست دەکەیت بەخششی خودایی چواردەورت دەتەنێتەوە. ژیان پێشوازیت لێ دەکات و چەپکەگوڵت پێشکەش دەکات.

وتت ساتەکانی بیرکردنەوە لە لات کەمن و درەنگ ڕوو دەدەن. ئەمە شتێکی باشە و نیشانەی ئەوەی کە بیرکردنەوەکانت بەردەوام نین، شەو و ڕۆژ پەی دەر پەی گوشار ناخەنە سەرت، تەنانەت لە کاتی خەویشدا. چونکە ئەوەی پێی دەڵێن خەون، چ نییە جگە لە بیرکردنەوە و بیرۆکە لە شێوەی وێنەدا. لەبەر ئەوەی کرداری نەستی "یان لاشعوری" نازانێت پیتەکانی ئەلفوبێ بخوێنێتەوە و حەز بە بینینی وێنە دەکات... هیچ قوتابخانە یان دەزگایەکی فێرکاریش

نییە بتوانێ ئەست بڵێتەوە. ئەست حاڵەتێکی سەرەتاییە. لە منداڵێکی بچکۆلە دەچێت. قەت هەوڵت داوە سەیری کتێبەکانی منداڵەکانت بکەیت؟ گەر بتەوێ منداڵێک فێری شتێک بکەیت، سەرەتا دەبێ وێنەی بۆ بکێشیت. بۆیە کتێبەکانیان پڕن لە وێنەی گەورە و ڕەنگاوڕەنگ؛ لەگەڵ نووسینێکی کەمدا. منداڵ زیاتر حەز بە وێنە دەکات. منداڵ سەرەتاییە، لە زمانی وێنە دەگات. ئیتر بەمجۆرە وردە وردە وێنەکان دەبن بە هاوتای وشەکان. بۆ نموونە وەختێ وێنەی ورچێک دەبینێت و وشەی ورچ لە ژێر وێنەکەدا دەبینێت، دەزانێت ئەو وشەیە، وشەی "ورچ"ە. لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکەدا وێنەکان کەم دەبنەوە و وشەکان زیاد دەکەن، تا وای لێ دێت وەختێ دەچێتە زانکۆ، وێنە لەسەر کتێبەکانی نامێنێت و هەر زمان دەمێنێتەوە.

بەم بۆنەیەوە ئەوەم بیر کەوتەوە کە لەم سەردەمەدا تەلەفزیۆن مرۆڤایەتیی بۆ دواوە گەڕاندووەتەوە، بۆ حاڵەتی سەرەتایی، هەموو سەیری وێنە دەکەن. ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر پاشەڕۆژ. ئەوەتانێ وەکو دەبینین، خەڵک وازی لە خوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییە مەزنەکان هێناوە. چونکە وەختێ لەسەر شاشە فیلم دەبینێت، ئیتر چ باکی بە خوێندنەوەی ڕۆمان هەیە؟ ئەمە دیاردەیەکی خەتەرناکە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک شت هەن ناکرێن بە وێنە. تێکستە ئەدەبییە مەزنەکانیش بە شێوەیەکی بەشەکی (جزئی) دەتوانرێ بکرێن بە وێنە، نەک هەموویان. مەترسییەکە لەوەدایە وردە وردە خەڵک زمان و جوانی و سیحری زمانی لە بیر دەچێتەوە و سەرلەنوێ وەک خەڵکی سەرەتایی (primitive)یان لێ

دێتەوە و هەر سەیری وێنەی TV دەکەن.

ئێستا لە ئەمەریکادا، خەڵک نزیکەی حەوت سەعات و نیو سەیری تەلەفزیۆن دەکەن. ئەمەش وردە وردە دەبێتە مایەی وێرانکردنی شتێک کە بە ماندووبوون و زەحمەتێکی زۆر بەدی هاتووە. ئەو کەسەی ڕۆژی حەوت سەعات و نیو سەیری TV بکات، تاقەتی نامێنێت شەکسپیر و کالیداس و تاگوور و هێرمان هێسە و مارتن بووبەر و ژان پۆل سارتەر بخوێنێتەوە. ئەدەبیش چەند مەزن بێت، کەمتر قابیلی ئەوەیە بە وێنە بگۆڕدرێ.

وێنەکان ڕەنگاوڕەنگن، سەرنجڕاکێشن، ئاسانن، بەڵام لەگەڵ زماندا بەراورد ناکرێن.

با لێرەدا ئاماژەیەک بە کۆمپیوتەریش بکەین کە چۆن سیستمی یاد (memory)ی مرۆڤ وێران دەکات. تۆ دەتوانیت کۆمپیوتەرێک کە قەوارەکەی هێندەی جگەرەیەک دەبێت لەگەڵ خۆتدا هەڵبگریت کە هەموو شتێکی تیا پارێزراوە. ئەوکات پێویستت بە یادی خۆت نابێت. هەر ئەوەندەی پەنجەت بە دوگمەیەکدا نا، کۆمپیوتەرەکەت ئامادە دەبێت و هەر زانیارییەکت بوێت؛ دەتداتێ. کەواتە ئەو سیستمی یادە مرۆییەی کە بە درێژایی چەندەها سەدە پەرەی سەندووە، کەۆمپیوتەر لە ماوەیەکی کەمدا وێرانی دەکات. تەلەفزیۆنیش دەبێتە مایەی لەناوبردنی ئەدەبی گەورە و مەزنی مرۆڤایەتی و هەروەها گریمانەی ئەوەی کە چیتر کەسانێکی وەکو شیللی و بایرۆن و داهێنەرانی گەورەی ئەدەب دروست نەبنەوە.

لێرەوە؛ ئەو پرسیارەی کە تۆ کردت سەبارەت بەوەی ڕێگەی ڕاستت گرتووەتە بەر یان نا، پرسیارێکی بەجێیە.

بەڵام کەس گرەنتیی ئەوە ناکات... چەند ڕێگەیەک هەن، چۆن ڕاستەکەیان هەڵدەبژێریت؟ ئەمە ئەو پێودانگەیە کە لێیەوە بۆت دەردەکەویت: ئەگەر ڕێگەیەکت گرتە بەر و شادی و هەستیاری و چاودێری و هەستی بە بوونێکی باش لە لات خولّقاند، ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ ڕێگەیەکی ڕاستت گرتووەتە بەر. بەڵام گەر بێزار و دڵتەنگ بوویت، تووڕە بوویت، خۆپەرست بوویت، شەهوەتباز بوویت، واتە ڕێی هەڵەت گرتووەتە بەر.

گەر کەوتبوویتە سەر ڕێی ڕاست، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر هەستی خۆشنوودی و ئەزموونی هەستی جوان و ڕەنگاوڕەنگ دەکەیت. ئەو ڕەنگانەی کە پێشتر نەتدیون، ئەو بۆنە خۆشانەی پێشتر بۆنت نەکردوون. ئیدی دەتوانیت لەسەر ئەو ڕێیەت بەردەوام بیت و بەبێ هیچ ترس و سڵەمینەوەیەک لەوی کە لەسەر ڕێی هەڵەیت.

بشزانە کە ئەو ئەزموونە کورتانە، ئەو ساتانە، ساتی "نا-ئەقڵ"ن. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەیە و گرنگ ئەوەیە بتوانیت ئەو ساتانە درێژتر و زیاتر بکەیتەوە. هەڵبەتە دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین کە حاڵەتی "نا-ئەقڵ" مانای ئەوەی نییە کە تۆ ناتوانیت ئەقڵ بەکار بهێنیت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، مانای ئەوەیە لە تۆ نەبیت بە ئامرازێک بە دەست ئەقڵتەوە، واتە ئەقڵت بەکار نەهێنیت.

کەواتە "نا-ئەقڵ" مانای لەناوبردنی ئەقڵ نییە، بەڵکو واتە چۆن بیخەیتە لاوە و هەر کاتێک ویستت، ئەو کاتانە ئەقڵت بەکار بهێنیت. واتە ئەقڵ ببێتە کۆیلەی تۆ و تۆ ئاغا بیت، نەک بە پێچەوانەوە. ئەقڵ کە بوو بە کۆیلە، واتە دەبێتە

ئامرازێکی گەورە بە دەستتەوە، بەڵام ئەگەر ببێت بە ئاغا، ئەوا خەتەرناک دەبێت و دەشێ هەموو ژیانت وێران بکات.

ئەقڵ بە تەنها نێوەندێکە لە نێوان تۆ و خەڵکدا. بەڵام کاتێک تەنیا دەبیت، پێویستت بە ئەقڵ نابێت، بۆیە کەی ویستت دەتوانیت بەکاری بهێنیت. ئەوەشت لە یاد نەچێت: کاتێک ئەقڵ بۆ چەند سەعاتێک بە بێدەنگی دەمێنێتەوە، تازە دەبێتەوە، لاو دەبێتەوە، توانای داهێنای زیاتر دەبێت، هەستیارتر و شادتر دەبێت.

لە بنەڕەتدا؛ ئەقڵ لە تەمەنی سیوچوار ساڵییەوە دەست پێ دەکات تا حەفتا؛ هەشتا ساڵ، ئیتر بەرەو لاوازی دەچێت و ماندوو دەبێت و چیتر داهێنەر نابێت. ملیۆنەها خەڵک لەم جیهانەدا هەن کە چونکە ئەقڵیان ماندوو بووە، چیدی ناتوانن داهێنەر بن، لە کاتێکدا داهێنان یەکێکە لە ئەزموونە بەرز و باڵاکانی ژیان .

بەڵام مرۆڤی ڕامێن (واتە ئەو کەسەی ڕادەمێنێت) یان "نا-ئەقڵ" مرۆڤێکە دەزانێت چۆن پشوو بە ئەقڵی دەدات.

پڕە لە وزە، پڕە لە هەست، هەر ساتێک پێویستی کرد ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی دەیەوێت.

هەروەها ئەوەش ڕێکەوت نییە کە ئەوانەی لە ئەزموونی نا-ئەقڵدا دەژین، وشەکانیان هەڵگری سیحرێک دەبن. کاتێک ئەقڵیان بەکار دەهێنن، کاریزمایەکی دەبێت. هێزێکی ئەفسووناویی دەبێت. عەفەوییەت و تازەیی دڵۆپە شەونمەکانی دەمەو سەحەرانی دەبێت.

هەر بۆیە؛ مرۆڤی ڕامێن، تەنانەت پەخشانیش دەکات بە شیعر. بەبێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات، وشەکانی پڕ دەبن

لە هێزێکی وەها کە پێویستیان بە سەلماندن نابێت. خۆیان سەلمێنەری خۆیان دەبن.

با سەیرێکی ڕابردوو بکەین: بوودا، مووسا، مەسیح. ئەمانە شتێک لە وشەکانیاندا و لە ئامادەبوون(حزوور)یاندا بوو کە بەبێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێک قەناعەتیان بە خەڵک دەکرد و دەگۆڕان. ئەمە پەرجووە، بەڵام پەرجووەکەش لە ئەقڵی پشووەدەردایە، لەو ئەقڵەدا کە هەمیشە پڕە لە وزە و لە کاتی پێویستدا بەکار دەبرێ.

کاتێک من قسە لەگەڵ ئێوەدا دەکەم، پێویستم بەوەیە ئەقڵم بەکار بهێنم، کاتێکیش لە ژوورەکەی خۆمدا دادەنیشم، هەموو شتێک پەیوەست بە ئەقڵ فەرامۆش دەکەم، دەبمە بێدەنگییەکی تەواو.

وتت: "وەختێ گوێم لێ دەبێت دەڵێیت تێڕامان چاودێرییە، هەست دەکەم لەو قسەیەت دەگەم، بەڵام کاتێ باسی نا-ئەقڵ دەکەیت؛ بە ئاسانی لێت تێناگەم".

هەڵبەتە ئاسان نییە. نا-ئەقڵ شێمانەی ئایندەتە. تۆ تێڕامانت دەست پێکردووە، دەشێ لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بێت، بەڵام کارامەییەکی وای پێ داویت، کە دەتوانیت لێم تێبگەیت. بەڵام ئەگەر لە تێڕامان تێنەگەیشتت؛ هیچ نیگەران مەبە.

بە دڵنیاییەوە تێڕامان بەرەو حاڵەتی "نا-ئەقڵ"مان دەبات، وەک ئەو ڕووبارەی بەبێ هیچ نەخشەیەکی ڕێنماییکەر بەرەو ئۆقیانووس دەچێت. هەر ڕووبارێک بە ئۆقیانووس دەگات، بەڵام بۆ نموونە؛ ڕووباری گەنج بە شێوەیەکی سروشتی وەختێ لە شاخەکانی هیمالایاوە دێت و کێو و دۆڵەکان

دەبڕێت، هیچ بیرۆکەیەکی لەسەر ئەوە نییە کە ئۆقیانووس چییە، بەڵام بەرەو ئۆقیانووس ڕێ تەی دەکات، لەبەر ئەوەی ئاو بە سروشتی خۆی کوێ نزم بوو؛ بەرەو ئەوێ دەچێت. کەواتە ڕووبارەکان لەسەر لوتکەکانی هیمالایا لەدایک دەبن و بەرەو نزمترین جێیەکان دەچن تا ئۆقیانووس دەدۆزنەوە.

بەڵام پرۆسەی تێرامان بە پێچەوانەوەیە: بەرەو لوتکە و ترۆپکەکان دەڕوات، بەرزترین لوتکەش نا-ئەقڵە. نا-ئەقڵ وشەیەکی سادەیە، بەڵام خۆی واتە ڕۆشنبوونەوە، ئازادبوون، ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی، تاقیکردنەوەی ئەزموونی نەمری و جاویدانی.

ئەم وشانە قەبەن و من نامەوێ ئێوەی پێ بترسێنم. بۆیە وشەی سادەی نا-ئەقڵ بەکار دەهێنم. ئێوە دەزانن ئەقڵ چییە و دەتوانن ئەو حاڵەتە بهێننە پێشچاوی خۆتان کە وەختێ دەچێتە حاڵەتی کار نەکردنەوە؛ چییە. وەختێ ئەم حاڵەتەش ڕووی دا، تۆ دەبیتە بەشێک لە ئەقڵی گەردوونی. کاتێکیش بوویتە بەشێک لە ئەقڵی گەردوونی؛ ئەقڵی تاکت وەک بەندەیەکی گوێڕایەڵت کار دەکات و ئاغای خۆی دەناسێتەوە و لە ئەقڵی گەردوونییەوە شتت پێ دەبەخشێت. کاتێک من قسە بۆ ئێوە دەکەم، لە ڕاستیدا ئەوە گەردوونە من بەکار دەهێنێت. ئەو وشانەی دەیانڵێم هی حەقیقەتی گەردوونین. هێزی ئەو و کاریزمای ئەو و سیحری ئەوە.

## پەیوەندیی ئاگامەندی بە وزەوە

*** تکایە شتێکمان دەربارەی پەیوەندیی ئاگامەندی بە وزەوە بۆ باس بکە.**

فیزیای نوێ گرنگترین دۆزینەوەی بە مرۆڤایەتی بەخشی: ماتەر (یان مادده) وزەیە. ئەمە گەورەترین دۆزینەوەی "ئەلبێرت ئاینشتاین" بوو بۆ مرۆڤایەتی.

E یەکسانە بە mc2، ماتەر وزەیە، ماتەر دەبینرێ... ئەگینا شتێک نەدەبوو وەکو ماتەر تا ببینرێ، شتێکی ڕەق. تەنانەت بەردیش بریتییە لە وزەیەکی پڕ لە ترپە و جووڵە و وزەی وەکو وزەی شەپۆلی دەریا وایە، بەڵام ئەوەی هەیە شەپۆلەکانی ناو بەرد کەس نایانبینێت. لێ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەرد هەناسە نادات و نابزوێت، تەنانەت بەردیش زیندووە.

فریدریش نیتچە هاواری کرد "خودا مردووە"، خودا نەمردووە، ئەوەی مردووە ماتەرە. ئەو ماتەرەی کە دروست بوو بۆ ئەوەی نەژی و نەبێت. ئەم تێڕوانینە بۆ ماتەر وا لە فیزیای نوێ دەکات لە تەسەووف زۆر نزیک بێتەوە.

بۆ یەکەمجار زانا و موتەسەووف زۆر لە یەک نزیک دەبنەوە و دەست دەخەنە ناو دەستی یەکەوە.

"ئەدینگتۆن" کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی سەدەی بیستەم، دەڵێت: "ئێمە وامان دەزانی ماتەر شتە، بەڵام بۆمان دەرکەوت کە وا نییە. ماتەر زیاتر لە هزر دەچێت نەک شت".

بوون وزەیە، زاناکان بۆیان دەرکەوت کە "چاودێریکراو" وزەیە، بابەت "مەوزوع" وزەیە. پێنج هەزار ساڵیش دەبێت ئەوە زانراوە جەمسەرەکەی تریش، واتە خود "زات"، چاودێریکەر، ئاگامەندیش وزەیە.

جەستەی تۆ وزەیە، ئەقڵت وزەیە، ڕۆحت وزەیە. کەواتە جیاوازی لە نێوان ئەم سیانەدا چییە؟ جیاوازییەکە لە جیاوازیی ڕیتم، جیاوازیی درێژیی شەپۆلەکاندایە.

جەستە وزەیەکی تەواو و بینراوە، ئەقڵ شاراوەترە؛ بەڵام تەواو شاراوەش نییە. لەبەر ئەوەی دەتوانیت چاو بنوقێنیت و بیرۆکەکان ببینیت چۆن بە مێشکتدا دێن و دەچن. تۆ سەرنجیان دەدەیت. بیرۆکەکان وەکو جەستەت نابینرێن، واتە جەستەت هەموو کەس دەیبینێت، بەڵام بیر و هزرەکان تایبەتن بە خۆت.

سێیەمیان ئاگامەندییە. ئاگامەندی کە لوتکەی چالاکیی مرۆییە، نە کەسانی تر دەیبینن و نە خۆشت، هەروەها ئاگامەندی ناکرێ بە بابەت، بەڵکو وەکو خود دەمێنێتەوە.

ئەگەر ئەم سێ وزەیە کۆببنەوە و بە شێوەیەکی تەبا پێکەوە کار بکەن؛ واتە تۆ تەندروستیت و تەواویت. خۆ ئەگەر بە شێوەیەکی تەبا پێکەوە کار نەکەن؛ واتە تۆ نەخۆشیت و تەواو نییت. هەر کەسێکیش تەواو بوو، مانای وایە کەسێکی

پیرۆزیشـە.

ئـەوەی ئێمـە لێـرەدا هەوڵـی بـۆ دەدەیـن ئەوەیـە چـۆن یارمەتیـت بـدەن جەسـتە و ئەقـڵ و ئاگامەندیـت پێکـەوە بـە یـەک ڕیتـم و لـە یـەک هارمۆنیـی قووڵـدا؛ سـەما بکـەن. هـەر کارێکیش ئـەم سیانە بەمشێوەیە کاریان کرد؛ واتـە تـۆ بوویت بـە سـێبەری پیـرۆز (Trinity)، لـەم ئەزموونەشـدا هەسـت بـە بوونـی خـودا دەکەیـت.

پرسـیارت دەربـارەی پەیوەندیـی نێـوان ئاگامەنـدی و وزە کـرد... ئەمـەش پرسـیارێکی گرنگـە.

پەیوەنـدی لـە نێـوان ئاگامەنـدی و وزەدا نییـە. ئاگامەنـدی خـۆی وزەیەکـی پەتییـە. ئەقـڵ زۆر پەتـی نییـە. جەسـتەش کەمتـر. جەسـتە تێکەڵەیـە.

گرفتەیـە لێـرەوە دەسـت پـێ دەکات، گرفتـی ناکۆکـی و دژایەتـی لـە نێـوان ئـەم سیانەدا. لەبـەر ئـەوەی بـە درێژایـی دەیـان سـەدە پێـت وتـراوە کـە تـۆ بریتـی نییـت لـە جەسـتە، جەسـتە دوژمنتـە، دەبـێ شـەڕی لەگەڵـدا بکەیت، لەناوی بەریت، جەسـتە گوناهـە.

بەهـۆی ئـەم بیرۆکـە پڕوپـووچ و زیانبەخـش و ژەهراوییانـەوە، کـە بـوون بـە بەشـێک لـە ئەقڵـی دەسـتەجەمعی، تـۆ جەسـتەی خۆتـت لـە سـەمایەکی ڕیتمئاسـادا لەگـەڵ خۆتـدا تاقـی نەکردووەتـەوە. هـەر لێرەشـەوەیە کـە مـن پـێ لەسـەر سـەماکردن و مۆسـیقا دادەگـرم. لەبـەر ئـەوەی بـە تەنهـا لـە سـەمادایە کـە تـۆ هەسـت دەکەیـت جەسـتە و ئەقڵـت پێکـەوە کار دەکـەن. کاتێکیـش ئەمانـە پێکـەوە کاردەکـەن؛ هەسـت بـە

خۆشنوودییەکی گەورە دەکەیت.

ئاگامەندی بەرترین شێوەی وزەیە. کاتێک ئەمیش لەگەڵ ئەو دووانەی پێشوودا پێکەوە کار دەکەن، چوارەم دێت. چوارەمیش چ نییە جگە لە یەکەی ئۆرگانی Organic unity.

لە خۆرهەڵاتدا؛ ئێمە ناومان بۆ ئەو سیانەی تر داناوە، بەڵام بۆ ئەمەی چوارەم نا. بۆ ئەوەی چوارەم بزانیت دەبێ خودا بناسیت. با وا بڵێین: خودا کاتێکە کە تۆ لە یەکەیەکی ئۆرگانیی ئۆرگازمیدایت. خودا ئەو کاتە نییە کە تۆ لە ئاشووب chaos و ناکۆکیدایت. کاتێک تۆماڵێکیت و بەسەر خۆتدا دابەش بوویت، خودا نییە.

وەختێ هەست بە بەختەوەریی تەواو دەکەیت، وەختێ خۆشنوودی چواردەورت دەتەنێت، وەختێ وزەکانت وەک ئۆرکسترایەک پێکەوە کار دەکەن و پێکەوە سەما دەکەن، خودا لەوێدایە. ئەو هەستکردنە بە یەکەی تەواوەتی؛ خودایە.

کاتێک تۆ تابلۆیەک لەبەر یەک هەڵدەوەشێنیت، سەیر دەکەیت بریتییە لە کانڤاس و بۆیە. بەڵام تابلۆ بریتی نییە لە کانڤاس و بۆیەیەکی ڕووت. تابلۆکە شتێکی ترە. ئەو شتە لە ڕێی نیگارکێشان و کانڤاس و بۆیەکەوە گوزارشتی لێ کراوە. ئەو شتەش بریتییە لە "جوانی". گوڵێک هەڵبوەرێنە، هەندێ توخمی کیمیاییت دەست دەکەوێت کە گوڵەکەیان لێ پێکهاتووە، بەڵام جوانییەکە نامێنیت. لەبەر ئەوە گوڵەکە بە تەنها لەو توخمانە نییە، شتێکی تریشە.

کەواتە "گشت" شتێکی زیاترە لە بەشە پێکهێنەرەکانی، بەڵام لە ڕێی ئەوانەوە گوزارشت لە خۆی دەکات.

بۆ تێگەیشتن لە خوداش، دەبێ لەو شتە زیاترە تێبگەیت.

خوداش ئەو زیاترەیە. کەواتە خودا مەسەلەیەکی تیۆلۆجی نییە، لە ڕێی لۆجیکەکانیشەوە بڕیاری لەسەر نادرێ، بەڵکو دەبێ هەستی پێ بکەیت. هەست بە جوانی بکەیت، هەست بە مۆسیقا بکەیت، هەست بە سەما بکەیت، دواجاریش هەست بە سەمای ناو جەستە و ئەقڵ و ڕۆحت بکەیت.

دەبێ فێر بیت و بزانیت چۆن ئەم سێ وزەیە وەک ئامێری مۆسیقا دەژەنیت تا وەکو ئۆرکسترایەکیان لێ دێت. هەنگینێ خودا پەیدا دەبێت... نەک ئەوەی خودا ببینیت. ئەو دەبینێت بەڵام نابینرێ.

ئەو بیرۆکانەی دەربارەی ڕامان لایان دروست کردوویت، لە مێشکتدا بیانسڕەوە، وەک ئەوەی کە بە تەنیا دانیشتن لەژێر دارێکدا و لە دۆخی یۆگادا بریتییە لە ڕامان. ئەمە شێوازێکە لە شێوازەکان و دەشێ بۆ کەسێک باش بێت و بۆ کەسێکی تر باش نەبێت. بۆ منالێک ئەوە ڕامان نییە، بەڵکو ئەشکەنجەیە. بۆ لاوێک کە پڕە لە وزە، ئەوە خەفەکردنە. ڕەنگە بۆ پیرەمێردێک کە وزەکانی بەرەو لاوازی چوون، ئەوە ڕامان بێت.

دەبێ ئەوە بزانیت کە وزە هەمیشە لە پەنجەکانتەوە دەچێتە دەرەوە. وزە لە شێوە بازنەییەکانەوە نچێتە دەرەوە، لەبەر ئەوە لە سەرەوە ناچێتە دەرەوە، بەڵکو لە پەنجەی دەست و پێوە. بۆیە لە دۆخی دانیشتنی یۆگادا پێیەکان پێکەوەن، ئیتر وزە لە پێیەکەوە دەردەچێت و دەچێتە پێیەکەی ترەوە. هەروەها لە دەستێکەوە دەچێتە دەرەوە و بۆ ناو دەستەکەی تر دەچێت. بەمجۆرە وزەکەت ناڕواتە دەرەوە و دەبێتە بازنەیەکی ناوەکیی وزە. ئەمەش پشووبەخش و

خاوکەرەوەیە.

لەمەوە دەتوانین بڵێین؛ کە دۆخی یۆگا باشترین دۆخە بۆ پشوودان. بە پێچەوانەی دۆخی پاڵکەوتنەوە لەسەر پێخەف، کە بە حوکمی یاسای کێشکردن بۆ خوارەوە ڕادەکێشرێیت.

دۆخی ئاسۆیی؛ دۆخێکی پڕ حەسانەوە و پشووبەخشترە، لەبەر ئەوەی دەتگەڕێنێتەوە بۆ دۆخە گیانەوەرییەکەت. واتە ڕۆژگارێک کە لەسەر دەست و قاچ دەڕۆیشتیت. هەر بۆیە دۆخی ڕاکشان ڕێت پێ نادات بە ڕوونی بیر بکەیتەوە؛ بیرکردنەوە دژوار دەبێت. دەتوانیت خەون ببینیت، بەڵام ناتوانیت بیر بکەیتەوە. بۆ ئەوەی بیر بکەیتەوە، دەبێ دابنیشیت. چەند قیت و ڕێکیش دابنیشیت، توانای بیرکردنەوە لە لات زیاتر دەبێت. بەڵام کاتێک ڕادەکشێیت، خەونبینین ئاسانتر دەبێت و بیرکردنەوە قورستر.

بەڵێ؛ هەر کەسە و بە شێوازێک ڕامان ئەنجام دەدات کە گونجاوە بۆی. بۆ نموونە؛ دەشێ پێکەنین لای کەسانێک ڕامان بێت، یان سەما، یان مەللەکردن.

لێرەوە من هەوڵ دەدەم ڕامان بۆ هەموو کەسێک شیاو و ئاسان بێت. بە جۆرێک کە کاتی پشوودانەکانی بگۆڕێت بۆ ڕامان. ڕامان یان تێڕامان ڕەهەندی زۆرە... بەڵام بنچینەی ژیانە، هەر ئەوە کە لە بەرزترین ترۆپکەکانی ژیانەوە هەڵدەقووڵێت و خۆشنوودیی یەزدانی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەی کە جەستە و ئەقڵ و ئاگامەندی پێکەوە و بە شێوەیەکی هارمۆنی کار بکەن لە پێناوی گەیشتن بە وزەی چوارەم؛ کە باڵاترین و بەرزترین وزەیە... نیرڤانا، یان وزەی یەزدانی.

# بەشی حەوتەم
# دەربارەی ڕاست و هەڵە

*** هەندێ جار هەست دەکەم ئەو شتە ناکەم کە دەبووایە بمکردایە، یان شتێک دەکەم کە دەبووایە نەمکردایە، یان هەست دەکەم شتێک هەیە کە پێویستە بە خێرایی بگۆڕدرێ، بۆ نموونە؛ نیگەرانییەکانی ڕۆژانی قوتابخانە، کە لەوانەیە نمرە نەهێنم، یان دەربکرێم.**

هەمووومان بەم شێوازە پەروەردە کراوین. تەواوی شێوازەکانی پەروەردەمان، لە ناو خێزاندا، لە کۆمەڵگادا، لە قوتابخانەدا، لە کۆلێج و زانکۆدا، گرژی لە ناوماندا دروست دەکەن. گرژیی بنەڕەتیش ئەوەیە کە تۆ ئەوە ناکەیت کە پێویستە بیکەیت. پاشان پیاوانی ئایینیش بە درێژایی ژیانت وەکو مۆتەکە بەدواتەوەن و دەیانەوێ بێنە ناو ڕۆحتەوە. مۆتەکەیەک کە ناهێڵێت بحەسێیتەوە، ناهێڵێت خاو بیتەوە. بەردەوام هەرچییەک بکەیت؛ لۆمەت دەکات و مەحکومت دەکات. ئەم لۆمەکارە لەناو ناختدا چێنراوە. ئەمە گەورەترین کارەساتە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتبێت. تا لەم مەحکومکارەی ناو ناخی خۆشمان ڕزگارمان نەبێت، نابینە مرۆڤێکی ڕاستەقینە و هەست بە خۆشنوودی بوون ناکەین.

جگە لە خۆت، کەسیش ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات.

ئەمـە هـەر کێشـەی تـۆش نییـە، بەڵکـو کێشـەی زۆربـەی مرۆڤەکانـە. ئیتر سـەر بـە هـەر وڵات و دینێک بێت؛ کاسـۆلیک بێت یان کۆمۆنیسـت یـان هینـدو یـان ئیسـلام، یـان بوودایـی. گرنـگ ئەوەیـە ئـەو لۆمـەکارە ڕۆحـی تـۆی کـردووە بـە دوو بەشـەوە. کاتێـک ئـەم بەشـەیان شـتێک دەکات؛ ئـەو بەشـەی تـر لۆمـەی دەکات. کاتێکیش ئـەو بەشـەیان شـتێک دەکات؛ ئـەم بەشـەی تـر لۆمـەی دەکات. واتـە تـۆ بـە دەسـت ململانێیەکی ناوەکـی و شـەڕی ناوخـۆوە دەناڵێنیت. ئـەم شـەڕە ناوخۆییـە؛ دەبـێ لەنـاو ببـرێ، ئەگینـا هەرچـی جوانـی هەیـە لەدەسـتی دەدەیت و هەرگیز ناتوانیت لـە ناخـی دڵتـەوە پێبکەنیت. هەرگیز ناتوانیت عاشـق بیت، هەرگیـز ناتوانیت بـە قووڵـی و تـەواوی لـە ئەزموونێکـدا بژییـت. بـە تەنهـا لـەو تەواوییەشـدایە کـە لەپڕێکدا هەسـت بە حزووری خـودا دەکەیت لـە چواردەورت. کەچـی سـەمەرەکە لەوەدایـە کـە ئـەم درزبوونـەی نـاو ڕۆحـت دروسـتکراوی ئـەو پیـاوە ئایینیانەیـە کـە لافـی ئـەوە لێدەدەن نوێنـەری خـودان لـە سـەرزەوی. لەڕاسـتیدا ئـەو قەشـە و کەنیسـە و پیـاوە ئایینیانـە گەورەتریـن دوژمنـی خـودا بـوون.

دەبـێ لـە هەمـوو ئەمانـە خۆمـان ڕزگار بکەیـن: ئەمانـە ڕیشـەی نەخۆشـییەکانی ئادەمیـزادن. ئەمانـە خەڵکانیـان دووچاری نەخۆشـی کـردووە و بوونەتـە مایـەی بڵاوبوونـەوەی پەتـای نیۆرۆسـیس (عوسـاب – neurosis). ئیتر ئەمـە بـووە بـە بەشـێکی بنەڕەتیـی ژیانمـان و ئێمـەش وا دەزانیـن ژیـان خـۆی وەهایـە، ئـازار و ئەشـکەنجەیەکی بـەردەوام. بۆیـە سـەیر نییـە زۆربـەی ئادەمیزادەکان لـە مانـای ژیـان بپرسـن "بۆچـی لەسـەر ژیـان بـەردەوام بیـن؟ بـۆ ئەوەنـدە ئـازا نیین کۆتاییـەک بـۆ ئـەم

شتە بێمانایە دابنێین؟ بۆ خۆمان نەکوژین؟"

لە هیچ سەردەمێکدا هێندەی ئێستا؛ خەڵک بیریان لە بێمانایی ژیان نەکردووەتەوە. بە درێژایی چەندەها سەدە پیاوە ئایینییەکان ئەم دۆخەیان خولقاندووە.

لەبەر ئەوە ئێمە هەموومان قوربانی دەست مێژووین. ئەگەر ئادەمیزاد کەمێ هۆشیارتر بێت؛ یەکەمین شت بیکات ئەوەیە کە پێویستە کتێبەکانی مێژوو بسووتێنێت. ڕابردوو لە بیر خۆت بەرەوە، چونکە کابووساوییە. ژیانێکی نوێ دەست پێ بکە، لە ئەلفوبێوە، وەکو ئەوەی تازە ئادەم لەدایک بووبێتەوە. لەوێوە دەست پێ بکەرەوە؛ وەک ئەوەی لە بەهەشتدا بین، پاک و بێگوناه بێگەرد و پیسنەبوو بە دەستووری قەشەکان.

ئەو ڕۆژەی کە تیایدا بۆت دەردەکەوێت ئەم پیاوە ئایینیانە چییان لێت کردووە، ئەو ڕۆژەی ڕوانینێکی گەورەیە. ئەو ڕۆژەی ناخی خۆشت لە هەموو ئەو تورەهاتانە پاک دەکەیتەوە، ڕۆژی دەستپێکردنی ئازادییە.

ئەوە بکە کە سروشتی خۆت داوات لێ دەکات، گوێ لەو واعیزانە مەگرە. گوێ لە دڵی خۆت بگرە... دڵی خۆت با ببێتە کتێبی پیرۆزت. بەڵام بە وردی و ئاگامەندییەوە گوێ بۆ دڵت ڕادێرە، ئەوکات هەڵە نابێت، هەروەها ڕۆحیشت دابەش نابێت. ئەوە ڕێگەی دروستە.

دەشێ هەندێجار دڵ دووچاری مەترسیت بکات، بەڵام بیرت نەچێت مەترسییەکەش بۆ پێگەیاندنی تۆ پێویستە. ڕەنگە هەندێجار سەراسیمەشت بکات، بەڵام دیسانەوە لەیادت

نەچێت کە ئەو سەراسیمەیەش بەشێکە لە گەشەسەندنت.

مەهێڵە کەس یاسا و ڕێسای خۆیت بەسەردا بسەپێنیت، چونکە ڕێسا و یاساکان لە دروستکراوی مرۆڤگەلێکن کە دەیانەوێ بتخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە... ڕاستە کۆمەڵێک کەسێتیی منەوەر هەبوون وەک بوودا و مەسیح و کریشنا و محەمەد (د.خ)... بەڵام ئەمانە نەهاتوون تا بەزۆرەملێ یاساکانی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن، بەڵکو بۆ ئەوەی سۆز و خۆشەویستی بە خەڵک ببەخشن و بەرەو نووری یەزدان ڕێنماییت بکەن. درەنگ یان زوو کەسانێک پەیدا دەبن کە لە نائامادەبوونی ئەو منەوەرانەدا و لە سەردەمێکدا کە ڕووناکیی ئەو منەوەرانەی تێدا نەماوە؛ ڕێسا و یاسا دروست دەکەن، تا بە زۆر بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن، لەکاتێکدا منەوەرە بنەڕەتییەکە ئەو یاسا و ڕێسایانەی نەسەپاندووە.

مەسیح ئەو شتەی کردووە، کە دڵی پێی وتووە، بەڵام مەسیحییەکان گوێ لە قسەکانی ناو دڵیان ناگرن، بەڵکو لاساییکەرەوەن. کاتێکیش تۆ لاسایی دەکەیتەوە، سووکایەتی بە ئینسانییەتی خۆت و بە یەزدانیش دەکەیت.

لاسایی کەس مەکەرەوە، خۆت بە. مەبە بە کۆپیی کەسێکی تر. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە دونیادا ڕوو دەدات؛ ئەم کۆپیبوونەیە. لەکاتێکدا دوو کەس نییە لە یەک بچن. لەبەر ئەوەی ڕێگەی ژیانی من ناکرێ ببێتە ڕێگە بۆ ژیانی تۆ.

لە ڕۆح و لە بێدەنگیی منەوەر بگە و چەند دەتوانیت وانەی گەورەی لێوە فێربە، بەڵام لاسایی مەکەرەوە. ئەوکات دەتوانیت گوێ لە دڵی خۆت بگریت.

ئەوەی بۆ بوودا ڕاست بووە، مەرج نییە بۆ تۆ ڕاست

بێت. بوودا بوودایە و کریشناش کریشنایە. ئەگەر کریشنا لاسایی بوودای بکردایەتەوە؛ یەکێک لە جوانترین پیاوەکانی دونیامان لەدەست دەچوو. یان ئەگەر بوودا لاسایی کریشنای بکردایەتەوە "نەی"ەکی بە دەمەوە بووایە و بیژەنایە، دەبوو بە شتێکی پێکەنیناوی.

هەر بۆیە تۆش خۆتیت و لە کەس کەمتر نییت، ڕێز لە خۆت و لە دەنگی ناوەوەی خۆت بگرە و پەیڕەویی لێ بکە. بەڵام ئەوەشت بیر نەچێت کە گەرەنتی نییە بۆ ئەوەی هەمیشە دەچیتە سەر ڕێی ڕاست. چونکە دۆزینەوەی ڕێی ڕاست پێویستی بە ئەزموونی زۆرە.

لەیادیشت نەچێت، هیچ هەوڵ و تەقەللایەک نییە بەفیڕۆ بڕوات. لەبەر ئەوە نە دوودڵ بە و نە نیگەران. گەر هەڵەیەکیشت کرد مەترسە، جارێک، دووان و سیان. دواجار هەر بە ڕاستەکە دەگەیت...

کێشە نییە چەند هەڵە دەکەیت، بەڵام ئەوەت بیر نەچێت کە هەمان هەڵە دووبارە نەکەیتەوە.

ئەو شتانەت بیر بچێتەوە دەربارەی ئەوەی کە دەڵێن ئەمە هەڵەیە و ئەوە ڕاستە. ئەو شتەی ئەمڕۆ ڕاستە، دەشێ سبەینێ هەڵە بێت. ڕاست و هەڵە دوو چەمکی جێگیر و نەگۆڕ نین، ژیان لەو دوو ڕەفەدا دانانرێ؛ ڕەفەیەکیان بۆ ڕاست و ئەوی تریان بۆ هەڵە. ژیان دوکانی کیمیاگەرێک نییە، دەرمانەکانی لە شووشە جیادا پۆلێن کردبێت و هەر دەرمانە و لە شووشەیەکدا بێت. ژیان مەتەڵە، نهێنییە، ئێستا ئەم شتە هەڵەیە و دەشێ دواتر ڕاست بێت.

جوولەکەکان دە فەرمانەکە (Ten commandments)یان

هەیە، کە زۆر بە ئاسانی پێت دەڵێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە، بەڵام ژیان لە گۆڕانی بەردەوامدایە. ئەگەر مووسا زیندوو بێتەوە، بروا ناکەم هەمان ئەو دە فەرمانەت پێ بداتەوە. دوای سێهەزار ساڵ، چۆن ئەو فەرمانانەت پێ دەداتەوە؟ بەڵکو شتێکی نوێ دادەهێنێت.

بەڵام بە بڕوای من هەرکاتێک فەرمان و ڕێسا دابنرێن و بسەپێنرێن، کێشە و گرفت بۆ خەڵک دروست دەکات. لەبەر ئەوەی بە تێپەڕینی کات کۆن دەبن. ژیان زۆر بە خێرایی دەڕوات، ژیان وەستاو نییە. ژیان گۆمێک نییە ئاوەکەی وەستابێت. ژیان ڕووبارێکە ئاوەکەی ڕاناوەستێت.

هەموو ئایینە کۆنەکان وەڵامی حازربەدەستیان بۆ مرۆڤ داناوە. مانو فەرمانەکانی خۆی داوە، مووسا بە هەمان شێوە، هەروەها ئایینەکانی تریش.

من هیچ فەرمانێک بە تۆ نادەم. لە ڕاستیدا وشەی فەرمان خۆی؛ وشەیەکی ناشرینە. فەرماندان بەسەر یەکێکی تردا، واتە تۆ ئەو کەسە وەک کۆیلە سەیر دەکەیت. من هیچ فەرمانێک بەسەر کەسکدا ناسەپێنم، تۆ نە پێویستە گوێڕایەڵی من بیت و نە گوێڕایەڵی کەس. من بەوپەڕی سادەیی یاسایەکی گەوهەریی ژیانت فێر دەکەم. گوێڕایەڵی خۆت بە، ناخی خۆت ڕۆشن بکەرەوە و دوای ئەو ڕۆشناییەت بکەوە و ئیدی چیتر ئەم کێشەیە نایەتە پێشی. ئەوسا چیت بوێت دەیکەیت و چیت نەوێت نایکەیت.

ئەوەشت لە یاد بێت کە ئاوڕ لە دواوە نەدەیتەوە، لەبەر ئەوەی ژیان بەرەو پێشەوە دەچێت و دەگۆڕێت. ڕەنگە ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاستت زانیوە، سبەی بە هەڵەی بزانیت.

پێویست ناکات ئاوڕ لە ڕابردوو بدەیتەوە، تازە ئەو ڕێگەیەی بڕیوتە؛ بڕیوتە.

ئەوەی دەمەوێ بۆ تۆی ڕوون بکەمەوە ئەوەیە کە: هەستکردن بە گوناهـ لە خۆت دوور بخەرەوە. هەست بە گوناهباری، وەک ئەوە وایە لە دۆزەخدا بژییت. بە پێچەوانەشەوە؛ هەست نەکردن بە گوناهـ؛ واتە تازەبوونەوە، وەک تازەیی دڵۆپە شەونمەکانی سپێدان، وەک تازەیی پەڕەکانی نیلۆفەڕی دەریاچەکان، وەک تازەیی ئەستێرەکانی شەوان. کە هەستکردن بە گوناهـ نەما، ژینێکی ترت دەبێت، ژیانێکی درەوشاوە و پرشنگدار.

کەواتە؛ ئەی هیندووەکان، مەسیحییەکان، بوودایییەکان، کۆمۆنیستەکان و هەموو ئایین و ئایدیۆلۆجیانی تر، لە زیندانەکانتان وەرنە دەرێ. لەبەر ئەوەی ڕێبازەکانتان بۆ هەموو شتەکان وەڵامی حازربەدەستتان دەداتێ. تۆ ئەگەر پرسیارێک لە کۆمۆنیستێک بکەیت، دەچێت سەیری کتێبی "سەرمایە" دەکات تا وەڵامەکەیت بداتەوە. هەروەها گەر پرسیارێک لە هیندویەک بکەیت، دەچێت لاپەڕەکانی "گیتا" هەڵدەداتەوە.

ئاخۆ کەی ئێوە ئاگامەندیی خۆتان بەکار دەهێنن؟ کەی؟ تا کەی بە قەتیسماوی لە ڕابردووی مردوودا دەمێننەوە؟ گیتا هی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرە، ژیان ئێستا زۆر گۆڕاوە. گەر دەتەوێ "گیتا" بخوێنیتەوە؛ وەکو ئەدەبێکی گەورە بیخوێنەرەوە، نەک زیاتر. دەقێکی ئەدەبیی جوانە، شیعرێکی جوانە، بەڵام کۆمەڵێک ڕێسا و فەرمان نییە تا پەیڕەوییان لێ بکرێ و جێبەجێ بکرێن. وەک دیارییەکی

جوانی ڕابردووی شاعیرێکی گەورە چێژی لێ ببینە، بەڵام مەیکە بە دەستووری ژیانت، چونکە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئێستاتەوە نییە.

تاقە ڕێگەیەکیش بۆ بەستنەوەت بە ژیانەوە، ئەوەیە کە دڵێکی خاڵی لە هەستکردن بە گوناهت هەبێت، دڵێکی پاک و بێگەرد. هەروەها ئەوەی کە خۆت بڕیار بدەیت، نەک خەڵکی تر بڕیارت بۆ بدەن، گەرچی وەکو وتم گرەنتیی تەواوەتیی سەرکەوتن و ڕاستبوون نییە.

سەبارەت بە شتە کۆنەکان، گەرەنتی هەیە. دەڵێن ملیۆنەها کەس دوای ئەو ڕێبازە کەوتوون، قابیلە ئەو ملیۆنەها کەسە هەڵە بن؟ ئەوە گەرەنتییەکەیە. کە ئەو هەموو خەڵکە بڵێن ئەوە ڕاستە؛ کەواتە دیارە ڕاستە.

لە ڕاستیدا لۆجیکی ژیان تەواو پێچەوانەی ئەمەیە. کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک دوای شتێک کەوتن، سوور بزانە ئەو شتە هەڵەیە. لەبەر ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە ئەوەندە ڕۆشنبووەوە (منەوەر) نین و ناشبن.

بەردەوام وریای زۆرینە بە، زۆرینە کەسانی نەزان و گەمژەی زۆری تیایە. حەقیقەت لای تاکەکان دێتە دی، نەک لای حەشامات. قەت بیستووتە حەشاماتێک هەموو پێکەوە منەوەر بن؟

تۆش ئەگەر دەتەوێ پەی بە حەقیقەت بەریت، ببە بە تاک و سەرچڵییەکانیش قبووڵ بکە، چونکە ئەو سەرچڵییانە قاڵت دەکەن. درەوشانەوە و زیرەکیت پێ دەبەخشن.

## ئایا شتێک هەیە
## خۆی لە خۆیدا ڕاست یان هەڵە بێت؟

شتێک نییە خۆی لە خۆیدا ڕاست یان هەڵە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو شتە بۆ ئەمڕۆ دەشێ ڕاست بێت، ڕەنگە بۆ سبەی وا نەبێت. وەکو وتمان ڕاست و هەڵە دوو چەمکی جێگیر و ڕەها نین، بۆیە ناتوانیت بە تەواوەتی بڵێیت ئەمە هەڵەیە و ئەوە ڕاستە، لەبەر ئەوەی خەڵک هەر خۆیشی ئەم چەمکانەی داهێناوە، مرۆڤایەتی فریو دەدەن.

لە پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە، مانوو ڕاست و هەڵەی بۆ هیندۆسەکان دیاری کردووە. بە درێژایی پێنج هەزار ساڵ و تا ئەمڕۆش، هیندۆسەکان بە دەستوور و ڕێنماییەکانییەوە پابەندن. بە درێژایی ئەم پێنج هەزار ساڵە، چەندەها میللەت و چەندەها ژیار و شتی تر لەناوچوون یان گۆڕانیان بەسەردا هات، تەنانەت گەر ئێستا مانوو خۆیشی زیندوو بکەیتەوە، ئەم دونیایە ناناسێتەوە.

دوای ئەم پێنج هەزار ساڵەش، لە هیندستان ملیۆنەها مرۆڤ هەن؛ کە وەکو مرۆڤ ڕەفتاریان لەگەڵدا ناکرێ، بگرە وەکو مێگەل سەیر دەکرێن، کەچی هێشتا خەڵکانێکی زۆر

هەن مانگا دەپەرستن... مانگای پیرۆز... لەبەر ئەوەی مانوو پێش پێنج هەزار ساڵ وای وتووە.

جێی سەرسوڕمان نییە کە خەڵکانێک هەن مان لە خواردن دەگرن و داوا دەکەن مانگا سەرنەبڕێ. بەڵام هەر ئەم خەڵکانە خۆیان، لە ئاستی کوشتنی هەزاران مرۆڤ و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و کوشتنی منالاندا بێدەنگن. شارانێک وێران دەکرێن و ئەم مانگاپەرستانە نقەیان لێ نایەت. هەموو خەمێکیان ڕزگارکردن و پاراستنی مانگایە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر مانوو وای وتووە.

دەشێ مانوو بۆ ئەو سەردەمەی خۆی لەسەر ڕاست بووبێت، چونکە ئەوسا؛ مانگا بناغەی ئابووریی خێزان بووە. شیری داوە، زەویی کێڵاوە، باری کێشاوە، بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتەکان گۆڕاون. مانوو لە ناو کۆمەڵگایەکی بچووکدا و لە ڕووبەرێکی جوگرافیایی سنووردار‌دا ژیاوە. بەڵام ئەمڕۆ ڕووبەرەکان فراوانن و بە ڕووی یەکتردا کراونەتەوە و ژمارەی دانیشتووانیش بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. کەچی تائێستاش کەسانێک هەن پەیڕەوی لە قسەکانی مانوو دەکەن.

لە دە فەرمانەکەدا هاتووە: "من خودای تۆم، باوەڕت بە خودای تر نەبێت". ئەمە هی سێ هەزار ساڵ زیاتر لەمەوبەرە. بەڵام ئایا هەموو شتەکان ئێستا وەکو خۆیان ماون. ئەی بێباوەڕان؛ کە ژمارەیان لە نیوەی دانیشتووانی سەرزەوی زیاترە؟ کەواتە فەرمانەکە دەبێ وابێت: "کافر مەبە؛ بێباوەڕ مەبە بە خودا".

هەر چۆن ڕۆژگار دەگۆڕێت؛ بەهەمان شێوە چەمکی ڕاست و هەڵەش. لەڕێی ئەزموونی ژیانی خۆشتەوە، ئەمەت بۆ ڕوون و ئاشکرایە. شتەکان ڕۆژانە دەگۆڕێن و بە جێگیری نامێننەوە. ئەو مرۆڤەی باوەڕیشی وایە کە شتەکان جێگیرن و ناگۆڕێن، مرۆڤێکی مردووە، یان ناتوانێت شانبەشانی دۆخە نوێیەکان و گۆڕانکارییەکان بڕوات.

بەلای منەوە نە هەڵەی هەمیشەیی هەیە و نە ڕاستیی هەمیشەیی. بۆیە من لێرەم تا فێری ئاگامەندیت بکەم، نەک پۆلێنکردن و خانەبەندی. من لێرەم تا بانگهێشتت بکەم تا بە ئاگامەندییەوە هەڵسوکەوت بکەیت. بە مانایەکی دی؛ هەر هەڵسوکەوتێک لە ئاگامەندییەوە سەرچاوە بگرێت؛ هەڵسوکەوتێکی ڕاستە. هەر هەڵسوکەوتێکیش لە نائاگامەندییەوە سەرچاوە بگرێت؛ هەڵسوکەوتێکی هەڵەیە.

وریا و ئاگادار بە و بە تەنها بیرت لای ئەقڵت نەبێت، بەڵکو لای سەرچاوەی ئەقڵ: ئاگامەندی و نائاگامەندی. ئەگەر بە تەواوی ئاگامەند بیت؛ هەرچییەک دەکەیت ڕاستە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی میکانیکی ڕەفتار بکەیت، وەکو ئەوانەی بەدەم خەوەوە دەڕۆن؛ ئەوا هەرچییەک دەکەی هەڵەیە.

ئاگامەندی ڕاستە و نائاگامەندی هەڵەیە.

ئەگەر بچیتە لای کاهینێک و داوای ئامۆژگاریی لێ بکەیت، هیچت پێ ناڵێت جگە لەوەی کە ئەمە هەڵەیە و ئەمە ڕاستە. بەبێ ئەوەی سادەترین بیرۆکەت بداتێ سەبارەت بە چۆنیەتیی جیاکردنەوەی ڕاستی لە هەڵە. ئەو دەیەوێت هەمیشە پشت بەو ببەستیت، پێویستت پێی بێت. ئەو گۆچانت دەداتێ تا لەسەری بوەستیت و خۆتی پێوە ڕابگریت، یارمەتیت نادات

تا لەسەر پێی خۆت بوەستیت.

کەسێک بە کچێکی هاوڕێی دەڵێت: ئەو پزیشکە دەروونییەی من باشترین و سەرکەوتووترین پزیشکە لە جیهاندا، بۆیە پێویستە سەردانی بکەیت.

ئەویش دەڵێت: بەڵام من پێویستم بە پزیشکی دەروونی نییە. هەست دەکەم زۆر ئاساییم و پێویستم بە چارەسەری دەروونی نییە.

هاوڕێکەی دەڵێت: دەشێ وا بێت، بەڵام ئەگەر سەردانی بکەیت؛ هەر هەڵەیەکت تیا دەدۆزێتەوە.

بەڵێ؛ خەڵکانێک هەن ئیشیان نییە ئەوە نەبێت هەڵەیەکت تیا بدۆنەوە. بەوە دڵخۆش دەبن. نایانەوێت خۆت چۆنیت ئاوەها قبووڵت بکەن، بەڵکو دەیانەوێت بە گوێرەی حەز و خواستی ئەوان بیت، ئەگینا تاوانباریت و شایانی ئەو نییت ببیتە هاوڕێیان. وات لێ دەکەن؛ دەتکەنە تەخسیری کەڵکەڵە و وەسوەسە و هەموو شتێکت لەبارەی ئازادییەوە لەبیر دەبەنەوە.

بێگومان لەبەر ئەوەی وات لێ دەکەن هەست بکەیت خراپ و هەڵەکاریت؛ هەموو شتێکت سەبارەت بە ئازادی لە بیر دەبەنەوە. پێت دەڵێن ئەگەر ئازاد بیت؛ ڕەفتاری هەڵە دەکەیت. کەواتە بەوان بێت تۆ دەبێ شوێنکەوتووی کەسێک بیت، پشت بە کەسێک ببەستیت، کەسێک کە هەڵە و ڕاستت پیشان بدات، ئەگینا تۆ دەرهەق بە خۆت تاوانباریت.

تۆ ئەگەر بچیتە لای کاهینێک و پێت وت کە تووڕەیت؛ بێگومان پێت دەڵێت کە تووڕەیی ڕەفتارێکی هەڵەیە و تووڕە مەبە. ئەی چی بکەیت؟ هەستی تووڕەیی لای خۆت خەفە

بکە، بیخۆرەوە تا تووشی شێرپەنجەت دەکات.

من نالێم تووڕەیی هەڵەیە، بەڵکو دەڵێم: تووڕەیی وزەیە، وزەیەکی شاراوەیە. کاتێک هەست بە تووڕەیی دەکەیت، بە ئاگامەندییەوە لێی ورد ببەرەوە، ئینجا چاوەڕێی ئەو پەرجووە بە کە ڕوو دەدات. سەرت سووڕدەمێنیت، تووڕەییەکەت نامێنێت، دەگۆڕێت بۆ وزە، وزەیەکی بێگەرد. تووڕەییەکەت دەگۆڕێت بۆ بەخشندەیی و لێبووردەیی و خۆشەویستی. ئیتر پێویست بە خەفەکردن ناکات، تۆ تووڕەییت نەماوە و ئازاری کەس نادەیت. هەردوولاش ئارام دەبن: هەم خۆت و هەم بەرامبەرەکەت.

ئاگامەند بە؛ با ئاگامەندی هاوەڵی ڕێگەت بێت، هەر بە ئاگامەندی دەتوانیت بەسەر تووڕەییەکانتدا زاڵ بیت. هەروەها هەر لە ڕێی ئاگامەندییەوەیە کە چاوچنۆکی و دڵپیسی (غیرە) نامێنێت.

ئاگامەندی ئەو کلیلە ئاڵتوونەیە؛ کە دەرگاکانی بەهەشتت بۆ دەکاتەوە.

## ئایا بە تەنها ئاگامەندی بەسە بۆ ڕێنوێنیی کردەوەکانی کەسێک؟

*** ئەمڕۆ باسی وریایی و ئاگامەندیت کرد و وا هاتە بەرچاو بە تەنها ئەمانە بەس بن بۆ ڕێنوێنیکردنی کردەوەکانی کەسێک. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت تاوانەکانی وەکو کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر و دزی، هەڵەن لەبەر ئەوەی لە وریایی و ئاگامەندییەوە سەرچاوە ناگرن؟**

بەڵێ؛ تاقە گوناهـ نائاگامەندییە، ڕەندی (یان فەزیلەت)ی پیرۆزیش؛ ئاگامەندییە. ئەوەی کە بەبێ ئاگامەندی ئەنجام نادرێ؛ گوناهە. ئەوەی کە تەنها لەڕێی ئاگامەندیشەوە دەکرێ؛ ڕەندییە. تۆ ئەگەر ئاگامەند بیت، ئەستەمە بتوانیت دەستدرێژی بکەیتە سەر خەڵکانی تر، یان دزی بکەیت، یان ئەشکەنجەی کەسێک بدەیت. ئەمانە ئەستەمەکانی کاتی ئاگامەندین. بەتەنها کاتێک نائاگامەندی زاڵ دەبێت، لە تاریکیی نائاگامەندیدایە، کە هەموو جۆرەکانی دوژمن دێنە ناوەوە.

بوودا وتوویەتی: ئەگەر ناو ماڵ ڕووناک و ڕۆشن بێت، دز زەفەری پێ نابات. ئەگەر پاسەوانەکەش وریا بێت، ئەوا

دز هەر ناتوانێت هەوڵی دزیش بدات. خۆ ئەگەر دانیشتووانی ماڵەکە، هاتوچۆ و قسە بکەن لە ناو ماڵەکەدا، ئەوا دز هەر بیر لەوەش ناکاتەوە دزی لەو ماڵە بکات.

ئەمە بەسەر تۆشدا دەسەپێت: تۆ لە ماڵێکی تاریک دەچیت. مرۆڤی ئاسایی لە ئامێرێکی میکانیکی دەچێت، هەر بە ناو مرۆڤە. هەرچییەکیش بکات، مادامەکی نائاگامەند نییە، هەڵەیە، تەنانەت ڕەندییەکانیشی. تۆ چۆن دەتوانیت ببیتە کەسێکی ڕەند ئەگەر ئاگامەند نەبیت؟ ئەگەر ڕەندییش بنوێنیت؛ ئەوە "من"ی زەبەلاحتە ئەوەت پێ دەکات. تەنانەت خۆ بە چاکەخواز ئەدەب و سەنگینییەکەشت بێهوودەیە، لەبەر ئەوەی نابێتە مایەی سادەیی و خاکەڕایی. هەروەها نابێتە هۆی هێنانەدیی ئەو ئەزموونە گەورە یەزدانییەی کە بە تەنها کاتێک ڕوودەدات کە "من" نامێنێت. تۆ بە ڕواڵەت وەکو کەسێکی قەدیس و ڕێزدار دەژییت، بەڵام لە هەموو کەسێک هەژارتریت، لە ناوەوە داڕزاویت، لە ناوەوە لە ئەزموونێکی بێمانادا دەژییت. ئەوە ژیان نییە، بە تەنها نەشونمایە و هیچی تر. گوناهەکانت هەر بە گوناهی دەمێننەوە و ڕەندییەکانیشت دەبن بە گوناه. بێئاکارییەکەت هەر بە بێئاکاری دەمێنێتەوە و ئاکاریشت دەبێتە بێئاکاری.

من نە دەمەوێ ئاکارت فێر بکەم، نە ڕەندی. لەبەر ئەوەی من دەزانم کە ئەمانە بەبێ ئاگامەندی؛ جگە لە ڕووکەش و ڕیا هیچی تر نین و دەتکەن بە کەسێکی ساختە. ئەمانە تۆ ئازاد ناکەن، بگرە زیندانیت دەکەن. بە تەنها یەک شت بەسە: ئاگامەندی کلیلی سەرەکییە. هەموو قفڵەکانی بوونت بۆ دەکاتەوە. ئاگامەندی واتە هەموو ساتەکانی ژیانت بژییت،

بێدار بیت، بە خۆت ئاگامەند بیت، بە هەموو ئەو شتانەش کە لە دەوروبەرت ڕوو دەدەن، هەموو ساتەکان وەک ئاوێنە وا بیت. ئەمە ئەو شتەیە کە فیتاگۆرسیش دەیەوێ لێی تێبگەیت: تۆ ڕەنگ دەدەیتەوە، بە شێوەیەکی وەها گشتگیرانەش ڕەنگ دەدەیتەوە، کە هەر کردەوەیەکی لێ بکەیتەوە، ڕاست دەردەچێت. لەبەر ئەوەی لە هارمۆنیدا دەبێت لەگەڵ بووندا. ئەمە لە ناو تۆدا سەرهەڵنادات و تۆ بکەرەکەی نییت، بەڵکو لە ناو کۆی کۆنتێکستەکەدا ڕوو دەدات: دۆخەکە، تۆ و گشت.

ئەو ساتەی تیایدا ئاگامەند دەبیت، نەک هەر ژیانت دەگۆڕێت، بەڵکو شێوازی نوێیش دەگریتە بەر و یاریدەی ئەوانی تریش دەدەیت تا بگۆڕێن. لەبەر ئەوەی ئەو ساتەی ڕۆشنایی و ئاگامەندیی تیا دەبینیت، خۆت لە دەرەوەی ئەشکەوتی نائاگامەندیدا دەبینیتەوە، سەرت سووڕدەمێنێت لەوەی کە هەرچییەکت زانیوە پێشتر ڕاستی نەبوون؛ بەڵکو سێبەری ڕاستی بوون. ئیتر دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ ئەشکەوتەکە و زیندانییەکانی تریش لە کۆت و پێوەندەکانیان ڕزگار بکەیت. ئەمە ئەو شتەیە کە کەسە مەنەوەرەکان بە درێژایی سەدەکان کردوویانە. ئەمە ئەو شتەیە کە فیتاگۆرسیش کردی و لە ئەشکەوتەکە ڕزگاری بوو. یەکەم جار هەست بە واقوڕمان دەکەیت. هەست دەکەیت چاوەکانت قورس بوون، بەڵام ئەوە ئازاری گەشەکردنە. بۆ یەکەم جار ئارەزوویەکی گەورەت لا دروست دەبێت بە گەڕانەوە بۆ تاریکیی ناو ئەشکەوتەکە، لەبەر ئەوەی بەوە ڕاهاتوویت.

بەڵام لەگەڵ بینینی بچووکترین ڕاستیدا؛ ئەو ئارەزووەت لا نامێنێت، دەگەیتە خاڵی نەگەڕانەوە. دەتەوێ لە ڕۆشناییدا

بژییت، ڕۆشنایی هەڵمژیت، لەبەر ئەوەی ڕاستی پڕە لە بەرەکەت.

من دەزانم بۆچی پرسیارت لا دروست دەبێت. لەبەر ئەوەی پێشتر هەوڵت داوە تووڕە نەبیت؛ کەچی هەر تووڕە بوویت. هەوڵت داوە چاوچنۆک نەبیت؛ کەچی هەر بوویت. هەموو هەوڵێکت داوە بۆ ئەوەی خۆت بگۆڕیت، بەڵام هیچ ڕووی نەداوە و وەکو خۆت ماویتەتەوە.

بەڵام ئەوەتانی پێت دەڵێم مەسەلەکە بە تەنها کلیلێکی سادەیە: ئاگامەندی. تۆ بڕوا ناکەیت چۆن بە تەنها ئاگامەندی دەتوانێت ئەوە بکات. کلیل خۆی شتێکی بچووکە، بەڵام دەتوانێت قفڵێکی گەورە بکاتەوە.

کەسێک کە خەونێک دەبینێت و خەونەکەی کابووسە، ئازار دەچێژێت، دەکوژرێ. هەڵبەت ئەمیش شەڕ دەکات، دەترسێت، دەیەوێت کەسێک هەبێت ڕزگاری بکات، ڕێگەیەکیشی بۆ هەڵاتن لە بەردەمدا نییە. هەموو ئەوانەی دەورووبەری دوژمنن بە شمشێرەوە. ئەمیش لە ناو جەرگەی ئەو ترس و لەرز و ئازارەدا بێدار دەبێتەوە.

هێشتا هەناسەی ئاسایی نییە، ئارەقە دەکاتەوە و دڵەرزێت. بەڵام ئینجا پێدەکەنێت، کێشەیەک لە ئارادا نییە... خەونەکە نەما. هەموو ئەو دوژمن و شمشێرانە ڕاست نەبوون. پێویستی بە کەس نییە ڕزگاری بکات. پێویستی بە بەرگری نییە. هەمووی بریتی بوو لە جیهانێکی تارماییئاسا.

وەختێ بێدار دەبێتەوە، هەموو خەونەکە نەماوە. لە خەونەکەدا هەموو تەقەللایەکی دەدا بۆ ئەوەی بەرگری بکات،

کەچی بێهوودە بوو. ئەمە حاڵی تۆ و گەلێ کەسی ترە.

تووڕەیی تارماییەکە، تۆش ناتوانی لە ڕێی شەڕەوە بەسەر تارماییدا سەر بکەویت. چاوچنۆکیش هەروەها. ئەمانە ڕاستی نین، ڕاستی ئەوەیە کە تەنانەت ساتی هاتنە ئاراوەی ئاگامەندییش دەمێنێتەوە. پەرچووەکەش ئەمەیە: ئەوانەی بە ئاگامەندی دەگەن، نازانن تووڕەیی و چاوچنۆکی چییە. نەک لەبەر ئەوەی لە خۆیانی دوور دەخەنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە خۆیاندا نایبیننەوە. لە هەر شوێنێک ڕووناکی هەبوو، تاریکی نییە.

دەڵێن کاتێک بوودا ڕۆشن بووەتەوە؛ لە یەکەمین ساتی گەیشتنی بە ئاگامەندیدا، زەردەخەنەیەکی کردووە و وتوویەتی: "شتێکە جێی باوەڕکردن نییە، من هەر زوو منەوەر بووم. ئەی ئەو هەموو کۆت و پێوەند و زیندانانە، بە تەنها خەون بوون و هیچی تر؟!"

کاتێکیش خەڵک لێیان پرسیوە:

چی بکەین بۆ ئەوەی تووڕە نەبین؟ بۆ ئەوەی چاوچنۆک نەبین؟ بۆ ئەوەی لە هەمبەر سێکس و خواردندا خۆڕاگر بین؟

هەمیشە وەڵامەکەی بووداش یەک شت بوو:

"ئاگامەند بە؛ ئاگامەندی بهێنەرە ناو ژیانتەوە".

وەختێ یەکێک لە موریدەکانی لێی دەپرسێت:

ئەوە چییە؟ ئەمانە هەر یەکە و دەردێکی جیاوازت لا باس دەکەن، کەچی تۆ یەک ڕەچەتە بە هەموویان دەدەیت؟!"

بوودا دەڵێت: "دەردەکانمان جیاوازن، وەکو جیاوازیی خەونەکانی خەڵک. ئەوەتانێ ئێوە دووهەزار کەسن. کاتێک

دەخەون دووهەزار خەونی جیاواز دەبینن. ئەوەت لە یاد نەچێت، خەونی تۆ لە خەونی هیچ کەس ناچێت و هەر یەکە خەونی تایبەت بە خۆی هەیە و کەسیش ناتوانێت خەونی خۆی لەگەڵ کەسی تردا بەش بکات، تەنانەت ژنەکەت یان مێردەکەت. بەڵام ئەگەر ئێوە بێن و لە من بپرسن چۆن لە خەونە جیاوازەکان ڕزگارمان دەبێت؟ من یەک وەڵامتان دەدەمەوە: بێدار ببنەوە. ڕەچەتەکە یەک ڕەچەتەیە. دەتوانیت ناوی بنێیت ئاگامەندی، دەتوانیت ناوی بنێیت چاودێریکردن، دەتوانیت ناوی بنێیت هێنانەوە یاد، یان تێڕامان. ئەمانە هەمووی ناون بۆ یەک شت. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە خەڵکانێک هەن بەردەوام لە خەوندان، لێرە نین، لە شوێنێکی ترن. ئەمەش مانای وایە کە ئاگامەند نین. تۆ کە لە ڕابردوودا بیت و لەگەڵ بیرەوەرییەکانتدا بژییت، واتە لێرە نییت، ئەمە خەونە یان بیر لە پاشەڕۆژ دەکەیتەوە، واتە تۆ لە خەیاڵدا دەژییت، ئەمەش خەونە.

لە ئێستادا بە و لێرە بە.

گەر لە ڕابردوودا بژییت، واتە ئاگامەند نییت، گەر لە ئایندەشدا بژییت؛ هەر واتە ئاگامەند نییت. ئاگامەندی واتە ئامادەبوون لە ئێستادا (واتە ئێستا بوون). لێرەدا بە و لەم چرکەساتەدا. تەنانەت ئەگەر بیرۆکەیەکیش سەبارەت بە ڕابردوو یان ئایندە بە مێشکتدا تێبپەڕێت، واتە تۆ ئاگامەند نییت.

لەو حاڵەتە کریستاڵییە بێگەردەی بووندا لێرە و لە هەنووکەدا، چۆن دەتوانیت گوناهـ ئەنجام بدەیت؟ لەو شەفافییەتەدا "من" نامێنێت. هەر "من"یش سەرچاوەی هەموو

جۆره كێشـەكانی ژیانـه. "مـن" توندوتیـژه. بۆیـه تـۆ ئەگـەر هـەوڵ بدەیـت خاكـەڕا بیـت، لەوانەیـه بتوانیـت خاكـەڕا بیـت، بـەڵام "مـن" لـه پشـت خاكەڕاییەكەتـەوه خـۆی دەشـارێتەوه. تـا ئـەو كاتـەی ئاگامەنـد دەبیـت، "مـن" لـه یاریكردنەكانـی خۆیـدا بـەردەوام دەبێـت. یارییـەكان دەگـۆڕێـن: دەشـێ لـەم زیندانـەوه بچیتـه زیندانێكـی تـرەوه، بـەڵام لـه زیندانـەكان ڕزگارت نابێـت. بـۆ ئـەوەی لـەو زیندانانـه ڕزگارت بێـت، دەبـێ تـەواو وریـا بیـت. لـەو وریاییـەدا تـۆ كریسـتاڵیزه دەبیـت، لـەو وریاییەدایـه دەچیتـه سـەنتەرەوه. هـەر ئـەو بەسـەنتەربوونەش؛ دەتباتـه جەرگـەی ڕاستییەوه. ئـەوكات هەسـت بـه دەوڵەمەنـدی دەكەیـت و پێویسـتت بـه هیـچ جـۆره دزییـەك نابێـت. بـۆچـی دزی بكەیـت؟ لـه پێنـاوی چیـدا؟ بـۆچـی تـاوان بكەیـت؟ ئـەوكات تەنانـەت بـه خەیاڵیـش ناتوانیـت تـاوان بكەیـت. لەبـەر ئـەوەی شـتێك نییـه قابیلـی كوشـتن و لەناوبـردن بێـت، هەمـوو شـتەكان دەبنـه شـتی ئەبـەدی. ناتوانیـت هیـچ شـتێك بكوژیـت. ئەوپـەڕی بتوانیـت پۆشـاكی دەرەوه لابەریـت، بـەڵام بوونـی نـاوەوه دەمێنیـت و بـەردەوام دەبێـت، چونكـه تـۆ هـەر ئەوەنـده ناخـی خـۆت لەبـەر ڕۆشـنایی ئاگامەندیدا ببینـی، ئـەودەم هەمـوو بوونیـش دەبینیـت. نەمـری و جاویدانـی دەبینیـت. مـردن درۆیـەك دەبێـت و هیچـی تـر. مـردن تەنهـا لـه خەونـدا ڕوو دەدات، نـەك بـه ڕاسـتی، نـەك لـه واقیعـدا.

ئیتـر چـۆن دەتوانیـت دەسـتدرێژی بكەیـت؛ كاتێـك ئاگامەنـد دەبیـت؟ ئاگامەنـدی لەگـەڵ خۆیـدا عیشـقێكی گـەوره دەهێنێـت. كەسـی عاشـقیش ناتوانێـت دەسـتدرێژی بكاتـه سـەر خەڵكانـی تـر. دەسـتدرێژی كاتێـك ڕوودەدات، كـه ئـەو كەسـه هیـچ دەربـارەی

عیشق نەزانێت. پاشان ئەوەت بیر نەچێت کە دەستدرێژی کردن بە تەنها ئەوە نییە کە لە لایەن دەستدرێژیکەرانەوە ڕوو دەدات: دەشێ تۆ مێردێکی باش بیت، یان ژنێکی باش بیت، هاوسەرگیرییەکی یاساییانەشتان کردبێت، بەڵام دەشێ پەیوەندییەکەتان جگە لە دەستدرێژیکردنە سەر یەک، هیچی تر نەبێت. کە تۆ ئاگامەند نەبوویت؛ پەیوەندییەکەشت لە پەیوەندیی دەستدرێژیکەرێک دەچێت. جیاوازییەکە ئەوەیە کە تۆ بە شێوەیەکی یاسایی دەستدرێژی دەکەیت، شرعییەتی پێ دراوە و لە لایەن کۆمەڵگاوە ڕێگەی پێ دراوە. ئەگەر ژنەکەت لەگەڵتدا بخەوێت؛ لەبەر ئەوەیە کە ئەوە ئەرکی سەرشانی ژنە بەرامبەر مێردەکەی، هەر کاتێک مێردەکەی ئەوەی بوێت. ئەمە دەستدرێژییە. لەبەر ئەوەی ئەو ژنە لەو ئەزموونەدا بوونی نییە، بەڵکو ئەرکی ژنێک بەرامبەر بە مێردەکەی ئەنجام دەدات. یان ئەگەر تۆ لەگەڵ ژنەکەتدا بخەویت و بە تەواوەتی لەو چرکەساتەدا حزوورت نەبێت، ئەوەش دەستدرێژییە. ژنەکەت دەستدرێژی دەکاتە سەر تۆ، تۆش بە هەمان شێوە دەستدرێژی دەکەیتە سەر ئەو.

خۆشەویستی کاتێک خۆشەویستییە، کە تێرامانی لەگەڵدا بێت. خۆشەویستی کاتێک خۆشەویستییە کە ئاگامەندییەکی گەورە لای هەردوو لا هەبێت. دوو "هەنووکە" پێکبگەن. دوو "ئێرە" پێکبگەن: دوو بوون، دوو حزوور ئاوێتەی یەکتر بن و لە ناو یەکدا بتوێنەوە. ئەوکات ئەمە خۆشەویستییە، ئەوکات خەسڵەتێکی ڕۆحییشی دەبێت.

وەلێ تۆ فێربوویت بەبێ ئاگامەندی بژییت. دەزانیت چۆن بەبێ ئاگامەندی بێیت و بچیت. دەزانیت دەرگای ماڵەکەت

لە کوێدایە، دەرگاکانی ژوورەکانت لە کوێدان و ئاشنا بوویت لەگەڵ هەموو جۆرەکانی شارەزاییدا. تۆ بەبێ ئەوەی پێویستت بە ئاگامەندی بێت؛ دەزانیت چۆن بە ئۆتومبێلەکەت بەرەو ئۆفیسەکەت بچیت و بگەڕێیتەوە. بەڵام هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی میکانیکی ئەنجام دەدەیت.

ئەم میکانیکەش دەشێ ببێتە سەرچاوەی هەموو گوناهـ و تاوانەکان. ژیانت دەبێت بە دۆزەخ. دۆزەخ واتە ئەوەی کە تۆ لە ئێستادا نەژیت، بەهەشتیش واتە ئەوەی کە تۆ لە ئێستادا نەژیت.

نائاگامەندی ڕەنگە بەرەو ژوورێکی هەڵەت بەرێت. لەم حاڵەتەشدا دەشێ تۆ دز نەبیت، دەشێ تاوانکار نەبیت و دەستدرێژیکەر نەبیت. بەڵام لە ژوورێکی هەڵەدایت و هەرچییەکیش بکەیت، ڕاست دەرناچێت.

حاڵەتی گشتیی ئەقڵت دەبێ بگۆڕێت، هەر ئەمەش مانای ئاگامەندییە. تۆ لە ڕابردوودایت، یان لە ئایندەدایت: ئەمەش مانای وایە لە ئەقڵدا چەقت بەستووە. ئەقڵیشت ناوی ژوورە هەڵەکەیە.

لەناو زیندانی ئەقڵتدا وەرە دەرەوە و لە "هەنووکە"دا بژی. کە لە هەنووکەدا ژیایت؛ واتە چیدی بەشێک نییت لە ئەقڵت. ئەوکات هەموو کردارێکت تەواو ڕوون دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەودەم تۆ ئاوێنەیت. ئاوێنەکەش هیچ تۆزێکی نەگرتووە.

ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە من دەمەوێت فێری ئێوەی بکەم: چۆن ئاگامەند دەبیت، چۆن هۆشیار دەبیت. من نامەوێت وانەی ناتوندوتیژی بە ئێوە بڵێمەوە. سەدان ساڵە لەم وڵاتەدا وانەی ناتوندوتیژی دەوترێتەوە، بەڵام خەڵکەکەی

بە هیچ جۆرێک ناتوندوتیژ نییت. لە راستیدا زەحمەتە ولاتێک هەبێت هێندەی ئەم ولاتە خەڵکی توندوتیژی تیدا بێت. ڕۆژانە توندوتیژی بەرچاو دەکەوێت. سادەترین بیانوو بەسە بۆ ئەوەی پاس بسووتێنرێ و خەڵک بکوژرێ و پۆلیس بکەوێتە تەقەکردن.

یەکێک پرسیاری ئەوەی کرد کە بۆچی لە هیندستاندا ئەو هەموو توندوتیژییە گشتییە هەیە؟ منیش دەڵێم لەبەر وتنەوەی وانەکانی ناتوندوتیژی. بە درێژایی پێنج هەزار ساڵ بە خەڵک وتراوەتەوە کە نابێ توندوتیژ بن. بەڵام ئەوان فێری ئەوە بوون کە وا بنوێنن (واتە بە ڕواڵەت) ناتوندوتیژن. ئەگینا ئەوەی ڕووی داوە؛ ئەوەیە کە ئەوان ئەو توندوتیژییەی خۆیان خەفە کردووە. هەر بۆیە ئەوان وەک ئەوە وان بورکانێک لە ناخیاندا بێت و سادەترین بیانوو بەس بێت بۆ ئەوەی بتەقنەوە. ئەوکات توندوتیژییەکەشیان وەکو ئاگر بڵاو دەبێتەوە. هەر کە ناکۆکییەک دەکەوێتە نێوان هیندۆسەکان و ئیسلامەکانەوە، ئیتر تۆ ڕووە ڕاستەقینەکەی خەڵکی ئەم ولاتە دەبینیت، کە ڕووی بکوژانە. هەموو ڕۆژێک پێش ئەوەی ئەو شەڕانە ڕوو بدات؛ هیندۆسەکان دەبینیت لە پەرسگەکاندا خەریکی نزا و سرووتی پەرستنن، ئیسلامەکان دەبینیت لە مزگەوتدا خەریکی نوێژ و پاڕانەوەن لە خودا، هندۆسەکان ڤیداکان دەخوێننەوە و ئیسلامەکانیش قورئان. هەردوولا زۆر خواپەرست و چاکەکار دەنوێنن، بەڵام هەر ئەوەندە ناکۆکییەک ڕووی دا، لە چاوتروکانێکدا ئەو خواپەرستی و چاکەکارییەیان دەبێت بە هەڵم و وەک ئەوەی هەر ئەوان نەبووبن، ئیتر ئامادەن بکوژن، دەستدرێژی بکەنە

سەر یەکتری و هەموو کارێکی تری لەم جۆرە.

ئەم توندوتیژییە سەرلەنوێ و سەرلەنوێ سەر هەڵدەداتەوە. لەبەر ئەوەی فێرکردنی ناتوندوتیژی بە ڕێگەیەکی هەڵە دەوترێتەوە، کە ئەویش ڕێگەی چەپاندن و خەفەکردنە. کاتێک تۆ شتێک لە دەروونتدا خەفە بکەیت، دواتر هەر سەر هەڵدەداتەوە و دووبارە دەبێتەوە.

من ئاگامەندی فێری ئێوە دەکەم نەک خەفەکردن. هەر بۆیەش من باسی ناتوندوتیژی ناکەم و ناڵێم توندوتیژ مەبن. بەڵکو دەڵێم "وریا بن، ئاگامەند بن".

هەرچییەک دەکەیت؛ بە وریایی و ئاگامەندییەوە بیکە، هەروەها بە تێرامانەوە کە بە هەموو بوونتەوە لەو "هەنووکە"یەدا ئامادە بیت. هەر ئەو ئامادەبوونەت گۆڕانێکی کیمیاییت تیا دروست دەکات و هیچ خەفە ناکەیت و لەسەر بورکانێک دانانیشیت. چەند زیاتریش ئاگامەند بیت، هێندە زیاتر ژیانت بە بێدەنگی و ئاشتی و خۆشەویستی دەگات. هەموو ئەمانەش لە بەرهەمەکانی ئاگامەندین.

## چۆن دڵنیا بم کە ڕێی ڕاستیم گرتووەتە بەر؟

*** لەگەڵ هەر هەنگاوێکی تازەمدا بەرەو پیوار (نەزانراو- المجهول- unknown) چۆن دڵنیا بم لەوەی کە ڕێی ڕاستیم گرتووتە بەر؟**

ئاماژەکانی چوونە سەر ڕێی ڕاست زۆر سادەن: گرژییەکانت بەرەو نەمان دەچن، تا بێت زیاتر و زیاتر دەمار سارد (ئەعساب سارد) و هێمن دەبیت، جوانی لە کۆمەڵێک شتدا دەبینیتەوە کە پێشتر تیایاندا نەتبینیوەتەوە و هەر بە خەیاڵیشتدا نەهاتووە کە جوان بن.

تەنانەت شتە بچووکەکانیش مانا و دەلالاتی گەورە پەیدا دەکەن لە لات. ڕۆژ دوای ڕۆژ تا بێت دونیا تا بێت زیاتر پڕ نهێنی و مەتەڵاوی دەبێت و تۆش تا بێت لە زانین (بە مانا ئایدیۆلۆجییەکەی) دوور دەکەویتەوە و زیاتر بێگەرد و دڵپاک دەبیت... ڕێک وەکو منالێکت لێ دێتەوە کە بە دوای پەپوولەکاندا ڕادەکات یان لە قەراغ دەریاکاندا سەدەف کۆدەکاتەوە.

ژیان وەکو کێشەیەک سەیر ناکەیت، بەڵکو وەکو

دیارییەک، وەکو خۆشنوودی و بەرەکەتێک.

ئەگەر لەسەر ڕێی ڕاست بێت، ئەم ئاماژانە لە لات گەشە دەکەن. خۆ ئەگەر لەسەر ڕێی هەڵە بێت، ئەوە ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوە.

# بەشی هەشتەم
# دەربارەی
# ئازادی و بەرپرسیارێتی و دەروەستی

کەس لە ڕێتدا نییە، هیچ یەهودایەک، بەڵام ئەقڵ مەیلی ئەوە دەکات بەرپرسیارێتیی خۆی بخاتە ئەستۆی کەسێکی تر. ئەمەش فێڵێکە ئەقڵ دەیکات بۆ پاراستنی خۆی.

جگە لە خۆت کەسی تر لە ڕێتدا نییە، تۆ خۆتیت کە کۆسپ دەخەیتە سەر ڕێی خۆت. ئیتر ناوی تری لێ مەنێ. مەڵێ ئەوە یەهودایە، مەڵێ ئەوە شەیتانە، کەس کۆسپی لە ڕێی تۆدا دروست نەکردووە، بەڵام تۆ وا دەزانیت ئەوە یەکێکی ترە کۆسپی بۆ دروست کردوویت. بەوەش هەست دەکەیت شتێکت لە کۆڵ بووەتەوە و ئاسوودە دەبیت.

هەمیشە ئەم شتانە لەلایەن ئەو کەسانەوە دروست دەکرێن کە پێیان دەوترێ کەسە ئایینییەکان. ئەوە ئەوانن کە شایتانیان دروست کردووە. لەبەر ئەوە هەر کاتێک تۆ تاوانێک ئەنجام دەدەیت؛ ئەوە شەیتانە هانی داویت ئەو کارە بکەیت. تۆش بەوە ئاسوودە دەبیت: کەواتە ئەوە من خۆم نیم کە ئەو تاوانەم کردووە، بەڵکو شەیتانە. لای هیندۆسەکان نییە، ئەوان میتۆلۆجیی خۆیان هەیە: گوایە لە ژیانی پێشوودا "کارما"ی هەڵەت ئەنجام داوە. ئەو کارمای هەڵانە هانت دەدەن لە ئێستاشدا کارمای هەڵە ئەنجام بدەیت. دیسانەوە ئەمەش ئاسوودەت دەکات. تۆ چی بکەیت؟ ئەوە

لـە ژیانـی پێشـووتدا ڕووی داوە و قابیلـی گـۆڕان نییـە. خـۆ ئەگـەر لـەم هیندۆسانەش بپرسیت: باشـە لـە سـەرەتادا گوناهـ (یـان تـاوان) چـۆن دەسـتی پـێ کـردووە؟ هەنگینـێ تـوورە دەبن و پێت دەڵێن: نابێ پرسیاری وا بکەیت و دەبێ ئیمانت هەبێ. دەکرێ هەمـان پرسیار لەوانـەش بکرێ کـە باوەڕیـان بـە شـەیتان هەیـە. ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە باوەڕیـان بـە سـەیتان هەیـە زیاتـرە لەوانـەی کـە باوەڕیـان بـە کاریگەریـی خـودا هەیـە. لەبـەر ئـەوەی کـە خـودا زۆر شـت بـە مـرۆڤ ناکات، بگـرە ئـەوە شـەیتانە کـە ئـەو شـتە خراپانـەی پـێ دەکات. لـە ڕاسـتیدا خـودا کەمێـک سـەر بـە کێشـەیە. ئەگـەر خـودا شـتێکت پـێ بـکات، دەبێتـە مایـەی نارەحەتیـت، بـەڵام ئەگـەر شـەیتان شـتێکت پـێ بـکات، ئـەوا سـەرت ئاسـوودەیە، چونکـە هەمـوو بەرپرسـیارییەکە دەخەیتـە پاڵ ئـەو. ئەگـەر تاوانێکیش بکەیت، ئـەوا شـەیتان پێـی کردوویـت، چـی بکەیـت؟ تـۆ قوربانییەکـی بەسـەزمانیت.

بـەڵام لـە یـادت نەچێـت، ئـەوە یارمەتیـت نـادات. بەزەییـت بـە خۆتدا نەیەتـەوە و خـۆت وەکـو قوربانییـەک پیشـان مـەدە. ئەمـە فێڵێکـە و ئەقڵت لێت دەکات. نـە کـەس کۆسـپە لـە ڕێتدا جگـە لـە خـۆت و نـە کەسیش یارمەتیـت دەدات جگـە لـە خـۆت. هـەر بۆیـە؛ بەرپرسـیارییەکانت مەخـەرە ئەسـتۆی هیـچ شـتێک و هیـچ لایـەک. تەنهـا بـە قبووڵکردنـی ئـەو بەرپرسـیارییانەت؛ کامڵبوونـت دێتـە دی.

لـە چیرۆکەکـەی ئادەم و حـەوادا، وەختێ ئادەم لە بەهەشت دەردەکرێ، هەمان شت ڕوو دەدات. ئادەم بەرپرسیارییەتەکەی خۆی دەخاتە ئەستۆی ژن. واتـە حـەوا. دەڵێت "حـەوا منی فریو

دا تا میوەکە بخۆم"، حەواش دەڵێت "من هیچم نەکردووە، مارەکە..." بێگومان ماریش ناتوانێت قسە بکات، ئیتر لێرەدا کۆتایی دێت. بە بوونی مارەکە هەموو شتێک کۆتایی دێت. ئای ماری بەسەزمان. خۆ ئەگەر ماریش زمانی هەبووایە؛ ئەویش دەیوت "خوا منی وا دروست کردووە تا ئەوە بکەم".

بەمشێوەیە لۆجیک دەدرێ بە شتەکان. لۆجیک خۆی وا دێتە بەرچاو کە بەجێ بێت، ئەگینا خۆی بەجێ نییە. ڕەنگە لە شتە بچووکەکاندا بەجێ بێت، بەڵام وەختێ دەچێتە قووڵاییەوە، واتە دەچێتە پرسیارە بنەڕەتییەکانی ژیانەوە، لۆجیک نالۆجیکترین شت دێتە بەرچاو. لۆجیک بۆ ڕێکخستن و تەگبیرکردنی شتە بچووکەکان باشە، بەڵام ژیان خۆی لە لۆجیک گەورەترە. لۆجیک بەشێکە لە ژیان.

تۆ کاتێک بەرپرسیارییەتەکانت بخەیتە ئەستۆی شتێک یان کەسێکی تر؛ واتە ددان بە ئازادیی خۆتدا نانێیت.

ئازادی و بەرپرسیارییەتی پێکەوەن، دوو ڕووی هەمان دراون. ئەگەر ئازادیت دەوێت، دەبێ خۆت بە بەرپرسیار بزانیت لە هەر شتێک کە دەیکەیت. بەڵام ئەگەر بەرپرسیارییەتیت نەوێت؛ واتە ئازادیشت لە دەست دەدەیت.

هەموو ئازادییان دەوێت، بەڵام بەبێ ئەوەی بیانەوێ بەرپرسیارییەتی لە ئەستۆ بگرن.

هەرچییەک ڕوو دەدات، لە هەڵبژاردنەکانی خۆتەوەیە. تۆ خۆت بەو شێوەیە هەڵتبژاردووە. ڕەنگە لە هەڵبژاردنەکەتدا ئاگامەند نەبوو بیت؛ بۆیە کێشەت بۆ خوڵقاوە.

بۆ نموونە؛ تۆ دەتەوێت بەسەر کەسێکدا زاڵ بیت، ئەمە هەڵبژاردنی خۆتە. بەڵام ئەوانیش بەرگری دەکەن و هەمان

شتی تۆیان دەوێت. ئیتر لێرەوە کێشمەکێش و ئیرەیی و دۆزەخت تووش دەبێت. ئەوساش دەڵێیت: من ئەمەم نەدەویست.

بەردەوام بە دوای هۆکارەکەدا بگەڕێ، بە دوای کاریگەریی هۆکارەکەدا. خەڵک دژ بە کاریگەرییەکە دەوەستنەوە و هۆکارەکە پشتگوێ دەخەن. ئەمانە کەسە ئاساییەکانن. بەڵام ئەقڵی زیرەک جیاوازە. هەر کاتێک کاریگەرییەکی نەویست، قووڵتر دەڕوات و بە دوای هۆکارەکەدا دەگەڕێت و هۆکارەکە لەناو دەبات؛ ئیدی ئەوکات کێشەیەک لە گۆڕێ نابێت.

ئەوەی ئەمڕۆ بۆت دێتە پێشێ، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆت بە شێوەیەکی نائاگامەندانە و ناهۆشیارانە ڕۆڵت لە سازدانیدا هەبووە.

خۆت تووەکەیت چاندووە، ئێستاش دەبێ بیدووریتەوە. خەڵک وا بیر دەکەنەوە گەر مشووری شتە ناگەوهەری و نابنەڕەتەکان بخۆن؛ ئەوا شتە گەوهەرییەکان خۆیان دێن.

بۆ نموونە؛ خەڵک وا دەزانن ئەگەر پارەیەکی باشیان دەستبکەوێت، ئەوا ئیتر بەختەوەر دەبن، بەڵام ئەمە وا نییە. ئەگەر تۆ بەختەوەر بیت؛ تەندروست دەبیت، دەوڵەمەند دەبیت، ئەمەیان ڕاستە. کەسی بەختەوەر دەشێ خاوەنی کۆشک و تەلار نەبێت، بەڵام بە دەوڵەمەند دەژمێردرێ. دەشێ کەسێکی بەختەوەر گەدایەک بێت، بەڵام دەوڵەمەندە.

تۆ دەتەوێ لە پێشدا هەوڵی سەروەتێکی زۆر بدەیت، ئیتر وا دەزانیت بەوە بەختەوەر دەبیت. هەرگیز ئەمە ڕەها نییە. لەبەر ئەوەی سەروەت نابێتە بنەڕەتێک (یان گەوهەرێک) بۆ

بەختەوەری، بەڵکو بە پێچەوانەوە.

هەوڵ بدە بڕوانیتە قووڵایی بوونی خۆت و بیر لە شتە بنەڕەتی و گەوهەرییەکانی بوونت بکەیتەوە. شاد بە. دەتوانیت هەر ئێستا شاد بیت و پێویستت بە هیچ هۆکارێک نییە بۆ ئەوە. ئینجا بزانە چۆن سەرت سووڕدەمێنێت. لەبەر ئەوەی شادی و بەختەوەری هۆکاری هەموو شتەکانن، هۆکاری بنەڕەتی.

## ترس لە ئازادبوون

### * بۆچی من ترسێکی زۆرم لە ئازادی هەیە؟

هەموو کەسێک ئەو ترسەی هەیە. ئازادی ڕیسکێکی گەورەیە. خەڵکی باسی ئازادی دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا کەس نایەوێت ئازاد بێت. هەر قسەیەکی ڕووتە و بەس. هەموو کەسێک دەیەوێت پشتبەستوو بێت بە شتێک یان کەسێکی تر. هەموو کەسێک دەیەوێت یەکێکی تر بەرپرسیارێتییەکانی هەڵبگرێت. چونکە لە ئازادیدا تۆ لە هەموو کار و کردەوەیەکت و لە هەموو بیروبۆچوونێکت و لە هەموو جووڵەیەکت بەرپرسیاریت. ناتوانیت ئۆباڵی هەموو شتەکانت بخەیتە ئەستۆی هیچ کەسێک.

بڕوانە دەروونشیکارێکی فرۆیدی. نەخۆشەکە لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕادەکشێت، دەروونشیکارەکەش لە پشتی قەرەوێڵەکەوە و بە جۆرێک دادەنیشێت؛ کە نەخۆشەکە ئەو نەبینێت، بەڵام ئەم نەخۆشەکە دەبینێت. هەندێکیان بۆ ئەو مەبەستە پەردەش بەکار دەهێنن تا نەخۆشەکە وا هەست بکات، کە پێویست ناکات هیچ نهێنییەک لای خۆی بهێڵێتەوە

و نەیدرکێنێت. چی ڕوو دەدات؟ نەخۆشەکە هەرچییەکی هەیە ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی دایکی یان باوکی و هیچ بەرپرسیارییەتییەک ناخاتە ئەستۆی خۆی و هەوڵ دەدات خۆی زۆر بێگوناه پیشان بدات.

دەشێ بەشێک لە ڕاستیش لەمەدا هەبێت، بۆ نموونە؛ دایک هەمیشە دەیەوێ لەسەر بنەمای ئەو وێنەیەی لای خۆی هەیە کچەکەی گەورە بکات و ئەو وێنەیەی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت و نایەوێت کچەکەی بە گوێرەی ویست و ئارەزووی خۆی گەورە بێت، یان باوک دەیەوێ کوڕەکەی بکات بە پیاوێکی ڕاستەقینە و سەنگین و ڕێزدار.

بەڵام دواتر کە منداڵەکان گەورە دەبن، دەتوانن خۆیان لەو وێنەیە ڕزگار بکەن، وەلێ نایکەن. بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەبێ بەرپرسیارییەتی بگرنە ئەستۆ، ئەوانیش نایانەوێ ئەو کارە بکەن. هەموو لە ئازادی دەترسن، هەر بۆیە دەبینین کۆیلایەتی لە ناخی کەسەکاندا خۆی حەشار داوە. کۆیلایەتی بۆ دایک و باوک، بۆ ئایین، بۆ دەوڵەت، بۆ دراوسێ.

کاتێک لە زانکۆ خوێندکار بووم، هاوڕێیەکم هەبوو لە بەشی ناوخۆیی لە ژوورێکدا پێکەوە بووین. ئەم هاوڕێیەم تا بڵێیت زمانپاراو و قسەخۆش بوو و لە قسەکردندا هیچ گرفتێکی نەبوو. ڕۆژێکیان باوکی سەردانی کردین و سەیرم کرد هاوڕێکەم کاتێک قسەی لەگەڵ باوکیدا دەکرد، زمانی تەتەڵەی دەکرد. سەرم سووڕما و پێم وت: ئەوە چیتە؟ لەوەتەی باوکت هاتووە زمانت تەتەڵە دەکات؟! وتی: لە منداڵیمەوە باوکم فێری دەکردم کە دەبێ چۆن قسە بکەم، چی بڵێم، چی نەڵێم، لەگەڵ کێدا قسە بکەم، کەی قسە بکەم. ئیتر

وا سەری لێ شێواندم نەمدەتوانی بە شێوەیەکی سروشتی قسە بکەم، بۆیە تووشی ئەم حاڵەتە بووم. هەروەها وتی: من خۆیشم پێم سەیر بوو وەختێ هاتم بۆ زانکۆ ئەو حاڵەتەم نەما. بەڵام هەر کاتێک دەچمەوە بۆ ماڵەوە، یان باوکم دەبینم؛ هەمان حاڵەتم لا دروست دەبێتەوە.

منیش لێم پرسی: ئەی ئەو کاتەی دەچیتە پەرستگا و نوێژ بۆ خودا (ی باوک) دەکەیت؟

وتی: تووشی هەمان حاڵەت دەبمەوە. بە تەنها وشەی "باوک" بەسە بۆ ئەوەی تووشی ئەو حاڵەتە ببمەوە، ئیتر لە هەر بەرگ و سیمایەکدا بێت.

منیش پێم وت: گوێ بگرە هاوڕێ... باوکی منیش وەکو باوکی تۆ وابوو، بەڵام من وەک تۆ نەبووم و ئاڵای یاخیبوونم بەرزکردەوە، نەک هەر بەرامبەر بە باوکم، بەڵکو بەرامبەر بەو مامۆستایانەش کە دەیانویست وەکو باوکم ڕەفتارم لەگەڵدا بکەن و جڵەوم بکەن و شتەکانی خۆیانم بەسەردا بسەپێنن. تەنانەت جارێکیان یەکێک لەو مامۆستایانە ناردمی بۆ لای بەڕێوەبەر تا سزام بدات و ئەویش وتی: دەبێ حەوت جار بە دەوری بینای قوتابخانەکەدا ڕابکەیت.

منیش وتم: نەخێر نۆ جار بە دەوریدا ڕادەکەم.

بەڕێوەبەرەکە سەری سووڕما و وتی: تۆ شێتیت، ئەمە سزایە خۆ پاداشت نییە.

وتم: دەزانم، بەڵام من نۆ جار بە دەوریدا ڕادەکەم. هەواکەی خۆشە و دار و درەختەکانیش سەوز و جوانن و چێژ لە ڕاکردنەکە دەبینم و بەم شێوەیەش فەرمانەکەی تۆ جێبەجێ ناکەم، چونکە من نامەوێ کەس دەسەڵاتی خۆیم

بەسەردا بسەپێنیت.

ئەوەی ئەمڕۆش لە نەوەی نوێ داوا دەکرێ ئەوەیە کە بۆ ئەوەی بتوانن خاوەنی خودی خۆیان بن؛ دەبێ ئازاد بن. سیستمی پەروەردەییمان لەسەر پرنسیپی زاڵبوونی مامۆستا بەسەر قوتابیدا بنیاد نراوە، ئەمەش نموونەی سیستمی سەرکوتکردن و جڵەوکردنە و لە سیستمێکی لەو چەشنەشدا هیچ قوتابی و خوێندکارێک ناتوانێت خاوەنی خودی خۆی بێت.

خۆبوون و سەربەخۆبوون و ئازادی گەورەترین بەهای ژیانن. بەڵام ئایینەکانیش بەبێ جیاوازی دەیانەوێ لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە کۆیلەت بکەن. لەبەر ئەوەی بەوە تەسەللات دەدەنەوە کە ئەگەر تۆ ملکەچ بیت و باوەڕ بە فەرمانەکانیان بکەیت؛ ئیتر تووشی هیچ هەڵەیەک نابیت. ئەوانە بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ وات لێ بکەن پشت بەوان ببەستیت نەک بە خۆت. ئەوان فێری پاڕانەوەت دەکەن، پاڕانەوەش واتە سواڵکردن.

ئازادی گەورەترین بەهای ژیانە و نابێ لە پێناوی هیچ شتێکدا لە دەستی بدەین. من بەش بە حاڵی خۆم مەرگ قبووڵ دەکەم؛ بەڵام دەست لە ئازادیی خۆم هەڵناگرم.

ئایا کۆیلایەتیی زەینیی تۆ؛ بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆی کەسێکی تردایە؟ نەخێر. تۆ خۆت ناتەوێ لە ئاست کردەوەکانی خۆتدا بەرپرسیار بیت، هەر بۆیە لە ئازادی دەترسیت. ئەم ترسە لە خۆت دوور بخەرەوە. ئەم ترسە لە هەموو شتێکی تر خراپترە کە بەسەر مرۆڤدا دێت.

من فێری بەرپرسیارێتیت دەکەم، بەڵام لە یادت نەچێت؛ بە

هەڵـە لێم تێنەگەیت و لەگـەڵ بەکارهێنانی باوی ئەم وشـەیەدا لـە لایـەن خەڵکـەوە تێکەڵی نەکەیت. ئەوان دەڵێن: بەرامبەر بە دایک و باوکت، بەرامبەر بە ئایین و کەنیسەکەت، بەرامبەر بە نەتەوەکەت؛ بەرپرسیار بە. بەڵام ئەمە کۆیلایەتییە نەک بەرپرسیاریتی. ئەمانە کۆمەڵێک وشـەی جوان و بەباقوبریقن بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکی ناشرین: کۆیلایەتی.

بەرپرسیاریتی واتـە هەرچییـەک دەیکەیـت؛ خـۆت لێی بەرپرسیاریت. ئەگەر من لێت بپرسم: ئایا خوا هەیە؟ کە تۆش وتت: بەڵێ؛ چونکە ئینجیل وا دەڵێت. وەڵامەکەت؛ وەڵامێک نییە بەرپرسیاریتیی تێدا بێت. لەبەر ئەوەی ئەوە وەڵامێکە لە کۆیلایەتیی مەسیحییانەتەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام ئەگەر وەڵامێکت دایەوە کە لە ناخی خۆتەوە سەرچاوەی گرتبوو؛ نەک لە دەرەوەی خۆتەوە، ئەوکات تۆ خۆت لە وەڵامەکەت بەرپرسیاریت.

ئازادی لەگەڵ خۆیدا بەرپرسیاریتی دەهێنێت و بەرپرسیاریتیش یارمەتیت دەدات زیاتر ئازاد بیت. بە تەنها ئەو کەسەی کە تامی ئازادی و جوانیی بەرپرسیاریتی دەزانێت؛ شایانی ئەوەیە پێی بڵێن مرۆڤ، ئەگینا هیچی لە گیانەوەر زیاتر نابێت.

## دەروەستی و بەرپرسیارێتی

*** بزنس پێویستی بە بەردەوامبوون و دەروەستی و بەرپرسیارێتی و هەندێ شتی تر هەیە، کە ناکۆکە لەگەڵ "بوون لە هەنووکەدا" و ئازادی و خۆڕسکی "عەفەویەت" و ئەو شتانەی دڵ عەوداڵیانە. تکایە شتێکمان سەبارەت بەوە بۆ باس بکە؛ کە چۆن ئەم دووانە دەتوانن بە تەبایی لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن؟**

ئەستەمە مرۆڤ لە یەک کاتدا بیەوێ سواری دوو ئەسپ بێت. دەبێ لەوە تێبگەیت گەر دەتەوێ ئازاد و خۆڕسک بێت و لە هەنووکەدا بێت؛ ناتوانیت لە هەمان کاتدا خەریکی بزنس بێت. ناتوانیت ئەو دووانە ئاوێتەی یەک بکەیت. دەبێ یەکێکیان بکەیت بە قوربانی ئەوی تر.

گوێ بۆ سەدای دڵت ڕادێرە، چونکە دواجار ئەوە دڵتە کە بڕیار لەسەر پێگەی بوونت و ئاگامەندیت دەدات، هەروەها بڕیار لەسەر ئەو بالابوون (Transcendence)ەی کە ڕێنمایی خۆت و ئاگامەندیت دەکات. دەروەستییەکانت چین؟ مرۆڤی تێگەیشتوو خۆی لە دەروەستیی کاری پڕوپووچ دەپارێزێت.

بەردەوامبوون یانی چی؟ لەبەر ئەوەی باووباپیرانت خەریکی بزنس بوون، ئیتر تۆش دەبێ وا بیت؟ ئاخۆ تۆ لێرەیت؛ هەر بۆ ئەوەی ڕابردوو بجوویتەوە؟ ئەی جەسارەتی ئەوەت نییە کە خۆت لە قەرەی شتی نوێ بدەیت و کۆن بخەیەت لاوە و نەسیمێکی تازە بە خۆت و ئەوانەی دەوروبەرت ببەخشیت؟ لە ڕاستیدا تۆ دەبێ خۆت لە ڕابردوو بترازێنیت. نەک لە ڕابردووی باووباپیرانت، بگرە لە ڕابردووی خۆیشت. لە هەموو ساتەکانی پێشووت. ئەوەی ڕۆی؛ ڕۆی. تۆ ناچار نیت لەسەر ئەو شتانەی ڕابردووت بەردەوام بیت و لاشەی ساتە مردووەکان لە کۆڵ بگریت.

هەروەها گەلێک دەروەستیش هەیە کە بەرەنجامی نائاگامەندییە، بۆ نموونە؛ تۆ ئافرەتێکت خۆش دەوێت و دەتەوێ هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکەیت. ئەویش داوای دەروەستیت لێ دەکات، تۆش لەبەر ئەوەی نائاگامەندیت، بەڵێنی دەدەیتێ تەنانەت لە ئایندەشدا خۆشت بوێت، ئەو ئایندەیەی کە لە دەستی تۆدا نییە. تۆ چۆن بڕیار لەسەر سبەینێ دەدەیت؟ سبەینێیەک کە لە دەستی تۆدا نییە؟ گەرچی زۆربەی پیاوان بە ئافرەتەوە دەروەست دەبن و پێیان دەڵێن: "تا لە ژیاندا بم خۆشم دەوێیت". ئافرەتانیش بە هەمان شێوە: "من نەک هەر لەم ژیانەدا خۆشم دەوێیت، بەڵکو لە خوا دەپاڕێمەوە کە لەو دونیاش هەر تۆ بە نسیبم بکات". بەڵام تەنانەت یەک چرکەساتی ئایندەش لە دەستی کەسدا نییە و موڵکی کەس نییە، هەر بۆیە ئەو دەروەستییانە دەبنە مایەی کێشە و گرفت. سبەینێ کە ئەو خۆشەویستی و جۆشوخرۆشەت نەما بۆ ئەو ئافرەتەی کە خۆشت ویستووە

و بەڵێنت پێی داوە؛ چی دەکەیت؟ تاقە ڕێگەیەک کە کۆمەڵگا بۆتی مەیسەر کردووە ئەوەیە کە ڕاستگۆ نەبیت و دووڕوو بیت. ئەوکات هەردوو لا دەیانەوێ بە وشەی "خۆشم دەوێیت" قەرەبووی نەمانی ئەو هەستە بکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا؛ کە خۆشەویستی هەبوو؛ پێویست بە وشە و قسە ناکات، چونکە هەم تۆ و هەم ئەویش هەستی پێ دەکەن. لێ وەختێ خۆشەویستی کاڵ دەبێتەوە؛ هەوڵ دەدرێ بە وشە قەرەبوو بکرێتەوە. کەواتە دەروەستی شتێک مەبە کە لە دەستی خۆتدا نییە.

دەتوانیت دەروەستی ئەو خۆشەویستییەی هەنووکەت بیت لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کە خۆشت دەوێت و پێی دەڵێیت: "تا خۆشەویستیی نێوانمان بە ڕەسەنی و ڕاستگۆیی بمێنێتەوە؛ ئێمە هەر یەکترمان خۆش دەوێت، بەڵام کاتێک ناچار بووین لەگەڵ یەکتردا تەمسیل بکەین؛ وا چاکترە لە یەک جیاببینەوە. با هەموو ئەو ڕۆژە جوانانە و ئەو ساتە جوانانەی پێکەوە هەمانبوون وەکو یادگاریی شیرین لامان بمێننەوە و با بە تەمسیل و درۆ ئەو جوانییانە نەکوژین؛ نە من و نە تۆش". هێندەی پەیوەندیی بە بەرپرسیارێتیشەوە هەبێت، تۆ بارگاوی دەکرێیت بە ئایدیای بەرپرسیارێتی، بەڵام کام بەرپرسیارێتی؟ ئەوەی کە تۆ بەرامبەر بە دایک و باوکت بەرپرسیاریت، بەرامبەر بە هاوسەرەکەت بەرپرسیاریت، بەرامبەر بە منداڵەکانت بەرپرسیاریت، هەروەها بەرامبەر بە دراوسێکانت بەرپرسیاریت، کۆمەڵگاکەت، نەتەوەکەت و نیشتمانەکەت. وات تێدەگەیەنن کە دەبێ بەرامبەر هەموو ئەمانە بەرپرسیار بیت؛ تەنها بەرامبەر بە خۆت نەبێت.

دایکێک منداڵەکەی فێر دەکرد: "کوڕم؛ گرنگترین شت ئەوەیە تۆ خزمەتی خەڵک بکەیت و لە پێناویاندا قوربانی بدەیت، ئەمە بنچینەی ئایینەکەمانە کە بەرامبەر کەسانی تر بەرپرسیارین".

منداڵەکە وتی: "من لەمە تێدەگەم، بەڵام شتێک هەیە لێی تێناگەم. ئەی خەڵک چی دەکەن؟"

دایکەکە وتی: "ئەوانیش خزمەتی خەڵک دەکەن".

منداڵەکە دەڵێت: "سەیرە؛ ئەگەر وا بێت، هەر کەسە و خزمەتی کەسانی تر بکات؛ ئەی کەواتە بۆ هەر کەسە و خزمەتی خۆی نەکات و بەرامبەر بە خۆی و کردەوەکانی خۆی بەرپرسیار بێت و ئیتر کێشە و گیروگرفت لە گۆڕێ نامێنیت؟"

ئەوەی ئەم منداڵە بە دڵی پاکەوە وتوویەتی گەوهەری مانای ئەو بەرپرسیارێتییەیە کە لە سەر دەستی ئایینەکان و سیاسەتمەداران و ئەوانەی خۆیان بە چاکەکار ناودەبەن و مامۆستایان و هەروەها دایکان و باوکان؛ شێوێنراوە. ئەمانە مانای بەرپرسیارێتییان گۆڕیوە و کردوویانە بە هاوتای ئەرک. ئەم وشەیە ناشرین و بێزراوە.

تۆ نابێت شتێک بکەیت لەبەر ئەوەی ئەرکە و سەپێنراوە بەسەرتدا، بەڵکو هەرچییەک دەکەیت پێویستە بە خۆشەویستییەوە ئەنجامی بدەیت. پێویستە خۆشەویستی سەرچاوەی کار و کردەوەکانت بێت؛ نەک ئەرک. بەم جۆرە بەرپرسیارێتی زادەی کارێکە کە لە خۆشەویستییەوە ئەنجامت داوە، نەک هی بێگاری.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان خۆشەویستی و ئەرک (واجب)

دا هەیە. کابرایەکی بە تەمەن بەسەر یەکێک لە شاخەکانی هیمالایادا سەرکەوتووە و کۆڵێکی قورسیشی بە پشتەوە بووە. کەمێک لە پێش خۆیەوە کچێکی دە سالانی بینیوە؛ منالێکی بچکۆلەی قەڵەوی خستووەتە سەر شانی. کابرا لە کچەکە نزیک بووەتەوە و پێی وتووە: "هەست بە ماندوو بوون ناکەیت؟ بارەکەت قورسە!" بەڵام کچەکە تووڕەبووە و وتوویەتی: "تۆ بارت هەڵگرتووە و بارەکەی تۆ قورسە. ئەوەی من بار نییە، ئەمە برا بچکۆلەکەمە". قسەی کچەکە ڕاستە، چونکە ئەم برا بچکۆلەکەی خۆی خۆش دەوێت و هەست ناکات ئەوە بێگارە، یان بارگرانییەکە بەسەر شانییەوە.

خۆشەویستی توانای ڕەتکردنەوەی هێزی کێشکردن و توانای بەرگەگرتنی ماندوویەتیی هەیە. هەر بەرپرسیارێتییەک لە خۆشەویستییەوە بێت؛ جوانە. بەڵام لە دەرەوەی خۆشەویستی، هەموو بەرپرسیارێتییەک دزێوە و ئەوە پیشان دەدات کە زەینت زەینی کۆیلەیە و هیچی تر.

تۆ ئەگەر بە ڕاستی عەودالی ئازادی و خۆڕسکی بیت و بتەوێ لە هەنووکەدا بیت؛ دەبێ تەرزی ژیان و تێڕوانینت بۆ دونیای بزنس و کار بگۆڕیت. با ئەنجامدانی کارەکانیشت؛ جۆرێک بێت لە تێرامان، ئەوکات لەوەش دەردەچێت کە چەوساندنەوە یان ڕووتاندنەوە (و ئیستیغلال)ی خەڵک بێت. هەست دەکەیت تازەییت هێناوەتە ناو بوونتەوە.

# ترس له ئازادی ئیفلیجم دەکات

* کاتێک گوێم لە قسەکانت دەبێت؛ هەست بە شەوق و خولیایەک دەکەم بۆ ئازادی. هەست دەکەم هەڵوەدای کرانەوە و نەشئە و خۆشەویستیم. لە هەمانکاتدا هەست دەکەم پێویستم بە سەلامەتییە. ئەم ترسە وام لێ دەکات نەوێرم خۆم فڕێ بدەمە قووڵایی ژیانەوە، لە ترسی ئەوەی نەک ئیفلیجم بکات.

هەمیشە بەرزاییەکان هەم جەربەزەیی بوون و هەم مایەی ترس بوون. شەوقی ئەوەت تیا دروست دەکەن بە ئەستێرەکان بگەیت. بەڵام هێزی کێشی زەوی هەموو جۆرە ترسێک سەبارەت بە سەلامەتی و ئاسوودەیی دەورووژێنێت، ئەمەش شتێکی سروشتییە و بە مرۆڤ نامۆ نییە. ئەمە کێشەیەک نییە چارەسەر بکرێ، بەڵکو دەبێت لێی تێبگەین.

کاتێک ترس دەورت دەدات، ئەوە بزانە کە لە ژیاندا تاقە شتێک هەیە کە یەقینە، ئەویش مەرگە. ئەوەی کە لەمەش تێبگات؛ دەستبەرداری ترس دەبێت. لەبەر ئەوەی چ شتێک هەیە هێندەی ژیان مایەی نادڵنیایی بێت؟ کە مرۆڤ لە ژیاندا بوو،

واتە هەموو ساتێک ئەگەری مەرگ هەیە. دڵنیایی و ئاسوودەیی مەگەر تەنها لە گۆڕدا هەبێت، لەبەر ئەوەی ئیتر کەس لە گۆڕدا نامرێت، چونکە مردووە، بۆیە ئەوێ جێیەکی دڵنیا و بێترس و ئارامە.

جارێکیان یەکێک لە شاگردەکانی کۆنفۆشیۆس لێی دەپرسێت: مامۆستا؛ شتێکمان دەربارەی ترس لە نائارامی پێ بڵێ.

کۆنفۆشیۆسیش وتی: "لەو بارەیەوە نیگەران مەبن، مەرگ ئارامی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بەڵام کاتێک لە ژیاندان چێژ لە نائارامی وەربگرن".

نائارامی هاوواتایەکی تری ژیانە. تا زیندووتر و پڕ ژیانتر بیت؛ نائارامتر دەبیت. خۆ ئەگەر ئارامی و ئاسوودەیی مردنیشت دەوێت؛ ئەوا بەوە ئارامییەکی ڕەهات دەبێت.

ئەمەش حیکایەتێکی سۆفییانەیە:

پاشایەک زۆر لە مەرگ دەترسا. گەلێ وڵاتی داگیر کردبوو و دوژمنیشی زۆر بوو. هاوکات ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو کە ڕەنگە بیکوژن، بۆیە متمانەی بە کەس نەمابوو. هەموو ئەوانەی دەوری خۆی بە سیخوڕی ئەو کەسانە دەزانی کە دەیانویست وڵاتەکەیان لە چنگی ڕزگار بکەنەوە. دواجار؛ بۆ پاراستنی خۆی، فەرمانی دا کۆشکێکی جوانی بۆ دروست بکەن، کە هیچ پەنجەرەیەکی تیا نەبێت، هەروەها تەنها یەک دەرگای تێدا بێت کە خۆی پیایدا هاتوچۆ بکات، بۆ ئەوەی ئیتر لەوە دڵنیا بێت کە کەس ناتوانێت بیکوژێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە حەوت ڕیز پاسەوانیشی لە بەردەم دەرگاکەدا دانا، چونکە باوەڕی بەوە نەبوو یەک ڕیز دابنێت. کێ دەڵێت ئەو ڕیزە پیلانێک لە دژی ناگێڕن و ئەمیش ئەوسا هیچی بۆ ناکرێ و یەکێک لە

پاسەوانەکان دێت و دەیکوژێت. هەموو ڕیزە پاسەوانەکانیشی کرد بە چاودێر بەسەر یەکترەوە.

پاشایەکی هاوڕێی؛ کە ئەویش تووشی هەمان پارانۆیا بووبوو، هات بۆ سەردانی ئەم تا سەیری کۆشکەکەی بکات. لە کاتی خواحافیزیدا پاشای هاوڕێی پێی وت کە هەرگیز کۆشکێکی وا دڵنیاکەرەوەی نەدیوە و ئەویش هەوڵ دەدات کۆشکێکی لەو جۆرە بۆ خۆی بکات و کۆمەڵێک پاسەوان بەو تەرزە بۆ خۆی لە بەردەرگای کۆشک بۆ خۆی دابنێت و بێخەم و سەرئاسوودە بێت.

لەو کاتەدا گەدایەک کە لەو ناوە بوو، دەستی کرد بە پێکەنین، هەردوو پاشاکە بەو ڕەفتارەی گەداکە پەست بوون و پێیان وت: "چییە؟ تێکچوویت؛ یان شتێک ڕووی داوە؟" گەداکە وتی: "نە تێکچووم و نە هیچیش ڕووی داوە، بەڵام وتم ڕەنگە ئێوە بیرتان لە مەرگ نەکردبێتەوە کە تەنانەت یەک دەرگاش بەسە بۆ ئەوەی لێوەی بێتە ژوورەوە و هەرچی پاسەوانەکانیشە ناتوانن ڕێی لێ بگرن. لەبەر ئەوە ئەگەر دەتەوێت کۆشکەکەت شوێنێکی سەلامەت و بێوەی بێت، بڕۆ بەو وەستایە بڵێ کە دروستی کردووە با ئەو دەرگایەش دابخات".

پاشا وتی: «ئەو قسەیەت بەجێیە، بەڵام من ئەگەر ئەو تاقە دەرگایەش دابخەم؛ ئیتر وەک کۆشک نامێنێتەوە و وەکو گۆڕی لێ دێت".

گەداکەش وتی: "ئاخر منیش ڕێک مەبەستم ئەوەیە. بە تەنها مەگەر لە گۆڕدا هەست بە ئارامیی تەواوەتی بکەیت. منیش سەروەختێک وەک ئێوە پاشا بووم، بەڵام بە تەواوی ئۆقرەم لێ بڕابوو، بۆیە دەستبەرداری پادشایی بووم و گەداییم هەڵبژارد.

ئێستا هەست دەکەم کەس نایەوێت بمکوژێت. بە ئازادی بە کوچە و شەقامەکاندا دێم و دەچم و دەخەوم و سڵ لە هیچ شتێکیش ناکەمەوە. چەند دەرگا و پەنجەرە لە ترسا لە سەر خۆت دابخەیت؛ ئەوەندە زیاتر لە مردن نزیک دەبیتەوە. ”

ئیدی چیتر پاشاکە لەو کۆشکەدا نەژیا. ئەمە ڕاست بوو، ئەو چەند دەیویست بە داخستنی دەرگا و پەنجەرەکان سەلامەتی و ئارامی بۆ خۆی زیاد بکات؛ زیاتر وای لێ دەهات لە مردوویەک دەچوو. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە؛ چەند بتەوێ لە بەرزاییەکاندا بژیت، هیچت نابێت لە دەستی بدەیت. ئەوە حەقیقەتێکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مردن هەر دێت و هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا دەبات، کەسیش ناتوانێت خۆی لەوە بپارێزێت. بەڵام تێگەیشتن لەمە دەبێتە مایەی ڕەوینەوەی ترس لە مەرگ. لە ڕاستیدا؛ مەرگ دەبێ ببێتە هاندەرێک بۆ ژیان. ئەگەر مردن نەبووایە؛ لەوانە بوو تۆ ژیانت دوابخستایە. ئەوە مردنە وامان لێ دەکات ژیان دوانەخەین. بۆیە پێویستە تۆ هەنووکەت بە تەواوی بژیت؛ چونکە هیچ یەقینێکت سەبارەت بە ساتەکانی دواتر نییە.

وتت: ”کاتێک گوێم لە قسەکانت دەبێت، هەست بە شەوق و خولیایەک دەکەم بۆ ئازادی“.

کەواتە چاوەڕێی چی دەکەیت؟ لێگەڕێ با ئەو شەوقەت ببێتە ڕاستی. شەوق واتە دواخستنی کاری ئەمڕۆ بۆ سبەینێ. بەڵام ئەو کارە بۆ سبەینێ دوا مەخە. شەوقت نەبێ بۆ ئازادی، بەڵکو ئازاد بە. کێ دەتوانێت ببێتە کۆسپ لە بەردەمی ئازادیتدا؛ خۆت نەبێت؟

دیاردەیەکی زۆر سەیرە! مرۆڤ خۆی؛ خۆی ئیفلیج بکات. خۆی کۆت و پێوەند بۆ خۆی دروست بکات. خۆی زیندان

بۆ خۆی دروست بکات، پاشانیش شەوقی بۆ ئازادی هەبێت، خەون بە ئازادییەوە ببینێت.

کاتی نەشئە و خۆشەویستی هاتووە. کاتی فراوانکردنی ئاگامەندیت هاتووە. پێویستە چیدی کات بە فیڕۆ نەدەیت. کارڵ مارکس لە کۆتاییەکانی "مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست"دا ڕستەیەکی جوانی هەیە، کە دەکرێ بە گۆڕانکارییەکی بچوکەوە تیایدا بۆ ئێستای ئێوە بگونجێت. ئەو دەڵێت: "ئەی کرێکارانی جیهان یەک بگرن، ئێوە جگە لە کۆت و پێوەندەکانتان؛ هیچی ترتان نییە لە دەستی بدەن.

منیش دەڵێم: "ئەی بیرکەرەوەکانی جیهان یەک بگرن، ئێوە جگە لە کۆت و پێوەندەکانتان؛ هیچی ترتان نییە لە دەستی بدەن، ئەوکات تەواوی بوون دەبەنەوە".

خەڵکی بە خەوبینین موعتاد بوون، موعتادبوونیش بە خەونەوە، لە موعتادبوون بە مادده بێهۆشکەرەکان گەلێ خراپترە.

لە ڕاستیدا خەڵکی پەنا بۆ ئەو ماددانە دەبەن؛ لەبەر ئەوەی ئەو ماددانە وا لە خەڵک دەکەن خەونی خۆش ببینن. خەون ڕیشەی موعتادبوونە. ئازایەتیت هەبێت؛ تۆ ئیفلیج نیت. بە تەنها یەک چرکەسات بەسە بۆ ئەوەی تەکانێک بە خۆت بدەیت.

ئەمەی دەڵێم بە چاوی خۆم بینیم. وەختێ لە ڕایپوور مامۆستای زانکۆ بووم، ئافرەتێک دە ساڵ بوو لە جێدا کەوتبوو و تووشی ئیفلیجی بووبوو. هەرچی هەوڵ و تەقەللای پزیشکەکان بوو بۆ چارەسەرکردنی، شکستی هێنابوو و لە چاکبوونەوەی نائومێد بووبوون و پێیان وتبوو کە هەتا لە ژیاندا ماوە چاک نابێتەوە.

ڕۆژێکیانماڵەکەی گڕی گرت، منیش لەگەڵ دراوسێکاندا بەرەو ئەوێ ڕامان کرد، بەڵام ئەوەی سەرمان لێی سوورما؛ گڕگرتنی ماڵەکە نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو کە ئافرەتەکەمان بینی بە ڕاکردن لە ماڵەکە هاتە دەرەوە. ئەو ئافرەتەی دە ساڵ بوو ئیفلیجی ناو جێگە بوو و جووڵەی نەکردبوو؛ بە هەڵەداوان ڕای دەکرد.

لەو کاتەدا یەکێک هاواری کرد: ئەوە چی دەکەیت؟ ئەی تۆ ئیفلیج نیت؟

ئافرەتەکە ڕاوەستا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و وتی: "ئاه؛ ڕاست دەکەیت". ئیتر یەکسەر لە شوێنی خۆیدا کەوتەوە سەرزەوی و لەشی ڕەق بووەوە. کەواتە ئەم ئیفلیجییە هی زەین و ئەقڵی بووە. کاتێک ئاگرەکەی بینیوە؛ زەین و ئەقڵی کاریان نەکردووە و بیری چووەتەوە کە ئیفلیجە و ڕای کردووە. بەڵام کاتێک ئەو کابرایە هاواری لێ کرد و بیری خستەوە کە ئیفلیجە، زەینە کۆنەکەی بۆ گەڕایەوە.

تەواوی ئیفلیجییەکانتان هی زەین و ئەقڵتانە، کە نایەوێ بژین و هەموو جۆرە ترسێکتان بۆ دروست دەکات. چیرۆکێکی ئایینی جاپانای کۆن هەیە کە من هەمیشە حەزم لێی بووە. شازادەیەک دەچێت تا گوێ لە "ماهاڤیدا"ی پێغەمبەری ئایینی جاپنی بگرێت، هاوسەرەکەشی لەگەڵدا دەبێت. کاتێک شازادە لەگەڵ ژنەکەیدا دەچنەوە ماڵەوە، دەیەوێ خۆی بشوات. بە پێی دابونەریتی ئەو ڕۆژگارەش دەبووایە ژنەکە ئاوی بکردایە بە سەری مێردەکەیدا تا خۆی بشوات و ئەم گفتوگۆیە لە نێوانیاندا ڕووی دا:

ژنەکە وتی: براکەم دەیەوێت ببێت بە سانیاسینی ماهاڤیدا.

شازادە دەڵێت: لە کەیەوە بیری لەوە کردووەتەوە؟

ژنەکە: نزیکەی پێنج ساڵێک دەبێت.

شازادە بە پێکەنینەوە دەڵێت: تا لە ژیاندا بێت هەر بیری لێ دەکاتەوە. ئەمەش ڕێگایەک نییە بۆ بوون بە سانیاسین.

ژنەکە ئەم قسەیەی پێ ناخۆش دەبێت، چونکە هەست دەکات تانەیە بۆ براکەی، بۆیە دەڵێت: تۆ خۆت هەست دەکەیت لەو باشتر بیت؟

شازادە کە بە ڕووتی دانیشتبوو و خۆی دەشۆرد؛ هەڵدەستێتە سەرپێ و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت بەرەو دەرەوە دەڕوات.

ژنەکە دەڵێت: ئەوە وا بە ڕووتی بۆ کوێ دەچیت؟

شازادە دەڵێت: سانیاسینەکانی ماهاڤیدا هەموو ڕووتن. منیش دەچم تا ببم بە سانیاسین.

ژنەکەی دەڵێت: گاڵتە دەکەیت؟

شازادە دەڵێت: نەخێر، من کە ویستم شتێک بکەم؛ دەیکەم. پێنج ساڵ بیری لێ ناکەمەوە.

ئیتر دەڕوات و ئاوڕ ناداتەوە و دەبێت بە سانیاسین.

ئەوانەی دەیانەوێت بژین؛ ناترسن و زۆر بیر لە سەلامەتی و بێوەیبوون ناکەنەوە، بەڵکو هەموو شتێک تاقی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی ژیان گەلێک بە نرخە و زووش دەگوزەرێت. بۆیە ناکرێت شتەکانمان دوابخەین و کارەکانی ئەمڕۆمان بخەینە سبەینێ.

# بەشی نۆیەم
# دەربارەی داهێنان

هەرگیز داهێنان بێدەربەستی نییە، بەڵکو داهێنان بایەخدانە. لەبەر ئەوەی داهێنان عیشقە. داهێنان بەرەنجامی کارلێکی عیشق و بایەخدانە. ئەگەر تۆ بێدەربەست بیت؛ وردە وردە توانای داهێنانت تیا نامێنێت. داهێنان پێویستی بە عەودالی و زیندوویەتی و وزەیە. داهێنان پێویستی بەوەیە کە سەرشار بیت، پڕ هەست و سۆز بیت، بە جۆش و خرۆش بیت. ئەگەر بێدەربەستانە سەیری گوڵێک بکەیت؛ گوڵەکە جوان نانوێنێت. بێدەربەستی هەموو شتێک دەکات بە ڕەمەکی و ئاسایی. ئەو کاتە ئەو مرۆڤە ژیانێکی ساردوسڕ دەژی و لە ناو خۆیدا قەتیس دەبێت. ئەم بەدبەختی و بەلەنگازییەش دەستەوئێخەی خۆرهەڵات بووە، لەبەر ئەوەی ئایینەکان بانگەشەی خەڵکیان بۆ ئەوە کردووە بایەخ بە ژیان نەدەن و خەڵکیش باوەڕیان وابووە کە دەبێت لە ئاست ژیاندا بێدەربەست بن.

جارێکیان سانیاسینێکی هیندۆسی هات بۆ لام و سەیرێکی باخچەکەی کرد کە پڕ بوو لە گوڵی هەمەجۆر. منیش خەریکی کارکردن بووم لە باخچەکەدا، لێی پرسیم:

تۆ حەز بە گوڵ و باخچە دەکەیت؟

نیشانەی لۆمەکردن بە سیمایەوە دەبینرا و درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: بەڵام من لەو باوەڕەدا بووم تۆ لە

ئاستی هەموو ئەم شتانەدا بێدەربەست بێت.

من بێدەربەست نیم. بێدەربەستی نەرێنییە، خۆکوژییە، هەڵاتنە لە ژیان. هەڵبەت کاتێک تۆ بێدەربەست دەبیت؛ زۆر شت هەراسانت ناکەن و پەرتەوازە نابیت، بەڵام ئەوە بزانە کە لەم حاڵەتەدا بەختەوەر و دڵ پڕ لە ژیانیش نابیت. لە خۆرهەڵاتدا زۆرینەی خەڵک وا دەزانن وەختێک مرۆڤ لە ئاست ژیاندا بێدەربەست بوو؛ ئەمە واتە ئایین، بۆیە لە ژیان ڕادەکەن و هیچ داهێنانێکیان نابێت. ئەوانە وادەزانن بەو شێوەیە لە ژیاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. بەڵام هەرگیز ئەوە سەرکەوتن نییە. سەرکەوتن هەمیشە ئەرێنییە و داهێنەرانەیە. تۆ چۆن دەتوانیت بە خودا بگەیت لە کاتێکدا بێدەربەستیت؟! خودا بێدەربەست نییە، ئەو تەنانەت بایەخ بە گژوگیاکانیش دەدات. بە بایەخەوە باڵی پەپوولەکان ڕەنگ دەکات، هێندەی بایەخدانی دروستکردنی بوودا؛ خۆشەویستیی ڕەها. بێدەربەستی خۆکوشتنێکی لەسەرخۆیە. تۆ پێویستە لە خۆشەویستییەکی قووڵدا بیت، تا ئەو ڕادەیەی دەبیتە وزەیەکی داهێنەرانە. بە تەنها ئەوکاتە تۆ لە خودا نزیک دەبیتەوە و دەست دەخەیتە ناو دەستی. بەلای منەوە داهێنان نوێژە، داهێنان تێڕامانە، داهێنان ژیانە.

لەبەر ئەوە لە ژیان مەترسە، خۆیشت لە دەربەستیدا دیل و قەتیس مەکە. بێدەربەستی پەژمووردەت دەکات و هەرچی هەستەوەریت هەیە نایهێڵێت. جەستەت تەپۆ دەبێت، زیرەکیت سست دەبێت. دەکەویتە زیندانێکی تاریکەوە و لە ڕووناکی و تیشکی خۆر دەترسیت. لە با و هەور و دەریا دەترسیت. لە هەموو شتێک دەترسیت. پەتۆی بێدەربەستی دەدەیت بە

خۆتدا و وردە وردە دەمریت..

پڕجووڵە و دینامیک بە! هەرچییەکیش دەکەیت وەها بە عیشقەوە بیکە کە ببێت بە کارێکی داهێنەرانە. من ناڵێم پێویستە هەمووتان ببن بە نیگارکێش و بە شاعیر، ئەوە ئەستەمە و پێویستیش ناکات.

لەوانەیە تۆ چێشتلێنەر بیت، دەکرێ چێشتەکەت داهێنەرانە بێت. لەوانەیە پێڵاودروو بیت، دەکرێ شێوەی دوورینی پێڵاوەکەت داهێنەرانە بێت. هەرچییەک دەکەیت بە حەز و ئەڵهاوە بیکە، ئەودەم کارەکەت داهێنەرانە دەبێت. جیاوازی لە نێوان کاری بچووک و گەورەشدا مەکە. تەنانەت سڕینی زەوی بە بایەخێکی قووڵەوە بیکە، وەک ئەوەی جەستەی خۆشەویستەکەت بێت. ئیتر لە پڕێکدا بۆت دەردەکەوێت کە لە ناو ئەو کارانەتدا تازە دەبیتەوە.

هەموو کارێکی داهێنەرانە لەدایکبوونەوەی سەرلەنوێی خودایە، هەموو کارێکی بێدەربەستانەش دەگۆڕێ بۆ خۆکوشتن. با بایەخدان ببێتە سەنتەری ژیانت، ئەوکات پێویستت نە بە چوون بۆ کڵێسا و پەرستگا و نە کڕنووشبردن دەبێت.

خۆشەویستی هەموو شتێک پیرۆز دەکات، بەڵام بێدەربەستی هەموو شتێک ناشرین دەکات.

## چۆن بزانم ئەوەی دەیکەم داهێنانە؟

*** من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە داهێنەر نیم. جگە لە سەما و نیگارکێشان؛ دەتوانیت داهێنان لە چیی تردا ببینیتەوە؟ هەروەها چۆن بزانم ئەوەی دەیکەم داهێنانە؟**

داهێنان شتێک نییە پەیوەست بێت بە بابەتێکی دیاریکراوەوە، ئیتر نیگارکێشان بێت، یا شیعر، یا سەما ، یانیش گۆرانیچڕین.

دەکرێ هەموو شتێک داهێنەرانە بێت، چونکە تۆ ئەو چلۆنایەتییە دەهێنیتە ناو ئەو چالاکییەوە. چالاکیش یان داهێنەرانە دەبێت، یان ناداهێنەرانە. تەنانەت نیگارکێشان دەشێ ناداهێنەرانە ئەنجام بدرێ، یان دەشێ بە شێوازێکی ناداهێنەرانە گۆرانی بچڕیت.

کەواتە داهێنان چلۆنایەتییەکە کە دەیخەیتە ناو چالاکییەکەوە. گۆشەنیگایەکە، یان ڕوانینێکی ناوەوەییە، یان با بڵێین جۆرێکە لە جیهانبینی.

کەواتە یەکەم شت ئەوەیە کە نابێ داهێنان سنووردار بکەین و لە شتێکی تایبەتیدا قەتیسی بکەین.

کەسێکیش کە داهێنەر بوو؛ هەرچییەک بکات مۆرکی ئەو داهێنانەی پێوە دیار دەبێت، تەنانەت بە شێوازی ڕۆیشتنیشەوە، بە دانیشتنەوە، بە بێدەنگییەوە. بوودا لە ژێر درەختێکدا دادەنیشت و هیچی نەدەکرد؛ بەڵام گەورەترین داهێنەری جیهان بوو. وەختێ لەوە گەیشتیت کە ئەوە تۆیت وەکو کەسێک داهێنەریت؛ یان داهێنەر نیت؛ ئیدی ئەم کێشەیە نامێنێت.

هەموو کەسێک نابێت بە نیگارکێش، پێویستیش بەوە ناکات. خۆ ئەگەر هەموو کەسێک نیگارکێش بێت؛ ئەوا ئەم دونیایە زۆر ناشرین دەبێت و ژیان تیایدا سەخت دەبێت. هەموو کەسێکیش نابێت بە سەماکار، دیسانەوە ئەمەش پێویست ناکات. بەڵام هەموو کەسێک دەشێ ببێت بە داهێنەر. تۆ هەرچییەک دەکەیت، ئەگەر بە خۆشنوودییەوە بیکەیت، ئەگەر بە عیشقەوە بیکەیت، ئەگەر تەنها بە مەبەستێکی ئابوورییانە نەیکەیت؛ ئەوا ئەو شتە داهێنەرانەیە. ئەگەر ئەو شتەی کردت لە ناخی خۆتدا نەشونمای کردبوو، ئەگەر گەشەی بە ناخت دا، ئەوا ئەوە شتێکی ڕۆحی و داهێنەرانەیە. چەند داهێنەریش بیت، ئەوەندە یەزدانی دەبیت. چەند ژیانت داهێنەرانە بوو، ئەوەندە لە "یەزدانی" نزیک دەبیتەوە.

عاشقی ئەو کارە بە کە دەیکەیت، هەر کارێک دەیکەیت بە تێڕامانەوە بیکە، تەنانەت گسکدانیش، ئەگەر بە عیشقەوە ئەنجامی بدەیت، دەبێتە تابلۆیەکی پەنهان. ئەوەش بزانە دوای ئەنجامدانی هەر کارێکی داهێنەرانە؛ تۆ دەگۆڕێیت. کەس باسی ئەو گسکدەرە ناکات کە بە عیشقەوە ئەو کارەی خۆی دەکات. مێژوو هیچ حسابێکی بۆ ناکات. ڕۆژنامەکان

ناو و وێنەی بڵاو ناکەنەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو چێژ لە کارەکەی خۆی ببینێت. بەهاکەی؛ بەهایەکی ناوەکییە.

تۆ نابێت بە مەبەستی ناوبانگ کار بکەیت تا ئەوکات پێت بڵێن داهێنەر، بەڵکو دەبێ پێداویستییەکی ڕۆحی لە ناوەوەی خۆتدا هانت بدات وێنە بکێشیت، یان گۆرانی بڵێیت. تۆ ئەگەر هەموو هەوڵ و تەقەلالات بۆ ئەوە بێت ببیت بە پیکاسۆ، نابیت بە پیکاسۆ. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش هی سیاسەتمەدارەکانە نەک داهێنەران. تۆ ئەوەی لە ناختدایە و لە ناوەوە هانت دەدات؛ ئەوە بکە. ئیدی ئەگەر ناوبانگ خۆی بۆ خۆی هات، ئەوا باشتر، ئەگینا نابێ ئەوە ئامانجت بێت. ناوبانگ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەو کارەی دەیکەیت بە عیشقەوە بیکەیت. تەنانەت شتە بچوکەکانیش کە دەستی عیشقیان بەرکەوت؛ دەبنە شتی گەورە.

پرسیارکەرەکە دەڵێت: "من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە داهێنەر نیم". ئەگەر تۆ وا بیر بکەیتەوە، بێگومان داهێنەر نابیت. لەبەر ئەوەی "بڕوا" بە تەنها وشەیەک نییە و بەس، بەڵکو هەم دەرگا دەکاتەوە و هەم داشی دەخات. تۆ کە بڕوایەکی هەڵەت هەبوو؛ دەرگاکانت لەسەر دادەخات. چونکە تۆ کە بڕوات وابوو داهێنەر نیت؛ ئیدی ئەو بڕوایەت دەبێتە کۆسپ لە بەردەمتدا و هەموو ئەگەرەکانی داهێنانت شکست پێ دەهێنێت، چونکە ڕێگە نادات ئەو وزەیەی هەتە بکەوێتە گەڕ. لەبەر ئەوەی تۆ بەردەوام بە خۆت دەڵێیت "من داهێنەر نیم". دەگوترێت کە ژمارەیەکی زۆر کەم نیگارکێش هەن داهێنەر بن، یاخود بە دەگمەن شاعیری داهێنەر هەیە، بەڵام هەموو مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت داهێنەرێکە بۆ خۆی.

سەرنجی منداڵان بدەن: منداڵان هەموو داهێنەرن، بەڵام ئەوە ئێمەین وردە وردە ئەو داهێنانەیان تیا دەکوژین. ئەوە ئێمەین کە وردە وردە بیروباوەڕی سەقەت و هەڵە بە سەریاندا دەسەپێنین. ئەوە ئێمەین کە سەریان لێ دەشێوێنین. ئەوە ئێمەین کە وردە وردە دەیانکەین بە بازرگان و سیاسی و کەسانی تەماحدار. ئیدی ئەودەم توانای داهێنانیان لا نامێنێت. لەبەر ئەوەی کابرایەکی تەماحدار و بازرگان ناتوانێت هەر لەبەر کارەکە خۆی و وەکو چالاکییەکی مرۆیی و دوور لە بەرژەوەندی و ئامانجی قازانجدار؛ چێژ لە کارێک ببینێت . هونەرمەند و نووسەری بە تەماح و ئەوانەی بە دوای ناوبانگ و سەروەتدا دەگەڕێن، ئەمانیش بە هەمان شێوە: ئاخۆ کەی خەڵاتی نۆبڵم بدەنێ؟ یان وەختێ ڕۆمانێک دەنووسێت؛ هەمیشە بیری لای دوای چاپبوونی ڕۆمانەکەیەتی و لە ئایندەدا دەژی نەک لە ئێستادا. لە کاتێکدا مرۆڤی داهێنەر لە هەنووکە و لە ئێستادا دەژی.

ئەوە ئێمەین کە توانای داهێنان وێران دەکەین. کەس نییە بە ناداهێنەرانە بێتە دونیاوە، بەڵام ئێمە لە سەدا نەوەدونۆی خەڵک دەکەین بە ناداهێنەر.

بەڵام نابێت هەموو بەرپرسیارێتییەکەش بخەینە ئەستۆی کۆمەڵگا. تۆش دەبێ ژیانی خۆت لە دەستی خۆتدا بێت. دەبێ خۆت لە هەلومەرجە خراپەکان ڕزگار بکەیت.

دەبێ خۆت لە هەموو ئەو پێشنیار و ئامۆژگارییە سەقەتانە پاک بکەیتەوە کە لە منداڵیدا پێت دراون. ئەوکات دەبینیت کە داهێنەریت.

بوون و داهێنان هاوەڵی یەکن، یان هاوواتای یەکن.

زەحمەتە تۆ بوونت هەبێت و داهێنەر نەبیت، بەڵام ئەمە ڕووی داوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی داهێنانیان لە ناختدا وشک و وێران کردووە. هەموو وزەی تۆش بە ئاراستەی هەندێ چالاکیدا براوە، کە کۆمەڵگا بۆ خۆی بە پێویستی دەزانێت.

کۆمەڵگا هانت دەدات هەڵپە بۆ پارە و سەروەت بکەیت، لە کاتێکدا پارە یەکێکە لە ناداهێنەرانەترین کەرەسەکان کە شایانی ئەوە بێت مرۆڤ هەڵوەدای بێت. هەروەها بەلای کۆمەڵگاوە دەسەڵات و هێز گرنگن، لە کاتێکدا دەسەڵات وێرانکەرە نەک داهێنەر. ئەو کەسەی هەڵوەدای پارە و سەروەت و سامان بێت؛ کەسێکی وێرانکەری لێ دەردەچێت. چونکە ناچار دەبێت پارە بدزێت، خەڵک ئیستیغلال بکات، بە تەنها لەم حاڵەتەدایە تۆ دەتوانیت ببیت بە خاوەن پارە و سەروەتی زۆر. هەروەها دەسەڵات و هێزیش واتە وا لە خەڵک بکەیت بێهێز و لاواز بن، واتە وێرانیان بکەیت. بە تەنها لە حاڵەتێکی وەهاشدایە کە تۆ دەتوانیت ببیت بە خاوەن هێز و دەسەڵات.

ئەوەت لە یاد نەچێت؛ ئەمانە کاری وێرانکەرانەن. کاری داهێنەرانە ئەو کارەیە کە جوانیی جیهان زیاتر دەکات، شت بە خەڵک و جیهان دەبەخشێت؛ نەک شتیان لێ بسەنێت. کەسی داهێنەر کە دێتە دونیاوە؛ شتێک بۆ جوانیی دونیا زیاد دەکات؛ گۆرانییەک لێرە، تابلۆیەک لەوێ، وا لە جیهان دەکات باشتر سەما بکەن، باشتر چێژ لە ژیان ببینن، باشتر عەشق و خۆشەویستی بکەن، باشتر تێڕابمێنن. بۆیە کاتێکیش لە دونیا دەردەچیت؛ دونیایەکی باشتر لە دوای خۆی جێدەهێڵێت.

ڕەنگە کەس ئەو داهێنەرە نەناسێت، لەوانەشە کەسانێک هەبن بیناسن، بەڵام مەسەلەکە ئەمە نییە، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو بەو وزەیەی کە لە ناخیدا هەبوو؛ جوانییەکی تری خستووەتە سەر جوانییەکانی دونیا و بەمەش دونیایەکی جوانتری دوای خۆی جێهێشتووە.

لەبەر ئەوە؛ پارە و هێز و دەسەڵات و هەیبەت، نەک هەر داهێنەرانە نین، بەڵکو وێرانکەریشن. ئاگات لەمانە بێت. کاتێکیش ئاگات لەمانە بوو، بە ئاسانی دەشێ ببیت بە داهێنەر. من ناڵێم داهێنان ئەو شتانەت پێ دەبەخشێت، نەخێر؛ ڕەنگە داهێنان دەردەسەریشت بۆ دروست بکات و ژیانیشت سەخت بکات، بەڵام ئەوەی داهێنان پێتی دەبەخشێت؛ ئەوەیە کە ناوەوەت دەوڵەمەند دەکات، سەرشار دەبیت لە خۆشنوودی و ژیان. ڕۆحت پڕ دەبێت لە درەوشانەوەی یەزدانی.

دەشێ ناوبانگت نەبێت، دەشێ سامانت نەبێت، دەشێ لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە تۆ کەسێکی سەرکەوتوو نەبیت، چونکە لای ئەوان کەسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە خاوەنی سەروەت و سامانە و بزنسی هەیە، یان دەسەڵات و پلەوپایەی هەیە، بەڵام وا تۆ سەروەت و سامانی هەموو دونیات بردەوە، بەڵام کە خۆت لە دەست دا؛ بە چی دەچێت؟ کە خاوەن هەموو دونیا بیت، بەڵام خاوەنی خۆت نەبیت؟ کەسی داهێنەر خاوەنی بوونی خۆیەتی.

ئەو کەسەی بەردەوام هەڵوەدای سەروەت و پلەوپایە و دەسەڵاتە، کەسێکی سواڵکەرە، لەبەر ئەوەی بەردەوام داوا دەکات. ئەو هیچی نییە بە جیهانی ببەخشێت، بەڵام داهێنەر جوانی و خۆشەویستی بە جیهان دەبەخشێت. من هیچ

جیاوازییەکیش لە نێوان شتە بچووکەکان و شتە گەورەکاندا ناکەم.

لە ناختەوە قۆڵ بکە بە قۆڵی کەسێکدا و زەردەخەنەکەتی لەگەڵدا بەش بکە، ئەمە چالاکییەکی داهێنەرانەیە. لە ناختەوە باوەش بە کەسێکدا بکە، لە ناختەوە و بە عیشقەوە نیگای بکە... ڕەنگە ئەو نیگا پڕ خۆشەویستییە بەس بێت بۆ ئەوەی دونیای ئەو ئینسانە بگۆڕێت. ئەمانە چالاکیی داهێنەرانەن. ئەو بڕوایە لە مێشکی خۆت دەربکە کە داهێنەر نیت. من دەزانم ئەو بڕوایەت لە چییەوە لا دروست بووە: لەوانەیە لە زانکۆدا لە زیرەکەکان نەبوو‌بیت، یان لەوانەیە تابلۆیەکت زۆر جێی سەرنج نەبووبێت، یان کاتێک فلووت دەژەنیت، ڕەنگە دراوسێکانت هەراسان بووبن، بەڵام تەنها لەبەر ئەم هۆکارانە مەگەرە ئەو بڕوایەی کە داهێنەر نیت. دەشێ لەبەر ئەوەش بووبێت کە ئەو شتانە ڕەسەن نەبوون و لاساییکردنەوە بوون. خەڵک بیرۆکەیەکی زۆر سنووردار‌یان سەبارەت بە داهێنان هەیە و وا دەزانن هەر کەسێک توانیی گیتار بژەنێت، یان فلووت لێ بدات، یان شیعر بنووسێت، ئیتر ئەوە داهێنەرە. بۆیە خەڵکانێک هەن قسەی پڕوپووچ دەنووسن و ناوی لێ دەنێن شیعر. نەخێر؛ وا نابێت. دەبێ تۆ بزانیت دەتوانیت چی بکەیت و دەتوانیت چی نەکەیت. تۆ ناتوانیت هەموو شتێک بکەیت. دەبێ بزانیت تۆ لە چیدا بەهرەمەندیت. دەبێ کێومالی ناخی خۆت بکەیت تا ئەوەت بۆت دەربکەوێت لە چ بوارێکدا بەهرەمەندیت. دەزانم ئەمە ئاسان نییە، بەڵام ئیدی ئەمە ژیانە. هەر لەم گەڕانەشدا جۆرێک لە گەشەکردنی کەسێتی هەیە، ئەگینا قەرار بووایە

خودا گیتاریکت بداتێ و بڵێ برۆ تۆ گیتار بژەنە و ئەمە ژیانی تۆ دەبێت؛ لەو حاڵەتەدا تۆ دەبێت بە گیتارژەن، بەڵام ژیانت دەبێت بە ژیانێکی میکانیکی، چونکە ژیانت پێشبینیکراو بوو. بەڵام پێشبینیکردن تەنها بۆ ئامێر دەبێت، نەک بۆ ئینسان. ئینسان پێشبینی ناکرێ، چونکە بەردەوام هەزارو یەک ئەگەر لە بەردەم ژیاندایە. گەلێ دەرگا بەڕوویدا کراوەیە و دەبێ هەڵبژێرێت. خۆ ئەگەر تۆ ژیانی خۆت خۆش بوێت؛ بێگومان دەرگای گونجاو دەدۆزیتەوە. خۆ ئەگەر ژیانی خۆت خۆش نەوێت و شتی ترت خۆش بوێت؛ ئەوکات کێشە دێتە ئاراوە. تۆ ئەگەر پارەت خۆش بوێت و بتەوێ داهێنەریش بیت؛ زەحمەتە. چونکە تەماحی پارە، ڕۆحی داهێنانت تیا دەکوژێت، یان ئەگەر تۆ عەودالی ناووناوبانگ بیت، بیر لە داهێنان مەکەرەوە، چونکە پەیداکردنی ناوبانگ و شۆرەت بۆ کەسی وێرانکەر ئاسانترە وەک لە کەسی داهێنەر. کەسێکی وەکو هیتلەر زۆر بە ئاسانی ناوبانگ پەیدا دەکات، یان کەسێکی وەکو هێنری فۆرد. بۆ کەسێک کە ڕکابەری بکات، بە تایبەت ڕکابەریی توندوتیژانە؛ ناوبانگ ئاسانتر بەدەست دێت. تۆ ئەگەر بتوانیت خەڵک بکوژیت و وێرانیان بکەیت؛ بە ئاسانی ناوبانگ پەیدا دەکەیت. تەواوی مێژوو؛ مێژووی بکوژەکانە. تۆش ئەگەر بتوانیت مرۆڤ بکوژیت، یان وێرانی بکەیت، لەوانەیە ببیت بە سەرۆک وەزیرانێک، یان سەرۆکێک، بەڵام ئەمانە هەموو دەمامکن. لە پشتی ئەم دەمامکانەوە کەسانێک هەن کە توندوتیژن. لە پشت زەردەخەنەکانیانەوە کەسانێک دەبینیتەوە کە تا ڕاددەیەکی ترسناک توندوتیژن. ئەو زەردەخەنانەش زەردەخەنەی سیاسی و دیپلۆماتین. کە

دەمامکـەکان لاچـوون، ئـەوکات جەنگیزخـان و تەیمورلەنـگ و نادرشـا و ناپۆلیـۆن و ئەسـکەندەر و هیتلـەر دەبینیـن.

مـن نالێـم ناوبانگ بـۆ لای کەسـی داهێنـەر نایـەت، بـەڵام بـە دەگمـەن دێت و کاتیشـی زۆر دەوێت. لە زۆربەی جارەکانیشـدا؛ ناوبانـگ کاتێـک دێـت کـە کەسـە داهێنەرەکـە چیـدی لـە ژیانـدا نەمـاوە. هەمیشـە ڕووداوێکـە دوای مەرگـی داهێنەرەکـە دێـت. هەمیشـە درەنـگ دێـت.

مەسـیح لـە ژیانیـدا بەناوبانـگ نەبـووە. ئەگـەر ئینجیلیـش نەبووایـە لەوانەبـوو کـەس هیچـی لەبـارەوە نەزانیایـە. ئـەوەش کـە ماوەتـەوە؛ حەوارییـەکان، واتـە چـوار یاوەرەکـەی نووسـیویانەتەوە. ئەگینا کـەس باسـی نەدەکرد. ئـەو بەناوبانگ نەبـوو، سـەرکەوتوو نەبـوو، کـێ لـەو شکسـتخواردووتر بـوو؟ بـەڵام وردە وردە خەڵـک ئەویـان ناسـی و پێزانینیـان بـۆی هەبـوو، ئەمـەش کاتێکـی زۆری خایانـد.

مرۆڤ تـا گەورەتـر دەبێـت، کاتـی زیاتـری دەوێـت تـا خەڵـک پێزانینـی بـۆ هەبێـت و ددان بـە داهێنانەکانیـدا بنێـن. لەبـەر ئەوەی وەختـێ کەسـێکی داهێنـەر و گـەورە لـە دایـک دەبێـت، پێوەرێـک نییـە تـا ئـەو داهێنـان و گەورەییـەی پـێ بپێـون. ئـەو دەبـێ بەهاکانـی خـۆی بخولقێنێـت. بـە تێپەڕینـی زەمانیـش، کاتێـک ئـەو بەهاکانـی خـۆی دەخولقێنێـت؛ ئیتـر چیـدی لـە ژیانـدا نەمـاوە و مـردووە. جـاری وا هەیـە سـاڵانێکی گەلـێ زۆری دەوێـت تـا دوای مردنیشـی پـەی بـە گەورەیـی ئـەو کەسـە دەبـەن، بـەڵام لەوانەیـە ئەمـەش ڕوو نـەدات. گەلـێ داهێنـەر هـەن، کـە دەشـێ تـا ئێسـتاش نەناسـرابنەوە و ناویـان لـە نـاو ناوانـدا نەبێـت. کەچـی ناوبانگـی کەسـی بکـوژ و وێرانکـەر مسـۆگەرە.

لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ لەناو دونیای داهێناندا و بە ناوی داهێنانەوە بە دوای شتێکی تری غەیرە داهێناندا دەگەڕێیت، ئەوا ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی خۆت دەربکە کە ببیت بە داهێنەر. هەوڵ بدە خۆت لە پشت دەمامکەوە نەشاریتەوە. ئەگەر قەرارە داهێنەر بیت؛ ئەوا دەبێت مەسەلەی پارە و سەرکەوتن و پلەوپایە و ئەو جۆرە شتانە لە گۆڕێ نەبێت. دەبێ چێژ لە چالاکییەکەت، واتە داهێنانەکەت ببینیت. خۆ ئەگەر کەسانێکیش هەبوون قەدریان لە داهێنانەکەت گرت، ئەوا باشتر و تۆ بەختەوەریت. ئەگەر ئەوەش نەبوو، نابێ ئەوە ببێتە مایەی خەم و نیگەرانیت.

هەر بۆیە بیرۆکەی ئەوەی داهێنەر نیت، بیرۆکەیەکی خەتەرناکە. لە خۆتی دووربخەرەوە. کەس نییە داهێنەر نەبێت. تەنانەت درەخت و تاشەبەردەکانیش داهێنەرن. ئەوانەی کە بەرد و درەخت دەناسن؛ ئەمە دەزانن. هەر درەختە و بە شێوازی خۆی داهێنەرە و هیچ درەختێکیش نییە لە درەختێکی تر بچێت، هەروەها بەردەکانیش.

دەڵێن مامۆستایەکی (زن) کە دارتاشێکی بەناوبانگ بوو و ئەو کورسی و مێز و ئیشی دارانەی کە دەیکردن تا بڵێیت جوان و سەرنجڕاکێش بوون، ڕۆژێکیان کەسێک لێی پرسی: تۆ ئەم شتە جوانانە چۆن دروست دەکەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: من ئەوانە دروست ناکەم. دەچمە دارستانەکە، لەوێ دەگەڕێم و چاو دەگێڕم تا بزانم چ درەختێک حەز دەکات ببێت بە کورسی. جاری وا هەیە چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت تا درەختێکی وەها دەدۆزمەوە. وەختێ دەشیدۆزمەوە، جگە لەو پرسیارە؛ پرسیاری ئەوەشی لێ دەکەم کە ئاخۆ

یارمەتیم دەدات تا بیکەم بە کورسی. کەی هەستم کرد ئەو ئامادەگییەی تێدایە، هەنگینێ دەست بە کارەکەم دەکەم. چونکە هەموو شتێکی ئەم سەرزەمینە تایبەتمەندیی خۆی هەیە... تەنانەت درەختەکانیش. بۆیە منیش نامەوێ زۆر لە کەس و تەنانەت درەختەکانیش بکەم و شتی خۆمی بەسەردا بسەپێنم. خۆی حەزی لە چی بوو؛ منیش هەوڵ دەدەم یارمەتیی بدەم ئەو حەزەی بێتە دی. لەبەر ئەوەی ئەوە عیشقە منی بەوانەوە و بە هەموو شتەکانی تری چواردەورم و دونیاوە دەبەستێتەوە. هەر عیشقیشە بە ئاراستەی ڕاستیدا ڕێنماییم دەکات.

هەموو مرۆڤێک کە دێتە ئەم دونیایەوە، دێت تا شتێک ئەنجام بدات و شتێک بهێنێتە دی. کەواتە هەوڵ بدە ئەو شتە لە خۆتدا بدۆزیتەوە و بە عیشقەوە ئەنجامی بدەیت. ئەوکات هەم خۆت هەست بە خۆشنوودی دەکەیت و هەم خۆشنوودیش بە خەڵک دەبەخشیت.

## ئایا دەشێ تابلۆیەک دروست بکەین
## کە تەواو مایەی ڕەزامەندی بێت؟

لە کاتی نیگارکێشاندا، هەموو چرکەساتەکان دەشێ مایەی ڕەزامەندی بن، بەڵام وەختێ تابلۆکە تەواو دەبێت لەوانەیە تەواو مایەی ڕەزامەندی نەبێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو تابلۆیە تەواو مایەی ڕەزامەندیی هونەرمەندەکە بێت؛ ئەوا ئیتر دوای تەواوکردنی ئەو تابلۆیە؛ دەبێ ئەو هونەرمەندە خۆی بکوژێت و چیتر پێویستی بەوە نابێت بژی.

هەر بۆیە من دەڵێم ژیان بریتییە لە شەوق، لە تامەزرۆیی... تامەزرۆیی بۆ گەیشتن بە دوند و ترۆپکەکان، تامەزرۆیی بۆ گەیشتن بە قووڵاییەکانی بوون. بەڵام لە کاتی داهێناندا؛ هەموو چرکەساتەکان تەواو مایەی ڕەزامەندین؛ هەموو فڵچەوەشاندنێک، هەموو ڕەنگڕشتنێک لەسەر کانڤاسەکە. تۆ ئەگەر داهێنەر بیت؛ هەموو چرکەساتێکی کارکردنت لە کارە هونەرییەکەتدا؛ چرکەساتی عیشق و ئەڵها دەبن و لە ناو کارەکەتدا ون دەبیت.

بەڵام ئەگەر وەکو پیشەگەرێک ئەو کارە بکەیت؛ ئەوە جیایە. کەسی پیشەگەر لە کاتی تابلۆکیشاندا لە ناو کارە

هونەرییەکەیدا ون نابێت، ئەو لە تابلۆکەی جیادەبێتەوە. ئەو بە تەنها ئەو تەکنیکەی کە دەیزانێت لە کارەکەیدا بەکاری دەبات. هیچی لە دڵدا نییە بۆ هونەرەکەی. نە ڕوانین، نە ستران، نە شیعر. ئەو بە تەنها تەکنیککارێکە نەک هونەرمەندێکی داهێنەر. ئەو لە کاتی کارکردنی هونەریدا هیچ تێڕامانێکی نییە، هیچ عیشقێکی لا نییە. ئەو بە تەنها تەکنیکەکە دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و هیچی تر. بەڵام داهێنەر کاتێک کار دەکات؛ ناتوانێت لە کارە هونەرییەکەی جیابێتەوە. ئەو لە ناو قووڵایی کارەکەیدا ون دەبێت و خۆی لە بیر دەچێتەوە. هەر بۆیە داهێنەرانی ڕاستەقینە وەختێ سەرگەرمی کاری داهێنەرانەی خۆیانن، بیریان دەچێتەوە کە برسی یان تینوو دەبن، یان کە پێویستیان بە خەوە، یان جاری وایە هەژدە سەعات کار دەکەن بەبێ ئەوەی هەست بە ماندوویێتی بکەن. هەموو چرکەساتێکی کارەکەیان مایەی ڕەزامەندییە بۆیان. لێ وەختێ تابلۆکەیان تەواو دەبێت، غەمگینییەکی گەورە ڕوویان تێ دەکات. بە پێچەوانەی کابرای پیشەگەرەوە، واتە تەکنیککارەوە، ئەو کاتێک کارەکەی تەواو دەکات؛ هەست بە خۆشحاڵی دەکات، چونکە هەست دەکات زۆر ماندوو بووە و دواجار بە ئەنجامە دڵخۆشکەرەکەی خۆی گەیشتووە. ئەو چاوەڕێ بوو تەواو بێت و ئەنجامەکەی بێتە دەست و بحەسێتەوە. ئەمەش تەواو بە پێچەوانەی داهێنەرەوەیە. ئەو وەختێ خەریکی کێشانی تابلۆکەیە دڵخۆشە، بەڵام هەر ئەوەندە تابلۆکە تەواو دەبێت؛ غەمگینی دایدەگرێت. تەواو بوو؟ ئەو ترۆپکە، ئەو لوتکەیە، ئەو ئەزموونە پڕ نەشئەیە؟ ئەو موغامەرەیە بەرەو پیوار(مەجهول)؟ ڕێک وەک

ئەو غەمگینییەی کە پاش ئۆرگازمێکی قووڵ ڕۆحی دوو عاشق دادەگرێت، غەمگینییەکی پەنهان و ناڕوون، کە خۆی لە خۆیدا جوانە و بەهای زۆر گەورەترە لەو خۆشحاڵییەی کە تەکنیککارێک دادەگرێت پاش تەواوبوونی کارەکەی. لەبەر ئەوەی لە پشت غەمگینیی داهێنەرەکەوە، عەودالی و ئەڵهایەکی تر هەیە، وەکو ئەو ژنەی کە هەر ئەوەندەی یەکەم نۆبەرەی بوو، ئیدی بیر لە منالی دووەم دەکاتەوە... ئەویش وەکو ئەو ژنە پڕ دەبێتەوە لە هەزارو یەک ڕەنگ، لە گەڕانی تر و لە چەندەها تابلۆی تر.

دەڵێن "گیبۆن"ی گەورە مێژوونووس، ئەو کتێبەی خۆی، کە دەربارەی مێژووی جیهانە؛ بە سی و سێ ساڵ تەواو کرد. لەو سی و سێ ساڵەدا بەردەوام شاد و سەرشار بووە لە ژیان و هەستی بە لاوێتی کردووە. بەڵام کە تەواو دەبێت؛ غەمگینی و نائومێدی شالاوی بۆ دەهێنن و هەر بۆیە دەست دەکات بە گریان. هاوسەرەکەی دێتە لای و کە ئەو دیمەنە دەبینێت سەری سووڕدەمێنێت و دەڵێت: تۆ دەگریت؟ چۆن شتی وا دەبێت؟ دەبێ تۆ سەما بکەیت، چونکە کتێبەکەت تەواو بووە. گیبۆن دەڵێت: کارەکە تەواو بووە، بەڵام بۆ من هیچ نەماوەتەوە. من ژیانم تەواو بوو.

ئیتر دوای ئەوە بە حەوت ساڵ کۆچی دوایی دەکات.

هەروەها نیگارکێشی گەورەی هۆڵەندا "ڤان گوغ"، وەختێ زانیی ئیتر ناتوانێت داهێنانی گەورەتر بکات کە لە تابلۆکانیدا کردوونی، خۆی کوشت. ئەمە ڕێی تێدەچێت. کاتێک هونەرمەند هەست دەکات ناتوانێ چیتر لە داهێناندا بەردەوام بێت؛ کەواتە ئیتر چی لە ژیانی خۆی بکات؟

داهێنەر بۆ ئەوە دەژی کە داهێنان بکات. گۆرانیبێژ بۆ ئەوە دەژی کە گۆرانی بچڕێت. سەماکار بۆ ئەوەی سەما بکات، عاشق بۆ ئەوەی عیشق، درەخت بۆ ئەوەی گوڵ بکات. ئەگینا بوونیان بێمانا دەبێت.

بۆیە لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەڵێم بەڵێ و نەخێر. بەڵێ کاتێک خەریکی داهێنانیت لە تابلۆکەتدا؛ کارەکەت تەواو مایەی ڕەزامەندی دەبێت. هەروەها نەخێر، وەختێ لە کارەکەت تەواو دەبیت؛ هەست بە غەمگینییەکی زۆر دەکەیت، بەڵام تەنانەت ئەو غەمگینییەش؛ غەمگینییەکی داهێنەرانەیە، لەبەر ئەوەی لە بەرەنجامی ئەو غەمگینییەوە تۆ سەرلەنوێ دەتەوێ بەرەو دوندەکانی داهێنان لە شەققەی باڵ بدەیتەوە. لەم ژیانەشدا هیچ شتێک نییە بە تەواوی کامڵ بێت.

ناکامڵبوونیش جوانیی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لە ناکامڵبووندا ژیان هەیە و بەردەوامە. چونکە شتێک گەر تەواو کامڵ بێت، واتە چیتر پێویستی بە ژیان و بەرەوامی نییە، واتە مردووە.

ژیان بەتەنها کاتێک دەبێت کە ناکامڵبوون لە ئارادا بێت، کە شتێک هەبێت پێویستی بەوە بێت بەرەو کامڵبوون بچێت. ژیان تەقەللایە بۆ کامڵکردنی شتە ناکامڵەکان. ژیان هەوڵدانە بۆ جوانکردنی ناشرینییەکان. ناکامڵبوون پێویستە بۆ ئەوەی ژیان هەبێت، بۆ ئەوەی گەشەکردن هەبێت.

ڕابندرانات تاگوور کە شاعیرێک و عاریفێکی مەزنی هیندستان بوو، دوانوێژی بۆ خوا ئەمە بوو:

"خودایە، من بگەڕێنەرەوە بۆ ژیان، من هێشتا ناکامڵم. بمگەڕێنەرەوە، دونیاکەی تۆ دونیایەکی زۆر جوان بوو،

هەروەها ئەو ژیانەش کە پێت بەخشیم، ژیانێکی بەهادار بوو. نامەوێ بڕۆم و نەیەمەوە: هێشتا زۆر گۆرانی ماون کە نەموتوون، هێشتا زۆر تابلۆ ماون کە نەمکێشاون، هێشتا زۆر شت لە دڵمدا هەن کە پێویستیان بەوە هەیە شکۆفە بکەن. بمگەڕێنەرەوە بۆ ژیان. من هێشتا کامڵ نەبووم، بمگەڕێنەرەوە."

ئەمە دوانوێژی تاگوور بوو. بەدەم ئەم نوێژەوە گیانی سپارد. ئەمە یەکێکە لە جوانترین نوێژەکان و جوانترین شێوازەکانی مردن.

ژیان بەردەوام لە گەشەسەندندایە. هیچ شتێک کامڵ نییە. هەر کاتێکیش شتێک کامڵ بوو؛ نامێنێت، فەنادەبێت. "نیرڤانا" ئەم وشە بوودایییە بە مانای فەنابوون دێت. ئەگەر مانا حەرفییەکەی بخەینە ڕوو؛ نیرڤانا واتە "کووژاندنەوەی مۆمەکە". ڕێک وەک ئەوەی کە تۆ فوو لە مۆمێک دەکەیت و لە پڕێکدا ڕووناکیی مۆمەکە نامێنێت. ئەوە نیرڤانایە. هەموو بوودایییەکان دەڵێن هەر کەسێک کامڵ بێت دەچێتە دۆخی نیرڤاناوە، دەچێتە فەنابوونەوە.

هەڵوەدای تابلۆیەکی کامڵ مەبە، ئەگینا بە کامڵبوونی تابلۆکە؛ هونەرمەندەکە دەمرێت و تۆش هێشتا زۆر گۆرانیت پێ ماوە بۆ چڕین.

نە تابلۆ دەگاتە پلەی بەرکەماڵی و نە گۆرانی و نە سەما، ئەمەش لەبەر گەلێ هۆ، لەوانە: وەختێ خەیاڵی ئەو کارە لە قووڵایی ناختدا وێنا دەکەیت، شتێکی تەواو جیاوازە. بەڵام کاتێک دەست بە کێشانی دەکەیت، واتە تۆ لە شتێکی پەنهان و ناڕوونەوە وەریدەگێڕیتە سەر شتێکی بەرجەستە و دیار.

لـەم پرۆسـەی گۆڕیـن و گواستنەوەیەشـدا، زۆر شـت لەنـاو دەچـن و ون دەبـن.

لێرەوە هیچ نیگارکێشێک نییە کاتێک لە کێشانی تابلۆکەی تـەواو دەبێت، هەسـت بـە ڕەزامەنـدی و قایلبوونـی تەواوەتـی بکات. چونکـە ئـەوەی کێشـاویەتی هەمـان ئـەوە نییـە کـە ویسـتوویەتی بیکێشـێت، بەشـێکە لـەوەی ویسـتوویەتی؛ دەنـا کورتـی هێنـاوە. بـا بچینـەوە لای تاگـوور. ئـەو شـەش هـەزار شـیعری نووسیوە و ڕەنگە گەورەترین شـاعیر بێت دونیا بە خۆیەوە بینیبێتی. هەر شیعرێکیش لەو شیعرانەی پارچەیەکە لە جوانی، بەڵام کاتێک لە سەرەمەرگدا بوو؛ دەسـتی کرد بە گریـان، بـە خـودای دەوت "هێشـتا ئـەو شـیعرەم نەنووسـیوە، کـە دەمەوێـت بینووسـم". هاوڕێیەکـی نزیکـی لای پێخەفـی مەرگەکەیـەوە بـوو، پێـی وت: "ئـەوە تـۆ دەڵێیـت چـی؟ شـێت بوویـت؟ تـۆ شـەش هـەزار شـیعرت نووسـیوە. لـە ئەوروپـادا شـێللی کـە بـە یەکێـک لـە گەورەتریـن شـاعیرەکانی جیهـان ناسـراوە، بە هەمووی دوو هـەزار شـیعری نووسـیوە. تۆ سێ ئەوەنـدەی ئـەوت نووسـیوە. تـۆ پێویسـتە بەختـەوەر و قایـل بیـت".

تاگوور چاوە بە فرمێسک تەڕبووەکانی کردەوە و وتی:

"نـا... قایل نیم. ڕاستە من شـەش هـەزار شیعرم نووسـیوە. بـەڵام تـۆ چیرۆکـە ڕاسـتەقینەکە نازانیت، ئەویش ئەوەیـە کـە من دەمویست تاقە شیعرێک بچڕم، وەلێ لەبەر ئـەوەی ئەوە ئەستەم بوو، جارێکی تر هەوڵم دایەوە، دیسان هەستم کرد نەمتوانیـوە، بۆیـە سـەر لـە نـوێ هەوڵـم دایـەوە. مـن شـەش هـەزار جار شکستم هێنا لـەوەی ئەو تاقە شـیعرە بنووسـم و

لە هیچیشیان قایل و ڕەزامەند نیم. ئەوەی کە بە درێژایی ژیانیشم دەمویست بینووسم، تا ئێستا نەمتوانیوە بینووسم".
لە ڕاستیشدا کەس ناتوانێت بینووسێت.

بوودا دەچووە هەر شارێک، بە خەڵکەکەی ڕادەگەیاند "تکایە ئەم یانزدە پرسیارەم لێ مەکەن" هەرچی پرسیارە گرنگەکانیش بوو لەو یانزدە پرسیارەدا بوون "خودا، ڕۆح، مردن، ژیان، حەقیقەت و هەموو شتە گرنگەکان".
"بۆچی؟"

"چونکە وەڵام نادرێنەوە. نەک لەبەر ئەوەی کە ناتوانم وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام بە وشە گوزارشتیان لێ ناکرێ".
لە کۆندا دیوارێکی سیحراوی لە قەراغی دێیەکدا هەبوو کە هەرکەسێک پیایدا هەڵدەگژا تا سەیری ئەودیوی دیوارەکە بکات، لەبری ئەوەی دابەزێتەوە خوارەوە و بگەڕێتەوە بۆ ناو دێکەی خۆیان؛ زەردەخەنەیەک دەهاتە سە لێوی و بازی دەدایە ئەودیو و هەرگیز نەدەگەڕایەوە. دانیشتووانی دێکە ئەمە بووە مایەی سەرسووڕمان و لاپرەسەنییان و وتیان ئاخۆ لەودیوی ئەم دیوارەوە چی هەبێت وا ئەمانە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، لە کاتێکدا دێکەی خۆیان هەموو پێداویستییەکی ژیانی تێدایە؟!

بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە ئەمجارە ئەگەر یەکێک بە دیوارەکەدا هەڵگژا؛ بە پەتێک قاچی ببەستنەوە تا نەتوانێت باز بداتە ئەودیو دیوارەکە و پێیان بڵێت کە چی دەبینێت. بۆیە کاتێک یەکێک بە دیوارەکەدا سەرکەوت و کە سەیری ئەودیوی کرد و زەردەی هاتێ؛ هەموو ئەوانەی خوارەوە توند پەتەکەیان گرت تا باز نەدات و داوایان لێ کرد چی

دەبینێت پێیان بڵێت، بەڵام بۆ بەدبەختییان کابرا توانای قسەکردنی نەمابوو و نەیدەتوانی هیچ بڵێت.

ئەوانەی کە دەبینن ناتوانن بە قسە دەریببڕن. ئەوەی دەبینرێ، نیگاری ناکێشرێ، بۆ وشە کورت ناکرێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ هەموو کەسێک هەوڵ و تەقەللای خۆی بدات. جیهان بەردەوام لە ڕێی ئەم هەوڵ و تەقەللایانەوە تا بێت جوان و جوانتر دەبێت. جیهان بەو شەش هەزار شیعرەوە جوانتر بوو کە تاگوور نووسیونی، گەرچی هەر وەکو خۆی وتوویەتی هێشتا نەیتوانیوە ئەو شیعرەی کە ویستوویەتی بینووسێت و تەواوی بکات. ئەو شەش هەزار شکستەی تاگوور لە نووسینی ئەوەدا کە ویستوویەتی بینووسێت و نەیتوانیوە، جیهانی زۆر جوانتر کردووە و هەمان جیهانی پێشووتر نییە. ئەم شەش هەزار شیعرە بۆ هەمیشە لە گوێماندا دەزرنگێنەوە.

کەواتە لە نیگارکێشاندا بەردەوام بە، لە داهێناندا بەردەوام بە، دیسانەوە پێت دەڵێم و دەڵێمەوە کە هەرگیز ڕەزامەند و قایل نابیت، بەڵام با هەموو چرکەساتێکت لە کاتی داهێناندا قایلبوونێکی گەورە بێت. بەڵام وەختێ ئەو کارەت تەواو بوو، مەوەستە و بەردەوام بە. چونکە بوارێکی کراوە و بێسنوورت لە بەردەمدایە. تۆ خۆت دەرک بەوە ناکەیت کە دەیکەیت، هەرگیزیش دەرکی پێ ناکەیت تا کارەکە تەواو دەکەیت.

هەر لێرەشەوەیە کە داهێنەرە مەزنەکان دوای داهێنانەکان هەست دەکەن داهێنانەکانیان لاوازە. لەبەر ئەوەی دواتر دەرک بەوە دەکەن و زیاتر دەرکی پێ دەکەن. کەسی ئاسایی دەرک بەو شتانەی خۆی ناکات کە دەیانکات. تا کار نەکەیت

نازانیت چیت کردووە. کاتێکیش کارەکەت تەواو دەکەیت، دەزانیت کە ئەوەی دەتویست بیکەیت و ئەوەی لە ناختدا زۆر ڕوون بوو، کە ناخت جێ دەهێڵێت دەبێتە شتێکی سست و بێڕۆح و ئاسایی.

تۆش هەوڵ دەدەیت. هەر هەوڵێکیش لەوەی پێشوو باشتر دەبێت و کامڵتر دەبێت، بەڵام هەرگیز بە تەواوی کامڵ نابێت.

# بەشی دەیەم
# دەربارەی پێکەنین و شادی

لە تەواوی بووندا تەنها مرۆڤە دەتوانێت پێبکەنێت. پێکەنین بەشێکە لە ئاگامەندییەکی باڵا کە لەلایەن ئادەمیزادەوە بەدی دێت.

خۆر هەڵدێت، بەڵام بەبێ پێکەنین. باڵندەکان دەخوێنن، بەڵام قاقا لێنادەن. قەشە و قدیسەکانیش پێناکەنن و لە کڵێساشدا پێکەنین قەدەغەیە. ئەمەش بە پێشکەوتنی ئاگامەندی ناژمێردرێ، بگرە بە پاشکەوتنی دەژمێردرێ.

ئەمجۆرە جیددیەتە دەرد و نەخۆشییە و بە تەنها ئەو ئەقڵە نەخۆشانەش بەو جۆرە جیددین.

منالان، لاوان، سەما دەکەن، گۆرانی دەچڕن و پێدەکەنن. بەڵام ئەقڵی نەخۆش دەبێتە هۆی ئەوەی شەپۆلەکانی ناخ نەکەونە کەفچڕین، کە شەپۆلەکانیش بەو کەفچڕینەوە جوانن. ئەو کەفە سپییەش جوانی و ژیان و سەما بە شەپۆلەکان دەبەخشێت.

من دژی هەموو ئەو ئایینانەم کە وات لێ دەکەن بەو شێوەیە جیددی بیت و زۆربەشیان وا لە مرۆڤ دەکەن و توانای پێکەنین لای ئادەمیزاد دەکوژن و پێکەنین بە شتێکی بازاڕی و سووک سەیر دەکەن. بەڵام من دەڵێم: پێکەنین پیرۆزترین دیاردەیە لەسەر زەوی، لەبەر ئەوەی بەرزترین

لوتکەی ئاگامەندییە.

ئەم حاڵەتە بە تەنها پیاوانی ئایینیش ناگرێتەوە، بەڵکو خەڵکانی تریش هەن کە بەو شێوەیە دەڕواننە پێکەنین و بە بەرز سەیری جیدیەت دەکەن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا ڕێز لەو جۆرە جیدیەتە دەگرێت.

تۆ کاتێک سەیری مەسیح دەکەیت بە خاچەکەیەوە و بەو ڕوخسارەیەوە کە لە ئینگلیز دەچێت، هەرگیز پێناکەنێت. هەروەها ئەو خاچە جیدییەی، نەک هەر خۆی بەسەر شانییەوە هەڵیدەگرێت، بەڵکو بە یارانیشی دەڵێت کە هەموو کەسێک دەبێ خاچی خۆی لەسەر شانی هەڵبگرێت. باشە ئاخر بۆچی هەموو کەسێک دەبێ خاچی خۆی لە سەرشان هەڵبگرێت؟ ئەی بۆ لەبری ئەو خاچە گیتارێک هەڵنەگرێت؟ یارانی من گیتار لەسەر شانی خۆیان هەڵدەگرن. بۆ هەزاران ساڵ جیدییەت بەرز ڕاگیراوە کە لە هەندێ وڵاتدا خەڵکی پێکەنینیان هەر لە بیر چووبووەوە. دەڵێن کاتێک نوکتەیەک بۆ ئینگلیزێک دەکەیت؛ دوو جار پێدەکەنێت: جاری یەکەم بۆ ئەوەی کەس نەزانێت کە لە نوکتەکە نەگەیشتووە. جاری دووەمیش لە نیوەشەودا؛ وەختێ لە نوکتەکە تێدەگات. ئەگەر هەمان نوکتە بۆ ئەڵمانییەک بکەیت، بە تەنها جارێک پێدەکەنێت. ئەویش لە ڕووی ئەتەکێتەوە. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک پێدەکەنێت، ئەمیش دەبێ هەوڵ بدات پێبکەنێت. ئەگەر هەمان نوکتە بۆ جوولەکەیەکیش بکەیت؛ پێت دەڵێت: بوەستە؛ کاتی خۆت بە فیڕۆ مەدە، ئەو نوکتەیە کۆنە. جگە لەوە بە سەقەتی نوکتەکە دەگێڕێتەوە. هەر کەسە و بە شێوەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ نوکتەدا دەکات و بە گوێرەی پەروەردە

و ژینگەی خۆی. من هەوڵم داوە نوکتەیەکی هیندی بدۆزمەوە، بەڵام نەمدۆزیوەتەوە. هەموو نوکتەکان لە هیندستان هاوردە کراون. بەوەی باشە باج لەسەر هاوردەکردنی نوکتە نییە، ئەگینا هیندستان هیچ نوکتەیەکی تیا نەدەبوو.

هیندستانییەکان سەبارەت بە هەندێ شت زۆر جیددین، سەبارەت بە خودا، سەبارەت بە موتڵەق. تۆ نابێ بڕوات وا بێت کە بوودا یان شانکاراچاریا یان ماهاڤاریا پێکەنیون، ئەوە ئەستەمە. من هەمیشە سەرم لەمە سووڕماوە. تەنانەت بۆ پەیکەری بوودا بەردی مەڕمەڕیان هەڵبژاردووە: چونکە مەڕمەڕ ساردە، بووداش ساردە. پێکەنین گەرمی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام جیدییەت وردە وردە دەگۆڕێت بۆ ساردی... ساردییەکی نامرۆیی. بۆ دەربڕینی ئەمەش مەڕمەڕی سپی شتێکی زۆر گونجاوە، بە تایبەتیش دەربڕینی دەموچاوی کە هەرگیز کەس فرمێسکێکی بە چاوییەوە نەبینیوە، یان زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی و تەنانەت لە ژیانیشیدا پەیکەرێکی مەڕمەڕ بووە.

هیندستان بۆ چەندەها سەدە جیددی بووە، ئەمەش یەکێک بووە لە هۆیەکانی دارمانی.

بێدەنگی شتێکی جوانە، بەڵام بێدەنگی بە مانای ئەو جیددییەتە نایەت. دەشێ بێدەنگی پڕ بێت لە زەردەخەنە. پێکەنین گەنجینەیەکی گەورەیە لە ناخی مرۆڤدا؛ بەڵام گەلێ کەس لە ئاستیدا چاو دەنووقێنن، تەنها لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا داوای جیددییەتیان لێ دەکات و دابونەریتی باو وا سەیری پێکەنین دەکات کە دەبێتە مایەی لەدەستدانی ڕێز و سەنگینیی مرۆڤ. لەکاتێکدا ئەمە تەواو پێچەوانەی ڕاستییە.

چیرۆکێکی کۆن هەیە دەڵێت: کاتێک خودا جیهانی دروست کرد، ویستی خۆیشی تیا بمێنێتەوە، بەڵام وردە وردە ژیانی بۆ ئەشکەنجەیەکی تەواو گۆڕا. لەبەر ئەوەی بەردەوام خەڵک دەهاتن بۆ لای و گلەییان لێ دەکرد: ژنی فلانەکەس نەخۆشە، منالی فلانەکەس مرد، فلانەکەس کاری دەست ناکەوێت. هەموو جۆرە گلەییەک. تەنانەت گوێیان بەوەش نەدەدا کاتەکە شەوە یان ڕۆژە. ناچار خودا ڕاوێژی بە ڕاوێژکارەکانی کرد، ئەوانیش وتیان: یەکەم شت ئەوەیە کە تۆ هەڵەت کرد جیهانت دروست کرد. دووەم هەڵەش ئەوەیە کە تۆ بڕیارت دا لە ناو جیهاندا بژیت. لەبەر ئەوە بڕۆ و هەڵێ بۆ لوتکەی ئێڤرست؛ ئەگینا دەتکوژن.

خوداش وتی: ئێوە ئایندە نابینن. من ڕابردوو و ئێستا و ئایندەش دەبینم: بەو زووانە ئەدمۆند هیلاری دەگاتە ئێڤرست و هەمان ئەم کێشانە دووبارە دەبنەوە، چونکە خەڵک لەگەڵیدا دێن بۆ ئەوێ و سەرلەنوێ دەکەونە گلەیی و گازندە لەدەست ژیان.

یەکێکیان وتی: کەواتە وا چاکترە بچیت بۆ مانگ.

خوداش وتی: ئێوە تێناگەن. شوێن نییە مرۆڤ نەتوانێ پێی بگات. ئەوان دەگەنە سەر مانگیش.

لەم کاتەدا ڕاوێژکارێکی بەتەمەن وتی: من شوێنێک دەزانم کە هەرگیز مرۆڤ نایگاتێ؛ ئەو شوێنەش ناخی مرۆڤ خۆیەتی. چونکە مرۆڤ هەمیشە سەیری دەرەوە دەکات و لە دەرەوەی خۆیدا بەدوای شتەکاندا دەگەڕێت و سەیری ناوەوەی خۆی ناکات.

خوداش وتی: ئەمەیان شتێکی بەجێیە.

ئیدی لەو کاتەوە خودا چوو و لە ناخی مرۆڤدا نیشتەجێ بوو. وا من نهێنییەکەم بۆ ئێوە درکاند. ئەگەر ویستت خودا ببینیت؛ بچۆرە ناوەوەی خۆتەوە، بەڵام سکاڵا و گلەیی مەکە. چونکە ئەوانەی بەو دەگەن؛ لە ڕێی بێدەنگی و وریایی و ئاگامەندییەوە پێی دەگەن.

***

هیچ مرۆڤێک ئاسایی (یان ڕەمەکی) نییە. کێ دەڵێت تۆ ڕەمەکیت؟ هەموو مرۆڤێک بوونەوەرێکی تایبەتمەند و نائاساییە، دەبێ واش بێت؛ چونکە خودا کەسی ڕەمەکی ناخولقێنێت. بەڵام وریابە ئەمە نەبێتە مایەی زلکردنەوەی "من"ت.

بەڵام ئایینەکان بەردەوام هەوڵیان داوە وات لێ بکەن، هەست بکەیت بەوەی کە تۆ ڕەمەکیت. ئەمەش فێڵێک بووە بۆ فریودانی "من"ت. هەوڵ بدە لەمە تێبگەیت: کاتێک یەکێک پێت دەڵێت کە تۆ ڕەمەکیت؛ ئارەزووی ئەوەت تیا دروست دەکات کە ببیتە کەسێکی ناڕەمەکی.

ڕۆژێکیان یەکێک هاتە لام و لێی پرسیم: ئامانج لە ژیان چییە؟ من ئەگەر ئامانجێکی تایبەتیم نەبێت، چۆن دەتوانم بژیم؟ گەر ئامانجێکی تایبەت هەبێت، ئەوا ژیان مانادار دەبێت، بەڵام گەر ئەو ئامانجە نەبێت، ژیان بێمانا دەبێت. خودا بۆ منی دروست کردووە؟ من بۆ هاتوومەتە ئەم دونیایەوە؟ ئەمانە پرسیاری "من"ن.

ژیان خۆی بۆ خۆی شتێکی تایبەتمەندە و هیچ ئامانجێکیشی تیا نییە. لە گۆرانییەک دەچێت، لە سەمایەک، لە گوڵێک، کە

بێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت شکۆفە دەکات. خۆی بۆ خۆی شکۆفە دەکات؛ نەک لەبەر کەسێک یان شتێکی دیاریکراویش. عەترەکەشی بە هەموو شوێنێکدا پەخش دەکات، تەنانەت گەر کەسیش نەبێت بۆنی بکات. بەڵام تۆ وا فێرکراویت کە هیچ نیت. ببە بە شاعیرێکی گەورە، ببە بە نیگارکێشێکی گەورە، ببە بە سەرکردەیەک، ببە بە سیاسەتمەدار، ببە بە قدیس. ئایینەکان نەفرەتت لێ دەکەن و پێت دەڵێن کە تۆ جگە لە کرمێک لەسەر زەوی؛ هیچی تر نیت. لەبەر ئەوە بیسەلمێنە کە شتێکی گرنگیت.

بەڵام مرۆڤ خۆی بۆ خۆی بوونەوەرێکی مەزنە. لەبەر ئەوە؛ ئەوەی ئایینەکان پێتی دەڵێن جگە لە کەمکردنەوەی گەورەیی تۆ وەکو مرۆڤێک هیچی تر نییە. تۆ وەک مرۆڤێک گەورەیت، هێندە بەسە بڕوانیتە ناخی خۆت و خۆت بناسیت تا ئەوەت بۆ ئاشکرا بێت. لەبەر ئەوە؛ بەو ڕاستییە شاد بە و ئاهەنگ بە ژیانەوە بگێڕە. ئیتر پێویستت بە چییە؟ پێویستت بە تاج و کۆشکێکی ئاڵتوونییە تا تیایدا دیل بیت؟! هەرگیز ئیمپراتۆرێکت بینیوە لەسەر شەقام گۆرانی بڵێت و سەما بکات؟ نەخێر، لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆرەکان دیلی ناو کۆشکەکانیان و دیلی دابونەریت و ئەتەکێتن.

فەیلەسووفی بەریتانی بێرتراند ڕەسڵ لە شوێنێکدا باس لەوە دەکات کە وەختێ سەردانی هۆزێکی سەرەتایی کردووە، ئیرەیی پێ بردوون. هەموو بە جۆرێک شاد بوون و سەمایان کردووە کە هەر یەکەیان ئیمپراتۆرێکی ڕاستەقینە بووە، بەڵام ئیمپراتۆرێک کە تاجەکانیان لە گەڵا و گوڵ بووە.

کەواتە بۆ تۆش یەکێک نەبیت لەو کەسانەی ئەو هۆزە؟

ئایا هەست ناکەیت شتێکی ناسروشتی لە ژیانتدا هەیە؟ بۆ سەما ناکەیت؟ بۆ گۆرانی ناڵێیت؟ بۆ چاوەڕێی سبەینێیت؟ هەر ئێستا هەڵسە و سەما بکە و بزانە چۆن گیانت پڕ دەبێت لە وزە.

مرۆڤ خولقاوە تا ئاهەنگ بە ژیانەوە بگێڕێت. بۆچی کۆسپ و تەگەرە لە ڕێی خۆتدا دروست دەکەیت؟ بۆچی خۆت نابیت؟ بۆچی دەبیت بە دوژمنی خۆت؟ بۆ گوێ لەوانە دەگریت کە وەهمی ئەوەت دەدەنێ تۆ مرۆڤێکی ڕەمەکیت و هیچت لەباردا نییە؟ ئەوانەی کە داوات لێ دەکەن بەر لە هەموو شتێک وەکو بوودا و مەسیح و محەمەد ڕەفتار بکەیت؟ ئەوانە داوای مەحاڵت لێ دەکەن. تۆ کە نەتوانیت سەما بکەیت و گۆرانی بڵێیت و ئاهەنگ بە ژیانەوە بگێڕیت کە دیاریی خودایە بۆت؛ ئیتر چۆن دەتوانیت وەکو ئەوانە وا بیت؟

وریا بە، کە وریاش بوویت؛ ئاهەنگگێڕان بە ژیانەوە گەلێ سوودبەخش دەبێت. کاتێک من دەڵێم ئاهەنگ بە ژیانەوە بگێڕە، مەبەستم لەوەیە هەرچییەک دەکەیت لە ناخی دڵتەوە بیکە، بە عیشقەوە، نەک وەک بێگارێک.

لێگەڕێ با ژیان بێتە ناختەوە، کراوەتر و هەستیارتر بە. سەیری منداڵێکی بچکۆلە بکە. لەناو باخچەیەکدا جێی بهێڵە و لێی بگەڕێ و بە تەنها چاودێریی بکە و بزانە چی دەکات، تۆش وا بە؛ پڕە لە سەرسامی، ڕادەکات بە دوای ئەم پەپوولەیەدا و ئەو گوڵدا و یاری بە گژوگیا و گڵەکە دەکات.

ژیان سەرسامییە، لە هەر کوێیەک بێت؛ سەرسامییە، سەرسامییەکی بەردەوام. بۆیە هەمیشە وەک دیاردەیەکی

پێشبینی نەکراو تیا بژی: هەموو چرکەساتێکی تازەیە. لەگەڵیدا بەردەوام بە و تەقەللا بدە. بەڵام تۆ بە بەدبەختییەوە نووساویت، وەک ئەوەی شتێکی زۆر بە نرخ بێت. دوو جۆر خەڵک هەن: سادیست و مازۆشیست. سادیستەکان چێژ لەوە دەبینن ئازاری کەسانی دی بدەن و مازۆشیستەکانیش چێژ لەوە دەبینن ئازاری خۆیان بدەن. بەڵام لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە: باشە بۆچی ئەم خەڵکانە دەبێ یان ئازاری خەڵک یان هی خۆیان بدەن؟ ئەم هەموو شەڕانگێزی و توندوتیژییە لە ژیاندا بۆ؟

ئەمە حاڵەتێکی نەرێنییە. تۆ ئازار دەچێژیت لەبەر ئەوەی ناتوانیت چێژ لە ژیان ببینیت، لەبەر ئەوەی خۆشەویستیت لا نییە، لەبەر ئەوەی هەستی هاودەردیت نییە. بەڵام ئەوە بزانە کە هەمان وزە دەشێ ببێتە مایەی شادمانی بۆت.

تۆ هەرگیز سەرنجی ئەوەت داوە کە وەختێ کەسێک تووشی بەدبەختییەک دەبێت، تۆ هاودەردی پیشان دەدەیت و وا دەنوێنیت ئەو کەسەت زۆر خۆش دەوێت؟ بەڵام ئەمە جۆری ڕاستەقینەی خۆشەویستی نییە، بگرە جۆرێکە لە بەزەیی. بەڵام وەختێ کەسێک بەختەوەر و شاد بێت، ئیرەیی پێ دەبەیت و هاوبەشیی ئەو بەختەوەرییەی ناکەیت. لەبەر ئەوەی لە کاتێکدا ئەو دووچاری بەدبەختییەک دەبێت، لانی کەم هەست دەکەیت کە کەسانی تریش هەن بەدبەختن و زۆر هەست بە بەدبەختیی خۆت ناکەیت، بەڵکو هەست دەکەیت لەو باشتریت و بەزەییت پیادا دێتەوە.

مناڵ کە دێتە دونیاوە، وردە وردە فێری شتەکان دەبێت و دەزانێت چۆن سەرنجی چواردەورەکەی بە لای خۆیدا

ڕاکێشێت. کاتێک دڵی خۆشە و یاری دەکات، کەس بایەخی پێ نادات، بەڵام کاتێک نەخۆش دەکەوێت؛ هەموو کەسانی خێزانەکەی لە دەوری کۆدەبنەوە و بایەخی پێ دەدەن. لەمەوە مناڵەکە فێر دەبێت کە چۆن خۆی نەخۆش و بێتاقەت پیشان بدات تا بایەخی پێ بدەن و وای لێ دێت ئەم حاڵەتەی دووەمیان دەبێتە حاڵەتی دروست و باش لە لای و ئەو حاڵەتەی تر دەبێتە حاڵەتی خراپ لە لای. لە کاتێکدا حاڵەتە دروستەکە ئەوەیە، وەختێ مناڵەکە یاریی کرد و دڵی خۆش بوو، پێویستە کەسانی خێزانەکە هەموو لەگەڵیدا دڵیان خۆش بێت و یاریی لەگەڵدا بکەن، بەڵام وەختێ نەخۆش کەوت، چاودێریی بکرێ، بەڵام هاودەردی و بەزەیی لە ئارادا نەبێت، زۆر دەربەستی نەبێت، چونکە کە هاودەردیی زۆرت پیشان دا و بەزەییت پیادا هاتەوە و زۆر بە تەنگییەوە هاتیت، بەوە بۆ هەمیشە ئەو مناڵە وێران دەکەیت. چونکە ئیتر ئەوە هانی دەدات بەردەوام ئاوێزانی خەم و بەدبەختی بێت و خۆی نەخۆش بخات تا جێی بایەخپێدان بێت.

من ناڵێم بە تەنیا دایک و باوک لەم دۆخە بەرپرسیارن، چونکە ئەمە ڕەفتارێکە لە باوانەوە ماوەتەوە... ئێمە لە کۆمەڵگایەکداین کە لەسەر بناغەیەکی سایکۆلۆجیی دروست دانەمەزراوە. تەنانەت دایکان و باوکانیش بیانووی خۆیان هەیە بۆ ئەو دۆخە.

بەڵام با بپرسین کە ئەو هۆکارانە چین وا لە دایکان و باوکان دەکەن بەشداریی خۆشی و شادییەکانی مناڵەکانیان نەکەن؟ بۆ نموونە باوکێک ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، ئەو خۆی کاری سیاسی یان بزنس دەکات. دەیەوێ بزانێت چی لە

دونیـادا دەگوزەرێـت. لـەم کاتـەدا یاریکـردن و دەنگەدەنگـی منداڵەکـەی هەراسـانی دەکات، یان دایکەکە خەریکی چێشتلێنانە و منداڵەکـەش پرسیاری لێ دەکات و بازبازێن دەکات، ئەویش تووڕە دەبێت.

وەلێ ئاخـۆ ڕۆژنامەکـە گرنگتـرە یـان منداڵەکـە؟ چێشـتەکە گرنگتـرە یـان منداڵەکـە؟ بێگومـان منداڵەکـە. منداڵەکـە ئاینـدەی جیهانـە، ئاینـدەی مرۆڤایەتییـە، بۆیـە دەبـێ بایەخـدان پێـی بخرێتـە پێـش هەمـوو شـتەکانی تـرەوە. بـەڵام ئایـا ئـەوەی لـە کۆمەڵگادا ڕوو دەدات ئەمەیـە؟ نەخێـر. بـاوکان و دایـکان وا دەزانـن شـتەکانی تـر زۆر لـە منداڵەکانیـان گرنگتـرن و دونیـای خۆیـان بەسـەر دونیـای منداڵەکانیاندا دەسەپێنن. دایک و باوکەکـە دونیایـان زۆر بـە جیـددی لـە کـۆڵ گرتـووە، لـە کاتێکدا منداڵەکەیان لـە دونیایەکی تـەواو جیاوازدا دەژی. دایک و باوکەکـە بـە زۆر منداڵەکـە دەخەنـە نـاو دونیـای خۆیانـەوە، دونیـای غـەم و بەرپرسیارێتی و بەڵەنگازی. دەبێ منداڵ وەکو منـاڵ گەشـە بـکات، دەبـێ لـە سەرسـووڕمان و سەرسـامیدا نەشـونما بـکات و لێـرە بێـت و هەنووکـە و لـەم چرکەسـاتەدا.

مـن ئەمـە ناودەنێم شۆڕشـی ڕاستەقینە. تـا ئەمـە ڕوونەدات، هیـچ شۆڕشـێک ناتوانێـت یارمەتیـی مرۆڤایەتـی بـدات؛ نـە شۆڕشـی فەرەنسـی و نـە ڕووسـی و نـە چینـی. لەوانەیـە تـۆ بتوانیـت جیهانێکـی کۆمۆنیسـتی بخولقێنیـت، بـەڵام تەنهـا لـە ئاسـتی ڕووکەشـدا لەگـەڵ جیهانـی سـەرمایەداریدا جیـاواز دەبێت. بە هەمـان شـێوە تـۆ دەتوانیت جیهانێکی سۆشیالیستی یـان جیهانێکـی گاندییانـە بخولقێنیـت، بـەڵام جیاوازییەکـی ئەوتۆیـان نابێـت، لەبەر ئـەوەی شۆڕشـی ڕاسـتەقینە لـە گۆڕانـی

پەیوەندیی نێوان باوکان و دایکان و منداڵەکانیاندایە. ئەگەر ئەم تەرزە پەیوەندییە نەگۆڕێت، دونیاش ناگۆڕێت. مەسیح ڕاست دەکات وەختێ دەڵێت: "بە تەنها ئەوانەی لە منداڵ دەچن؛ دەچنە ناو مەلەکووتی خوداوە".

ئەمە شۆڕشی ڕاستەقینەیە: گەڕاندنەوەی منداڵی بۆ ئینسانەکان. جەستە گەورە دەبێت و نەشونما دەکات، بەڵام چلۆنایەتیی ئاگامەندی دەبێ بە منداڵی بمێنێتەوە، بە پاکی و بێگەردی، ڕێک وەکو منداڵ.

# بەشی یانزدەیەم
# دەربارەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا

فیتاگۆرس گەڕیدەی هەمیشەیی فەلسەفەی ژیان بوو. ئەو گەڕۆکی دوای حەقیقەت بوو. هەموو شتێکیشی لە پێناو ئەو گەڕانەدا تەرخان کردبوو. دەتوانین بڵێین ئەمسەر و ئەوسەری دونیای دەکرد بۆ گەڕان بە دوای مامۆستایان و نهێنیی قوتابیان و مەتەڵە ئاشکرانەبووەکاندا. بە مەبەستی گەڕان بە دوای ئەتلانتیسی ونبوو و نهێنییەکانیدا، لە یۆنانەوە بەرەو میسر چوو.

لە میسر هێشتا کتێبخانە مەزنەکەی ئەسکەندەرییە وەکو خۆی مابوو و هەموو نهێنییەکانی ڕابردووی تیا پارێزراوبوو. گەورەترین کتێبخانەی دونیا بوو. دواتر لەسەر دەستی ئیسلامییەکی توندڕەو وێران کرا. کتێبخانەکە بە ڕادەیەک گەورەبوو؛ وەختێ سووتێنرا، تا شەش مانگ ئاگرەکەی نەکوژایەوە. بیستوپێنج سەدە بەر لە فیتاگۆرس کیشوەری گەورەی ئەتلانتیس لە ناو ئۆقیانووسدا نوقم بوو. ئەو ئۆقیانووسەی کە ئێستا پێی دەوترێ ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، بە ناوی ئەو کیشوەرەوە ناو نراوە.

ئەتلانتیس کۆنترین کیشوەری سەر زەوی بوو، ژیاریش تیایدا گەیشتبووە دوا لوتکەی خۆی. بەڵام هەر کات ژیار گەیشتە لوتکەی خۆی، مەترسی دێتە گۆڕێ: مەترسیی

دارمان، مەترسیی خۆکوشتن.

مرۆڤایەتی وا دیسانەوە ڕووبەڕووی هەمان مەترسی دەبێتەوە. کاتێک ئادەمیزاد بەهێز دەبێت، نازانێت چی لەو هێزەی بکات. وەختێ هێز و دەسەڵاتەکە زۆر دەبێت و ئاستی تێگەیشتنیش زۆر کەم دەبێت، دەرکەوتووە کە ئەو هێز و دەسەڵاتە دەبێتە مایەی مەترسی. کیشوەری ئەتلانتیس بە کارەساتی سروشتی نوقمی ئۆقیانووس نەبوو، بەڵکو هەمان شت بوو کە لەمرۆکەدا ڕوودەدات. دەسەڵاتی ئادەمیزاد بوو بەسەر سروشدا. وزەی ئەتۆمی بوو بووە هۆی نوقمبوونی ئەتلانتیس. خۆکوشتنی ئادەمیزاد خۆی بوو. بەڵام تەواوی کتێب و دەستنووسەکان لە ئەسکەندەرییە مابوون.

لە سەرانسەری جیهاندا حیکایەت و چیرۆک دەربارەی ئەو لافاوە گەورەیە زۆرن. ئەم چیرۆکانە لە نوقمبوونی ئەتلانتیسەوە هاتوون. تەواوی ئەم چیرۆکانە —لە ئایینی مەسیحی و جوولەکە و هیندۆسیدا- باس لەوە دەکەن کە لە ڕابردوودا لافاوێکی گەورە ڕووی داوە و ژیاری ئەو سەردەمەی فەوتاندووە. ژمارەیەکی کەم نەبێت؛ کەسی تریش ڕزگار نەبوون. نووح یەکێکە لەوانە، کە مامۆستایەکی کارامە و لێهاتوو بووە و کەشتییەکەی نووحیش جگە لە سیمبولێک، هیچی تر نییە.

ژمارەیەکی کەمی خەڵک لەو کارەساتە ڕزگاریان بوو و توانییان نهێنییەکانی ژیاری ئەو سەردەمەش لەگەڵ خۆیان بپارێزن و لە ئەسکەندەرییەدا هەڵبگیرێن.

فیتاگۆرس بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ئەسکەندەرییە ژیا. لەوێ خوێندی و چووە قوتابخانەی نهێنییەکانی میسر،

بە تایبەتیش نهێنییەکانی هرمس. پاشان چووە هیندستان و کەوت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە براهماکانی ئەو سەرزەمینە دێرینە سەبارەت بە ناوەوەی مرۆڤ کەشفیان کردبوو. ساڵانێک لە هیندستان مایەوە، پاشان چوو بۆ تبت و دواتریش بۆ چین. بەم جۆرە لە هەموو ژیانیدا گەڕیدە بوو بەدوای فەلسەفەدا بە مانای تەواوی ئەم وشەیە: خۆشەویستیی حیکمەت. ئەو عاشق بوو، فەیلەسووف بوو. نەک بە مانا تازەکەی ئەم وشەیە، بەڵکو بە مانا دێرینەکەی.

لەبەر ئەوەی عاشق هەر بە تەنها تێڕانامێنێت و هەر بە تەنها بیر لە حەقیقەت ناکاتەوە، بەڵکو عاشق دەبێ پەیجۆر بێت، جەربەزە بێت، گیانباز بێت. لێرەدا حەقیقەت بریتییە لە مەعشوق. تۆ ناتوانیت هەر بە تەنها بیری لێ بکەیتەوە، بەڵکو دەبێ لە دڵەوە وابەستەشی بیت. هەر بۆیە گەڕانەکەش بە تەنها گەڕانێکی فیکرییانە نابێت؛ بەڵکو گەڕانێکی ڕۆحییش دەبێت. ڕەنگە گەڕانەکە لە سەرەتادا گەڕانێکی فیکری بێت، بەڵام دواتر ڕۆدەچێتە قووڵایی بوونتەوە.

فیتاگۆرس یەکێک بوو لە دڵکراوەترین مرۆڤەکان، تا بڵێی لیبراڵ و دیموکراتیک و بێلایەن و کراوە بوو. لە هەموو جیهاندا ڕێزی لێ دەگیرا؛ لە یۆنانەوە تا چین. لە هەموو قوتابخانە عیرفانییەکانیشدا قبووڵ دەکرا. ناو و ناوبانگی هەموو دونیای گرتبووەوە و بۆ هەر کوێ دەچوو بە ڕێزەوە پێشوازیی لێ دەکرا.

ئەو؛ وێڕای ئەوەی بە پلەی ڕۆشنبوونەوە گەیشتبوو، بەڵام هێشتا هەوڵی دەدا بە ڕازی نهێنییە شاراوەکان بگات و لە قوتابخانە نوێیەکاندا بخوێنێت. ئەو هەوڵی دەدا بە

پێکهاتەیەکی ئاوێتە (یان سینتز)ێک بگات: دەیویست لە ڕێی هەموو تواناکانەوە بە حەقیقەت بگات. حەقیقەت بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. ئەو هەمیشە ئامادە بوو لە بەردەمی مامۆستاکەیدا بنوشتێتەوە. لە کاتێکدا ئەو خۆی منەوەر بوو، بەڵام لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا باوەڕی بە وەستان نەبوو. بوودا کە منەوەر بوو، چیتر بۆ لای هیچ مامۆستایەک نەچوو. مەسیح بە هەمان شێوە، هەروەها لاوتزۆ، زەردەشت، مووسا. لێرەوەیە کە فیتاگۆرس کەسێکی دانسقەیە.

ئەو ئامادەبوو ببێت بە شاگردی هەر کەسێک کە بەشێک لە حەقیقەتی بۆ کەشف بکات. ئامادە بوو لە هەموو کەسێکەوە شت فێر بێت، لە هەموو بوونەوەرێکەوە. ئەو تا کۆتایی ژیانی بە بیرکراوەیی و هەر وەکو قوتابییەک مایەوە.

دەبێ ئەوەش بزانین کە لەو سەردەمەدا سەفەرکردن لە یۆنانەوە بۆ چین زۆر قورس بوو و پڕبوو لە مەترسی. وەختێک گەڕایەوە بۆ یۆنان، چووبووە تەمەنەوە، بەڵام ئەوانەی عەودالی حەقیقەت بوون؛ دەوریان دا. قوتابخانەیەکی گەورەی لێ دروست بوو. وەلێ هەر وەکو چۆن هەمیشە ئەمە ڕوو دەدات، کۆمەڵگا کەوتە هەراسانکردنی خۆی و شاگردەکانی و قوتابخانەکەی.

ئەوێک کە هەموو ژیانی بۆ گەڕان بە دوای فەلسەفەی ژیاندا تەرخان کرد و دۆزیشیەوە و هەموو پارچەکانی لە هارمۆنییەکی گەورەدا و لە یەکەیەکی گەورەدا کۆکردەوە؛ کەچی ڕێی پێ نەدرا ئەو فەلسەفەیەی بخاتە گەڕ و قوتابیان فێر بکات. ڕووی لە هەر کوێیەک دەکرد، هەراسانیان دەکرد. گەلێک جار ویستیان بیکوژن. وای لێ هات ئەستەم بوو

ئەوەی دەیزانی بە قوتابییەکانی بگەیەنێت. لە کاتێکدا ئەو گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو بوو. بەڵام ئیتر ئەمە حاڵی مرۆڤایەتییە کە دەست دەداتە دەبەنگی و زۆرجاریش ئەمە ڕووی داوە. ئەم پیاوە شتێکی ئەستەمی ئەنجام دابوو: پردی لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دروست کرد. ئەو خۆی یەکەم پرد بوو. هات بۆ خۆرهەڵات تا وەک تێگەیشتنی قووڵی بۆ خۆرئاوا، تێگەیشتنی قووڵی بۆ خۆرهەڵاتیش هەبێت.

ئەو یۆنانی بوو؛ لە یۆناندا و بە لۆجیکی یۆنانی گەورە بوو، بە زانستی یۆنانی گەورە بوو، ئینجا بەرەو خۆرهەڵات چوو. لەوێ فێری شێوازەکانی حەدس بوو. پاشان فێری ئەوە بوو چۆن ببێت بە عاریف. ئەوە لە کاتێکدا خۆی ماتماتیکزانێکی گەورە بوو، بوونی ماتماتیکزانێکی گەورەش بە عاریف خۆی لە خۆیدا شۆڕشە، لەبەر ئەوەی دوو جەمسەری دوور لە یەکن.

خۆرئاوا نوێنەرایەتیی ئەقڵی نێرینە و هزری دوژمنکارانە دەکات. لە کاتێکدا خۆرهەڵات نوێنەرایەتیی ئەقڵی مێینە و سۆز و حەدس دەکات. دابەشکردنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەر بە تەنها دابەشکردنێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو تا بڵێیت دابەشکردنێکی دەلالەتدار و قووڵە.

هەروەها نابێ ڕۆدیارد کیپلینگ (Rudyard Kipling)مان لەبیر بچێت؛ کە وتوویەتی: خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەرگیز بە یەک ناگەن. بەشێک لە ڕاستی لەم قسەیەیدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو بەیەکگەیشتنە ئەستەم دێتە پێشچاو، چونکە شێوازی کارکردنیشیان تەواو پێچەوانەی یەکە.

خۆرئاوا شەڕەنگێزە، زانستگەرایە، بۆ داگیرکردنی

سروشت ئامادەیە. خۆرهەڵات شەڕەنگێز نییە، ناشیەوێت هێرش بکاتە سەر سروشت. خۆرئاوا تامەزرۆی زانینە، خۆرهەڵات بە سەبرە و بەرگە دەگرێت. خۆرئاوا هەموو پێشدەستییەک دەکات بۆ گەیشتن بە نهێنییەکانی ژیان و بوون و بگرە هەوڵی کردنەوەی دەرگاکان دەدات، بەڵام خۆرهەڵات بە متمانەیەکی سادەوە چاوەڕێ دەکات "مادامەکی من باوەڕم هەیە، حەقیقەتم هەر بۆ کەشف دەبێت".

خۆرئاوا بریتییە لە تەرکیزی ئەقڵ، خۆرهەڵات بریتییە لە تێڕامانی ئەقڵ. خۆرئاوا بیر دەکاتەوە، خۆرهەڵات بیر ناکەتەوە. خۆرئاوا ئەقڵە، خۆرهەڵات نائەقڵە.

ئەم دابەشبوونی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتە هەر بە تەنها زەویش ناگرێتەوە، بەڵکو ئەقڵ و مێشکیش دەگرێتەوە. مێشکیش دەبێت بە دوو کەرتەوە، خۆرهەڵات و خۆرئاوا. بەشی چەپی مێشک بریتییە لە خۆرئاوا، بە لای ڕاستەوە بەستراوەتەوە. بەشی ڕاستی مێشکیش بریتییە لە خۆرهەڵات و بە لای چەپەوە بەستراوەتەوە.

بەشی چەپی مێشک حساب دەکات، بیردەکاتەوە، لۆجیکییە. زانستەکان لە ڕێی ئەمەوە بەرهەم دێن. بەشی ڕاستی مێشکیش شاعیرە، عاریفە، بە حەدس شت دەزانێت، پڕ هەستە، تەمومژاوی و ناڕوونە. هەموو شتێک تیایدا کایۆس (فەوزا یا ئاشووب)ە، بەڵام ئەو کایۆسە جوانیی خۆی هەیە. شیعری گەورە و گۆرانیی تیایە. ئەقڵی حسابگەرا دیاردەیەکی بیابانئاسایە. بەڵام ئەقڵی ناحسابگەرا باخچەیە. باڵندەکان لێرەدا دەخوێنن و گوڵەکان لەوێدا شکۆفە دەکەن. جهیانێکی تەواو جیاوازە.

من دەمەوێ سینتزێکی گەورەی خۆرهەڵات و خۆرئاوات پێ ببەخشم، ئاوێتەبوونی زانست و ئایین، ئەقڵ و حەدس، ئەقڵی مێینە و ئەقڵی نێرینە، سەر و دڵ، ڕاست و چەپ. من بە هەموو شێوەیەک دەمەوێ ئەو هارمۆنییە گەورەیە بخولقێنم، چونکە هەر بە تەنها ئەو هارمۆنییە لەدایکبوونێکی نوێ بە تۆ دەبەخشێت.

## بێدەنگی، ئاهەنگگێڕان و ژیان

*** لە خۆرئاوادا، ئاهەنگگێڕان بەستراوەتەوە بە چەمکێکی ئەمەریکاییەوە بۆ ژیان، واتە گوێگرتن لە ئاواز و گۆرانیی خێرا و جەنجاڵ و بینینی فیلمی سینەمایی و جگەرەکێشان و مادده هۆشبەرەکان و سێکس و سەرفکردنی وزە لەم ڕێیانەوە. لەکاتێکدا بێدەنگی و سوکنایی بەستراونەتەوە بە بێزاری و کەڵەکەبوونی زیادی وزەوە کە ئەنجامەکانیان گرژی و نیگەرانییە. دەکرێ شتێکمان لە بارەی بێدەنگی و ئاهەنگگێڕان و ژیانەوە بۆ باس بکەیت؟**

ئەم پرسیارە کۆمەڵێک مانای شاراوە لە ناو خۆیدا هەڵدەگرێت. واتە یەک پرسیار نییە و کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی لێ دەبێتەوە. هەر بۆیە من دەمەوێ بچمە ناو ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ئەم پرسیارەوە. بە تەنها ئەوساش تۆ دەتوانیت وەڵامەکەی بدۆزیتەوە.

بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوەت لە بیر نەچێت کە مرۆڤ لە دوو جیهان پێکهاتووە: جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی دوولایەنەیە: هەم جەستەیە و

هەم ڕۆحە. هەر لەم دوالیزمەشەوەیە کە زۆربەی کێشەکانی دونیا سەرهەڵدەدەن. ئەم دوالیزمەش ئاسان نییە. ئەمە ئەوەیە کە من ناوم لێ ناوە "دواڵیتیی گێشتاڵت Gestalt duality".
لەم دوالیزمەشدا هەرگیز ناتوانیت دوو جیهانەکە پێکەوە ببینیت. ئەگەر یەکێکیانت هەڵبژارد، دەبێ ئەوەی تریان لە بیر بکەیت. وەکو نموونەیەکیش ئەو کتێبە وێنەدارەی منداڵتان بە بیر دەهێنمەوە کە وێنەی تیایە یەک شێوەیە، بەڵام لە یەک کاتدا لە دوو وێنە پێکهاتووە؛ یان پیرێژنێک دەبینیت؛ یان کچێکی جوان. بەڵام کە یەکێکیانت بینی؛ لە هەمان کاتدا ئەوی تریان نابینیت و لە بەرچاوت ون دەبێت، واتە ناتوانیت هەردووکیان پێکەوە ببینیت، بەڵکو بە جیا دەیانبینیت. ئەمە دوالیزمی گێشتاڵتە، ئەمەش ڕاستیی مرۆڤە.

خۆرهەڵات تەنها وەکو ڕۆح، وەکو ئاگامەندی، وەکو بوونێکی ناوەکی سەیر دەکات. لەبەر ئەوەی ئەم دیوەشی هەڵبژاردووە، دیوەکەی تر فەرامۆش دەکات. بۆیە دەبینین بە درێژایی چەندەها سەدە؛ ڕۆحانی و سۆفییەکانی خۆرهەڵات نکووڵییان لە واقیعییەتی جیهانی دەرەوە دەکرد و دەڵێن ئەوە بە تەنها خەوێکە و هیچی تر. مایایە، وەهمە، سەرابە، ڕووکەشە.

خۆرئاواش جیهانی دەرەوەی هەڵبژاردووە و جیهانی ناوەوەی ڕەت کردووەتەوە. مرۆڤ بە تەنها جەستەیە، فسیۆلۆجییە، بایۆلۆجییە، کیمیاییە، بەڵام ئاگامەندی و ڕۆح نییە. ڕۆح بە تەنها دیاردەیەکی کاتییە (epiphenome-non). لەبەر ئەوەی لە خۆرئاوادا بە تەنها ئەم جیهانەی دەرەوەی مرۆڤیش بە هەند وەرگیراوە، بۆیە زانستیش لەوێ

پەرەی سەندووە و تەکنەلۆجیا بەرەو پێش چووە، تا ئەو ڕادەیەی توانیویانە بچنە سەر مانگ و نهێنییەکانی هەسارەی مەریخ و زوهرەش بزانن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خۆرئاواییەکان هەست بە بۆشاییەک دەکەن لە ئەقڵیاندا، شتێک کە لە ناوەوەیاندا ون بووە.

بۆ لۆجیکی خۆرئاوایی ئاسان نییە ئەو شتە ونبووە دیاری بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەست دەکرێ کە شتێکی ونبوو هەیە. ماڵەکە پڕە لە میوان، بەڵام خانەخوێ دیار نییە. هەموو شتەکانی جیهانەکەت هەیە، بەڵام تۆ خۆت نیت. ئەنجامەکەشی بەلەنگازییە. هەموو چێژێکت لە بەردەستدایە، پارەت هەیە، ئەوەی مرۆڤ خەونی پێوە دەبینێت، بەڵام لە کۆتایی ئەم هەموو سەدەیە لە ڕەنج و تەقەلالا، لە پڕێکدا هەست دەکەیت کە بوونت نییە، ناوەوەت بۆشە، کەسی تیا نییە.

خۆرهەلاتیش ڕووبەڕووی بەلەنگازیی خۆی بووەتەوە. نادیدەگرتنی جیهانی دەرەوە، توانای پەرەسەندنی زانستی لە خۆرهەلاتدا کوشتووە. هەوڵیان داوە لە نهێنییەکانی سروشت تێبگەن؛ بەڵام بەبێ ئەوەی بزانن چۆن. ئیتر ئەنجامەکەی ئەمەش چەندەها سەدە هەژاری و برسیەتی و کۆیلایەتی بووە. زیاتر لە دووهەزار ساڵ کۆیلایەتی و برسیەتی و هەژاری و پاشکەوتوویی، بەبێ ئەوەی خۆرهەلاتییەکان لە هۆکارەکانی ئەمانە بکۆڵنەوە و پەی پێ بەرن، پتر لە دووهەزار ساڵە خەون دەبینن ، بەڵام جگە لە جیهانی ڕۆح؛ ددان بە جیهانی دەرەوەدا نانێن. فێر بوون چۆن بێدەنگ بن، چۆن بە ئاشتی بژین، چۆن چێژ لە خۆشنوودییەکانی ناوەوە

ببینن، بەڵام نازانن ئەم شتانە لەگەڵ ئەوانی تردا، لەگەڵ دونیای دەرەوەیاندا، بەش بکەن. چونکە ددان بە دونیای دەرەوەیاندا نانێن. هەزار ساڵە خۆرهەڵاتییەکان باس لە ڕۆحانییەت و ئاگامەندی و ڕۆشنبوونەوە و تێڕامان دەکەن، کەچی وەکو تر هەر گەدا و نەخۆش و برسی و کۆیلەن.

کێ گوێ لەم کۆیلانە و لە فەلسەفەی گەورەکانیان دەگرێت؟ خۆرئاوا پێیان پێدەکەنێت. بە دیوەکەی تریشدا خۆرهەڵات بە خۆرئاوا پێدەکەنێت کە هەر خەریکی کەڵەکەکردنی شتن و خودی خۆیان لە دەست داوە.

سەبارەت بەوەش کە خۆرئاواییەکان لە ڕوانگەی ئەمەریکاییەوە کات دەبەنە سەر؛ دەمەوێت بڵێم: بە تەنها ئەو کەسانەی بەدبەختن پێویستییان بەو جۆرە کاتبەسەربردنانە هەیە. ڕێک وەک چۆن نەخۆشێک پێویستی بە دەرمان هەیە. سەیری ئەم بیمانایییە. بۆ ئەوەی لە بەدبەختییەک هەڵبێت، پێویستت بە کاتبەسەربردن هەیە.

بەڵام بەدبەختی و بەڵەنگازی بەو شێوەیە لەناو ناچێت. تەنها بۆ ماوەیەک لە بیرت دەچێتەوە کە بەڵەنگازیت، ئەو ماوەیەی لە ژێر کاریگەریی ماددە هۆشبەرەکەدایت، یان لە ژێر کاریگەریی سێکسدایت، یان ئەوەی پێی دەڵێن کاتبەسەربردن. بەمانە چی دەکەیت؟ بەمانە لەو بۆشاییە ڕۆحییەت ڕادەکەیت. هەموو شتێک دەکەیت، تەنها شتێک نەبێت کە لێی دەترسیت، ئەویش خودی خۆتە.

ئەم دۆخە جۆرێک لە شێتیی لە خۆرئاوادا دروست کردووە. لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک لە خۆرئاوادا لەناو هەمان کەشتیدایە، جیاکردنەوەیان زەحمەتە. ملیۆنەها خەڵک

دادەنیشن و سەیری تۆپی پێ دەکەن. ئەمە ناودەنێیت چی؟ مەسەلەکە هەر دانیشتن و سەیرکردنیش نییە، بگرە باز دەدەن، دەقیژێنن، شەڕ دەکەن. کابرایەک دەناسم، لەبەر ئەوەی تیمەکەی ئەو یارییەی دۆڕاند؛ هەڵسا و تەلەفزیۆنەکەی شکاند. منیش پێم وت پێویستە تۆ بچیتە نەخۆشخانەی دەروونییەوە.

ساڵێکیان لە کالیفۆرنیا بووم، زانکۆی کالیفۆرنیا بۆ ماوەی یەک ساڵی ڕەبەق پێشبڕکێی بۆکسێنی ساز کرد. دوای ئەو ساڵە؛ لە ویلایەتی کالیفۆرنیادا ١٣٪ تا ١٤٪ ڕێژەی تاوان زیادی کرد. پاشان خەڵکانێک دەستیان دایە کوشتن، خۆکوشتن، دەستدرێژی کردنە سەر کەسانی تر و هەموو جۆرە تاوانێکی لەو چەشنە پەرەی سەند. تا ئێستاش لەلایەن هیچ وڵاتێکەوە ئەم بۆکسێنە وەک یارییەکی تاوانکارانە ئیدانە نەکراوە، لەکاتێکدا پێویستە یەکسەر ڕابگیردرێ. خۆ ئەگەر حکومەتیش هەوڵی ئەوە بدات، لەوانەیە تەواوی خەڵکی وڵاتێک دژ بە پەرلەمان ڕاپەڕن؛ لەبەر ئەوەی ئەو یارییە "کاتبەسەربردنێکی خۆشە". دوو دەبەنگ لەبری تۆ خەریکی سەروگوێلاکی یەکترین. تۆش دەتەوێت هەمان ئەو شتانە بکەیت، بەڵام تۆ کۆنترۆڵی خۆت دەکەیت. ئەمەیە کاتبەسەربردنی خۆش.

ئەمە شتێکە دەبێ لێی تێبگەین. بۆچی دەبێ تۆ لەززەت لە بینینی دوو کەس ببینیت کە بەربەریانە دەکەونە گیانی یەکتر و ئازاری یەک دەدەن؟ بە دڵنیاییەوە تۆش هەمان حەز و ئارەزووت تیایە، بەڵام ڕەنگە تۆ ئازایەتیت تیا نەبێت ئەوە بکەیت. وەلێ ئەم مەسەلەیە گەلێ لەوە ئاڵۆزترە:

هەموو خۆرئاوا وردە وردە بوون بە چاودێر. یەکێکی تر لەبری ئەوان لە فیلمێکدا خۆشەویستی دەکات، یەکێکی تر لە بۆکسێندا شەڕ دەکات، یەکێکی تر یاریی تۆپی پێ دەکات و ئەمانە بە بینینی ئەو شتانە؛ لەگەڵیاندا ئیندیماج دەکەن. شتێکی باشە کە سینەماکان تاریک دەکرێن. من لە سینەمادا خەڵکانێکم بینیوە دەگرین، پێدەکەنن، هەڵدەستنە سەر پێ، دەخرۆشێن. من پێم سەیرە کە خەڵک وازی لە هەموو شتێکی خۆی هێناوە و ڕادەستی پرۆفیشناڵەکانی کردووە و خۆی بووەتە تەماشاکەرێک و هیچی تر.

زۆربەی ئادەمیزادەکانی ئەم سەردەمە تەواوی بایەخیان بە شتەکانی دەوروبەری خۆیان و بە شتە ڕووکەشەکانی ژیانە و زۆربەی کاتیش سەرگەرمی زۆر وتنن و ناتوانن تاوێک بێدەنگ بن: ئەمەش پڕگرفتترین شتی ئەم دونیایەیە. خەڵک بەردەوام بێئۆقرە و نائارامن و هەڵدەچن. ئادەمیزادەکان هەموو بەردەوام لە خودی خۆیان ڕادەکەن، ئەم لەخۆڕاکردنەش ناو دەنێن "کاتبەسەربردن".

ژیانی مرۆڤی خۆرئاوایی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت: یەکەمیان ئەوانەی کە "کات بەسەر دەبەن" و دووەمیشیان ئەوانەی کە دووچاری نائومێدی بوون. لە نێوان ئەم دوو شێوازەی ژیاندا، ئادەمیزادەکان ژیانی خۆیان بە فیڕۆ دەدەن و بە هیچ شوێنێکیش ناگەن، مەگەر تاریکیی گۆڕ کە دواجار تیایدا ئارام دەگرن. لە دەرەوەی گۆڕدا جێیەک بۆ ئارامی نەماوە.

لە خۆرهەڵاتدا، ئێمە گێشتاڵتی پێچەوانە هەڵدەبژێرین. ئێمە گەنجینە و مەتەڵ و نهێنییەکانی ژیان دەدۆزینەوە، بەڵام

کێشەکە لەوەدایە کە بۆ ئەو ڕاستییانەش؛ ناتوانین کەس بکەین بە گەواهـ ، چونکە جگە لە خۆت کەس ناتوانێت بێتە ناو ئەو جیهانەی ناوەوەت بەمجۆرەش مرۆڤی خۆرهەڵاتی، بە شێوەیەکی سروشتی، وردە وردە گۆڕا بۆ مرۆڤێکی گۆشەگیر کە حەزی بە حەشامات نییە و دەیەوێت لەگەڵ دونیای ناوەوەی خۆیدا بژی و بەس. کە ئەمەش ئەنجامەکەی بە ڕەتکردنەوەی دونیا و جیهانی دەرەوە دەشکێتەوە.

بەڵام چ خۆرئاوا و چ خۆرهەڵات، نیوەی مرۆڤ هەڵدەبژێرن. وەختێکیش تۆ نیوەی مرۆڤ هەڵدەبژێریت، دەکەویتە ناو جۆرێک لە بەدبەختییەوە. بەدبەختییەکان دەشێ جیاواز بن؛ بەڵام لە گەوهەردا یەک شتن. بەدبەختیی مرۆڤی خۆرهەڵاتی دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی وەکو بوودا و ماهاڤیرا و بۆدی دارما و کەبیر کە کەشفی گەورەی دونیای ناوەوەی ئینسانیان کردووە. بەدبەختیی مرۆڤی خۆرئاواییش دەگەڕێتەوە بۆ کەسانێکی وەکو گالیلۆ و کۆپەر نیکۆس و کۆلۆمبس و ئەلبێرت ئاینشتاین و بێرتراند ڕەسڵ. ئەمانە کەسە گەورەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوان کە هەموویان نیوەی مرۆڤیان هەڵبژاردووە. ئەم جۆرە هەڵبژاردنەش هۆکاری ڕیشەیی بەدبەختی و بەلەنگازیی مرۆڤایەتی بووە تا ئێستا.

بەڵام من دەڵێم ناوەوەی مرۆڤ ڕاستییەکە و وەکو دەرەوەی مرۆڤ بوونی هەیە. دەرەوەش هێندەی شتە ڕۆحییەکانی مرۆڤ گرنگیی خۆی هەیە. هەر بۆیە پێویستە مرۆڤ هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا دروست بکات، بە جۆرێک نە دونیای ناوەوە بەسەر دونیای دەرەوەدا

زاڵ بێت و نە دونیای دەرەوەش بەسەر دونیای ناوەوەدا زاڵ بێت. ئەم شتەش تا ئێستا بە تەواوەتی نەهاتووەتە دی، تا ئەمەش نەیەتە دی؛ مرۆڤایەتی ژیانێکی ڕاستەقینە بەدەست ناهێنێت.

خۆرئاوا کۆمەڵێک سەرکەوتنی خۆی هەیە و خۆرهەڵاتیش بە هەمان شێوە. هەڵبژاردنی یەکێکیان؛ واتە نیوە، ئەمەش خەتەرناکە. بەڵام هەڵبژاردنی هەردووکیان پێکەوە ئازایەتی و جیهانبینی و تێگەیشتنی دەوێت.

ددانانان بە جیهانی دەرەوە و بە دونیای جەستەدا شتێک نییە دژ بە ڕۆح و جیهانی ناوەوە بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە. تۆ هەموو ڕۆژێک بۆ خواردن و خواردنەوە پێویستت بە جیهانی دەرەوە هەیە. ئەوانەی کە نایانەوێ ددان بە پێداویستیی جیهانی دەرەوەدا بنێن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جیهانی دەرەوە جگە لە وەهم و خەونێک هیچی تر نییە و بە نەفرەتی دەکەن؛ نەک هەر بە هەڵەدا چوون؛ بەڵکو ئەو بانگەشەیەیان جگە لە قسەی هیچ و تورەهات هیچی تر نییە.

ئەوانەی دژایەتیی جەستە و دونیای دەرەوە دەکەن؛ دژایەتیی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەن. ئەگەر دەرەوە وەهمێکە و هیچی دی، ئەی ئەوە کێیە دەچێتە بازاڕ،ئەوە کێیە هاوسەرگیری دەکات و سێکس دەکات و منالّی دەبێت؟!

هەروەها هەمان دەبەنگی ئەوانەش دەگرێتەوە کە جگە لە دونیای ماتەر و جەستە ددان بە هیچی تردا نانێن.

ئەم دوو ئایدیۆلۆجیا دەبەنگانەیە تەواوی مرۆڤایەتییان وێران کردووە. من چەند دژی باوەڕی کوێرانەم بە خودا؛ ئەوەندەش دژ بە بێباوەڕیی کوێرانەم، لەبەر ئەوەی ڕاستی لای

هیچیان نییە و حەقیقەت دابەش دەکەن، لە کاتێکدا حەقیقەت دابەش ناکرێ. نە دەرەوە بەبێ ناوەوە بوونی دەبێت و نە ناوەوەش بەبێ دەرەوە. هەردووکیان دوو ڕووی یەک دراون و تەواوکەری یەکترین و هەر ئەم تێڕوانینەش مرۆڤ بەرەو پلەی باڵای بوون و شکۆفەکردن و گەشەکردنی ڕاستەقینە دەبات.

لە پرسیارەکەتدا هاتووە "ئاهەنگگێڕان بەستراوەتەوە بە چەمکێکی ئەمریکاییەوە بۆ ژیان، واتە گوێگرتن لە ئاواز و گۆرانیی خێرا و جەنجاڵ و جگەرەکێشان و مادده هۆشبەرەکان و سەرکردنە سەر سێکس و هتد...

ئەوە بەسەر نیوەکەدا دەچەسپێت. واتە ئەوانەی بوون و ژیان لایان بە تەنها بریتییە لە دونیای دەرەوە و سەنتەری ناوەوەی خۆیان بیر چووەتەوە. فەیلەسووفە گەورەکانی خۆرئاوا، وەکو سۆرین کیرکەگۆر و مارتن هایدیگەر و کارل یاسپەرز و گابریل مارسل و ژان پۆل سارتەر لەسەر ئەوە کۆکن کە ژیان بێمانایە، لە بێزاری بەولاوە هیچی تر نییە. ئەمەش وا لە خەڵکانێک دەکات بیر لەوە بکەنەوە کە جگە لە "خۆکوشتن" هیچ چارێکیان لە بەردەمدا نەماوە. لە کاتێکدا ئەم فەیلەسووفە مەزنانە خۆیان پەنایان بۆ خۆکوشتن نەبردووە، بەڵکو تەنها دەربارەی بێزاری و بێمانایی و نیگەرانی و دڕدۆنگی شتیان نووسیوە.

ئەمە فەیلەسووفێکی یۆنانیی کۆنم بە بیر دەهێنێتەوە کە ناوی "زینۆن" بوو و دووهەزار ساڵ لەمەوبەر بانگەشەی بۆ هەمان بیر و بۆچوون؛ واتە بۆ خۆکوشتن دەکرد، کەچی خۆی نەوەد ساڵ ژیا. وەختێ چوونە لای و لێیان پرسی:

سەیرە؛ تۆ لە ڕێی فەلسەفەکەتەوە خەڵک بۆ خۆکوشتن هان دەدەیت، کەچی خۆت خۆت ناکوژیت؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: من ناچارم بەرگەی ئازارەکانی ژیان بگرم تا بتوانم حەقیقەت لە خەڵک تێبگەیەنم.

خۆرئاوا لە ڕێی زانستەوە گەیشتووە بە پێشکەوتنی گەورەی تەکنۆلۆجی و تا ئەو ڕادەیەی هێزێکی وێرانکەری تەواو لە ئارادایە، بەو مانایەی کە لە هەر ساتێکدا بیەوێت؛ تەواوی هەسارەی زەوی لەناو دەبەن. هەر بۆیە لێرەوە دەڵێم کە خۆرئاواش پێویستی تەنها بە ئەقڵ نییە، بەڵکو بە ئەقڵێکی تێرامێنە. دیسانەوە لە خۆرهەڵاتیشدا دۆخێکی خراپ هەیە. نزیکەی لە سەدا پەنجای دانیشتووانی خۆرهەڵات برسی و بێبەشن و گەر ئەم دۆخە وا بەردەوام بێت؛ لە دەیان ساڵی داهاتوودا ئەگەری مردنی ملیۆنەها کەس هەیە. هەر بۆیە خۆرهەڵاتیش پێویستی بەوەیە گرنگی بە زانست و بە تەکنۆلۆجیا بدات و پێویستی بە ئەقڵێکی زانستی هەیە.

زانایان دەڵێن، ئەگەر خواردنی پێویست و دروست و چاودێریی پزیشکی و ژینگەی پاک هەبێت، دەشێ تەمەنی مرۆڤ بۆ سێسەد ساڵ زیاد بکرێ. بەڵام خۆ ئەگەر بوودا سێسەد ساڵیش بژیایە هەر ئەوەی دەوت کە وتی و ئەوەی دەکرد کە کردی، هەروەها ئەلبێرت ئاینشتاین و بێرتراند ڕەسڵ.

خۆ ئەگەر ئەم لافەی زانایانیش ڕاست بێت، ئەوا دەبێ ئامادەگی هەبێت بۆ پێشوازیکردن لە هەزاران مناڵ کە مانگانە لەدایک دەبن و جێ وڕێش بۆ ملیۆنەها کەسان دابین بکرێ کە خانەنشین دەکرێن و بێکار دەبن، یان دەبێ سانسۆری

توند بخرێتە سەر یاساکانی سنووردارکردنی منداڵبوون و ئەوکات نەهێڵین منداڵێک لەدایک ببێت تا بە بێرتراند ڕەسڵ دەڵێن تەواو ئیتر تۆ دەبێ ئەم دونیایە جێ بهێڵیت، چونکە یەکێکی تر هەیە جێی دەگرێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە لەم ڕۆژگارەدا ڕووبەڕووی بەرنامەکانی گۆڕینی جینەکانی مرۆڤیش بووینەتەوە. منداڵ بە پێی خواستی دایک و باوکی لەدایک دەبێت و بە پێی ئەو بەرنامەیە گەر ویستیان نیگارکێش بێت وەک پیکاسۆ، ئەوا لە منداڵەکە دەکەن و گەر ویستیان وەک تاگوور شاعیر بێت، بە هەمان شێوە...

هەر لە پرسیارەکەتدا هاتبوو کە "بێدەنگی و سوکنایی بەستراونەتەوە بە بێزاری و کەڵەکەبوونی زیادی وزەوە کە ئەنجامەکانیان گرژی و نیگەرانییە...".

ئەگەر هەموو شتێک وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوا ئەم قسەیەی تۆ ڕاستە. بەڵام تۆ ڕۆژانە ئەو وزەیە سەرف دەکەیت، نان دەخۆیت، هەناسە دەدەیت، ئاو دەخۆیتەوە، کار دەکەیت، دێیت و دەچیت. بەڵام تکام وایە لە مەبەستەکەی من بگەن؛ من دەڵێم تۆ نیوەت دەرەوە و نیوەت ناوەوەیە.

وزەت لە جیهانی دەرەوەدا بۆ داهێنان بەکار بهێنە، گێتییەکی گەورە و ناکۆتا لە بەردەمتدایە و چاوەڕێی کەشفکردنە. وزەکانت بەکار بهێنە بۆ دروستکردنی جیهانێکی جوانتر، جیهانێکی شاعیرانەتر و تەندروستتر. کاتێکیش هەستت کرد ماندوویت، شەکەتیت، ئینجا ڕوو بکەرە ناوەوەت، بحەوێرەوە. حەوانەوەت دەبێتە تێرامان، لەبەر ئەوەی تێرامان پێویستی بە سەرفکردنی وزەی زۆر نییە، بە پێچەوانەوە دەیپارێزێت.

کاتێکیش لە ئارامی و بێدەنگییەکەتدا هەستت کرد پێویستت بە سەمایە، هەڵسە و سەما بکە، دابهێنە. دڵنیاش بە هەر داهێنانێکت لە قووڵایی بێدەنگی و سەفا و سامانی ڕۆحتەوە بێت، داهێنانێکی تایبەتمەند و جیاواز دەبێت.

مەسەلەکە تەنها پێویستی بە کەمێک زیرەکی و هاوسەنگی هەیە. ناوەوەت سەرچاوەی وزەکانتە، دەرەوە جیهانە و چاوەڕێی داهێنانتە، کەواتە ئەو وزانەت بکە بە داهێنان.

بەڵام تا ڕامێن نەبێت، نابێتە داهێنەر.

سانیاسین (قوتابی)ەکانی من جیاوازن لە سانیاسینە کۆنەکان. ئەمان جیهان ڕەت ناکەنەوە، بە پێچەوانەوە؛ ئاهەنگ بە ژیانەوە دەگێڕن و چێژی لێ دەبینن. بەڵام بەر لەمە وزە کەڵەکە دەکەن، بۆ ئەوەی دواتر لە شێوەی خۆشەویستی و هەستیاری و داهێنان و شیعر و گۆرانی و سەمادا دەریببڕن. هەڵبەتە هەموو ئەم بوارانەش بواری هاوسۆزی و هاوئاهەنگی و بەشداریی مرۆیین. ئەوان توندوتیژ نین. هەرگیز کەسێکی ڕامێن وزەکەی خۆی لە بۆکسێندا سەرف ناکات. بەڵکو ئەو باخێک لە گوڵ دروست دەکات، هەوڵ دەدات نیگار بکێشێت و نیگارەکانی لەوانەی پیکاسۆش جوانتر بن، لەبەر ئەوەی نیگارەکانی پیکاسۆ بەرەنجامی کابووسەکانی بوون.

نموونەی داهێنانی کەسانی ڕامێن لە جیهاندا زۆرن. هەر بۆ نموونە بڕوانە (تاج مەحەل). وەختێ لە شەوێکدا لێی ورد دەبیتەوە؛ کە مانگ تیایدا چواردەیە، لە پڕێکدا دەچیتە ناو بێدەنگییەکی قووڵەوە، کە پێشتر پێی ئاشنا نەبوویت. گەر بەو بێدەنگییەوە لە شەوێکی هێمندا لایەوە دابنیشیت، جوانیی تاج مەحەل لە ناوەوەتدا شتێک دەگۆڕێت. تاج مەحەل هەر

لـە دەرەوەدا نامێنێتـەوە، بەڵکو دێتـە ناوتـەوە و دەبێتـە بەشێک لـە بوونت.

مـن بـۆ مـاوەی بیسـت سـاڵێک لـە جەبەلپـوور ژیـام. مامۆسـتایەکی پرۆفیسـۆرم هەبـوو؛ زۆرم خـۆش دەویسـت. پیاوێکـی بەتەمـەن بـوو. چەنـد جارێـک داوام لێکـرد لەگەڵمـدا بێت بۆ جەبەلپوور، لەبـەر ئـەوەی تایبەتمەندییەکـی دانسـقەی هەیـە، کـە شـوێنی تـر نییەتـی. بـەڵام مامۆسـتاکەم کەلـلـەڕەق بـوو و دەیـوت کـە زۆر شـوێنی جوانـی دونیـای دیـوە و لـەو بڕوایـەدا نییـە جەبەلپوور لەو شـوێنانە جوانتر بێت. بەڵام من کۆڵـم نـەدا و هەرچۆنێک بـوو قەناعەتـم پێ کـرد لەگەڵمدا بێت و بیبینێـت.

ئیتـر بـردم بـۆ لای تاشـەبەردە مەڕمـەڕە بەناوبانگەکانـی جەبەلپـوور. نزیکـەی سـی میـل لـە جەبەلپـوورەوە دوورن. ڕووبارێکـی جوان کـە نـاوی "نارمادا"یە بـە درێژایی دوو میل بە نێوان دوو زنجیرە شـاخی مەڕمەڕیندا تێدەپەڕێت. لـە شـەوانی مانگەشـەودا، ئەگـەر شـتێک هەبێت لـە تـاج مەحـەل قەشـەنگتر و دڵڕفێنتر، ئەوە تاشـەبەردە مەڕمەڕەکانی جەبەلپوورە. سـواری بەلەمێکـی بچووکـی بێ ماتـۆڕ بوویـن، چونکـە بەلەمـی ماتـۆڕ ژاوەژاو دروسـت دەکات.

سـەیرێکی کـردم، بـاوەڕی نەدەکـرد. وتـی: ئـای خودایـە، گـەر بمردمایـە و ئـەم شـوێنەم نەبینیایە؛ ژیانـم چەنـد بێمانـا دەبـوو. بـەڵام تکایـە لـە تاشـەبەردەکان نزیکـم بکـەرەوە بـا دەسـتێکیان لێ بدەم تا بزانـم بـە ڕاسـتی هـەن؟ چونکـە لـە خـەون دەچـن.

دوای ئـەوەی دەسـتی لـە تاشـەبەردەکان دا؛ وتـی: ئێسـتا بـاوەڕم هێنـا کـە تـۆ خـەون و خەیاڵاتـت بـۆ مـن بـاس نەدەکـرد،

تۆ دەرمانی هۆشبەرت نەداومەتێ و من لەوپەڕی ئاگاییدام. ئینجا نوقورچێکی لە خۆی گرت؛ تا بزانێ بێدارە. لە ژاپۆن و لە هیندستان و لە چین، گەلێ پەرستگا هەن، داهێنراوی کەسە ڕامێنەکانن. کە بەرامبەر هەر کامیان ڕادەوەستیت لێی ورد دەبیتەوە، دەبینیت چۆن سیحری جوانییان هزر و ئەقڵت ڕادەگرێت و لە هەمان کاتدا دەتخاتە دونیای ڕامانەوە و بۆ داهێنان هانت دەدات. کەی مرۆڤایەتی فێری ئەوە بوو چۆن تێڕامان و زانست ئاوێتەی یەکتری بکات؛ ئەوکات دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک سەرشار لە جوانی و ساغی و تەندروستی.

# ئایا هیندستان وڵاتی سروشتیی بوودایە؟

* لە هیندستاندا، پێدەچێ تێڕامان بە سروشتی ڕوو بدات و بەبێ تەقەللا و ماندووبوون. ئاخۆ دەتوانین بڵێین ئێرە وڵاتی سروشتیی بوودایە؟

هیندستان بە تەنها بریتی نییە لە جوگرافیا یان مێژوو. بە تەنها نەتەوە یان وڵات یان ڕووبەرێک زەوی نییە، بەڵکو خوازە "metaphor"یە، شیعرە، شتێکە نادیار و ناپەیدا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بوونێکی هەستپێکراو و بەرجەستەی هەیە. پڕە لە سەرچاوەی لەرینەوەی وزە، کە هیچ وڵاتێکی تر نییەتی.

نزیکەی دە هەزار ساڵە بە هەزاران کەس تیایدا گەیشتنە پەیبردن بە ئاگامەندی و هێشتاکە ترپەی دڵیان زیندووە و کاریگەرییان لەسەر کەشوهەوای ئەم وڵاتە ماوە. تۆ پێویستت بە توانایەکی دەرککردنی تایبەتە تا پەی بەو نەبینراوە بەریت کە دەوری ئەم وڵاتە سەیرەی تەنیوە.

وڵاتێکی سەیرە لەبەر ئەوەی هەموو شتێکی لە پێناوی یەک شتدا ئەفەرۆز کرد: گەڕان بە دوای حەقیقەتدا. کەچی لەگەڵ ئەمەشدا، هیندستان فەیلەسووفی گەورەی بەرهەم

نەهێناوە. ڕەنگە ئەمەت بەلاوە سەیر بێت، بەڵێ، لە هیندستاندا نە ئەفلاتوون پەیدا بووە و نە ئەریستۆ و نە تۆماس ئاکویناس و نە کانت و نە هیگڵ و نە برادلی و نە بێراتراند ڕەسڵ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕێت.

لە ڕاستیدا چەمکی گەڕان بە دوای حەقیقەتدا لای هیندییەکان جیاوازە لە هەمان چەمک لە وڵاتانی تر.

لە وڵاتانی تر؛ گەڕان بە دوای حەقیقەتدا واتە بیرکردنەوە لە حەقیقەت. بەڵام لە هیندستاندا بیریان لە حەقیقەت نەکردووەتەوە. لەبەر ئەوەی تۆ چۆن دەتوانیت بیر لە حەقیقەت بکەیتەوە؟ چونکە حەقیقەت بزانیت و نەزانیت، بیرکردنەوە لێی ئەستەمە. بەلای ئەوانەوە فەلسەفە کردارێکی ئەبسێرد و بێبەرە. لە پیاوێکی کوێر دەچێت بیر لە ڕووناکی بکاتەوە. ئاخۆ کەسێکی نابینا دەتوانێت بیر لە ڕووناکی بکاتەوە؟ ئەو پێویستی بە بلیمەتی نییە تا بزانێت ڕووناکی چییە، بەڵکو پێویستی بە دوو چاوە و بەو جۆرە دەتوانێت بزانێ ڕووناکی چییە. ئیتر نە پێویستی بە لۆجیک و نە پێویستی بە بلیمەتییە.

ڕووناکی دەبینرێ، بیری لێ ناکرێتەوە. حەقیقەت دەبینرێ، بیری لێ ناکرێتەوە. هەر بۆیە لە هیندستان هاوواتایەکمان بۆ وشەی فەلسەفە نییە. ئێمە بە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا دەڵێین دارشان Darshan، دارشانیش واتە بینین.

فەلسەفە واتە بیرکردنەوە لە گەلێ شت، بیرکردنەوەش لە بازنەیەک دەچێت، هەرگیز بە خاڵی بنەڕەتیش ناگات. هەر بۆیە هیندستان تاقە وڵاتە لە دونیادا کە هەموو بەهرەکانی خۆی بۆ بینینی حەقیقەت تەرخان کردووە، نەک بۆ بیرکردنەوە لە حەقیقەت.

لە مێـژووی هیندسـتاندا زانـای گـەورە نابینینـەوە. نـەک لەبـەر ئـەوەی هیندسـتان هەڵکەوتـووی تیـا نەبـووە. ماتماتیـک لـە هیندسـتان پەیـدا بـووە، بـەڵام بـۆ نموونـە کەسـێکی وەکـو ئاینشـتاینی تیـا دروسـت نەبـووە. هیندسـتانییەکان هەرگیـز بایەخیـان بـە توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی بابەتـی (مەوزوعـی) نـەداوە.

ناسینی ئـەوی تـر ئامانـج نەبـووە، بەڵکـو خۆناسـین ئامانـج بـووە. بـە درێژایی دە هـەزار سـاڵ، ملیۆنەهـا خەڵـک لـە پێنـاوی ئـەم ئامانجـەدا قوربانییـان بـە زانسـت و بـە تەکنۆلۆجیـا و بـە سـەروەت و سـامان و ئابـووری داوە و هـەر لـەو پێناوەشـدا بەرگـەی هـەژاری و برسـیەتی و نەخۆشـی و دەرد و مەرگیـان گرتـووە.

ئەگـەر تـۆ بـە ئەقڵێکـی تـا ڕادەیـەک ڕامێنـەوە بێیـت بـۆ هیندسـتان، ئـەوا هاتنەکـەت پەیوەندیـدار دەبێـت، بـەڵام گـەر وەک گەشـتیارێک بێیت؛ ئەوا بە هەڵـە بۆ ئـەم وڵاتـە هاتوویت. داروپـەردوو دەبینیـت، تـەلارەکان دەبینیـت، تـاج مەحـەل، پەرسـتگاکان، جاجوراهـو، هیمالایـا، بـەڵام هیندسـتان نابینیـت. بەنـاو هیندستاندا دەڕۆیت، بەبێ ئەوەی بیبینیت. ئەو حزووری هەیە، بەڵام تۆ نیتـە. لەبەر ئەوەی تۆ بە تەنها پەیکەری ئێسکی دەبینیت، نـەک ڕۆحـی. لەوانەیە تۆ بتوانیت وێنـەی ئـەو پەیکـەرە ئێسـکییەش بگریت و ئەلبوومێکـی لـێ دروسـت بکەیـت و لافـی ئـەوەش لـێ بدەیت کـە لـە هیندسـتان بوویت و هیندسـتان بـاش دەناسـیت، بەڵام تۆ بـەوە بە تەنهـا خـۆت فریـو دەدەیت و بەس.

لـە هیندسـتاندا ڕەهەنـد و دیوێکـی ڕۆحـی هەیـە کـە کامێـرا لـە توانایـدا نییـە وێنـەی بگرێـت و پەیبـردن پێـی؛ پێویسـتی بـە

ئاستێکی تایبەتی تێگەیشتنی ڕۆحی هەیە.

تۆ دەتوانیت بچیت بۆ هەر وڵاتێک کە مەبەستت بێت و خەڵکەکەی و وڵاتەکەی و مێژووەکەی و ڕابردووی ببینیت. ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، فەڕەنسا و ئینگلتەرا، بەڵام ناتوانیت هەمان شت لەگەڵ هیندستاندا بکەیت. چونکە هیندستان کەشێکی ڕۆحیی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەوان نییانە. ئەوان بوودا و ماهاڤیدا و نەمیناتا و ئەدیناتا و کەبیر و فەرید و دادو یان بەرهەم نەهێناوە. ئەوان زانا و شاعیر و هونەرمەند و بەهرەمەندیان بەرهەم هێناوە، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو سۆفیزمەی هیندستان بەرهەم بهێنن. سۆفیزمیش جۆرێکی تایبەتی بوونی مرۆییە. کەسی سۆفیست بلیمەت نییە، نیگارکێش و شاعیر نییە، وەلێ بازنەیەکی یەزدانییە و بانگەشەیە بۆ "یەزدانی" (divine) و دەرگای لەسەر دەکاتەوە. بە درێژایی هەزاران ساڵیش، ملیۆنەها خەڵکی ئەم وڵاتە دەرگایان لەسەر "یەزدانی" ئاوەڵا کردووە تا کەشی ئەم وڵاتە لێی پڕ بێت. بەلای منەوە، ئەو کەشە هیندستانی ڕاستەقینەیە. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو کەشە بناسیت؛ دەبێ لەناو هەمان دۆخی زەینیدا بیت.

گەر تێڕامانت ئەنجام دا و هەوڵت دا بچیتە بێدەنگییەوە؛ ئەوکات دەتوانیت لە ڕۆحی هیندستان نزیک بیت. ڕێگەی پەیبردن بە حەقیقەت لە وڵاتێکی هەژاری وەک هیندستاندا جیاوازە لە وڵاتی دی. هیندستان زۆر هەژارە، بەڵام بەو کولتووره ڕۆحییەی دەوڵەمەندە کە ڕەگوڕیشەی قووڵی لە مێژوودا هەیە. ڕەنگە هیندستان تاقە وڵات بێت کە بایەخی تەنها بە شۆڕشی ئاگامەندی داوە، نەک بە هیچ شتێکی تر. لە هیندستاندا یەک ئامانج هەیە: چۆن ئاگامەندیی مرۆیی،

لە دەستوورەکانی بوودادا نەبێت.

لە ماوەی ئەو حەڤدە ساڵەدا؛ مەسیح بە میسر و هیندستان و لاداخ و تبتدا دەگەڕا. ئەوە تاوانەکەی ئەو بوو. ئەو بیروبۆچوونی نامۆ بە کولتووری جوولەکەی بۆ ناو جوولەکەکان دەبرد و ئەوانیش تا سەرئێسقان دژایەتییان دەکرد.

ڕەنگە بەلاتەوە سەیر بێت گەر بڵێم کە مەسیح دواجار هەر لە هیندستانیش مرد. گومان لەوەشدا نییە کە مێژووی مەسیحییەت ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە. پاشان ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن و مەسیح زیندوو دەبێتەوە، ئەی باشە دوای زیندووبوونەوە چی ڕووی دا؟ ئەی کوا؟ لەبەر ئەوەی هیچ تۆمارێک لەسەر مردنەکەی نییە.

لە ڕاستیدا ئەو هەرگیز زیندوو نەبووەتەوە. لەسەر خاچیش نەمردووە. لەبەر ئەوەی خاچی جوولەکە دلڕەقانەترین شێواز بووە بۆ کوشتنی خەڵک و ٤٨ سەعاتی پێ چووە تا ئەو کەسە بە خاچەکەوە مردووە. چونکە دەست و قاچی ئەو کەسە بە بزمار بە خاچەکەدا داکوتراوە و دڵۆپ دڵۆپ خوێنی ئەو کەسە ڕژاوە. ئەگەر ئەو کەسە تەندروست بووایە؛ بۆ ماوەی ٦٠ سەعات بەرگەی دەگرت. مەسیح دوای شەش سەعات لە خاچەکە داگیراوە، کەسیش بە شەش سەعات بە سەر خاچی جوولەکەکانەوە نەمردووە.

ئەمە پیلانێکی حاکمی ئەو ڕۆژگارە "پۆنتیۆس پیلات" بوو. ئەو جوولەکە نەبوو، حاکمێکی ڕۆمانی بوو، چونکە ئەوکات جوودیا لەژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا بوو. ئەویش بە هیچ جۆرێک حەزی بە کوشتنی ئەو گەنجە پاک

و بێگەردەی نەدەکرد. هەستی بە گوناهـ دەکرد کە بووە بە بەشێک لەو یارییە ناشرین و دڵڕەقانەیە: بەبێ ئیمزای ئەو نەدەکرا مەسیح بکوژرێ. ئەمەش شتێکی سیاسی بوو، لەبەر ئەوەی هەرچی جوولەکەیە بە خوێنی سەری مەسیح تینوو بوون و دەیانویست لە خاچ بدرێ. پۆنتیۆس پیلات کەوتبووە گێژاویکەوە؛ ئەگەر واز لە مەسیح بهێنێت و شتێکی لێ نەکات، هەموو وڵاتەکە جوولەکە بوون دەبوون بە دوژمنی، ئەوەش لە ڕووی سیاسییەوە باش نییە. خۆ ئەگەر بیشیکوژێت؛ ئەوا هەموو خەڵکی وڵات پشتیوانیی لێ دەکەن، بەڵام برینێک لە ویژدانیدا جێ دەهێڵێت: کابرایەکی دڵپاک کە هیچی نەکردووە دەبێ بکوژرێ؛ تەنها لەبەر دۆخێکی سیاسی.

هەر بۆیە لەگەڵ یارانی مەسیحدا ڕێککەوت، کە لەخاچدانەکەی بۆ ڕۆژی هەینی دوابخرێ. لەبەر ئەوەی ئێوارەی هەینی، وەختێ خۆر ئاوا دەبێت، جوولەکەکان ئیتر هەموو دەچنەوە بۆ ماڵەوە. لە شەممەشدا هیچ ناکرێ. لەخاچدانەکە دەبووایە لە بەیانیی هەینیدا ئەنجام بدرایە، بەڵام دواخرا. مەسیح پاشنیوەڕۆ لە خاچ درا، بۆ ئێوارەش دوای خۆر ئاوابوون؛ مەسیح بە زیندوویی لە خاچەکە داگیرا، گەرچی بێهۆش بوو، چونکە خوێنی لەبەر ڕۆییبوو و لاواز بووبوو. پاشان برا بۆ ئەو ئەشکەوتەی دەبووایە لاشەکەیان لێ دابنایە و دواتر جوولەکەکان پاش ڕۆژی پشوویان بچوونایەتەوە و دیسان لە خاچیان بدایایەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پاسەوانی ئەشکەوتەکەش ڕۆمانی بوو، یارانی مەسیح توانییان مەسیح لەوێوە ڕزگار بکەن و بیبەن بۆ دەرەوەی جوودیا.

مەسیح بۆچی ویستی بۆ هیندستان بێت ؟ لەبەر ئەوەی لە

لاوێتییدا بۆ چەند ساڵێک لەوێ بووە و چێژی لە ڕۆحانییەتی ئەوێ و لە گەردوونییەتی شتەکان و بەرکەماڵیی ڕۆحی بینیوە. ئیتر چاک بووەوە و گەڕایەوە بۆ هیندستان و سەدودوانزدە ساڵ ژیا. گۆڕەکەی مەسیح ئێستاش لەوێیە، لە کەشمیر. بە عیبری لەسەر گۆڕەکەی نووسین هەڵکۆڵراوە. لە هیندستان جوولەکە نییە. بە عیبری ناوەکەی نووسراوە "یەشوع" واتە یەسوع یان مەسیح. لەسەری نووسراوە کە "یەشوع لە بەرواری ئەوەندەدا هاتووە بۆ هیندستان"، لەگەڵ یارانیدا بە بێدەنگی تەمەنێکی درێژی بردووەتە سەر؛ سەدودوانزدە ساڵ. خۆیشی ناو نابوو "شوان". هەر لێرەشەوە ئەو شوێنەی لێی بوو بە "دێی شوان" ناسرا. دەتوانیت بۆ سەردانی ئەو دێیە بچیت، تا ئێستاش ماوە. "پاهالگام – Pahalgam" ئەمە ناوە هیندییەکەی دێیەکەیە. بەم جۆرە مەسیح لەگەڵ دەستەیەک لە یارانیدا ژیانێکی هێمن و بێدەنگ لە هیندستان ژیا و هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. هەر خۆی ژیان و مردنی لەوێ هەڵبژارد. بە تەنها لە هیندستان هونەری مردنیش کەشف کراوە، وەک چۆن هونەری ژیانیش هەر لەوێ کەشف کراوە. ئەم دووانە بەشێکن لە یەک پرۆسە.

ڕەنگە سەرتان زیاتر سووڕ بمێنێت گەر بڵێم تەنانەت مووساش هەر لە هیندستان مردووە. گۆڕی مووساش هەر لە هەمان شوێنی گۆڕەکەی مەسیحە. ڕەنگە مەسیح خۆی حەزی کردبێت گۆڕەکەی لە تەنیشت مووساوە بێت. بەڵام مووسا بۆ لە کەشمیر کۆچی دوایی کردووە؟ مووسا جوولەکەکانی لە میسر هێنایە دەرێ و بە دوای خاکی خودادا گەڕا، واتە ئیسرائیل. ئەمە چل ساڵی خایاند. کاتێکیش گەیشتە ئیسرائیل؛

ڕایگەیاند: "ئەمە خاکەکەیە، خاکی خودا. من زۆر بە ساڵدا چووم و ئیتر دەمەوێ پشوو بدەم. ئێوە نەوەی نوێن". لەبەر ئەوەی لە سەرەتای دەرچوونیان لە میسرەوە تا ئەو کاتە، نزیکەی زۆربەی سەر بە نەوەکەی خۆی مردن. منالی تازە لە دایک بوون، لاوەکان پیر بوون. ئەو خەلکە نەبوون کە سەرەتا لە میسر دەرچوون. مووساش لە نێویاندا هەستی بە غەریبی دەکرد؛ هێز و توانای فەرمانڕەوایی و ڕێکخستنی ژیانی بە لاوەکان بەخشی و ئیتر لە ئیسرائیلدا نەما. سەیرە؛ کتێبی پیرۆزی جوولەکەش باسی مردنەکەی ناکات، یان چیی بەسەر هات. بەلام گۆڕەکەی وا لێرە. دیسانەوە لەسەر گۆڕەکەی ئەمیش بە عیبری نووسراوە.

مووسا بۆچی هات بۆ هیندستان؟ هەر بۆ ئەوەی لێرە بمرێت. بەڵێ؛ ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکان: ئەگەر تۆ لە خاکی بوودادا بمریت، لەو خاکەدا کە تەزووە ڕۆحییەکانی هەر مرۆیی نیین، بەڵکو یەزدانیشن، ئەوکات تەنانەت مردنەکەشت دەبێت بە جۆرێک لە ئاهەنگگێڕان، لە ئازادی.

هیندستان هەژارە، وڵاتێکە هیچی نییە ببیبەخشێت، بەلام بۆ کەسانی هەستیار و هەستناسک، دەوڵەمەندترین شوێنی سەرزەمینە، وەلێ دەوڵەمەندیی ڕۆحی.